# لەڕوانگەی ئارکیۆلۆژیاو جینالۆژیای «میشێل فۆکۆ»وە

هاشم سەڕاج



میشێل فۆکۆ یەکێکە لەو کۆمەڵە بیرمەندو هزرڤانە فەڕەنسیانەی کە لە سەردەمی شەستەکاندا سەریان هەڵدا، هەڵبەتە ئەو کۆمەڵە بیرمەندە بەوەچەی پاش ژان پۆل سارتەر لە قەڵەم دەدرێن، ئەمانە لەبری واقیع زیاتر بایەخیان بەدەقی ئەدەبی دەداو متمانەشیان دەکردە سەر شاکارە ئەندێشاوییە دەگمەن و دانسقە و بەپێزەکانی بواری ئەدەب، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە وەک سەرهەڵدان و رەگوڕیشاڵ و بنجوبناوان هەرگیز بەبزاڤێکی تازە بابەت ناژمێردرێت، چونکە کلیلی راستەقینەی ئەم بایەخدان و پەنابردن و رووتێکردنەی کێڵگە و بواری ئەدەبە لە زووێکەوە لەلایەن «فرۆید»ی دەروونشیکارو دەروونناسەوە وەک دامەزرێنەری راستەقینەی ئەم بوارە دەستی پێکردووە و، «فرۆید» نرخ و بەهاو بایەخێکی ئەزموونگەرییانەی بەڕۆمان و کارە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان بەخشی و حەقیقەتی ئەدەبیشی بەحەقیقەتی مرۆڤ و هەستەکانی لەقەڵەم

دا، هەروەها «سارتەر» لە دیدو بۆچوون و گۆشەنیگای بوونگەراییەوە رووی لە هەمان کێڵگەو بواری ئەدەب کردو دەرگە داخراوەکانی ئاوەڵاکردو بە خوێندنەوە و لێخوردبوونەوە و شیکردنەوەی فەلسەفییانەیش شاکارە ئەدەبییە خەیاڵئامێزەکانی هەریەکێک لە «شارل بۆدلێر»و «ژان ژینێ» و «فلۆبێر»ی شیکردەوە و جۆرەها دەلالەت و مانای شاراوە و نەگوتراوی خستەڕوو، ئەوەتا «فۆکۆ» لە هەمان دەرو دەروازەوە روو لە تێکستە ئەدەبی و هونەرییە خەیاڵئامێزەکان دەکا و بەدیدو تێڕوانینێکی ئەپستمی و فەلسەفی لە چیرۆکێکی «بۆرخیس» دەکۆڵێتەوە و پێوەندییە دەلالییەکان لێکدەداتەوە، چیرۆکەکە لەسەر مێزێکی خورافی جۆرەها شتگەل و بوونەوەری جۆراوجۆر کۆدەکاتەوە، وەک گلۆڵە دەزوو، چەقۆ، ئاژەڵی خورافی، بوونەوەری خەیاڵی...هتد. «فۆکۆ» لە بونیادی ئەم چیرۆکەدا بەدوای لێکچووەکاندا دەگەڕێ، بەهەمان چەمک و دیدی ئارکیۆلۆژیای زانینیش بەدوای سەرجەم هێزە وەزیفییەکانی نێو کولتوورەکان دەگەڕێ، پاشان ئاورێک لە تێکستی «دۆنکیشۆتا» دەداتەوە ئەنجا پێوەندییە پەنهان و نادیارەکانی نێو فەزای بەرفراوانی تابلۆی «کارەکەرەکان»ی «دیغوفیلایکز»ی شێوەکاری ئەسپانی شیدەکاتەوە و کارە سەرەکییەکانی رۆڵی کاریگەری «ئاوێنە» لە تابلۆکەداو چۆنیەتی فلچە راوەشاندنی خودی هونەرمەند، یا نیگارکێش و پانتایی و ئەودیوی


فۆکۆ

تاریکی و شەوە ئەنگوستەچاوەکانی باکگراوەندی سەر لەشی سەگە وەرکەوتووەکە و شێوەی ئامادەبوونی «شا» لە رووکاری ئاوێنە دوورەکەدا، بەچرکەساتی بانگەشەی (بوون و نەبوون) لە قەڵەم دەدا، هەوڵ و کۆشش و راڤە بێکۆتاییەکانی «فۆکۆ» لە فەزاو بونیادی تابلۆکەدا گەڕانە بەدوای بوقعە درەوشاوەکانی هزرو لێکدانەوەی هێماو ئاماژە و دەلالەکان و دۆزینەوەی یەکەی ئەپستمی و چەمکی زانین سەبارەت بە چاخە زانیارییەکان، فۆکۆ بەهەمان شێوە لەڕێگەی ئارکیۆلۆژیاوە لەلایەنی زمان و ئەپستیم و کۆدە زانیارییە وەزیفیەکان و بونیادە شاراوەکانی تێکست و گوتار دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدا یەکەی ئەپستمی نێو بونیادی گوتار دەسەبەر بکا، واتە ئەو یەکە بنچینەییانەی کە بەیەک گەیشتنیان جۆرێک لە ڕێکوپێکی و هەماهەنگی دێتەکایەوە، بەتایبەتی ئەو یەکە گەلەی کە تەوژم و تەزووی دەلالی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و لەگەڵ پێشکەوتنی زانیاریشدا بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئیتر «میشێل فۆکۆ» پەیتا پەیتا شۆڕشێک لەبواری خوێندنەوە و هەڵکۆڵین و لێتۆژینەوەی هزرو کولتوورو شارستانییەتی رۆژئاواییدا بەرپا دەکا، شۆڕشێک کە سەر بە پرۆژەیەکی مەعریفییە و هێدی هێدی لەنێو رێکخراو و سیستەمە زانیاری و زانستییە سەرەکییەکانی کایەی سروشتناسی و ئابووری و بایۆلۆژی و فیلۆژیای زماندا، بەدوای دابڕانە ئەپستمۆلۆژییە

مەزنەکاندا دەگەڕێ، هەڵبەتە ژیارو شارستانییەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوا هەر خۆیشی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە ژێر بارودۆخی ئەم شیکردنەوەیە، چونکە لە دیدو تێڕوانینی «میشێل فۆکۆ» وە سەلمێنراوە کە ڕۆژئاوا جێگەو شوێنی خۆی لە چەقی- سەنتەر- ی بازنەکەدا کردۆتەوە و «ئەو»ی لە چەقی بازنەکە وەلاخستووە، هەڵبەتە بازنەش تەنها یەک چەقی هەیە، واتە تەنها ڕۆژئاوا خاوەنی کولتوورو مێژووی خۆیەتی، ئەوی تر لە شوورەو پەراوێزی بازنەکەدا دەژی و هیچ شتێک بەرهەم ناهێنێ، ئەمەیان لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژی (مرۆڤناسی)یەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکی فۆکۆ لە توێژینەوەی هزرو کولتوورو شارستانییەتی ڕۆژئاوادا گەڕان و پشکنین و هەڵکۆڵینە لە چینە کەڵەکەبووەکانی مێژوو، هاوکات گەڕانە بەدوای ئەو کون و کەلەبەرانەی کە دەکەونە ئەودیوی مێژووەوە، بۆیە «فۆکۆ» ئەوە دەسەلمێنێ کە ترس و تۆقین لە مەرگەساتی جەرگبڕی جەنگ و تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمیدا نییە، بەڵکو ترس و تۆقینی ڕاستەقینە لە کۆتایهاتنی چاخی ڕۆشنگەری و بووژانەوەدایە کە مێژووی هزرو بەڵێنە چەسپاوو سەقامگیرەکانی ئەو چاخە کۆتاییان پێهات و ڕۆژئاواش خرایە دوای مێژووەوە. بۆیە فۆکۆ دەست دەکا بەپرۆسەی ئارکیۆلۆژی و هەڵکۆڵینی چینە لەسەریەک کەڵەکەبووەکانی مێژووە فەرمییەکان، تا لەڕێگەی سمین و



فرۆید

دووبەدەرکردنی میراتەکانی مێژووەوە جۆرێک لە پێوەندی لەگەڵ مێژووە راستەقینەکانی سەردەمی هەرە پێشووی، یان پێش مێژووی جەستە و گوناه دروست بکا، بۆیە لێرە کردەی ئارکیۆلۆژی لەژێرەوەی بناغەی دارشتەی مێژووە چەسپاوو قاڵبگرتووەکان دەکۆڵێتەوە و بەشێنەیش کەڵەکەبووەکان دەسمێ و هەوڵی هەڵوەشانەوەیان دەدا و بەکۆمەڵێک میتۆدو میکانیزمی دیاریکراوی ئەبستمی لە چەمکی ئەو دابڕانە ئەبستمییە مەزنانە دەگەڕێ کە لەبوارە زانستییەکانی زیندەگی و زمان و ئابووریدا ئەنجام دراون، بە ئاماجی ئەوەی دوای لێکۆڵینەوە و کارکردنی پرۆژەی کولتووری ڕۆژئاوایی بتوانێ شۆڕشێکی نۆژەن و جیاوازی ئەبستمۆلۆژی بەرپا بکا، «فۆکۆ» دەڵێ: ئەگە «نیتشە» لەڕێگەی هزرو دیدو بۆچوونەکانی هەستی بەدارمان و نغرۆبوونی پرۆژەی کولتووری ڕۆژئاوایی کردبێ، کە بەهۆی زاڵبوونی لایەنی «ویستی هێز» بەسەرتاسەری کولتووری ڕۆژئاواییی، لێرە «فۆکۆ» هەمدیس ئاماژە بەکۆتاییهاتنی سەردەمی ڕێنسانس و بەڵێنە حیکایەتئامێزەکانی دەدا، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکا کە «نیتشە»ی فەیلەسووف لەڕووی هێماییەوە ئەوەی درکاندووە کە پرۆژەی ڕۆژئاوایی لە بونیادو بنەمای ڕەسەنییەوە دووچاری لێکترازان و داڕەنین و هەڵوەشانەوەیەکی سەرتاسەری هاتووە، ئیتر جینالۆژیا وەک زانستێک

لە لایەن فۆکۆوە دەخرێتەگەڕو بایەخی پێدەدرێ و روو لە بونیادە رەسەنەکان دەکاو زانستە مرۆڤایەتییەکان بەمیراتی بیژووی ئاکارو رەوشتی ئەو میتافیزیکایە دادەنێ کە هەوڵ و کۆششە نیهلستییەکانی «نیتشە» بەزاندوونی، کەواتە رۆڵی کاریگەری کاری ئارکیۆلۆژی لای فۆکۆ رووبەرووی گوتارەکان دەبێتەوە و راڤە و شیکردنەوەکانی ئاراستەی سێنتەری بازنەکە دەکرێ و بەپێی کۆمەڵێک پێڕەو میتۆدی نوێ کە هەڵقوڵاوی سەرچاوە زانیارییە نوێکانن، روو لە کایە ئەبستمی و زانستە سەرەکییەکانی بواری سروشتناسی، ئابووری، بایۆلۆژیا، فیلۆلۆژیای زمانی دەکرێ، فۆکۆ بەپراکتیزەکردنی ئەم میتۆدانە بەدوای دابڕانە ئەبستمییە مەزنەکاندا دەگەڕێ و لەڕێگەی ئارکیۆلۆژیاو جینالۆژیاش هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو شتگەلانە دەدا بۆ ئەو سەرچاوانەی کە گوزارەیان لە خودی خۆیان کردووە، فۆکۆ لەڕوانگەی بە ئاوەزکردنی شتگەلەکان و دامەزراندنی عەقلانیەتێکی نوێ، بایەخ بەلایەنەکانی ئارکیۆلۆژیاو جینالۆژیا دەداو لە هەرێم و دەڤەرە شاراوە و ونبووەکانی ژێرەوەی مێژوودا دەگەڕێ، کە لە تاراوگەکانی زیندانی ماسکەکانی مێژوودا بەتێهەڵدراوی پەراوێزکراون و بە پەڵپ و بیانووی هۆکاری بنەماو رەسەنایەتی و مۆرکی شێتی و پەتاو نەخۆشی و گوناهەوە تاوانبارکراون و لە مێژووی میتافیزیکا دابڕاون و دوورخراونەتەوە، ئەم کردەی دوورخستنەوەیەش وەک ماسکێک هەمیشە یادەوەرییەکی رووکەش و راستەقینەی مێژوومان بیردەخاتەوە، ئیتر جینالۆژیا دژی نمایش و خۆدەرخستنەکانی مێژووی میتافیزیکی لە دەلالەتگەلی ئایدیالی و مەبەست و ئامانجی بێ دەستنیشانکراوی دەکۆڵێتەوەو پەیتا پەیتا رووەو هەڵوەشاندنەوەی توخمەکانی رسەنایەتی و خود رێدەکاو بەدوای خۆیکدا دەگەڕێ کە بەتەواوی لەگەڵ وێنەی راستەقینەی خۆیدا یەکسان و هەماهەنگ بێ، چونکە شتگەلەکان لە سەرەتادا لە پلەو رادەی کامڵیدا دەژیان و لەنێو گزنگی بێ سێبەرو، یا سێبەری بێ رووناکیدا دەدرەوشانەوە، بەم شێوەیە شتگەلەکان لە سەرەتاوە لەناودەستی ئافەریدە دەرکەوتن و نوقمی ئەلەندو بەرەبەیانی یەکەمین گزنگی بێ سێبەربوون، لێرە بەپەلە ئاماژەیەک بۆ بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەری دەکەین و سەرەتا هەندێ لەبیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی«ئەنتۆنین ئارتۆ» دەخەینەڕوو، بەمەبەستی نزیکی و جیاوازی لەبیرچوونەکانی میشل فۆکۆ، بەڵام با جارێ لە بۆچوونەکانی هەر یەک لە «ڤیجانیرو دوریە» بدوێین کە سەبارەت بەچەمکی «تاقە وشە» دەڵێت: نووسراو یا تۆمارکراو لە سروشت و زانینی ئادەمیزاددا هەردەم پێش وشەی گوتراو کەوتۆتەوە، لێرە لە هەمان دیدگاوە ژینالۆژیا بەپێچەوانەی بۆچوون و تێڕوانینەکانی«ئەفلاتوون» دەکەوێتە کارکردن، چونکە ئەفلاتوون لە دیالۆگی «ڤیدۆر»دا مۆرکی لەعنەت و نەفرەتکراوی دەداتەپاڵ «نووسین»و تۆمارکراو، بەو سیفەتەی کە نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی گرتنێکی بێ «باوک»ی، لەبەرئەوەی نووسین لە چرکەساتی رەسەنایەتی و لە پێوەندی «باوکایەتی» دادەبڕێ، بۆیە «ئەفلاتوون» کردەی نووسین و نووسراو بەهەتیوو و زۆڵ و بیژوو لە قەڵەم دەدا، سەبارەت بەهەمان بابەت بزاڤی هەڵوەشانەوەگەری لەڕوانگەی نووسین و جیاکارییەوە لە کێشەی زمان و تاقە وشە دەڕوانێ، هاوکات بەشێوازی «بەشوێن کەوتن» و جێکەوت و دەرکەوت و خستنەپاڵ، چارەسەری کێشە زمانییەکە دەکا، چونکە «زمان» لای «ژاک دریدا» سیستمێکە لە جیاوازی و دەنگیش کەسەکە خۆیەتی و نووسینیش وێنەکەی، بۆیە «دریدا» هەمیشە جەخت دەکاتە سەر «دەرکەوت-شوون - trace». لە لایەکی دیکەوە «فۆکۆ» سوودێکی

زۆری لە بیــروبۆچوونەکــانی «ئەنتــۆنین ئارتۆ» وەرگــرتووە ســەبارەت بەلێکدانەوەکــانی بۆ شــارســتــانیــیــەتی رۆژئاوا «ئارتۆ» بەم جــۆرە لە شــارســتــانیــیــەتی خــۆرئاوا دەدوا و دەیگوت.. لەبەرئەوەی شارستانییەت لێوانلێوی پەتاو نەخۆشی و مەرگەسات بووە، هەندێ لەو کارەساتانە وامان لێ دەکــەن بیــر لە ســروشت بکەینەوە، واتە روو لە ســروشت بکەین و قــۆناخی تەوتەمــیــیــەت بگەڕێنینەوە. ئارتۆ هەمــیــشــە بەدوای ئەو هێــزە پەنهــان و شــاراوەیەدا دەگەڕا کــە مــەکسیکییــەکــان بە«مــاناس»یان ناوزەد دەکــرد و بریتی بوو لەو هێــزو وزە مت و خــەوتووەی نێــو شێــوەکان، بەڵام «ئارتۆ» پێیــوابوو ئەو هێزە خەفەو شاراوەیە تەنها بەڕێگەی تێڕامــان لە شێوەکان دەرناکەوێ، بەڵکو پێــویستی بەکــردەی ئەفــســووناوی هەیە، تا وا لەو تەوتەمــە دێرینانە بکا بەرەو پێوەندیگرتن رێبکەن، شانۆ لای «ئارتۆ» لە کەشوهەوای بەرپابوونی «تاعــون» دەکا هاوارێکی مــەزنە بۆ ئەو هێــزەی کە ئاراســتــەی هزر دەگــەڕێنێــتــەوە بۆ ســەرچاوەی کــێــشــەکــان، ئارتۆ بەتێــڕامــانێکی لە تابلۆی «کــچــەکــانی لوت»ی نیگارکــێــشی ئەسپــانی «لۆکــاس ڤــان دن لیــدن» پێــوەندیگەلێکی جــیــاواز دەبینێــتــەوە لووت و کچەکانی لە کەنار دەریایەکدا وەستاون و یەکێ لە کــچەکــانی ریشە سوورو خەنەییەکەی شانەدەکا و کچەکەی تری باڵاپۆشێکی سۆزانییانەی لەبەردایە، لەودیو کانگاو قووڵایی تابلۆکەدا ئاسمانێکی رەشی قــەترانی و مــەرگــەســاتێکی دەریایی بەدی دەکــرێ، لەمــیان توندوتیــژی توخــمی ئاگرو سەیرورەو دنیــای رەهای مــیــتــافــیــزیکئامــێــزی ئەم تابلۆیەدا. «ئارتۆ» بەدوای زمــانێــکی تایبــەتی و شــانۆیدا دەگــەڕێ، یا بەدوای ئەو حــاڵەتە پڕ لە دلۆڤــانی و دڵنــیــایی و جــوانیــیــە پەتیــیــەدا وێڵ و ســەرگــەشــتــەیە کــە «ئەفلاتوون» گوزارەی لێ کــردووە، هەروەها «ئارتۆ» لەڕێگەی شانۆی «بالی» و روو لە حاڵەتەکانی پێش ئاخــاوتــن دەکــا بەدوای ئەو زمــانەدا دەگــەڕێ کــە لە ئاخاوتنی ئاسایی جیاوازە، بەم جۆرە ئارتۆ بەدوای دەسەبەرکــردنی پێوەندییە سەرەتاییــەکــانی زمــان و دۆزینەوەی ســروشــتی یەکــەمی زمــاندا شــێت و عــەوداڵە، ئەو ســروشــتــەی کــە هەرگــیــزاو هەرگــیــز چالاکییەکانی هێزی لێ جیانەبۆتەوە وشەش تیایدا شوێنی نیشانەکان دەگرێتەوە و مۆسیــقای وشەش ئاراستەی نائاگایی دەکرێ.

جــا لێــرە بەدواوە هەمــدیس بەرەو چەمکەکــانی ئارکیولۆژیاو جینالۆژیا دەگەڕێینەوە، جینالۆژیا بایەخ و گــرنگی بەتێکڕای لایەنەکانی «ســەرەتایی» دەداو لە چۆنیەتی پێزانین و پێناسەکردنی رووداوە دێرین و مێــژووییەکان دەکۆڵێتەوە و هاوکات خاڵە گــرنگ و سەرەکییــەکانی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی وەک لادان، ســەرکــەوتن، بەزین، ســەرچاوە، هەژان و وەجــاخ دیاریدەکــاو لەڕێگەی شیکردنەوە و شیکارکردنەوە شــوێن و ئاســەوارو دەرکــەوتەی رووداوە جــەرگــبــڕو دڵتــەزێنەکــانی رابردوو لەســەر رووکــارو پانتــایی جەستەدا دەدۆزێتەوە و بەشێنەییش لە بنجوبناوان و رەسەنایەتی ئاکارو رەوشتی ئایینی دەکــۆڵێــتــەوە، نەخوازەڵلا لە رەوش و خــەســڵــەتی ئەو - ئایین-ەی کــە - شــۆپنهــاوەر- بە ســۆزی مــیــتــافــیــزیکایی لە قــەڵەمی دەدا، هەروەها جینالۆژیا- بایەخ و گــرنگی بە رەوشت و ئاکــارو گــۆشــەگــیــری و دادپەروەری و سزادان دەدا و گوێ بۆ دەنگی شاراوە و خەفەکراوی مێژووی راستەقینە هەڵدەخا، زۆرجار «نیتشــە» لە نووســینەکــانیــدا «جــینالۆژیا» بەگــیــان و هەســتی مــێــژوویی ناو دەبا، بەڵام کــام مــێــژوو، نەک ئەو مــێــژووە فــەرمــیــانەی کە مــێــژوونووســانی دەربارو دەسەڵاتخواز تۆماری دەکەن، بەڵکو گوێ هەڵخستن و هەستــراگرتنە بۆ دەنگی خەفەکراوی مێژوویەکی راستەقینەو کردەگی کە جەخت ناکاتە سەر رەگەزی چەسپاو نەگۆڕو جێگیر... بەم جۆرە «میشێل فۆکۆ» هەوڵدەدا لەڕێگەی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی و گــەڕان

و پشکنینەکانی جینیالۆژی قەبارە دیارو بەرچاوەکانی مێژوو تێکبشکێنێ و لەڕێگەی کردەی هەڵوەشانەوە دەلالەتە نەگوتراوەکان بێنێتە ئاخاوتن تا لە چەمکی شتگەل و رووداوە جەرگبڕەکان حاڵی بێت و هۆکارە گرنگ و سەرەکییەکان دیاری بکا، زۆرجار تێڕوانینەکانی «فۆکۆ» جۆرێک لە توندوتیژییەکانی «نیتشە»یان پێوە دیارە، چونکە «هەستی راستەقینەی مێژووش دان بەوە دەنێ کە ئێمەی بێ شووناس و پێوەندی لەنێو کولاّن و هەلاّیسانی رووداوە ونبووەکاندا دەژین، ئیتر جینالۆژیا بەشێوەیەکی گشتگیری گرنگی بەپێکهاتەی ئالۆسکاوی گوتار دەدا و چەمک و نهێنی ئەو کۆمەڵە یاساو رێسایانە دیاری دەکات کە لەنێو ناکۆیی گوتاردا بەچەسپاوی و جێگیری ماونەتەوە، تادێ خودی گوتار بەرەو بازنەی راستگۆیی و روونی هەنگاو دەهاوێژێ و بەش و لایەنە دروست و نادروستەکانی لێکدی جیادەکرێنەوە، هاوکات «فۆکۆ» هەوڵدەدا خۆی لە سەرجەم بونیادگەرەکان جیاکاتەوە، بۆیە فۆکۆ پەنا دەباتە بەر پەیڕەوە ئابوورییە لۆکالّییەکانی نێو گوتارو بەهۆی کۆمەڵێک پێوەرو پێودانگ و میتۆدی جیاوازو میکانیزمی نوێ و جیاوازکردەکانی راڤە و شیکاریی ئەنجامدەدا، «فۆکۆ» دوای پیاچوونەوە و شیکردنەوە و بیروڕاو بۆچوونەکانی هەریەک لە «نیتشە» و «کارل مارکس» و «فرۆید» بەزانستەکانی رەخنە کۆمەڵێک لایەنی سیستماتیکی گوتار شیدەکاتەوە و لە یەکەی دەستەواژە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، سیستەم و یەکە داپۆشراوو شاراوەکانی نێو گوتار دیاریدەکاو لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ رووداو و شتگەلە چوونییەک و لێکچووەکانی چاخی شانزەم دەدا، واتە ئارکیۆلۆژیا لای فۆکۆ تواناو توانستی ئەوەی تێدایە لەڕێگەی هەڵکۆڵینەوە لە چەمکی لێکچووەکان بگا، بەلاّم «جینالۆژیا» مامەڵە لەگەڵ دەستنووسە کۆن و دێرین و رەنگ خۆڵەکەوەییەکان دەکاو زۆر بەئاگاداری و پارێزەوە نرخ و بەهاو بایەخی «ئەپستمی»یان پێدەبەخشێ، ئیتر هەر چەندێ زیاتر رووە ئەسڵ و رەچەڵەک و بنەچە شۆڕبینەوە یا بەرەو قوولاّیی گوتار نغرۆبین رەوشی دابەشکراوەکان بەشێوەیەکی فراوانتر بەرچاو دەکەوێ و تادێ لەودیو چینە کەڵەکەکراوو داپۆشراوەکانی مێژووی وەڕسی و بێزارییەوە هەست بەزوڵم و زۆرو جەورو ستەمی حوکمڕانی و زەبروزەنگ و توندوتیژی جەنگ و هەژەندی مەرگەسات و برسێتی دەکرێ کەواتە چەمکی ئارکیۆلۆژیا لای فۆکۆ بەشێوازی هەڵکۆڵین لە دەرکەوتە و شوون و ئاسەوارە لاڵ و بێدەنگ و مردووەکانی پاشماوە مێژووییەکان دەگەڕێ و پێناسەیەکی ناواخنانەشیان پێدەبەخشێ، هەروەها لە میان مێژووی گشتگیرییەوە لە شێوە گشتییەکەی ژیارو شارستانییەت و بەهای رۆحی و بیروباوەڕی ماددی و یاساو رێسا و دەلالەت و مێژووی ئابووری و پێکهاتەکانی دامودەزگاو رێکخراوو مێژووی زانست و ئایین و ئەدەب دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدا لە میان سەرتاسەری شێوە گشتگیرییەکەی گوتار، واتە لەو زنجیرەی رووداوو بابەتە جیاجیاکان، شێوە و بێدەنگییەکی سەراپاگیری دیاریبکا، کە تێکڕای رووداوو بابەتەکان لەخۆ بگرێ و پێکەوەیان پەیوەست بکا، کەواتە فۆکۆ لە شیکردنەوەی سیستەم و رێکخستنەکانی نێو تاقە گوتارێکدا بەدوای دەستنیشانکردنی «پەیوەستکارێک»دا دەگەڕێ، کە لە پانتایی هۆشمەندی مرۆڤایەتییەوە خودێکی چالاک و کاریگەر بێنێتەکایەوە، پاشان ئەو خودەی دەبێتە سەرچاوەیەکی گشتگیری سەیروورەو پەیتا پەیتاش بەرەو هزری مێژوویەکی والاّو کراوەی هەمیشە زیندوو پەیوەستکار هەنگاو دەهاوێژێ و بەرەو دژە یادەوەری و ئەقڵ و نیشانەکانی تری رۆژگارو زەمەن دەڕوا، چونکە «هێزی زانین» لەوێ لەسەر ئاست و پلەو رادەی تاوان و چەرمەسەری و

زەبروزەنگ و توندوتیژی و ئاسوودەگییەکی گەمژە و بێ بنەما بونیادنراوە، کەواتە ئارکیولۆژیا لای «میشێل فۆکۆ» ئامانجی سەرەکی سزادانی مێژووە، دەیەوێ لە رەگوریشاڵ و بنجوبناوانەوە هەڵیتەکێنێ، شێوەو روخسارو رواڵەتە پیرۆزو سەلەفییەکەی داماڵێ و بەئامانج و هیوای ئەوەی کە مرۆڤ پێویستە هەمیشە سەربەست و ئازاد بێ. فۆکۆ لەروانگەی ئارکیۆلۆژیاو جینالۆژیاوە یا بەهۆی بەکاربردنی ئەو میکانیزم و تەکنیکە ئەبستمۆلۆژیانەوە.

لە چەمکی رەسەنایەتی و میراتی شێتی و وشەی قەدەغەکراوو ویستی راستەقینەی راستگۆیی دەکۆڵێتەوە، لای فۆکۆ «لۆگۆس»یش تاقە گوتارێکەو لە مێژووەوە شێوەی گرتووە، کەواتە ئارکیۆلۆژیاو جینالۆژیا لەروانگەی فۆکۆوە گوتارێکە و لە ئەسڵ و بنەڕەتدا جۆرێکە لە (یاری) لە قۆناغی یەکەمدا، یاری نووسین و لە دووەمدا یاری خوێندنەوە و دواتریش یاری ئاڵوگۆڕکردنە، ئیتر فۆکۆ لێرە بەولاوە هەوڵی ئەوە دەدا رووداوەکان بۆ جاری دووەم رووەو گوتار بگەڕێنێتەوە و ویستی راستەقینەش دیاربیکا و «دال» لە تێکرای مۆرک و خەسڵەت و شەقڵ و سیمای ئەو دەسەلاتدارێتییەی کە بەسەریدا داسەپێنراوە داماڵێ، ئەم هەوڵ و کۆشش و تەقەلایەی فۆکۆ لە هەردوو بواری ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیادا گەڕانێکی وردبینانە و داهێنەرانەیە سەبارەت بەیەکەی شوون و دەرکەوتە و مەوداکانی بابەت، لە هەمانکاتدا گەڕاندنەوەی ئادگارو سیمای رەسەنایەتییە بۆ تاقە وشە و ئەو گەنجە لەبن نەهاتووەی دەلالەتە شاراوە و حەشاردراوانە، جا لێرەدا بەدواوە ئارکیۆلۆژیا بەدوای راڤە و لێکدانەوەی بەڵگەنامەیی و دەستنیشانکردنی مەودا و رەهەندی راستگۆیی و نرخ و بەهای دەربڕینا ناگەڕێ، بەڵکو هەوڵدەدا لەنێو جەرگە و کانگای گوتاردا شتگەلەکان بپشکنێ و بۆ سەر چەند ئاست و رەهەند و یەکەیەکیان دابەش بکاو بەوردیش وەسف و پێناسەی پێوەندییە سەرەکییەکان بخاتەڕوو، بەڵام جینالۆژیا لە مەودای پشکنین و لە دەرەوەشڕا یا ئەوەتا لە هەردوو لایەنەوە بایەخ و گرنگی بەداڕشتن و فۆرمۆلەی فرمانی نێو گوتار دەداو بەشێوەیەک مێژووی گشتگیری سەرجەم دیارەکان لە دەوری تاقە چەقێک «سەنتەرێک»دا کۆدەکاتەوە، ئەمەش گەڕانە بەدوای ئەو جووڵە و بزاڤە ناوەکییەی کە لەنێو گیانی مێژوودا بوونی خۆی پاراستووە، چونکە مێژوو تەنها لێکترازان و هەڵوەشانەوە و داڕان و کون و کەلەبەر تێکەوتن نییە، بەڵکو بریتییە لە سەیرووڕەو بەردەوامبوونێکی هەمیشەیی نەک ئاوێتەبوونی پێوەندیگەلەکان و بەس، بەڵکو مێژوو بزاڤێکی بەردەوامی ناوەکییە.

لەبەرئەوەی راڤە و لێکدانەوە لە سەردەمی چاخی نۆزدەدا لە چارەسەرکردن نزیک بۆتەوە، هەمان راڤە و لێکدانەوە لە چاخی شانزەدا زۆرتر متمانەی دەکردە سەر لایەنی سرووش و دەربازبوون، لێرەدا فۆکۆ دەستەواژەیەکی «گاسیا» وەک نموونە دێنێتەوە کە تیایدا هاتووە، «لەم رۆژانەدا تەندروستی جێگە و شوێنی دەربازبوونی گرتۆتەوە» ئیتر فۆکۆ بەرەو دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی ئەو تێکستە شاراوە و خەفەکراوو دەگمەن و دانسقانەدا دەگەڕێ کە لەنێوان ناوکۆیی دێرە تۆمارکراوەکاندا مۆرک و خەسڵەتی جووڵە و بزاڤیان بەسەردا زاڵە، زۆرجاریش ئەم جۆرە رستە و دەستەواژانە تێکدەچڕژێن، ئەم شێوە شیکارو شیکردنەوەیەی فۆکۆ گەڕان و پشکنینە بەدوای ماناو دەلالە و گوزارەی راستەقینە کە لەودیو ماسکەکانی گوزارە مەجازییەکاندا بەشاراوەیی پەنگیان خواردووە، فۆکۆ بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رستە و دەستەواژەکانی گوتار دەکا، چونکە هەر دەستەواژەیەک لە زانین و زانستێکی تایبەتی سەرچاوە هەڵدەگرێ، وەک بایۆلۆژیا، پزیشکی، دەروونشیکاری،... هتد. فۆکۆ تیشک دەخاتە سەر

لایەنە مەنهەجییەکان و بایەخ و گرنگی بەدامەزراندنی چاخ و سەردەمی ئەپستمۆلۆژی دەدا و لەهەر چاخێک لە چاخە مەعریفییەکاندا تیۆری زمانی و بنکەی هێز دەستنیشان دەکا، لە هەمان بۆچوون و گۆشەنیگاش ئاماژە بۆ زمان و کولتووری هیندۆئەورووپی دەدا، فۆکۆ پێیوایە (زمان) سەد دەرسەد پوختەی ئامانج و نیازو دەربڕینی خۆی ناگەیەنێ، چونکە ئەو مانایەی کە ئێمە هەستی پێدەکەین و پەی پێدەبەین لەواتایەکی سست و بێ هێز بەولاوە شتێکی تر نییە، لە هەمانکاتدا زمان زۆر واتاو گوزارەی جۆراوجۆر دەشارێتەوە و پەردەپۆشیان دەکاو بەهەمان شکڵ و شێوەی پەنهانی و پەردەپۆشییش لەگەڵ خۆی دەیانگوازێتەوە، هەروەها فۆکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە زمان زۆرجار شکڵ و شێوەی زارەکی و گەردانی خۆی ڕەتدەکاتەوە. فۆکۆ دەڵێ: لەم جیهانەدا زۆر شت بێ ئەوەی زمانیان هەبێ دەدوێن وەک.. سروشت، دەریا، لەرەی گەڵای درەخت، ئاژەڵ، روخسارو دەموچاو، ماسک، چەقۆکان.. سەرجەم ئەم شتگەل و بوونەوەرانە بەشێوەیەکی بەردەوام بەزمانێکی نازارەکی لە ئاخاوتن و لێدواندان... فۆکۆ هەر لەبواری زمانییەوە بەدوای کوژیتۆیەکی (من بیردەکەمەوەی) نوێدا دەگەڕێ، کوژیتۆی نوێش مانەوەیە لەسەر مەزنترین ماوە، مەودای شیاو، کە دادەبڕێ و لە هەمانکاتا لە نێوان هزری ئامادەگی و خودی خۆیدا جۆرێک لە پێوەندی پێکدەهێنێ، بەتایبەتیش پشت بەو هزرە دەبەستێ کە لە پانتایی ناهزردا بنجوبناوان و ڕەگوڕیشاڵی چەسپاندبێ، ئەم کۆژیتۆ نوێیە بەرەو تیۆری کردەو فەرمان و جووڵە ڕێدەکا بەو ئامانجەی کە زمان کەینوونەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەمەیان گەڕانێکی بەردەوام و هەمیشەییە بەدوای دیاردەو حاڵەتەکانی ناونانی زمانی و قڵپکردنی وشەی خامۆش و متبووی نێو برگە و دەستەواژەکان.. چونکە لە دەسپێک و سەرەتادا یا لە یەکەمین چرکە خەلق و فەراهەمبوونی ئاخاوتندا «زمان» لە خودی خۆیدا دووچاری جۆرێک لە خزین و لادان هاتووە، بۆیە ئێستاش بەشێوەیەکی بەردەوام بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، لەبەرئەوەی رووکارو روخساری جیهان بەکۆمەڵێک دروشم و نیشانە و ئاماژە و هێماو ژمارە و دەمامک و وشەگەلی ئاڵۆسکاو هێروگلیفی ماسکدراوە، جا پێویستە رەوشی ئاڵۆزو تەمومژاوی ئەم هێماگەل و ئاماژانە روون و ئاشکرا بکرێت و تا بەرەو سەرچاوەی راستەقینەی خۆی بگەڕێتەوە، چونکە زمان لە رەوش و شێوە و روخساری ئەزەلی و هەرە پێشوویدا کە خودا رووبەرووی مرۆڤی کردەوە، لە شێوە و دروشمێکی روون و ئاشکرادا بوو، ئەم بۆچوون و وێناکردنەیش لە کۆمەڵێک هێزدا بەدیدەکرێ.. لەوانە... شێوەی تێرامانی شایانەی «هەڵۆ».. و هێزی بەرجەستەکراوی نێو جەستەی «شێر».. بەڵام لەدەستدانی هێزی روونی و ئاشکرایی «زمان» لەگەڵ مەرگەساتی «بابل» سەری هەڵداو بونیادی زمان تێکشکێنرا، ئەمەش جۆرێک لە سزادان بوو بۆ خودی مرۆڤ، چونکە کاتێ «ئادەم» یەکەمین «ناو»ی بەسەر ئاژەڵ و پەلەوەرەکاندا سەپاند، جگە لە خوێندنەوەی کۆمەڵێک نیشانەی روون و دیارو ئاشکرا و بێدەنگ و خامۆش هیچی تری نەکرد، کەواتە پێویستە لەنێو کتێب و کەڤاڵەکاندا وشەی راستەقینە بدۆزرێتەوە، ئیتر «میشێل فۆکۆ» چەمکێکی نوێ بەچاخی کلاسیک دەدا و چەمکەکەیش زۆرتر پێوەندی بە (چاخی زانین)ەوە هەیە، هاوکات هزری ئەورووپی بۆ سەر سێ چاخ و سەردەم پۆلین دەکا دابەشکردنەکەیش لەسەر بنچینەی (دابڕانی ئەبستمۆلۆژی)یە، بەم جۆرە «زانین» لە چاخێک بۆ چاخێکی تر دەگوازرێتەوە، سەرەتاو دەسپێکی ئەم چاخەش لە سەردەمی (رێنسانس- سەدەی بوژانەوە)وە دەسپێدەکا، واتە لە چاخی شانزەوە تا ناوەڕاستی چاخی حەڤدە، بەڵام

دووەمیان چاخی کلاسیکە و سەرەتاکەی بۆ چرکەساتی دەرکەوتنی «دیکارتیەت» دەگەڕێتەوە، لە ناوەراستی چاخی حەڤدەوە، قۆناغی سێیەمیش سەدەی نوێیە و لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەم یا لەگەڵ دەرکەوتن و پێناسەکردنی چەمکی (مرۆڤ) کە (خودێکی مێژوویيە)... ئەمەش ئەو چاخەیە کە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی دەکرێ، بەمجۆرە «میشێل فۆکۆ» بەکۆمەڵێک میتۆدو ئامرازو میکانیزمی نوێ یەکە (ئەبستمییەکان) لەسەر ئاستی هزرو شارستانییەتی ئەوروپی لێکدەداتەوە و وەسف و پێناسەی هزرە زانستیەکان دەخاتەڕوو و گرنگی بەلایەنی زانستی زمانی دەدا و بەدوای کۆدی بونیادە مەعریفییەکاندا دەگەڕێ و، هەر لەم دیدو روانگەوە وەسفی چۆنیەتی ئەشکەنجە و ئازارو سزادانی جەستەی مرۆڤ دەکا، بەتایبەتی لە چاخی هەژدەو نۆزدەدا کە رۆح زۆرتر هەڕەشەی لێ دەکرێ و سزا دەدرێ، هەر لەڕوانگەی زانینەوە (فۆکۆ) بایەخ و گرنگی بە دیاردەی - شێتی و سێکس و نەخۆشی گولی «جوزام» دەدا و لە میان شارستانییەتی رۆژئاواوە لە چەمکی راستەقینەی (سێکس) دەکۆڵێتەوەو لەڕوانگەی (دابڕانی ئەبستمی) ئاماژە بۆ چۆنیەتی گواستنەوەی کردەی سێکسی دەدا کە ئێستا لە ژووری نووستنی (ژن و مێردایەتی)دا قەتیس کراوە و بەگوشارخستنە سەرو ئابڵووقەدان و پەنگخواردوویی ماوەتەوە، سەبارەت بە (شێتی و شارستانییەت) فۆکۆ دەڵێ.. شێتی وەک دیاردەیەک تا ماوەی دوورودرێژی بنبڕکردنی نەخۆشی «گولی» «شێتی» نەک هەر لێی نەکۆڵراوەتەوە بەڵکو فەرامۆشیش کراوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکا لە ژیاندا هەموو کەسێک نزیکە لە شێتی، چونکە بوونی ئاڵۆسکاوی شێتی خۆی لە خۆیدا لە رۆخ ئەزموونی مرۆڤایەتیدایە، دیاردەی شێتی زۆرجار یارمەتی مرۆڤی داوە مامەڵە لەگەڵ زۆر لق و بەشە جۆراوجۆرەکانی راڕایی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە رەسەنەکان بکا کە هەڵقوڵاوی سەرچاوەکانی مەرگن، زۆرجار کەسی شێت توانیویەتی پێشبینی بکاو نوقڵانەکانی بەڕاست دەرچن و یا رۆڵی پەیامبەرێتی بگێڕێ، کەچی چۆنیەتی مامەڵەکردن و ئەشکەنجە و سزادانی شێت لە شارستانییەتی ئەوروپیدا چەندین قۆناغی جۆراوجۆرو تایبەتی بەخۆوە بینیوە، ئەوکاتەی کەسی (شێت) بەکۆت و پێوەندو زنجیر باڵبەست دەکراو بەتوندوتیژی و ئەشکەنجەدان دەخرایە زیندانی تاریک و تەڕو شێدارو نوتەکەوە، دەبووە نێچیری جرج و مشکان.. لە هەمانکاتا کەسی شێت، لە دەرەوەی زیندان و لە شەقام و بازاڕەکاندا خەڵک کەسی شێتیان دەخەملاند و رێزیان لێ دەناو یارمەتیان دەداو جۆرێک لە ئولفەت و هۆگریان لەگەڵدا پەیدا دەکرد، مەبەستی سەرەکی «فۆکۆ» لە خستنەڕووی مەرگەساتی مێژووی شێتی چۆنیەتی ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەی کەسی شێت، دیاریکردنی چەمکی «لادان»ە کە لە مێژووی شێتی و سێکس و پەتاو نەخۆشییەکاندا رووی داوە، فۆکۆ هەوڵدەدا چەمکی لادانی حەقیقی بەمۆرک و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و ئەرکی مرۆڤایەتییەوە لە چاخە مێژوویيە جۆراوجۆرەکاندا دەستنیشان بکا، بەم جۆرە «فۆکۆ» لەڕێگەی میتۆدگەلێکی نوێ و پشتبەستن بەزانستی زمانی بەدوای بنچینەی بیروباوەڕە شاراوە حەشاردراوەکان و کۆدی بونیادە مەعریفییەکاندا دەگەڕێ بە ئامانجی دامەزراندنی چاخێکی ئەبستمۆلۆژی و زانستی، فۆکۆ دوای ئەنجامدانی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی بۆ (سێنتەری هێز) لە چاخە جیاجیاکانی مێژووی شارستانییەتی خۆرئاوا و شیکردنەوەی تێکستگەلی شێتی و سێکسی، پەتایی، پێوەندیگەلێکی گرنگ لەنێوان «دال»و «مەدلوول»دا دیاری دەکا و ئەنجا لەڕوانگەی نەشتەرگەری و ئەبستمی لە تاوانەکانی شێتێتی دەکۆڵێتەوە و بەسەرهاتی خەتەرناکترین و

بەناوبانگترین تاوانبارێک دەخاتەڕوو..
«من بێیر ریڤێرم سەری دایک و خوشک و برای خۆمم بڕیوە».
«میشێل فۆکۆ» بەتوێژینەوەی ئەبستمی لە هۆکارەکانی ئەم تاوانە ترسناکە دەکۆڵێتەوە و هاوکات پشت بە بەڵگەنامەی جۆراوجۆر و یادەوەرییەکانی تاوانبارو دەقی ڕاپۆرتی پزیشکی و کۆنووسی دادگا و بڕیاری دادوەرو داکۆکییەکانی پارێزەرو نووسینە ڕۆژنامەگەرییەکان دەبەستێ، دەرەنجام فۆکۆ ئەوە دەسەلمێنێ کە نائامادەگی عەقلانیەتی ساڵانی (١٨٣٨) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکارە سەرەکییەکان دەستنیشاندەکا، «فۆکۆ» ئەوە دەدرکێنێ کە تائێستا ناتوانین جیاوازی لەنێوان (شێتی و تاوان)دا بکەین. چونکە کۆدگەلی زانین لای فۆکۆ ئەو کۆدگەلانەیە کە تیشک دەخەنە سەر گۆڕانکارییەکانی هزرو بیروباوەڕو فەلسەفەو زانست، ڕۆڵی پڕ گۆڕانکاری پیاوی ئایینی و پارێزەر و پزیشکەکان روون و ئاشکرا دەکا، ئەمەیان شێوە بیرکردنەوەیەکی پێشکەوتووە و پێوەندی بەهزری «سان سیمۆن»ەوە هەیە، چونکە «میشێل فۆکۆ و سان سیمۆن» بەبیرمەندێکی بلیمەت لە قەڵەم دەدا).. دواتر فۆکۆ پێشبینی کۆتایهاتنی ئەم چاخ و سەردەمە دەکا، واتە چاخی مرۆڤ.. کە «سان سیمۆن» دەمێکە دەربارەی دواوە، ئەنجا «فۆکۆ» بڕوا بەکۆتایهاتنی ئەم سەردەمە دەهێنێ و بە (کۆتایی مێژوو) یا بەکۆتاییهاتنی قۆناخەکانی مرۆڤ، ناوزەدی دەکا، بەڵام مەبەستی سەرەکی فۆکۆ ئەوە ناگەیەنێ کە مەبەستی لە کۆتایی هاتنی مرۆڤایەتی بێ، بەڵکو کۆتایی هاتنی «تێڕوانین»ە بەتێکڕایی شکڵ و شێوە باوەکانییەوە، کە رووە و جیهان ئاڕاستە دەکرێن، بەم جۆرە میشێل فۆکۆ لایەنی تاکڕەهەندی هزرو زانستەکان دەستنیشان دەکاو ئاماژە بۆ هەوڵ و کۆششی هەریەک لە «مارکس»و «نیتشە» و «فرۆید» دەداو، بەبۆچوونی فۆکۆ هیچ یەکیان دەلالەتێکی نوێیان بۆ هزری خۆرئاوایی زیاد نەکردووە و واتایەکی نوێشیان بەشتگەلەکان نەبەخشیوە، تەنها هاتوونە سروشتی - دەلیلیان گۆڕیوە. «نیتشە» ڕەخنەی ئاراستەی قووڵایی هزرو هەست کرد، ئەو قووڵاییەی وا لە قەڵەم دا کە لە داهێنانی فەیلەسووفەکانە، کەواتە هەڵفڕینی بازو هەڵزنان بەچیاکان ئەمانە بەگشتی ئاستە ستوونیەکان بەدیاردەخەن کە سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبی «زەردەشت»ی پێ ڕازاوەتەوە، هاوکات ئەم دەربڕینە بریتییە لە قڵپکردنی چەمکی قووڵایی و دۆزینەوەی شتگەلە شاراوەکان، هەروەها «فۆکۆ» دەڵێ «کارل مارکس» زۆرتر بایەخ و گرنگی بەلایەنی رووکەش داوە و چەمکی قووڵایی فەرامۆش کردووە، مارکسیەت زیاتر پشت بەتاکڕەهەندی ئابووری دەبەستێ، بونیادگەرەکانیش زۆرتر تیشک دەخەنە سەر یەکە دروستبووەکانی نەست و نائاگایی، دەروونشیکاریش بایەخ بەلایەنی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تاکەکەس دەدا، بەڵام بوونگەرایی لە پێوەندیگەلی نێوان خود و بابەت (مەوزووع) دەدوێ، کەواتە بەبۆچوونی «میشێل فۆکۆ» کردەی ڕاڤە و لێکدانەوەی لەلای ئەم بیرمەندانەدا نەگەیشتۆتە ئاست و پلەو ڕادەی پێگەیشتن و کامڵبوون، «فۆکۆ» سەرجەم هەوڵ و کۆشش و تەقەلاکان بەتیۆرێکی پاژی «جوزئی» لە قەڵەم دەدا و کە لە ئاکام و دەرەنجامدا، سەرجەمی هەوڵ و کۆششەکان دەبنە ئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر، هەڵبەتە ئایدیۆلۆژیاش کۆت و پێوەندیکردن و داخستنی کرۆک و گەوهەری هزرە و لە هەمانکاتیشدا وەستاندن و جێگیرکردن و لە قاڵبدانی گیانی ئاوەڵاو بەرفراوانی ڕاڤە و لێکدانەوەیە، بەم شێوەیە «میشێل فۆکۆ» لە دید و ڕوانگەی چەمکی ئارکیۆلۆژی و جینالۆژی هەوڵی دۆزینەوە و دەسەبەرکردنی یەکە شاراوەکانی زانین و کۆدە مێژووییەکان دەدا، ئەمەیان هەوڵ و کۆششی

ئارکیۆلۆژیایە زۆرتر لەوەی کە هەوڵی خودی مێژوو بێ، بەڵام راپۆرتی پزیشکە پسـپـۆرەکـان دەبنە خاوەندی زمـانێکی نوێی هێمـاو نیشـانە ئامێز، زمانیش بەو سیفەتەی کە بونیادی سەرەتاو کۆتایی شێتییە و شکڵ و شێوەی پێکهاتەیەتی، ئیتر فۆکۆ لەرێگەی راڤەی ئەبستمییەوە جۆرێک لەنزیکی لەنێـوان (عـەقڵ) و (شـێـتی)دا دەدۆزێتـەوە، بەبۆچوونی «فۆکۆ» بونیادی (شێتی) لەگەڵ بونیادی (زمان)دا چوونەتە نێو یەکدی و تێهەڵکێش کراون، بۆیە لە دیاریکردنی چاخێکی مەعریفیدا لە هەردوو بونیـادی زمـانی و شـێتی دەکـۆڵێتـەوە، بەم جۆرە زمـانی نوێی زانسـتی جۆرەها گـۆڕان و گـۆڕانکاری بەخـۆیەوە دەبینی بەتـایبـەتی ئەو زمـانەی کـە سەرپەرشتیارو چارەسەرکارانی شێت و پسپۆرانی نەخۆشییە عەقڵییەکان بەکاری دەبەن و هەوڵدەدەن خودی «شێت» فێرە دوان و قسەو ئاخاوتن بکەن، هاوکـات پسـپـۆرو چارەسـەرکـارەکـان لەرێگەی بەکـاربردنی هەمـان زمـان لە شێتی خۆیان دەگەن، دواتر «فۆکۆ» لە توێژینەوەکانیدا چەمکی «قۆناخی ئاوێنە» لای «ژاک لاکـان» بەکـاردەهێنێ و دەگـاتە ئەو حـەقیـقـەتە کە ئینسـانی «شێت» کـەسێکی نەخـۆشـە و چارەسـەریش لەرێگەی پزیشـک و بەیارمەتی خودی (زمان) دێتەکایەوە چونکە زمان بۆتە کـەرسـتـە و ئامـرازی بنچینەیی و بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، شێتیش لە خوڵقـاندن و هێنانەکـایەی پەیڤی نوێ و ئاخـاوتنی نۆژەندا چالاک و کـاریگەرە، یا ئەو ئاخـاوتنەی کـە ناوکـۆیی زمـانی باوو تەبا تێکدەشکێنێ و گـەمـەی (دال) و (مـەدلول) تێکوپێک دەدا.. پاشـان فـۆکـۆ بەدوای هێـزی داودەرمـاندا دەگـەڕێ و بۆ پشـکنین و دەسـەبەرکـردنی بونیـادە قـوولەکـانی داودەرمـان و نەخۆشی زۆرتریش گرنگی بەدیالۆگی نێو عیادەکان و راپۆرتە جـۆراوجـۆرەکـانی پزیشکەکـان دەداو لە دیدوگـۆشـەنیگای بونیـادییـەوەش لە فـایلە مێژووییەکان و ئەدەبی زانستی رادەمێنێ و چەشن و جۆرەکانی داودەرمانیش لە سەردەمی چاخی هەژدەوە شـیـدەکـاتەوە تا دەگـاتە ئەو دەرەنجـامـەی کـە بڵاوبوونەوەی داودەرمـان پێوەندییەکی سـەرەکی بەو زمانە تایبەتییەوە هەیە کە بەهۆی پێداویستییەکانی نەخـۆش و کـەشـوهەوای نەخـۆشـخـانە و مـامـەڵەی پزیشکەکـان گـەشـەی سـەندووە، پاشـان لە بارەی کۆتاییەکان میشێل فۆکۆ دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە دواجـار مـرۆڤ مـانەندی چنگە لمێکی پەرشـوبڵاوی رۆخ دەریا لەنێو دەچێ!

**سەرچاوەکان:**


١- حفريات المعرفة/ ميشال فوكو، ترجمة، سالم يفوت، دار البيضاء، المغرب.

٢- جينالوجيا المعرفة/ ميشيل فوكو، ترجمة احمد السطاتي عبدالسلام بنعبد العالي/ دار توبقال للنشر/ الدار البيضاء- المغرب.

٣- نظام الخطاب وارادة المعرفة، ميشيل فكو، دار النشر المغربي / دار البيضاء/ ترجمة/ احمد السطاتي/ عبدالسلام بنعبد العالي.

٤- الكلمات والاشياء / ميشيل فوكو، مشروع مطاع صفدي/ فريق الترجمة: مطاع صفدي، د. سالم يفوت، د. بدرالدين عروكي، جورج ابي صالح، كمال اسطفان. مراجعة: د. جورج زيناتي. مركز الانماء القومي/ لبنان.

٥- عصر البنوية، من ليفي شتراوس الى فوكو/ تأليف: اديث كيرزويل/ ترجمة: جابر عصفور.


**تێبینی:**

ئەم نووسینە ١٩٩٢/١/٣٠ نووسراوە و لە هەمـان ساڵیـشـدا لە رۆژنامـەی «کـوردسـتـانی نوێ» بەسێ ئەڵقـە بڵاوبۆتەوە، بەرێکەوت دەسـتنووسـەکـەم بەرچاوکـەوت و لەرووی زمـانی و دارشـتنەوە پێیـداچوومـەوەو حـەزم کـرد بۆ جـاری دووەم بڵاوی بکەمەوە.. «ه».

# ئیخوان ئەلسەفا

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبییە

## بەشی دووەم

ئەبوبەکر شوان



**یەکسانیی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا**

ئیخوان ئەلسەفا پێیان وایە: فەلسەفە میتۆدی عەقڵە بۆ چەمکی ئاین، دان پیانانە بەبەهای راستییەکانی زانست لەڕێگەی سرووشدا.

پێغەمبەر (د.خ) فەیلەسووفە پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر (د.خ)و سرووشی بۆ بێت، یانی بەواتای روخسارو ناوەڕۆک، رووخسار بە تێگەیشتن بەچەمکەکان، ناوەڕۆکیش بۆ زیاتر خزمەتکردنی زانستە.

(ئیخوان) زۆر لەو فەرموودانە دێننەوە، کە خزمەتی کۆمەڵەکەیان دەکات، یەک لەو فەرموودە پیرۆزانە کە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ: ئەگەر ئەرستۆتالیس لە ژیان بایە بڕوای بەمن دەهێنا، هەرچەندە ئەو فەرموودەیە لەهیچ شوێنێک بەرچاو نەکەوتووە، تەنها ئەو کۆمەڵەیە، واتە ئیخوان

ئەلسەفا بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاماژەی پێدەدن.

**پێغەمبەرایەتی**

روانینی (ئیخوان ئەلسەفا) بۆ پەیامبەرایەتی بەند بوو بە دووفاقی مرۆڤ لە دەروون و جەستەدا، کە بەرزترینیان دەروونە. مەبەستی مرۆڤ خۆ رزگارکردنە لە جەستە و گەڕانەوەیەکی بۆ جیهانی رۆح، خوای گەورە مرۆڤی بەجوانترین شێوە خولقاندووە هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (٢٩) لقد خلقنا الانسان فی أحسن التقویم. بۆ ئەوەی مرۆڤ دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ، کردییە جێنشینی خۆی، مرۆڤی دەسترۆیی کرد لەسەر زەوی.

بۆیە دەتوانین بلێین: ئەو کاتەی پەیامبەرایەتی دێت، کە فەلسەفە بەکۆتاهاتییە، سرووشیش دەستپێدەکات و عەقڵ لە کامڵبوونیدا رادەوەستێ.

هەر لەم روانگەوە (پێغەمبەرایەتی) لەلای ئەو کۆمەڵەدا لەسەر ٣ بنچینەدایە:

١- وەرگر - پێغەمبەر.

٢- ئەوی لێی وەردەگرێ - دەروون

٣- شتی وەرگیراو - سرووش

پێغەمبەرایەتی وەنەبێ کارێک بێت و هەوڵی بۆ بدرێت، بەڵکو دیارییەکە لەلایەن خوای گەورە پێشکەش بە هەڵبژێرەکە دەکرێ و هەر خوداش بەندەکانی خۆی دەناسێ و هەڵیان دەبژێرێ.

مرۆڤی باش هۆشمەندە، باشترین مرۆڤیش زانایەکانن، بەرزترینیان پێغەمبەرەکانن، پاش ئەویش بیرمەندو (فەیلەسووف) و چازان (حەکیم)ەکانن. (٣٠)

پێغەمبەریش دەبێت چەند خەسڵەتێکی تیایدا بێت وەکو: کەمئەندام نەبێت، زوو شت وەرگرێت (ئیستیعاب)ی بکات، شت لە بیر نەکات، شتەکان بەزوویی ئەزبەر بکات، سوود لە زانستەکان وەربگرێت، دەربڕینی باش بێت، زمانی پاراو بێت، حەزی لە زانست بێت و سوود لە زانستەکان وەرگرێت، زۆر خۆر نەبێت، مەشرەب خۆش بێت، دەروونی بەرزبێت، ورە بەرزبێت، زانایانی خۆش بوێت، دنیا بەلاوە بنێت هەر لەبەر ئەمەشە کە پێغەمبەرەکان بەپایەترین و بەرزترین کەس لە قەڵەم دەدرێن، پسپۆرن لە زانستەکانی عەقڵ و خوداناسی و دەروونناسیدا.

کە باس لە پێغەمبەرایەتی دەکرێت، هیچ کاتێک ئاماژە بە موعجیزەکان ناکەن، ئەمەیش بۆ بیروڕای (موعتەزیلەکان) دەگەڕێتەوە و فێربوونی ئاکارو رەفتارو رەوشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەپلەی یەکەم دادەنێن. (٣١)

کتێبی (مێژووی فەلسەفەی عەرەبی) لە دانانی حنا فاخوری و خەلیل الجر، دەڵێن: ئەم کۆمەڵەیە واتە (ئیخوان ئەلسەفا) دان بەموعجیزە دانانێن، بەڵام لە راستیدا وانییە، لە زۆر شوێن باس لە موعجیزانی قورئانی پیرۆز دەکەن، بەوەی ئاراستەی هەموو کەسێک کراوە بەهەموو ئاستێکەوە، دەستگرتنێکە بۆ پایەی بەرز.

**پێکهاتەی فەلسەفە**

بۆ پتر سوودوەرگرتن با چاوێک بخشێنینە ئەو زانستانەی کە، لەکاتی کۆمەڵەدا (ئیخوان ئەلسەفا) باوبووە، بەتایبەتیش ئەو زانستانەی، کە لە پەیامەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە، دەبینین پێگەیەک یان شوێنێک بۆ فەلسەفە لە ئارادایە.

(ئیخوان ئەلسەفا) ئەو زانستانەیان دابەشی سێ بەش کردووە (٣٢):

بەشی یەکەم: زانستی ئاکار، زۆربەی زانستەکانی ئەم بەشە بۆ پەیداکردنی بژێو بوون، هەروەها بۆ چاککردنی باری ژیانی دنیا بوو، پێی دەوترا (زانستەکانی بیرکاری)و نۆ جۆری لێ هەڵدەقولێ:

١- زانستی نووسین و خوێندنەوە.
٢- زانستی ژمێرە.
٣- زانستی زمان و ڕێزمان.
٤- زانستی هۆنراوە (شیعر).
٥- زانستی فاڵگرتن و جۆرەکانی.
٦- زانستی جادوگەری و نوشتەکردن.
٧- زانستی پیشەو کارەکان.
٨- زانستی کڕین و فرۆتن و بازرگانی و کێلان.
٩- زانستی بەسەرهات و دەنگوباسەکان.
١٠- بەشی دووەم: زانستەکانی شەرع بۆ باشی دەروون و داوای ئاخیرەت، ئەم بەشە شەش جۆرە:
١- زانستی هاتنەوە خوارەوەی قورئان (سرووش).
٢- زانستی لێکدانەوەی شەرعی.
٣- زانستی گێڕانەوەی دەنگوباس.
٤- زانستی فیقھ و حوکمەکانی شەرع.
٥- زانستی وێردو ئامۆژگارییەکان و سۆفیگەریی.
٦- زانستی لێکدانەوەی خەونەکان.

**بەشی سێیەم: زانستەکانی فەلسەفە، کە چوار جۆرن.**

١- بیرکاری.
٢- لۆژیک.
٣- سرووشت.
٤- خواناسی.

**پێناسەی فەلسەفە**

ئەم کۆمەڵەی، مەبەستمان (ئیخوان ئەلسەفا)یە زۆر پێناسەیان بۆ فەلسەفە داناوە لەوانە:

١- فەلسەفە حیکمەتە، خۆشیبە بۆ دەروون.

ئەم پێناسەیەش واپێدەچێ لە پەیڤە یۆنانییەکەیەوە وەرگیرابێ کە لە دوو وشە پێکهاتووە، فیلا: خۆشی، ئەوینی. سوفیا: بەواتای حیکمەت دێت، یانی ئەگەر پەیڤەکە شیکەینەوە لە یۆنانییەوە بەمانای حەکیم (چازان) دێت(٣٣).

٢- لێکچوونی بەشتێکی خودایی بەگوێرەی توانای مرۆڤ، (ئیخوان ئەلسەفا) کە راڤەی (توانای مرۆڤ دەکەن) یانی دەبێ مرۆڤ خۆی لە درۆ دەڵەسە رزگار بکات، خۆیشی بەدوور راگرێ لەهەر بڕوایەکی ناهەق، یان هەر هەڵەیەکی زانیاری، خۆ پاراستن لە رەفتاری نابەجێ و کردەوەی شەڕانگێزانە، یا لەکەموکوڕی لە کارەکانیدا. لە پەیامی (٨)ی ئیخوان ئەلسەفا هاتووە: کە خوای میهرەبان، باشترین چازانە و زاناترین زانایە و میهرەبانترینە لە هەموو شتێکدا، هەر کەسیش خۆی خزاندە نێو ئەم بازنەیە ئەوا پلەو پایەی بەرز دەبێت لە خوای مەزنیش نزیک دەبێتەوە.

٣- زانینی راستییە لە شتەکاندا.

٤- فەلسەفە بەمانا گشتییەکەی شی دەکرێتەوە بۆ سێ بەش:

ئەلفارابی: بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی فەلسەفە دەکات وەکو میتۆدو راهێنانە، یانی کارکردن بۆ گەیشتن بەئامانج.

فەلسەفە لە وڵاتی یۆنان سەری هەڵداوە، بەتایبەتی پێنج چەرخ پێش زاینی (لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا (د.خ) کە بەبزوتنەوەیەکی هزری ناوبراوە لە سەرکردەکانی بروتا جوراس و جورجیاس و بروریکوس. ئەوانەی لەسەر فەلسەفە و فەلسەفەکاری نووسیویانە زۆرن لەوانە: برتراند رسل (مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا). یوسف کەرەم (مێژووی فەلسەفەی یۆنان)، محەمەد غەلاب (فەلسەفەی ئەغریقی)، عەبدولڕەزاق (شێخ مستەفا) (مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی).

هەندێک لە زانایانی زانستی ئاخاوتن و خۆیان بەفەلسەفە بەستۆتەوە بە تایبەت بەلۆژیک، هەندێکیش لە زانایانی ئایینی و فەقێیەکان دژی (زانستی ئاخاوتن) راوەستان و بە (بدعە)یان لە قەڵەم دا، لەسەرووی هەموویانەوە (ئەبو حەنیفە

ئەلنەعمان) کە لە ساڵی ١٥٠کۆچیی کۆچی دوایی کردووە.

گوڵستانی پیرۆزیشی (لە بەغدا)یە، سفیان ئەلسەوری لە ساڵی ١٦١ کۆچیی کۆچی دوایی کردووە، مالیک بن ئەنەس کە لە ساڵی ١٧٩کۆچیی کۆچی دوایی کردووە گوڵستانی پیرۆزیش لە (مەدینەی مونەوەرە)یە، دەبیور لە کتێبی: (فەلسەفە لە ئیسلام)دا ئاماژەی پێکردووە بەمانا بیانییەکەی -Deelecticaltheol ogy دێت و لە مەسیحییەتیش بە مانای (زانستی لاهوت) theolgy دێت.

لەناو ئیسلامدا (٢) دوو زانای بەناوبانگ و بیرمەند بە چاژان ناوبانگیان دەرکرد کە (ئیبن کەندی) و (ئەلفارابی) بوون و جموجۆڵێکی ئەوتۆیان خولقاند، تا خەڵک بەتایبەتی ئەوانەی خوێندەوارو رۆشنفکرن پتر بچنە نێو دنیای فەلسەفە و بەمانا جوانییەکەی لێی نزیک ببنەوە و بەباشی تێبگەن و هەرسی بکەن، هەر بۆیەش ناونران (ئەلسفستائیە).

(ئەلرەواقییەکان) ئەو فەیلەسوفانە بوون کە زیاتر گرنگی و بایەخیان بەهەستیارەکانی مرۆڤ دەدا، کە هەر بەم ئەندامانەوە درکی پێوەدەکرێت.

بۆ نموونە: دەڵێن مەلیک بەتیلموس بانگی یەک لە قوتابییە هەرە باشەکانی (زینون)ی کرد کە نێوی (سەفیروس) بوو، مەلیک سێوێکی شەمعداری لەسەر خوان هەڵگرت و دایە دەست سەفیروس، فەیلەسوفەکەش وەری گرت و بۆ دەمی برد کە بیخوات، مەلیک دایە قاقای پێکەنین بە فەیلەسوفەکەی گوت: ئەمە سێو نییە بەڵکو لە شەمێ دروستکراوە، فەیلەسوفەکەش گوتی: قوربان درکم بەوە نەکرد کە ئەم سێوە سێوێکی راستی نییە، چونکە من بەدووری دەزانم شتێک لەسەر خوانی مەلیک بێت و بۆ خواردنی ئادەمیزاد نەشێت.

ئەوەی ئێمە لێرەدا باسمان لێوەکرد تەنها مشتێک بوو لە خەرمانێکدا، هەرچەندە بەتێروتەسەڵی هەندێ لایەنی شاراوەمان خستەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز ئاشنا بکەین بەو رەوتەی و چۆنیەتی تێڕوانینیان لەسەر فەلسەفەو، ئاماژەپێکردنی ئەم کۆمەڵەیە لە زۆربەی پەیامەکانیاندا، ئێمەش لە ژێدەرو سەرچاوەکاندا خستوومەتەڕوو و روونم کردۆتەوە، بۆیە هەر لێرەدا وا بەپێویستی دەزانم هەندێ لایەنی ئەدەبی کە کرۆکی مەبەستی ئێمەیە لەم لێکۆڵینەوەدا بیخەمە بەرچاوی ئەو خوێنەرانەی کە تامەزرۆی ئەم باسەنە، کە(ئیخوان) چۆن بەزمانێکی پاراوەو شیرین گوفتار هاتوونەتە دووان و چەندین نامیلکەو نووسراو و کتێبی بەسوودیان هێناوەتە بەرهەم، کە زۆربەیان بەرچەڤەکراون، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی کە باس لە ژیانی ئاژەڵان دەکەن، وەکو چیرۆک و بەسەرهات و پەندو ئامۆژگاری ئاراستەی عەقڵی تاکی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوازێکی نوێی هاوچەرخ و بەرێگای بەرنامەیەکی دارێژراو تا ئامانجی خۆی بپێکی و ئەو نووسەرو هزرڤانانە خۆیان بەخەڵک بناسێنن و جێی پەنجەی خۆیان لە گۆڕەپانی ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامی بکەنەوە..

هەروەکو لە نووسینی ئەم کەڵە نووسەرانە روونە، زۆربەی زۆری نووسینەکان لە ئەدەبی هیندی و ئەدەبی فارسی وەرگیراوە، ئەو کتێبە کۆنانە کە مرۆڤ لە ئاستیاندا دۆش دادەمێنێ.

ئەو نووسەرانەی کە لەسەر ئاژەڵان نووسیویانە زۆرن، بەڵام ئێمە وەکو نموونە ناوی چەند کتێبێک دێنین بۆ ئەوەی زیاتر سوودبەخش و نووسەرانی ئێمەش سوودمەندبن لەوانە:

١- شێخ کەمالەدین ئەلدمیەری(حیاة الحیوان الکبری)

٢- ئەلجاحز(الحیوان)

٣- ئەبشیهی (ئەلمستەترەف)

٤- ئیبن مقەفەع(کلیلەو دمنە)... چەندانی

دیکه...

لە کتێبەکاندا ئاماژە بەناو و ڕەگەزو خاسییەتەکانی ئەو ئاژەڵانە دەکەن و هەروەها چۆنیەتی ئاگاداربوونیان و پاراستنیان و وەبەرهێنانیان و زیادکردنی بەرهەمیان.

لەگەڵ هەر نووسینێک و لەپاڵ هەر ئاژەڵێک بەسەرهاتێکی بەجۆش و خرۆش دەگێڕنەوە.

بەتایبەتیش ئەوانەی عەقڵ دەفرۆشنە ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کرێتی ئاکاردا دوور بخاتەوەو هۆشمەندی بکات، هەرچەندە ئاژەڵ، ئاژەڵەو هزری نییە بۆ ئەوەی بیربکاتەوەو رای خۆی دەربڕێ و بێتە دوان، وەلێ هەڵسوکەوت و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان خۆی لەخۆیدا، وانەیەکی نموونەیین پێشکەش بەمرۆڤ دەکرێ.

ئێمەش بۆ نموونە هێندێ لەم چیرۆک و پەندانە دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیان بپێکن.

**بڕیارێکی سەرپێی**

دەگێڕنەوە دەڵێن: کابرایەکی ڕێبوار بەتەنها لەڕێگادا دەڕۆیشت، لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دیکە دەچوو، کە برێ دوور بوو لە گوندەکەیان، بەڕێگەوە کەوتووبووە ناو ئەندێشەیەکی قووڵەوەو خۆی خزاندبووە نێو خەڵوەتگەی کپی، هەر بۆیە بیری دەهێناو بیری دەبرد، لەناکاو گوێی لە نەڕەیەک بوو، دەنگەکەی زۆر لەلا نامۆ بوو، چونکە بەدەنگی ئادەمیزاد نەدەچوو، پاش دۆش دامانێک بەرەو دەنگەکە کەوتەڕێ تا گەیشتە شوێنی دەنگەکەو بینی شێرێک کەوتۆتە نێو تۆڕێکی ئاسنینەوە، بۆیە هەر کە شێرەکە چاوی بەکابرا کەوت ئەم دەمەتەقێیە لەنێوانیاندا دەستی پێکرد.

شێر: کاکی برا تۆ خاوەنی ئەم تۆڕەی.

ڕێبوار: نەخێر، من پیاوێکی ڕێبوارم ،بەکاری خۆمەوە دەچمە شوێنێک.

شێر: مادامەکینێ، تۆ خاوەنی ئەم تۆڕە نی، ڕزگارم بکە.

ڕێبوار: من خاوەنی نیمەو لەوانەیە کە ڕزگارت بکەم، کابرای تۆڕچی لێم زویربێت و دوژمنایەتیم بکات.

شێر: نەگۆشتی من دەخورێت و نە ئێسقانم بەکەڵک دێت، هیچ سوودێکم نییە بۆ مرۆڤ، تەنهاو تەنها کەوڵەکەمە.

ڕێبوار: لەوە دەترسم کە ڕزگارت بکەم بمخۆی.

شێر: بەڵێن دەدەم چاکەت بدەمەوەو مەترسە ناشتخۆم.

ڕێبوار: (بێ ئەوەی ئاکامەکەی بزانێ)، دەرگای تۆڕەکەی لە شێرەکە کردەوەو شێرەکە لەناو تۆڕەکە هاتە دەرەوە.

شێر: هەی گەلحۆ، من ئەوا چەند ڕۆژێکە لەنێو ئەم قەفەسە بەندم، زۆرم برسییەو بۆیە دەتخۆم.

ڕێبوار: باشە، ئەی چاکەی من، کوا بەڵێنی جەنابتان.

شێر: ئێوەی مرۆڤ هەمیشە حەزتان لە چەوسانەوەیەو خۆتان زۆر بەزل دەزانن و بۆیە هەردەتخۆم.

ڕێبوار: من کابرایەکی ڕێبوارم، کاری خۆم دواخست و تا چاکەتان لەگەڵ بکەم کەچی جەنابیشتان سوورن لەسەر ئەوەی کە بمخۆن و ئەی کوا بەڵێنتان، جەنابتان نەخواسمە پاشای ئاژەڵانن، ئەمە لە شەوکەت و مەقامی جەنابتان ناگونجێ.

شێر: ڕاستدەکەی، حەلێکی دیکەم هەیە.

ڕێبوار: فەرموون قوربان

شێر: سێ شت دەکەینە دادوەر، ئەم هەلەت بۆ دەڕەخسێنم.

ڕێبوار: دادوەری چی؟

شێر: ئەگەر هەرسێکیان بڕیاریان دا بتخۆم ئەوا دەتخۆم و ئەگەر بڕیاری خواردنی تۆشیان نەدا ئەوا ناتخۆم و ئازادت دەکەم.

ڕێبوار: قوربان، پاشای ئاژەڵان، من چاکەیەکی گەورەم لەگەڵ جەنابتان کردووە، تکایە لێمگەڕێن بۆ کاری خۆم بڕۆم و ئازارم مەدەن.

شێر: تازە بەڵێنم بەتۆ داوەو پاشگەز نابمەوە لە بڕیارەکەی خۆم، جا هەرچی زووە بابڕۆین.

ڕێبوار: قوربان دوام مەخە بابڕۆم.

شێر: ئەوەی تۆ دەیبێژی لە فەرهەنگی مندا نییە، جا هەرچی زووە بابڕۆین.

(کابرای ڕێبوار، زۆر لە پاشای ئاژەڵان پاڕایەوەو تکاو نزای کرد هەر سوودی نەبوو، بۆیە لەگەڵ شێرەکە کەوتنە ڕێ بۆ چارەنووسێکی نادیار).

پاش چەند هەنگاوێک ڕووبەڕووی پیرەدارێک بوونەوە، پیرەدار سەیری کرد، ئەوا پاشای دارستان و مرۆڤێک بەرەو لای ئەو دێن، هەر لەدووڕا بەخێرهاتنێکی یەگجار گەرمی شێرەکەی کردو وتی:

بەخێربێی ئەی پاشای دارستان، ئەی سەروەری هەموو ئاژەڵان، لق و پۆپ و گەڵاکان هەر هەمووی هاتنە جووڵەو سەماکردن.

شێر: زۆر سوپاس ئەی درەختی بەوەفا.

پیرەدار: بەتەشریفهێنانی بەڕێزتان، ئێرە ڕووناک بۆوە، من و نەونەمامەکانم دەمێکە ئارەزووی دیداری بەڕێزتان بووین خۆش هاتن سەرچاوان.

شێر: زۆر سوپاس بۆ ئەو ستایشەتان.

پیرەدار: قوربان جارێ بفەرموون، نەختێ لەژێر ئەم سێبەرە...

(کابرای ڕێبوارەکە دەیویست بێتە دووان، پیرەدارەکە لێ خوڕییەوەو پێی وت: کابرا، هەتا پاشا ڕاوەستابێ، تۆ مافی قسەکردنت نییە).

پیرەدار: پاشای من، فەرموو ببێژە.

شێر: مەسەلەکەی لە ئەوەڵین جارەوە چۆن کەوتۆتە ناو تۆڕی ئاسنین و چۆنیش کابرای ڕێبوار ڕزگاری کردووەو بۆ پیرەدارەکەی خستەڕوو.

پیرەدار: جا قوربان ئەوە هەر کێشە نییەو، پێویستی بەدادوەریش نییە، من هەر لە ئێستاوە بڕیاری خواردنی ئەو مرۆڤە دەدەم.

شێر: یانی ڕەزامەندی لەسەر دەدەی.

ڕێبوار: کاکی پیرەدار، خۆت و خواتان کەی ئەمە دادە، ئاخر من چاکەم لەگەڵ ئەو شێرە کردووە، بۆ بخوا کەی ئەمە ڕەوای حەقە.

پیرەدار: دەزانی بۆ؟ با بۆت باس بکەم. پاشای من، حەزدەکەم جەنابیشتان گوێم لێبگرن.

شێر: فەرموو، فەرموو.

پیرەدار: ئێمە هێشتا نەونەمامین، ئەو مرۆڤانە لە ڕەگەوە ڕاکێشمان دەکەن، لە ئاخێکی تر دەمانچێننەوە، دوور لە سۆزی دایک و محەبەتی دایک، کە پەلمان هاوێشت و گەورەبووین و بەروبوومان پەیداکرد، ئەوا هەر زووبەزوو لێیدەکەنەوە بۆ خۆیان دەیبەن و دەیخۆن و ئێمەش ترووسکەی چاومان دێ.

شێر: ئەهای، لە مرۆڤی بێ سیفەت.

پیرەدار: پاشای گەورەم، گوێم لێبگرە، با داخی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، ئەوجا دەزانی ئەو مرۆڤانە چ دڕندەو ستەمکارن.

شێر: بەڕاستی ستەمە.

پیرەدار: قوربان، کە مرۆڤەکان زانیان ئێمە ئیتر هیچی تر بەرناگرین و بەرەو پیری دەڕۆین، ئەوا بەتەور دەکەونە سەروگێلاکمان لەڕەگەوە دەمانبڕنەوە.

شێر: حەیف و مخابن، ئەمەیان بۆ؟

پیرەدار: بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان.

شێر: لەناوبردنی ئێوە سوودی چییە بۆ مرۆڤ!

پیرەدار: بەقەدوباڵامان خانوو دروستدەکەن، بەتەختەکانمان کورسی و دەرگاو پەنجەرە دروست دەکەن، بەقەدەکانمان قەنەفەو سەندووق و دۆڵاب دروستدەکەن، زۆربەی کەلوپەلەکانی ناوماڵییان لە ئێمەمانانە.

شێر: بەڕاستی ستەمێکی مەزنە، هیچ یاسایێک قبوولی نییە.
پیرەدار: قوربان، خۆزگە دەخوازم بەچاوی پڕ لە سۆزتانەوە سەیرتان بکردابایە، چۆن دەمانسوتێنن.
شێر: ئەمە کارێکی ناڕەوایەو حوکمێکی میلیتارییەتە.
پیرەدار: قوربان جەنابی پاشا، دەزانی بۆ دەمانسوتێنن.
شێر: نەخێر، ئەمە کارێکی قەیزەونە.
پیرەدار: ئەو مرۆڤانە زۆر لەخۆبایی و بێ ئەمەکن، تەنها بەرژەوەندی خۆیان گەرەکە.
شێر: بەڵێ، وایە
پیرەدار: سوتانی ئێمە لە لای ئەو مرۆڤانە بۆ چێشتلێنانە، چاخواردنەوەیە، ئاو گەرمکردنە، بۆ خۆشووشتنە، پاککردنەوەی ناومال و قاپ و قاجاغە، بۆ کۆلکردنە.
شێر: ئای لەو ستەمە گەورەیە، لە حەژمەتان تک تک ئارەقە لە لەشمدا دەچۆڕێ.
پیرەدار: بۆیە دەڵێم بیخۆ، نۆشی گیانت بێت.
شێر: زۆر سوپاس بۆ ئێوە ئەی پیرەدار، بەڕاستی دادی خۆت دا، دەمت خۆش، خوداحافیز.
(شێرەکە، رووی دەمی لە کابرای ڕێبوار کردو گوتی:
ئێوە چەند بێ سیفەت و بێ ئەمەکن، خۆ گوێت لە زوڵمەکانی خۆتان بوو، کەی ئەمە رەوای هەقە، ئەمە حوکمی یەکەمەو ئەوانی دیکە ماون با بزانین چی بڕیار دەدەن)
شێرو کابرای ڕێبوار پێکەوە ڕێکەوتن، لە پڕێکا چاویان بە چێڵێک کەوت، ڕێبوارەکە، بەشێرەکەی وت: قوربان ئەمەیان نێچیرێکی باشەو بەشی چەندین ڕۆژت دەکاو هەتا زووە بیخۆ، منێکی بێ گۆشت و تەنها ئێسقان چ سوودێکی بۆ بەڕێزتان نییە، شێرەکە لە ڕێبوارەکە هاتە وەڵام گوتی:
ئەمە دادوەرە، من بەڵێنم داوە دەبێ سێ شت دادی خۆیان بدەن. هەر کە چێڵەکە چاوی بەشێر کەوت لە چنگ ڕۆحی خۆی ئۆقرەی نەماو بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە بەرپێی شێرەکە.
چێڵ: بەخێربێن، ئەی پاشای ئاژەڵان، ئەی سەرداری من، گیانم لەڕێی پێتانە.
شێر: زۆر سوپاس، پیرەچێڵ.
چێڵ: ئۆغربن، قوربان.
شێر: سەربووردەکەی لە ئەوەڵین جارەوە تا ئێرە بۆ پیرە چێڵ گێڕایەوە.
چێڵ: قوربان، جا ئەمە بڕیاری بۆچییە؟
شێر: ئاخر، بەڵێنم داوە، دەبێ گوێبیستی ئێوە بین.
چێڵ: قوربان، بیخۆ، نۆشی گیانت بێ.
شێر: بۆ؟ روونی کەوە
چێڵ: قوربان دەزانی بۆ؟
شێر: بفەرموون بۆ؟
چێڵ: قوربان عەرزی جەنابتان بکەم، کابرا، تۆش باش گوێم لێ بگرە، ئێمە لە دایکی خۆمان دەزێین، گوانی دایکمان شیردێنێ بۆ ئەوەی، ئێمەی بێچوە شیربدات، تا گەش و نما بکەین، کەچی ئەو مرۆڤانە بەبێ هیچ سۆزو شەرمێک، گوانی دایکمان دەدۆشن و بۆخۆیان دەیبەن.
شێر: شیری چێڵیان بۆ چییە؟
چێڵ: قوربان شیرەکە دەخۆنەوەو دەیکەن بەسەرتوو، ماست، نقیشک، لۆر، پەنیر، رۆن....هتد.
شێر: ئای لەو ستەمە، شیری بێچوە بخۆن، کەی ئەمە رەوای هەقە.
چێڵ: دەماندۆشن و ئالیکمان نادەن.
شێر: بۆ ئالیکتان نادەن، ئەی چۆن دەژین.
چێڵ: پاشماوەی خوانی ئەو مرۆڤانە، خواردنی ئێمەیە، جارجارەیش خۆمان وەدەستی دێنین.
شێر: زۆر ستەمە.
چێڵ: قوربان، ئەو مرۆڤانە هێندە بێ بەزەیین،

جوتمان پێدەکەن، خاکمان پێدەکێڵن و زۆرجاریش بارمان دەکەن.
شێر: قبوولم نییە ستەمە.
چێڵ: قوربان، ئەو مرۆڤانە، کە زانیان ئیتر بەرەو پیری دەچین و چیتر نازێین و ئەوا کێرد دەخەنە ئەستۆمان و سەرمان دەبڕن.
شێر: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟
چێڵ: قوربان، گۆشتەکەمان دەخۆن.
شێر: ئای لەو ستەمە.
چێڵ قوربان، گوێم لێڕاگرە، با ناخی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم.
شێر: ئای لەو مرۆڤانە، ئەی کوا مرۆڤایەتیان؟
چێڵ: قوربان، مرۆڤایەتی چی و حاڵی چی، تەنهاو تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەوێ و ئارەزووی هەموو شتێ دەکەن، وادەزانن جیهان بەس بۆ ئەوان خوڵقاوە، باوەڕ بکە، پێستەکەشمان رزگاربوونی نییە.
شێر: پێستەی ئێوە سوودی چییە؟
چێڵ: قوربان، دەیکەن بەهەمبانەو پێڵاو و کەوش و قایش و جانتاو شتی دیکەی لێ دروست دەکەن، بۆیە دەڵێم، بیخۆ نۆشی گیانتان بێت.
رێبوار: هەر کە گوێی لەو هەموو ئاخافتنە بوو، ئۆقرەی نەماو پێ و قەدەمی شکاو کەوتە سەرزەوی.
شێر: ئافەرین، پیرەچێڵ، بەراستی حوکمی خۆت دا، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، دەتوانن بۆخۆتان بڕۆن و خواحافیزتان بێت.
(چێڵەکە، هەر کە گوێی لە شێرەکە بوو رێی پێدا بۆ رۆیشتن، لە خۆشیا پای زەوی نەدەگرت و تێی تەقاندو هەڵات).
دیسان شێرەکە بەرێبوارەکەی گوت: هەڵسە سەرپێیان، بابڕۆین، یەکێکی دیکەمان ماوە، چونکە بەڵێنی من سێیە. رێبوارەکە، چەندی کرد نەیدەتوانی هەڵسێتەوە بۆیە شێرەکە، دەستێکی بۆ بردو بەرزی کردەوە.
رێبوار: قوربان، جەنابتان سەروەری ئاژەڵانن، گۆشتی ئەوان بۆ ئێوە حەڵاڵە، بەڵام گۆشتی مرۆڤێکی وەکو من بۆ ئێوە یاساغە.
شێر: دەهەڵسە سەرقاچان درێژەی پێمەدە، بابڕۆین.
رێبوار: دەفەرموو، پاشای موعەزەم، وەرە نۆشمکە، باگیانم دەرچێت، چونکە دەزانم ئەوەی سێیەم، هەروەکو ئەوەی یەکەم و دووەمەو بڕیاری خواردنی من دەدەا، هەرچەندە من برسێتی جەنابتان ناشکێنم تەنها مردنی منەو بەس.
شێر: ئێوەی مرۆڤ زۆر لەخۆبایین و بەفیزەوە دەڕواننە خوار خۆتان، وا دەزانن دنیا، دنیای ئێوەیە، پێتان وایە خوای دلۆڤان هەموو شتێکی بۆ ئێوە رەخساندووە، خۆتان لەڕاست چیاو دەشت و شێو و رووبارو ئاژەڵان و ئاسمان و زەوی و خۆر بەزل دەزانن، بەسە بیرێک لە خۆتان بکەنەوە، خوای گەورە ئێوەی خوڵقاندووە تا بیر لە میهرەبانی و بەخشندەیی ئەو بکەنەوە، نەک ستەم بکەن، بەرژەوەندی خۆتان بوێت و، خۆتان بەزل بزانن، بەفیزەوە بڕواننە دەورویشت.
(شێرو کابرای رێبوار، لەم دەمەتەقێیە دابوون، رێویێک لە دووررا چاوی پێکەوتن و لە دڵی خۆیدا گوتی: شێرو مرۆڤ کوجا مەرحەبا، هەبێ و نەبێ شتێ قەوماوە) بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە لایان و گوتی:)
مام رێوی: بەخێر بێی ئەی پاشای مەزن، گەورەو سالاری ئێمە، بەراستی تەشریفهێنانی بەرێزتان بۆ ئێرە خۆی لەخۆیدا مژدەبەخشە بۆ هەموومان، یاخوا بەخێربێن و سەرچاوان.
شێر: زۆر سوپاس مام رێوی.
مام رێوی: ئۆغربن.
(رێبوار دەیویست بێتە دوان، رێوی لێیخوڕییەوە)

مـام ڕێوی: هەی گـەوجـە، تا پاشـا هەبێ ئێـوە حەدتان نییە قسە بکەن، پاشا فەرموو.
(شێر مەسەلەکەی بۆ مام ڕێوی دەگێڕایەوە. لە گێڕانەوەی قسەکانیدا بوو، مام ڕێوی چاوێکی لە کـابرای ڕێبـوار نوقـاند، بۆیە ڕێبـوارەکـە، فەرامۆشییەکی هاتەوەبەر).
مـام ڕێوی: قـوربان، جەنابی خاوەنشکۆ، داری عـەدالەت دارێکی قـورسـەو هەردوولای بەئاگـرە، پێش ئەوەی خەڵکی بسوتێنم دەبێ خۆم بسوتێنم.
ڕێبوار: مام ڕێوی.
مـام ڕێوی: تۆ بەهیچ جۆرێ مـافی قسـەکـردنت نییە.
شێر: ئەی باشە، چارەی چییە؟
مام ڕێوی: قوربان، ئەگەر بڵێم مەیخۆ، لەوانەیە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بڵێ مام ڕێوی ئەوە چ حوکمێک بوو کردت، ئەو پاشایە، کە پاشای ئێـوە هێندە برسی بوو لێی نەگەڕای بیخـوا، بێ دادیت نواند. ئەگـەر بڵێم بیخـۆ، دەترسم خـوای گەورە پێم بڵێ مام ڕێوی ئەم مرۆڤە چاکەی لەگەڵ پاشـا کـردبوو، حـەق نەبوو بیخـوا، چونکە لەبری چاکە هەر چاکەیە.
شێر: باشە بڕیارتان چییە؟
مـام ڕێوی: قـوربان، ئەگـەر بەزەحـمەتی نەزانن، حـەزدەکەم شوێن و تۆڕەکە ببینم، تا هێـڵکاری و نەخشـەسـازی بۆ بکەم، ئەوجـا بڕیارەکـەی خـۆم دەدەم.
شێر: نەخێر زەحمەت نییە، بابڕۆین.
(ڕێویەکـە، خـەریکی شێـرەکە بوو، قسـەی بۆ دەکردو مێشکی مەشغول کردبوو، بۆ ئەوەی نەوەک لەناکاو چنگێک لە ڕێبوارەکە گیرکات و بیکوژێ و، جار ناجارێکیش چاوی لە کـابرای ڕێبـوارەکە دەنووقـاند ئـامـاژەیەک بوو، بۆ دڵنەوایی کـابرای ڕێبوار). هێندەی نەبرد، گەیشتنە شوێنی تۆڕەکەو شێرەکە نیشانی مام ڕێوی دا.
مـام ڕێوی: لە دەوروبەری تۆڕەکـە دەسـووڕایەوە بەشێرەکەی گوت: قوربان ئەوە تۆڕەکەیە؟
شێر: بەڵێ، خۆیەتی.
مـام ڕێوی: کـابرا، خـۆ چاک دەزانم پاشـا ڕاست دەفەرمووێ، ئەمە ئەو تۆڕەیە کە پاشای ناسک و نازدارمان تێیدا بەندبوو؟
ڕێبوار: بەڵێ مام ڕێوی.
مـــام ڕێوی: ئای لە ســتــەمی مــرۆڤ و کــارە نابەجێیەکانی، توخوا چۆن دڵتان هات، سەردارو سالاری ئێمە لەناو ئەو تۆڕە بەند بکەن، کەی ئەمە ڕەوای هەقە، ڕووی دەمی لە شێرەکە کردو گوتی:
قوربان ئەگەر بەزەحمەتی نازانن، دەتوانن بچنە ناو تۆڕەکە، بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە بتوانم حوکمەکە بدەم و بڕیاری کۆتاییشی لەسەر بدەم.
شـێـر: نـا، زەحـمـەت نـیـیـە، خـۆی خـسـتـە ناو تۆڕەکەوە.
مـام ڕێوی: قـوربان، جـەنابتـان لەکـوێی تۆڕەکـە پاڵکەوتبوون.
شێر: ئا لەم سووچە(چوو لێی پاڵکەوت).
مام ڕێوی: کوڕە کابرا، خۆ دەزانم پاشامان ڕاست دەکات، بەڵام کە تۆ هاتی سەیرت کرد پاشامـان لەوێ پاڵکەوتوو؟
ڕێبوار: بەڵێ مام ڕێوی.
مام ڕێوی: کردییە قاقای پێکەنین.
شێر: لە جێی خۆیەوە، مام ڕێوی بۆ دەخەنی.
مـام ڕێوی: قــوربان، چۆن پێنەکـەنم، دەرگـای تۆڕەکە، والایە دەتوانی لەناو تۆڕەکە بێیتە دەرەوەو پێویستیت بەیارمەتی ئەو مرۆڤە هەر نەدەبوو.
شـێـر: نـەخـێـر، دەرگاکەی داخرابوو، هەربۆیەش داوای یارمەتیم لەو مرۆڤە کرد، تا ڕزگاربم لێرە.
مـــام ڕێوی: بەهێـــمنی بەرەو تۆڕەکـــەوە چوو و دەرگـــاکـــەی داخـــست و شـــێـــرەکـــە لەناو تۆڕەکـــە بەندکراوەو بۆیە بەشێـرەکەی گـوت: هەی گـەلحـۆی دڕندە، ئەو مـرۆڤە چاکـەی لەگـەڵت کـردو ڕزگـاری کـردی لە مـردن، کـەچی بەهەمـوو بێ عـەقـڵـێـتـەوە لەجـیـاتی چاکـەکـەی بدەیتـەوەو پاداشی بکەی،

دەتوێ بیخۆی، ئەمە چاکەی چاکەیە،(هل جزاء الاحسان الا الاحسان) هەی درندەی بێ بەزەیی.
بەکابرای ڕێبواریشی گوت: کاکی برا، خوای گەورە عەقڵی بەمرۆڤ بەخشیوە تا هەر کارێک بکات دووچاری کێشە نەبێت.
لەمەودوا هیچ بڕیارێک نەدەی کە ئەنجامەکەی نەزانی و ئاگاداری خۆتان بن.
کابرای ڕێبواریش زۆر سوپاسی مام ڕێوی کرد، بەوەی ئەم فیڵەی دۆزیبیەوەو لە چنگ شێرەکەی ڕزگارکرد.

| وشە | ماناکەی |
| --- | --- |
| موطلق | ڕەها |
| حکیم | چازان |
| مذهب | ڕێباوەڕ |
| منطق | لوژیک |
| صوفیە | سۆفیگەری |
| دیسپلین | نیزام |
| میلیتاری | عەسکەری |
| یاساغ | حەرام |
| ئۆستان | پارێزگا |
| هەمەکی | الکلی |
| ئەندەکی | الجزئی |
| ئۆغربن | بۆ کوێ دەچن |

**ژێدەرو سەرچاوەکان:**

زۆربەی زانیارییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە کتێبی(اخوان الصفاء)ی جەنابی دکتۆر فؤاد مەعسوم دەگەڕێتەوە، کە سوودێکی باشم هەم لە کتێبەکەو هەم لە سەرچاوەکان وەرگرت، زانیارییەکانی خۆم و سەرچاوەکانیش ئاماژەیان پێدەدەم، کە ئەمانەی خوارەوەن:


١- عبدالعزیز الدوری/ دراسات في العصور العباسیة
٢- هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
٣- گ/ نووسەری کورد ٣٧ مایس ٢٠٠٧
٤- د. حسین ابراهیم- تاریخ الاسلام
٥- الخضری/ تاریخ الامم الاسلامیة الدولة العباسیة.
٦- احمد امین/ظهر الاسلام
٧- ابن الاثیر/ الکامل ٨ / ١٤٧
٨- ابراهیم مدکور/ دراسات في تاریخ الفلسفة/ ٧٦
٩- ١٧-١٩-٢١-٢٤- ٢٧- ٣٢ /د. فؤاد معصوم/ اخوان الصفاء فلسفتهم وغایاتهم/ ٢٠٠٨
١٠- عارف تامر/ حقیقة اخوان الصفاء
١١- احمد امین/ ظهر الاسلام
١٢- اخوان الصفاء/ الرسائل ٤ / ١٦٥
١٣- محمد عذاب/ اخوان الصفاء/ ٨
١٤- طه حسین/ مقدمة الرسائل اخوان الصفاء/ ١
١٥- الرسائل/ الرسالة ٢٢ / ٢٦١
١٦- هەمان سەرچاوەی سەرەوە
١٧- القرآن الکریم
١٨- جلال عوسمان/ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٤٢٤ لە ٢١/٥/٢٠٠٨ .
١٩- طه حسین/ مقدمة الرسائل.
٢٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە
٢١- احمد زکی/ مقدمة لطبعة الرسائل ١ / ١٨
٢٢- الشهرزوری/ نزهة الارواح
٢٣- القرآن الکریم
٢٤- قورئانی پیرۆز
٢٥- الرسائل/ الرساله ٤٧
٢٦- حنا فاخوري و خلیل الجر/ تاریخ الفلسفة الاسلامیة
٢٧- بدران حبیب(بۆچوونەکان سەبارەت بەکوردکردنی ناوی حکیم، چازان)
٢٨- برتراند رسل/ تاریخ الفلسفة الغربیة
٢٩ گۆڤاری سۆسیۆلۆژیا/ ٥-٢و دکتۆر کەیوان ئازاد/ مێژووی سیاسی و ئایینی
لە سەرچاوەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ٤٢٤ .
٣٠- حیاة حیوان الکبری/ شیخ کمال الدین الدمیري
٣١- الجاحظ/ الحیوان

# سەرقەڵەمێک لە بابەت فەلسەفەی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم
Romantic Criticism

و: شوکر سلێمان

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لە بارەی ڕۆمانسییەتەوە بیزانین، پەیوەندی ڕۆمانسییەتە بەڕەخنەی ئەدەبییەوە، ڕۆمانسییەت پێکهاتەی وشەی (ڕۆمانس)یە، کە ئەو وشەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەربڕین بوو لە چیرۆکی ئەندێشاوی، کە لە دووتوێ (سوارچاکیی) دەخولایەوە.(١) پەیوەندی نێوان ڕۆمانسییەت و ئەو جۆرە چیرۆکانەش هەردووکیان تێکەڵبووبوون بەدنیای ئەندێشە، کە بەهیچ شێوەیەک خۆی بەسەر واقیع و لاسایی نەدەگرتەوە، ئەدەبی ڕۆمانسییەت جیاوازە لە ئەدەبی کلاسیزم، بەوەی کە بوونی ئارەزووی ئەندێشەیە، لە دیارترین ڕەخنەگرانی ئەو قوتابخانەیە شاعیری ئینگلیزی ولیەم وردزورس wordsworth ١٧٧٠-١٨٥٠و، سموئێل تایلۆر کۆلردج Coleridge ١٧٧٢-١٨٣٤ بوون، سەرچاوەی بنەڕەتی بیروڕای وردزۆرس لە بارەی ڕەخنەوە لە پێشەکی پەڕتووکی (چیرۆکی گۆرانییەکان)(٢) ballad lyrical بەدیار دەکەوێت، لەو پەرتووکەدا ڕوونیکردەوە کە زمانی شیعر زمانی ژیانی ڕۆژانەیە، هیچ سیمایەکی تایبەت بە دەنگی پەخشان و شیعرەوە نییە، هەرچەند شاعیر بە زمانی خۆی لە ژیانی سادەی گوندیاتی و سروشت نزیکبێتەوە ، ئەوەندە توانای زیاتر دەبێت لە پێشکەشکردنی بیرێکی نوێ لە پۆشاکێکی نوێدا، بۆیە دەبێ زمانی شیعر لە هەست و سۆزێکی قووڵەوە سەرچاوە بگرێت، کە پەیوەستە بە سۆزو هەستی بۆماوەیی مرۆڤ، لە شیعردا دەبێ دەربڕین ، دەربڕینێکی لەخۆوە بێت، دوور بێت لەو هەستە دروستکراوەی کە هەست و سۆزەکان قەلب

دەکاتەوە، لە چەندین جێگەدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە جیاوازی نییە لەنێوان زمانی شیعرو زمانی پەخشاندا، لە پێکهاتەی ڕێکخستندا metrical compostion ئەرکی شیعر لەوەدا دەردەکەوێت کە بتوانێ زانست و زانیارییان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی لەزەت و چێژی لێوەربگرین، شتێکی وایان لاجێ بهێلێت بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لە یەکخستنەوەی دڵەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئامانجی شاعیر گەیشتنە بەڕاستییەکی ڕەها، نەک گرنگیدان بەپرسە هەڵواسراوەکان.

شیعر لای ئەو دەرچوون و فیچقەیەکی لەناکاوە بۆ دەبڕین لە هەست و سۆزەکان، کە سەرچاوەی لە هەڵچوونەکانەوە گرتییە emotion کە شاعیر لەسەر خۆ ئامادەی دەکاتەوەوە، ئەو گێڕانەوەیە بەڕۆڵی خۆی کردارێکی نوێ دروست دەکات ئەویش دروستکردن و داهێنانە.(٣)

لەگەڵ ئەوەشدا کۆلردج پەیوەندی بەهەمان باڵەوە هەیە کە وردزۆرس هەیەتی، بەڵام جیاوازە لەوەی کە وشەی سادە و ساکار، یان هەست و سۆزی هەڵچووی ژیانی خەڵکی ئاسایی مادەی خامی شیعرە، بەڕای ئەو لەسەر شاعیر پێویستە ڕووبەڕووی هەست و سۆزی شاراوەی دەروونی مرۆڤایەتی ببێتەوە، بچێتە نێو هەڵویستە گەورەکان کە قووڵی و پێگەیشتوویی دەگرێتە خۆی. هەروەها جیاوازە لەوەی کە هەندێک وشە شیاوە بۆ شیعر، بەڵام بۆ پەخشان شیاو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شیعردا هەندێک شتی باش و جوان هەیە، ڕۆڵێکی گەوهەری لە هەست و سۆزدا دەگێڕێت، بەڵام لە پەخشاندا دەبینین دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخەکە کە لە چوارچێوەی هونەردا دەردەچێت.

هەروەها کۆلردج لە ڕەخنەدا لە دووتۆی پەڕتووکی literaria phia (وەرگێڕانی ئەدەبی) گرنگییەکی زۆری بە ئەندێشە لە شیعردا، پێوانەیەکی تایبەتی بۆ شیعر و گەوەریی ناوونیشان هێنایە کایەوە، ئەویش جیاوازی کردنە لەنێوان وێناندن یان وەهم fancy و ئەندێشەدا imagi-nation ئەوەی دوایان بەوە پێناسە دەکرێ کە ئەو هێزەیە لە ناخی شاعیردا دروست دەبێت، کە وای لێ دەکات لە کاتی پەنا بۆ بردندا، جیاوازیی لەنێوان هەستەوەرەکاندا بکات و شیانبکاتەوە بۆ گەیشتن بە دروستکردنێکی نوێ، لەو میانەشدا گرنگی بە جدیەت و جەختکردنەوە لە یەکێتی کاری هونەری بدات.(٤) وێناندن یان وەهم یان ئەندیشەی یەکەم تونای دووبارەکردنەوەو دروستبوونەوەی شتەکانی لە نوێوە نییە، بەڵام ئەو پەڕی توانامان پێ دەبەخشێ لە جیاکردنەوەو ڕێکخستن، بۆ ئەوەی وا لە هەستەوەرەکان بکەین شتێکی هەبوو بن. وەهەم یان ئەندێشەی یەکەم دووبارەن لە ئاوەزی سنووردار لە پرۆسەی دروستکاری نەمریدا، لە (منی باڵا High iam لە کاتێکدا لە ئەندێشەی دروستکراو یان دووانەییدا imagination ئەوەیە (بەکارهێنانی ئیرادەیە بۆ ئەو هێزە، هەر ئەو بەکارهێنانە کە ڕێگر نییە بۆ پەنابردن بۆ دوو وشەی جیاواز لە واتادا، لەبەر ئەوەی ئەندێشەی دروستکراو، هەر ئەو دەبێتە ئەوەی هەیە لە چامەدا لە ڕەگەزەکان و شتە بەیەکاچووەکان یەک بەوەی تزەوە کە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی دروستکراوێکی نوێ کە هیچ پەیوەندی بەو شتانەوە نابێت کە ئەوی لێ بەرهەمهێنراوە، کەواتە نرخی چامە لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە چەندە خەیاڵ و ئەندێشەی گەورە بواریان بۆ چێ کردووە لە ناخیدا گەشەبکەن، ئەمەش لە خودی خۆیدا بەهایەکە بە ئیعتیبار شێوەیەکی تایبەتە لە ئیدراک و بینین.

کۆلردج جگە لە ئەندێشە گرنگی بەشتێکی دیکە داوە ئەویش یەکێتی ئەندامی چامەیە Organie unity ئەندێشە بە جیاوازی وەهم یان وێناندن دەبێتە هۆی لە دایکبوونی داهێنانی

شێوەیەکی تایبەت بەو، پرۆسەی ئەندێشەو خەیاڵ لای ئەو پێکچووی پرۆسەی گەشەی ئەندامی یان بایلۆژییە، بەکاری ئەو هێزە گۆڕاوە تەواودەبێت، ئەرکی شاعیر تەنیا کۆکردنەوەی بەشە لێکجیاوازەکانی چامە نییە، بەڵکو لەڕێگەی ئەندێشەوە رادەبێت بە دووبارە دروستکردنەوە لەسەر بنەمایەکی زیندوو، وەکو درەخت گەورە دەبێ و گەشە دەکات، بۆیە کۆلردج وای دەبینێ چامەی درێژ هەمووی هەر شیعر نییە، بەڵکو ئەو بەشانەی ناچێتە نێو بۆتەی ئەزموون، دەبێتە بار بەسەر شیعرەکە، ئەزموون دەبێتە هۆی دروستکردنی هەمووبەشەکان لە سەر بنەمایەکی زیندوو و گەشەکردوو، هەروەها ئەوە لە چامەی باشدا دەبینێ کە لە بنەمای چامەدا زۆر ئەستەمە هیچ هەموارکردن و قرتاندن و زیادکردن و گۆڕان و رێکخستن بکرێت، هەربۆیە رستەیەکی بەناوبانگی لەو بارەیەوە هەیە دەڵێ:( دەرهێنانی بەردێک لە هەرەمەکان بە دەستی خۆمان ئاسانترە لە دەرهێنانی وشەیەک لە سۆناتەکانی شکسپیر بەبێ ئەوەی لە بنەڕەتەوە هەمووی بەسەر یەکدا بروخێ و ببێتە چامەیەکی دیکە.(٦)

ئەمەش واتای ئەوەیە هێزی چامە یان کاریگەریی لە هەموو بەشەکانی چامەدا وەک یەکە، وەک چۆن هەموویان تەواوکاری یەک بنەمان.

لەنێوان رەخنەگرانی رۆمانسییەتدا ئەوانەی مێژوویەکی دوورودرێژیان لە چێکردنی چەمکەکانی رەخنەی جددی لە رووبەڕووبوونەوەی رەخنەی کلاسیزمی دێرین هەیە، شیلی شاعیرە Shelley ١٧٩٢-١٨٢٢ کە خاوەن پەرتووکی -ADe fence of poetry ١٨٢١ کە ئەم پەرتووکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناوونیشانی (پارێزگاریکردن لە شیعر - الزود عن الشعر) کە نووسەر لەو پەرتووکەدا گرنگی بەڕوونکردنەوەی بیروراکانی خۆی داوە لەسەر سروشتی شیعرو بەهاکەی، راستی لای ئەو گەیشتنی شاعیرە لەڕێگەی ئەندێشەوە نەک لەڕێگەی لۆژیک کە فەیلەسوف ئەو رێگەیە دەگرێتە بەر، هەموو بەکارهێنانێکی ئەندێشە بەو واتای کە کۆلردج بە بیرمان دێنێتەوە، دەبێ بگاتە برین و چوونە ژوورەوەی دنیای ئایدیالی ئەفلاتوونی، دیارە ئەو نموونە بالآیەی ئەفلاتوون بانگەشەی بۆ دەکات کە شاعیر هەوڵدەدات لێی نزیک بێتەوە، کەچی لە لای شیلی شاعیر دەبێتە داهێنەرو ئەو بەهرەیەی هەیەتی لە ئەندێشە باڵدارەکان و دروستکراوەکانی، مادەکەی دروست دەکات.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی شاعیر بە زمانەوە، شیلی دێتە سەر ئەو رایەی کە شاعیر زمان نوێ دەکاتەوە، وشە بوونەوەرەو بەشیعر زیندوو دەبێتەوە، ئەگەر شاعیرەکان بەشێوەیەکی بەردەوام وشەکان دووبارە نەکەنەوە لە شیعرەکانیاندا، ئەوا زمان لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەن دەبێتە ئامرازێکی وەستاوو لەکارکەوتوو لە دەربڕین و ئەو پێداویستیانەی مرۆڤایەتی هەیەتی، شاعیر بە بیرورای ئەو ئەوانەن کە (داهێنەری یاسان، دامەزرێنەری کۆمەڵگەن، داهێنەری مەدەنیەتن، داهێنەری هونەری ژیانن، ئەو مامۆستایەن کە دەتوانن نزیکببنەوە لە جوانی و راستی.)(٧)

هەروەها شاعیر بە پەیامبەر دەچوێنێ لە رووی ئەوەی کە وازنانهێنێ و رازی نابێ بە بینینی ئێستا، بەڵکو لە ئێستادا ئاینده بەدیار دەخات، بەڵام سەبارەت بە زیندووکردنەوەی وشەو زمان لە لای شاعیر دەڵێ (شاعیر زمان زیندوو دەکاتەوەو گەنجیەتی بەبەردا دەکاتەوە بە پێبەخشینی مەجازی زیندوو.)(٨) ئەوە شتێکە زمانی پێ دەناسرێتەوە وەکو ئامرازێک و کەرەستەکانی دیکەی هونەر لە بوارەکانی شێوەکاریی و رەسم و بیناسازیی، هەروەها زمان ئامرازێکە بۆ ئەندێشە، ئەندێشەش توانای دروستکردنی کەرەستەکانی هەیە.

شیلی شاعیر جیاوازی لەنێوان زمانی خاوەن کـێش و Metric language زمـانی بەبێ کێش دەکات، زمانێک خاوەن کێش و سەروا بێت، ئەوا وا دەکـات جـۆرێک لە رێکخـستنی دەنگ و هاتنەکایەوەی زمانی شیعری بێت، کە شیعر هەرگیز بەبێ ئەو نابێت، بە بیروڕای ئەو پشتگوێ خستنی کـێش، وەکـو پشت گـوێ خـستنی دەنگە، لێـرەوە وەرگـێـرانی شـیـعـر بە بیروڕای ئەو جۆرێکە لە بێ ئەنجامی و بێ سوودیی، (ئەگەر راست بێت گەیشتن بە گوڵێکی بنەوشەیی لە لولەکێکی تاقیکردنەوە بۆ زانینی رەنگ و بۆنەکـەی، ئەوە راسـتـە لە زمـانەوە داهێنانەکـانی شـاعـیـر بە ئێـمـە دەگـات، گـونجـانی دەنگ کـە لە هەڵبـژاردنی شـاعـیـرەوە دروست دەبێت لە رێکخـستنی دەنگ لەگەڵ واتاکـەیدا کە بەشێکە لەو رێگەیەی کـە ئەندێشـەی شـیـعـری رۆڵەکـەی جـێـبـەجێ دەکـات، بۆیە وەرگـێـرانی شـیـعـر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندیە زێرینەی هەیە، بەڵام هەر جـۆرێکە لە مەحاڵ.

شیلی شاعیر ئینکاری ئەوە ناکات کە شـاعـیـر مـافی ئەوەی هەیە هەمـیـشـە هەوڵی نوێکردنەوەی کـێش بدات و لە قـالـبی کـێـشی باو و هەبوو دەربچێت، (لەسـەر هەمـوو شـاعـیـرێک پێـویسـتـە نوێکاری بخاتە بۆتەی دەقەکانییەوە.)(٩)

دیارە رۆمانسییەت لە ئینگلتەراوە گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیـا، کە بووە هۆی سـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی داهێنەر کە ناسرا بە بزووتنەوەی گەردەلول sturm and drong کە هاتە نێو شانۆی ئەڵمانییەوە، بڵاوبوونەوەی ئەدەبی رۆمـانسی لە ئەڵـمـانیـا رووبەڕووی جـــۆرێک لە پەشـــۆکـــان و لێکهەڵوەشانەوەو کۆت و بەندی یەکـتـایی بۆوە، تاکو گوازرایەوەبۆ فەرەنسا کە بەدەوری خۆی تووشی ناڵەو ژانی شـۆڕش و فـەلەسـەفـەی سـەردەمی روونـاکـبـیـری بۆوە، (گـۆتە Goethe ١٧٤٩- ١٨٣٢) جـان جـاک رۆسـۆ و (فـیـکتـۆر هیگۆ hugo ١٨٠٢-١٨٨٥) لە گـەورە نووسـەرانی رۆمانسی بوون.

گـۆتە وەکـو کـۆلردج پێی وایە پابەندبوون بە زانیـاری و هەست و سـۆز شـتـێکی پێـویسـتـە لە رەنگڕشتنی هزر بە سروشتێکی بۆ ماوەییەوە، ئەو وا لە ئەدەب دەکـات ببـێـتـە هونەرێک نەک زانیـاریەکی فـەلسـەفی، هەر یەک لە فـەیلەسـوف و شـاعـیـر بانگەشە بۆ راستی دەکەن، بەڵام شـاعـیـر ئامانجی بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری جوانە، هەر بۆیە ئەو مـاددەیەی لە دروسـتـکردنی کـارێکی هونەریدا بەکـاردەهێنرێت دەگـەڕێتەوە بۆ مـیـزاجی تاکـایەتی، (تاکـایەتی لە دەربڕین، بنەڕەتی هەمـوو هونەرو ئامانجەکەیەتی.)(١٠) هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە شێواز ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی تاک، ئەوەش دەربڕینێکی راسـتـەقـینەیە لە دەروون و نـاخـدا، بۆیە گـۆتە زیاتر پێ هەڵدەگـرێ و بە دەسکەوتێکی شیعری دەزانێ، هەروەها ئەرستۆش لە پەڕتووکەکـەیدا (هونەری شـیـعـر) ئەمـە دووپات دەکاتەوە، لای گۆتە هێزی راستەقینە لە چامە یان رۆمـان یان درامـا لە کـەسایەتی یان بیـرۆکـە یان وەسف یان وێناندن دانییە، بەڵکو لە هەڵوێست یان دەسکەوتی سـەرجـەم ئەو کـایانەدا هەیە، ئەمـەش لێرەوە دەردەکەوێ بە پێی ئەو قسەیەی کە هەموو لە پێش بەشەوەیە.

بەڵام فـیـکتـۆر هیگۆ hugo لە پێـشـەکی شانۆگەری (کـرۆمـویل Cromwell) لە سـاڵی ١٨٢٧دا هەوڵـیدا تێپـەڕی رێسـای کـلاسـیـزم لە ئەدەبدا بکات، هەروەها ئەرسـتـۆ بەمـە دەچوێنێ نەخوازەڵلا قسەی لەبارەی سێ یەکێتیەکە لە دراما دا بە قالبی گەچ دەچوێنێ، کە لەسەر داهێنەر پێویستە بە چەکوشەکەی ئەو شتانە وردو خاش بکات و نابێ وازی لێ بهـێنێت، هەتاکـو وەک تۆزی بەر بای لێ دێت، ئەمـەش زاڵکردنی لایەنی تاکـیـە لە ئەدەبی

رۆمانسیدا.

هەر بۆ رازیبـوون بەوە باڵێک لە رەخنە کـەوتە گرنگیدان بە ژیانی ئەدیب، بە ئیعـتـیبـار ئەدەب دەربڕینێکی راستگۆیە، لێـرەوە رێگەی رەخنەگری فــەرەنسی ســانت بـیف Beuve ١٨٠٤-١٨٦٩هاتەکایەوە بناوی رەخنەی کەسایەتی.(١١) کە رەخنەکانی هۆکارێک بوون بۆ زوو رووخـاندنی کـلاسـیـزم، کـۆمـەڵێک وتاری لەم رووەوە نووسی لەوانە (گووتارەکانی دووشەممە) کە لەنێوان ساڵانی ١٨٢٩-١٨٦٩بـڵاویـکردنـەوە، کــە بووە هـۆی گـەڵاڵەبوونی دیارترین پرەنسیـپـەکـان کـە رەخنەی رۆمانسی لەسەر دامەزرا.

لە پێشـەوە ئەدەبی کـلاسـیـزم بە نوێنەرانی وەک راسین و کـۆرنێ کـە ئەوانە تاکە نموونە نەبوون کـە شـایەنی لاسـایی و گـفـتـوگـۆ بن، ئەو بیـرۆکـەی نموونەیی لە بنەڕەتەوە رەتدەکــردەوە، هەروەها ئەو بیرۆکەیە رەتدەکاتەوە کە هۆکارەکانی وەک ژینگەو زەمەن و رەگەز عەبقەریەتی ئەدەبی بەهێـز دەکات، ئەو شـتـەش رەخنەگـری سـەردەم (هیـبـولیت تین taine بـۆی چـووە کـــە نموونـەیەک بـوو لـە ئامانجـەکـانی رەخنەی توندوتیـژی سانت بیف، کە بووە هەڵـســوڕاندنی بیــرۆکــەی نموونەیی و هەڵسـوڕاندنی بیـرۆکـەی هۆکـارەکـان کـە ناتوانن نهـێنیــەکــانی بەهرەی تاکی ئاشکرا بکەن، ئەو رێگەیە لە رەخنە لەســەر بنەمــای چاودێریکردنی ژیانی نووسەرو کـەسایەتیـەکەی و خێزانەکەیی و قوتابیەتی و هاوڕێکانی و دوژمنەکانی هەتا دەگاتە ئاشکراکـردنی زەوق و بیـروڕاکـانی، ئەو رەخنەیە وێنەگرتنێکی کـەسایـەتی نووسـەرە، (بیف) توانی بەهۆی توانایی لەنێـوان زانست و هونەردا، لەنێـوان زانین و هـەسـت یـان زەوق لـە رەخنـەدا وێـنـانـدنـی کەسایەتی نووسەر بکات، ئەوانەی لەسەری نووسین بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ درێژکردنەوەو شێوەیەکی گشتی.

ســانت بێف وێناندنی رێبــازەکــەی لە رەخنەی ئەدەبی لە گـوتارە ئەدەبیــەکـەی لەسـەر ئەدەبی فەرەنسی (شاتوبریان) بە گوتەی ئەو (لە تێڕوانینی منەوە ئەدەب دابڕاو نییە لە مرۆڤ، لە توانامدا هەیە چێژ لە کارێکی ئەدەبی وەربگرم، بەڵام زۆر ئەستەمە بڕیاری لەسـەر بدەم بەبێ ئەوەی نووسەرەکەبناسم و زانیــاری تەواوم لەســەر نووســەرەکــە هەبێت، لەبەرئەوەی درەخت چۆن بێت، بەرەکـــەشی ئاوا دەبێت، هەر بەم شــێــوەیە لێکۆڵینەوەی ئەدەب رامـدەکـێـشێ بۆ لێکۆڵینەوە لە نووسـەر، ئەمـەش شتـێکی ئاساییە.(١٢) بایەخدانی سانت بێف لە لێکۆڵـینەوەی لە بابەت ئەدیب وای کـرد ببێـتە هۆی زەمــینە خـۆشکردنێک لە دەست بەسـەرداگـرتنی دەروونزانیی و هەروەها کۆمەڵزانیی بۆ شیکردنەوەی خودی نووسەر.

لێکۆڵینەوەکان و دەرئەنجامی توێژینەوەکانی زیاتر رۆشناییـان خستبووە سەر لایەنی دەروونی ئەدیب و ، هەروەها تیـشک خـسـتـنە سـەر لایەنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییـەکانی نووسەر، هەر لەم رووەوە بیف لە وتەیەکـدا سـەبارەت بە لێکۆڵینەوەکـانی دەڵێت ( لێکۆڵـینەوەکــانی من سـەبارەت بە ئەم شـێـوازەی رەخنەی رۆمــانسی  بووە هۆی ئەوەی کـەوا ئەدەب وەلاوە بنرێت لە پێناوی لێکۆڵینەوە لە کـەسـایـەتی نووســەر، کــەچی (مــەندور) وای دەبینێ رەخنەی ئەدەبی لە بنەڕەتدا گرنگی بە ئەدەب دەدات نەک بە کــەســایەتیــەکــان، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە سنووری ناوەوەی زانست نەبـێـت و تێکەڵ بە بوارەکــانی توێژنەوە نەبێت، لە بەر ئەوەی زیاتر وەرگرتنی هەواڵ و لایەنەکــانی نووســەر، دەبێــتــە هۆی زیاتر ئاشکراکردنی کەسایەتی نووسەرو ، ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی کەسایەتی نووسەر، سانت بیف لەو بوارەوە کەوتە نێو ئەو هەڵەیەوە کاتێ لەسەر فیکتۆر هیگوی نووسی، لە بارەی ژیان و لادانی رەوشتی و زمان پیسیەوە.(١٤)

ئەستەمە کۆتایی بە قسەکانمان بهێنین لە بارەی رەخنەی رۆمانسییەتەوە، ئەگەر باسی کارەکانی شاعیری ئینگلیزی (ماسیۆ ئارنۆڵد Arnold ١٨٢٢-١٨٨٨) کە پەرتووکێکی گرنگی بۆ بەجێ هێشتووین لە بابەت رەخنەی ئەدەبییەوە، بە ناوونیشانی (چەند گوتارێک لە بارەی رەخنەوە essays in criticism) کە یەکێکە لەو سێ رەخنەگرانەی ئینگلیز کە یەکەمیان کۆلردج و دووەمیان ئارنولد کە باسمان کرد و سێیەمیشیان والتەر بیتەرە walter peter ١٨٣٩-١٨٩٤.

لە دیارترین پرەنسیپەکانی ئارنۆڵد کە بانگەشی بۆ دەکرد، جەختکردنەوەی بوو لەوەی کەشیعر ئەلتەرناتیڤێکی چاوەروانکراوە بۆ فەلسەفەو ئایین، ئەگەر مەکانەت و ئەو شوێنەیان بۆ گەرایەوە لەلای خەڵکییەوە.(١٥) بەرای ئەو .. ئەو شیعرەی کەوا هەڵدەستێت بە نزیککردنەوەی هەست و سۆز بەهزر، ئەمە دەبێتە قەرەبووکردنەوەی ئەو شتانەی کەوا ئایین ناتوانێ بەدی بهێنێ بەراکێشانی بویەر بۆ لای خۆی، واتە ئارنۆڵد باوەری تەواوی بەوە نەهێنابوو کە ئایین دەتوانێ وەڵامی روون و شەفاف لە بەرامبەر پرسیارە میتافیزیکییەکانەوە کە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە لەو سەردەمەی کە هزری نوێ گەمارۆی دەدات کە خەڵکیان کردووتە دووبەش لەنێوان باوەردانی بەئایین و بێ باوەران و رەتکردنەوەی ئایین، هەر لەبەرئەوە پێویستیەکانی مرۆڤ بە وزەی گیانی لە شیعردا دەبینێتەوە کە بویەر دەکاتە بەشێک لە هەست و سۆزی تێکەڵ بەهزر.

زەمەن ئەوەی سەلماند کە پەیامبەری ئارنۆڵد راست و دروست نییە، چونکە لەسەر بنەمایەکی بێ بنەرەت دامەزراوە، پرەنسیپی دووەمیش کە رەخنەی شیعری لەسەر بنیاتناوە، بە سەلماندنی ئەو گوتەیەی کە شیعر رەخنەیە بۆ ژیان، کە چەند بەهایەکی تێدایە کە دەتوانی چارەسەر دابنێ لە شوێنی ئەو بەهایە باوو هەبووانەی ئایین، یان نا ئایینی، شیعر پابەندە بەیاسای راستی و جوانی شیعری و، کە رەگەزی مرۆڤایەتی تێدا دەدۆزرێتەوە، هەروەها باشترین چارەسەرو سەندە بە درێژایی مێژووی سەردەمەکان.(١٦) ئەو پێچەوانەی رای وردزورسە جیاوازی لەنێوان ئەوو رەوشتدا نییە، هەر بۆیە کاتێ مرۆڤ هەست دەکات تووشی قەیرانێکی رەوشتی بووە، هیچ رێگەیەکی دیکەی نییە تەنیا پەنابردن بۆ شیعر نەبێت و، بیکاتە حەشارگەی خۆی، بۆ ئەوەی نەکەوێتە تێکەڵکردنی ئەرکی شاعیرو ئەرکی وتاربێژی رەوشتیی، ئارنۆڵد ئاگەدارمان دەکاتەوە کە شیعر ناتوانێ باشترین بیرۆکەی رەوشتی بەکار بهێنێ، هەروەها رەخنەی ژیان بەشێوەیەکی راست و دروست وباش بکات، ئەگەر لە جێبەجێکردنی پەسنە بنەرەتیەکانی شیعر دابەزی، کە ئەمانەن: وێناندن ، ئەندێشە، بەهرەی داهێنەر، شێواز، وزەی درامیی، هەڵچوون، هەست و سۆز، هێزی دەربرین، کە توانای گواستنەوەی هەبێت، بەڵام ئەم گواستنەوەیە کاریگەری لەسەر سۆز هەبێت، شانبەشانی هێزی بەهرەی سروودخوێنی.(١٧)

بەڵام رۆژمێری شیعر و حکوم لەسەردانی دەبێت بەدەر بێت لە ئەگەرەکانی کەسایەتی، رازیبوونمان لە کەسایەتی شاعیرو یان رازی نەبوونمان لێی، نابێت هیچ کاریگەریی لەسەر ئەو رێزە هەبێت بۆ شیعرەکەی، ئەوەش رێزگرتن و نرخدانانە بۆ کەسایەتی، بەڵام قەبڵاندنی رەخنەیی، دەبێت تێکەڵ بەو نرخ و رێزە کەسایەتیە نەکرێت، لێرەوە جیاوازی ئارنۆڵد لەگەڵ سانت بێف بەدیار دەکەوێت، کە ئەو رای وایە گەرەکە زانیارییەکی قوولمان هەبێت لەسەر کەسایەتی ئەدیب، ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ دروستی نرخاندن و رێزگرتنمان لە کارە ئەدەبییەکەی.

له پرەنسیپێکی دیکەدا ئارنۆڵد تێروانینی مێژوویی بۆ ئەدەب بە دوور دەزانێ لە پرەنسیپی رەخنەیی خۆیدا، یان رێکخستن و ریزکردنی ئەدیبەکان بەسەر چینەکاندا بە پێی قۆناغی گەشەکردنی مێژووی ئەدەب، نرخاندن دەبێ لە سەر بنەمای شوێن و مەکانەتی شاعیر سەبارەت بەشیعرەکەی بێت، نەک سەبارەت بە قۆناغ و سەردەمەکەی یان چینەکەی، ئارنۆڵد بانگەشەی بۆ شتێکی دیکە کرد ئەویش بەکارهێنانی بەراوردکاری بوو لەنێوان ئادابەکانی سەر بەزمان و نەتەوە جیاوازەکان و جۆرەکانی ئەدەب، بەڵام بەمەرجی ئەوەی ئەو جۆرە بەراوردکردنە بەدەر بێت لە رەگەزپەرستی تەحزوبی نەتەوەیی، ئەرکی رەخنەگر بەڕای ئەو دەبێ خۆی لە شوێنی شاعیر دابنێ هەموو تێڕوانینەکانی کۆبکاتەوەو کارە هونەرییەکە لە ناوەوەو لە دەرەوەدا وەکو شاعیر یان هونەرمەندەکە ببینێ، ئەمەش لە دووتۆی بیروڕای رەخنەگرێکی دیکەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەرکی رەخنەگر، چونکە وەڵامەکانی کۆکراوە stock Responses لەبەرامبەر رەخنەی پاکدا ئینجا هەر بیرۆکەیەک بێت و، پێوەری جێگیر بێت تێگەیشتن و ئیدراکی ئێمە بۆ کاری ئەدەبی پێشدەخات، ئەمەش بیرۆکەیەکی زۆر گرانبەهایە.

ئەوەی لە ماسیۆ ئارنۆڵد وەردەگیرێ دەستنیشانی چەند نموونەیەکە لە شاعیران و نووسەران بە پێی پەسنی راستگۆیی و جدیەت و سەرکەوتنیانە لە زمان و جوڵەدا لە نموونەی (میلتۆن، وردزۆرس، بیرۆن) نموونەی باڵای لێ وەرگرتوون کە شیعری پێ پێوانە دەکرێ و حوکمی پێ لەسەر دەدرێ بە باشەو چاکەو ناحەزی و بەدی، چونکە دەستنیشانکردنی بۆ ئەو نموونانە، دەستنیشانکردنێکی پاک و بێگەرد نییە، ئەو شاعیری ئینگلیزی (بیرنز) رەتدەکاتەوە، چونکە ئارنۆڵد رقی لە شەرابی سکوتلەندی بوو.(١٨) پەیوەندیە سۆزداریەکان بە عەیب و پەڵپ لە شیلی دەگرێ و ، پەیوەندیەکانی بیرۆن بەسەر هەر یەک لە شیلی و جۆن کیتس keats و کۆلردج زاڵ دەکاو، بە پێی پێوەری خۆی ئەوانە لەو شاعیرانەن، شیعرەکانیان بە جدیەت پێوانە دەکرێ و، شیعری ئەوانە وەکو خۆی باسیان دەکات لە شیعری شاعیرانی گەورەن، ئەو جۆرە تێروانینەی بردی بۆ شێوازێکی نامۆ لە دژیەکیەوە، ئەگەر شاعیرێک رۆمانسی بێت وای دەبینی بەپێی بنچینەی خۆی، ئەوا سەر بەشیعری کلاسیکییە.(١٩) ئێمە ناتوانین بەو خێراییەو بەو پەلەپەلییە هەموو شتێک لە بارەی رەخنەی رۆمانسییەتەوە بێژین، چونکە وەک دەڵێن مرۆڤ کە زۆری گوت چاکیش دەڵێ و خراپیش. بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە ئەوەیە، شوێن و مەکانی رەخنەی عەرەبی لە کوێی رەخنەی ئەدەبی رۆمانسییەتەوەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش وامان لێ دەکات بگەڕێینەوە سەرەتاکانی قۆناغی ئەو رەخنەیە.

### رۆمانسییەت و رەخنەی عەرەبی:

دوای ئەوەی رەخنەی عەرەبی وازی لەو دەقپێگرتنە لاساییە هێنا کە رەوانبێژە پێشکەوتووەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنایانە کایەوە، وەکو لە کارەکانی شێخ حوسێن ئەلمەرسەفی کە نووسەری پەرتووکی ئامرازی ئەدەبییە دەبینین، لەدوای ئەو مەوجەیەک لە نوسەران و رەخنەگران چاویان بە ئەدەبی رۆژئاوا کرایەوە لە بابەت شیعرو پەخشان و رۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆگەریدا، ئەمەش بە سروشتی خۆی پاشخانێکی کاریگەری باشی بەسەر ئەدەبی عەرەبی و رەخنەکەیدا بەجێ هێشت، کە عەباس مەحمود عەقاد ئەو کاریگەرییانە لە پەرتووکێکی بەناوبانگ دەخاتە روو بەناوی (شاعیرانی میسرو کاریگەرییان لەسەر نەوەی رابردوو) کە نکوڵی لە کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە ئەدیبانە ناکات.

ئەو نەوەیەی لەدوای شەوقییەوە هاتە کایەوە قوتابخانەیەکی تێدا لەدایکبوو کە وێکچووی نەبوو نە لەپێش خۆیی و نە لەدوای خۆی لە مێژووی ئەدەبی عەرەبی نوێدا، کە ئەو قوتابخانەیە سوودێکی زۆری لە خوێندنەوەی ئینگلیزی وەرگرت، کەمتەرخەمیشی نەکرد لە خوێندنەوەی بۆ لایەنەکانی ئەدەبی فەرەنسی و هەروەها چاوخشاندنەوە بە ئەدیبەکانی رۆژهەڵاتی تازە هاتەکایەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەمەش بە زۆری جەخت کردنەوە بوو لە خوێندنەوەی ئەدیب و شاعیرانی ئینگلیز، بەڵام بەبێ لەبیرکردنی ئەلمانییەکان و ئیسپانییەکان و یۆنانییەکان، هەروەها سوودێکی زۆریان لە رەخنەی ئینگلیزی وەرگرت لە سەرووی سوودی شیعرو هونەرەکانی نووسینی دیکە.(٢٠)

ئەگەر رامانێک لە قسەکەی عەقاد بکەین بە سەلماندنی سوودی ئەو نەوەیە لە ئەدیبەکانی خاوەن رەخنە زۆرتر لە هونەرەکانی ئەدەبی دیکە، زانیمان هەر جۆرێک لە رەخنە کە لە ئەدەبی عەرەبیدا سەری هەڵدابێت لەو سەردەمدا، کە سەردەمی کۆچکردنی بارودی و مورسفی بوو، هەروەها ئەو سەردەمە هەر یەک لە شەوقی و حافزو مەترانی بەخۆوە بینی.

لەو رەخنەگرانەی کە کاریگەربوون بەرەخنەی رۆمانسی تەها حوسێنە (١٨٨٩-١٩٧٣) کە کەوتە ژێر کاریگەری سانت بێف و رێچکەی ئەوی گرت لە نووسینی وەرگێڕانە ئەدەبییەکاندا، لە لای خۆیدا کەوتە هەڵمژینی کەسایەتی ئەبو عەلای مەعەری بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکانی و چێژلێوەرگرتن و رەخنەلێگرتنێکی راست، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەوەی کە تەها حوسێن نووسیویەتی هەمووی لەسەر رێگەی بێف بووە، یان لەسەر رێگەکانی دیکەی رەخنەگرانی رۆمانسییەت بووە، پێهەڵگرتن و نەشونماکردنی شیعری رۆمانسی عەرەبی لەسەر دەستی گەنجەکان و شاعیرانی تاراوگە هاتە کایەوە وەک : جوبران و میخائیل نعێمەو شاعیرانی گرووپی ئەپۆلۆ لەوانە ئەحمەد زەکی ئەبو شادی و عەلی مەحمود تەهاو ئیبراهیم ناجی (٢١) هەتا ئەو هەژانەی رەخنەی عەرەبی کە ترسناکیەکەی کەمتر نەبوو لەو هەژانەی کە رووداوی سەرهەڵدانی پەڕتووکەکەی تەها حوسێنی تێدا هاتە کایەوە بەناوی (شیعری جاهیلی) لە بواری مێژووی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی دەقەکان.

لێرەوە ئەوەمان بە بیر دێتەوە کە ئەبا قاسمی شابی (١٩٠٩-١٩٣٤) کە یەکێکە لە پێشەویانی رۆمانسییەت کە کەڵچەرێکی لە یانەی ئەدەبی توونسی بەناوونیشانی (ئەندێشەی شیعری لای عەرەب)لە ساڵی (١٩٢٧) پێشکەش کرد، کە لەوێدا کەوتە شرۆڤەی کاریگەری بەهێزی بیرۆکەی رۆمانسییەت لە رووی ئەندێشەوە، کە لەو کەڵچەرەدا کەوتە تیشک خستنە سەر ئەدەبی نوێ و بانگەشەی ئەوەی کە ئەدەب لە ناخی ئەدیب و لە ژیان و هەستدا چێ دەبێ، هەروەها کەوتە ناساندنی شیعر بەوەی کە ترپە ترپی دڵە، خاترەی گیانە، هەواجس و روئیایە.

هەروەها شابی شاعیر کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو، خۆیشی نکوڵی لەوە ناکات کە ئەو زۆر کاریگەر بووە بەهەریەکێک لە شیلی و ماسیۆو ئارنۆڵدی شاعیر، ئەو دەڵێ سروشتی رۆمانسی باوەڕدارە وەک ئەوەی لە گیانی شاعیردا جۆرێک لە پەیامبەری هەبێت کە ئەو پێی بزانێت، بەڵام خەڵکی پێی نەزانن و ئەو هەستی پێ بکات بەڵام کەس هەستی پێ نەکات، لێرەدا زۆر بەرزدەبێتەوەو ئیدعای ئەوە دەکات کە لە شیعردا جۆرێک لە خەڵاتێکی بەرز هەیە، کە لە مادەیەکی گران وسەخت ژیانێکی سیحری دروست دەکات، شاعیر تەنیا قسەکار نییە، بەڵکو ئەو هونەروەرو داهێنەرو دروستکارە، لە هەر کارێکی ئەدەبیدا پارچەیەک لە گیان و بەشێک لە ژیانی جێ دێڵێ، کەواتە ئەو

دەربڕی هێـزێکە لەو ژیانە سیـحـراویەکـەی، لە بابەتێکی دیکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە شاعیر بە دڵ و گیـان بەرزدەبێـتەوە بە سەر مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی بە زمانی ئاسمان بئاخڤێ لە بابەت شۆڕشی گیان.(٢٢)

ئەگـەرچی زیادەڕەویەکی زۆر لەو قسانەدا هەیە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نمایندەیەکی راسـتگۆی تێڕوانینی رۆمانسییەکانە لە شیعر، شابی شاعیر رەخنەگر نەبوو، لێرەوە میخائیل نەعیمە تێپەڕی ئەوی کردو کەوتە نێوان شیعرو رەخنەی ئەدەبییەوە، ئەو یەکەمین کەسانێک بوو لەوانەی کاریگەر بوون بەرەخنەی رۆمانسیزم، ئەمەش لە پەڕتووکەکەیدا بەدیار دەکەوێت کە لە سەردەمێکی زوودا لە ساڵی ١٩٢٣ دا دەرچوو کە پەڕتووکەکە بەناوونیشـانی (بێژینگ) بوو.(٢٣) کە لەوێدا نمایشێکی چاکی پەڕتووکـەکـەی سـانت بێـفی کـردووە لە بابەت گوتارەکانی دووشەممەوە، کە لەوەدا چەند ئاماژەیەک بەدیار دەکەوێ کە نەعیمە کاریگەر بووە بەرەخنەی رۆمانسیزم، یەکەم دیاردەی شوێنگەی رۆمانسییەت لە رەخنەکەیدا هێرەشە توندەکەی بوو بۆ سەر ئەدەبی لاسایی وەستاو لەسەر چاوپۆشینی رێسای زمانی لاسـایی و کـێش، ئەمـەش زۆر بەڕوونی لە رەخنە توندەکـەی لەسـەر یەکـێک لە چامـەکـانی شـەوقی بەدیار دەکەوێت.(٢٤)

هەروەها مـەیلی بەرەو باڵی رۆمـانسـیـزم و روونکردنەوەی بەشـێوەیەک کـە بزربێ لە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا کـەوتە لۆمـەی شیـعری ئەو باڵەو، کـاریگەری شـاعـیـرانی عـەرەب بەوانەوە، بەڵام گـونجـانی لەگـەڵ ئەو جـۆرە شـیـعـرانە جـۆرێکە لە توانەوی ناخ ، پێـوەریشی بۆ ئەدەبی باش پێـوەری رۆمـانسـیـیـەتە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لە راگـەیاندنە روونەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە رەخنەکەیدا هیچ میتۆدێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەدەبی باش دەبێ بەدەر نەبێت لەو چوار شتە:

١- لایەنی هەڵچوون و سۆز.
٢- ئاماژەو تیشک بخاتە سەر ژیان و تێگەیشتن و شرۆڤە، شرۆڤەیەک کە بگونجی لەگەڵ راستـییە گەردوونییەکان.
٣- تێنویەتی بۆ جوانیی.
٤- مۆسیقا.(٢٥)

دیارە دەرچوون و چاودێریکردنی ئەو مـەرجانە لە لایەن نەعـیـمـە دەگەڕێتـەوە بۆ باوەڕ بوونێکی قووڵ بەوەی کـەشـیـعـر دەربڕینە لە خـودی شـاعـیـر، ئەوە یەکێکە لە بنەماکانی لەسەر وەستانی رۆمانسییەت و رەخنەی رۆمـانسـیـزم، بەڵام هەڵوێسـتی لە بارەی زمانەوە، هەڵوێستی وردزۆرسمان بە بیر دێنێتەوە لە بانگەشـەو بەکـارهێنانی زمـانی زیندوو دوور لە پێسپاردنی پەراوێزی مردوو، لێرەدا نەعـیمـە لەوە دوور تر دەڕوات، لە شـاعـیـر دەبوورێت لە پای سەلامەتی لە داڕشتن لە پێناوی واتا، کە ئەوە لەلای ئەو لە گرنیدان بە بنچینەو بنەڕەت دەردەکەوێ، وەک دەڵێت: (لە لای من ئەدیب کە دەکەوێتە هەڵەوە لە هەندێک کاتدا بواردراوە، بەمـەرجێک ئەو هەڵەیە باشترو جوانترو چاکتربێت لە راستی.)(٢٦)

دەرچوونی پەڕتووکی بێژینگ (الغربال)ی نەعیمە نزیکبـوو لە دەرچوونی پەڕتووکی دیوان لە ئەدەب و رەخنەی عـەقاد و مازنی، لە سـاڵی ١٩٢١دا، بەڵام وتارەکـانی کـە پەڕتووکی بێـژینگ گـرتبـوویە خـۆ بڵاوکرابوونەوە پێش دەرچوونی، ئەوە گرنگ نییە کە کێ یەکـەمـجـار شـتـەکـانی بڵاوکـردوونەتەوە، بەڵام ئەوەی گـرنگە ئەو سێ رەخنەگـرەنە، کـە نەعـیـمـەو عەقادو مازنیە کە کە کارەکانیان لە دووتۆی بیرۆکەو پرەنسیپەکانی رۆمانسییەت دەخولایەوە، بۆ زیاتر روونکردنەوە کـەسـێکی دیکە لە رەخنەگـران هاتە ریزی گـرووپی دیوانەوە، ئەویش عـەبدولڕەحـمـان شوکری شاعیر بوو.(٢٧)

لە بویەردا عەبدولڕەحمان شوکری جیـاوازبوو لە برادەرەکانی کە عەقادو مازنیە بە پێی ئەوەی ئەو لە

لەندەن خـــوێندوویەتی، هەروەها کـــاریگەر بوو بەشیعری ئینگلیزی و، هەندێکیشی لێ وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەشدا تاوانبار کرا بە دزینی هەندێک لەو چامـانەو تۆمـارکـردنی بەناوی خـۆیەوە، لە شـیـعـرەکـانـیـدا زۆر سـیـمـای ئەدەبی ڕۆمانسیی وەک شەکواو سکالاو شۆڕش و یاخیبوون و ڕەشـبـینی دەبینرێت، ڕەخنەکـانی لەسـەر بنەمـای ئەوەی کـە شـــیـــعـــر جـۆرێکە لە ئاوەزو هەست و ئەندێشـەی مـەبەسـتـدارو ئامـانجـدار بۆ وێناندنی ئەوەی لە دەرووندایە لە ســـۆزو گـــەردەلوول، لە تێکەڵچوونی دەروونی و هەڵپەی شیعری، شیعر لای ئەو ئەوەیە کە بتوانێ هەست و سۆزی خوێنەر بجـــوڵێنی بەشـــێـــوەیەکی باش، ئەوە دەربڕینە لە دەروونی شاعیرو نیازەکانی، هەروەها لە ڕەخنەکانی دەچێـــتـــە نێـــو ڕەتکردنەوەی دروســـتکارو جـۆری ڕاگەیاندن بە ئیعتباری ئەوەی ئامرازێکی سەرەتاییە لە ئاستەنگی ئەندێشەی دروستکراو.

چامە لای ئەو یەکەیەکی زیندووی نەشونماکردووە، نەک چەند دێڕێکی بەسـەریەکـدا کـەڵەکـەبوو، لەو بارەیەوە دەڵێت: (بەهای دێر لە پەیوەسـتی نێـوان واتاو بابەتی چامـەکـە دایە، چونکە دێرە شـیـعـر بەشـێکی تەواوکـارە، نابێت ناوازەو لە دەرەوەی بابەتی چامـەکـە بێت، بۆیە دەبێ وا سـەیری چامـە بکەین کـە کـیـانێکی تەواوە، نەک چەند دێڕێکی سەربەخۆو بێ لایەن بێت.)(٢٨) شوکری هێرش دەکـــاتە ســـەر ئەدەبی لاســـایی و ئـەوانەی سـەربەڕێگەکـانی دەربڕین یان هەڵبـژاردنی دەنگ و ســـــــەدان، بەهـۆی ئەوەی ئـارەزووی نـزیـکـی پێشـەنگەکـان بووە، جـیـاکـارییەکی وای کـرد کە (کۆلردج)مان بەبیر دێنێتەوە کە ئەویش جیاکاری لەنێـوان ئەندێشـــەو وەهەمــدا کـــرد، کـــە چەند نموونەیەکمان لە شیعری عەرەبی نیشان دەدات بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جـیـاکـاری لەنێـوانیـاندا، ئەگەرچی ئەو جیاکارییە لەنێوانیاندا ببێتە هۆی ڕوونکردنەوە، کـە کـۆلردج و ئەوانی دیکە ڕوونیـان نەکردەوە، کە ئەمەش هیچ گفـتوگۆیەک هەڵناگرێ، کە ئەو زۆر کاریگەربوو بەهێزی ڕەخنەی ڕۆمـانسی ئینگلیزی، شوکری شاعیر بە زرنگی تێگەیشت لە وەزیفەی سومبل و خواستنی زمان، بەڕزگار بوون لە ڕوانینی وێنە لە لای پێشینان، ئەو باسی شتەکانی بەشـیـعـر نەکـردووە، بەڵکو شـیـعـرە ئەگەر نزیک بکرێتەوە بەهەست و سۆزو خولیاو یادگاریەکانی، وا دادەنێ کـە شـیـعـر هیـچ وەختـێک بەتاڵ نییـە لە پێچواندنی دوور، لەو بارەیەوە ئاماژە بەڕێگەکـانی عـەقـاد دەدات کـە پێکچـووی بیـروبۆچوونەکـانی شـەوقـیــە. لێـرەدا لەگـەڵ عــەقــاد و مــازنی یەکدەگرێتەوە، کە شوکری مەرج دادەنێ بۆ ڕەخنەگران کە دەبێ بتوانن حوکم لەسـەر کـاری ئەدەبی بدەن، وێڕای نیـــــازپاکـــــیی و چێـــــژی ئەدەبی و جواناسیی.(٢٩)

عـەباس مـەحـمـود عـەقـاد (١٨٨٩-١٩٦٤) لە زۆرترین ڕەخنەگـــرانی گـــرووپی دیوان ناوبانگی دەرکـرد، شـوێن و مـەکـانەتێکی ئەدەبی گـەورەی هەبوو، کە هەڵهێنجراوی چەندین بواری ئەدەبی بوو، ئەو ڕەخنەرگرو وەرگـێـڕو مـێـژوونووس و بیـریارو فەیلەسوف بوو، خاوەنی جەنگێکی ئەدەبی بوو کە هیچ نووسـەرو هیچ ئەدیبـێک نەیدەتوانی بەرگری بکات، بەختی لە ڕەخنەدا هیچ کـەمـتـر نەبوو لە عـەبدولڕەحـمـان شـوکـری، لە دیارترین بوارەکـانی ڕەخنەدا کە لە شەڕەکانیدا وروژاندبیەتی، مەسەلەی پەیوەسـتی شـیـعـرە لە ڕووی ئەوەی کـە دەربڕین و گـوتنە، دیارە کـەوتە بارکـردنی شـەوقی و حـافـز، چونکە شیعرەکانیان لاسایی و خۆپارێزو زۆر تێچو و دروسـتکراوە، هیچ دەربڕین لە سـروشـتی دەروونی هیچ یەکێکیان ناکات، ناتوانین بە بیروڕای ئەو هیچ لەو شیعرانە تێبگەین و بناسین لە سیمای دەروونی ئەوان، وەک چۆن ناتوانین پێناســـەی دەروونی (بارودی) لە شیعرەکانیدا بکەین.(٣٠)

ئەو بیــروڕایەش ســەرەتایەکــە لە کــاریگەربوون بەڕۆمـانسـیزمـەوە، بە سـەلماندنی ئەوەی کـە شـیـعـر دەربڕینە لە خود، بەڵام قسەکانی عەقاد لەو بارەیەوە خاڵی نییە لە خۆشەویستی، لەبەرئەوەی لەوکاتەی ئینکاری شـەوقی دەکـات وەک کـەسـێکی لاسـاو لاســـایی پێــــشـکەوتووان دەکــــاتەوە، توانەوەی کـەسـایەتی ئەو لە چەندین کـەسـایەتیـدا، کـەچی چاوپۆشیی لە دروستکراوی بارودی دەکات، بەڵکو ئیـــــدیعـــــای ئەوەدەکــــــات کـــــە بـارودی لە لاســایکردنەوەکــەیدا ئینکاری دەربڕین لە خــودو کەسایەتی خۆی ناکات، ئەو جۆرەش هیچ گوناهێکی تێدا نییە، بەڵکو حوکمێکی ئینتباعی نزیک لە زۆرداریە.

عــەقــاد بابەتێکی دیکە لە رەخنەدا دەوروژێنێ ئەویش مـەسـەلەی یەکـێـتـیـە لە چامـەدا، وەک بیـروڕای لە بابەت چامـەکـانی شـەوقـیـدا لە چەند نموونیـەکی لێکهـەڵوەشاوەدا دەڵێ دەتوانین دێرەکان پاش و پێش بخەین بەبێ ئەوەی لە بنیـاتەوە تێکەڵ بێن و هاودژ بکەونەوە،(٣١) بەڵام چامــە بە پێی بۆچوون و پێناسەی کۆلردج بوونەوەرێکی زیندووەو، هەموو ئەندامێک ژیان و کاری تایبەتی خۆی هەیە بە پێی کاری ئەندامەکەو وەک چۆن بوونەوەر هەموو ژیانی بریتیە لە ئەندامەکان و بەشەکانیەوە، بەڵام عــەقـاد بە داخــەوە یەکـێـتـی ئەندامی rganic unity تێکەڵ کــرد، کــە کــۆلردج زۆری چەشت بەدەست پێناسـەکـەی و یەکـێتی ئەندامی زیاتر لە بابەت، لە قـسـەکـانی لە بابەت شـیـعـرەکـانی ئیبن رۆمی دەڵێت: چامـەکـانی ناوونیـشـانەکـان قـەبووڵ دەکات، چونکە یەکێتی بابەتی تێدایە، شیعرەکانی ئیـبن رۆمـی نـاتـوانین یـەک دێر پێش بخـــــەین و دوابخـــەین، چونکە دەبێـــتـــە هۆی بەیەکـاچوونی چامەکە، دەبێتە هۆی تێکەڵبوون و کەم و کورتی لە چامەکەدا. (٣٢)

هەر لەو بارەیەوە ئەوەمان بۆ جەخت دەبێـتەوە کە عــەقــاد نەیتــوانیــوە نمایشی پێکهــاتەی بنەڕەتی بیــرۆکــەی یەکــێـتی بکات، وەک چۆن نەیتـوانی بە تەواوی تێی بگات لە بابەت بیــرۆکــەی شــیــعــر دەربڕینە لە خود، ئەوەش واتای ئەوەنییە کە دەربڕینە لە خــود، بە واتای ئەوەی کــە چامــەی شــاعــیــر رەنگدانەوەی پێداویستی سیمای گوتنەکەی بێت، یان وێنەی کـەسـایەتی بنوێنێ، بیـروڕای مـازنیش ئەوەندە دوور نەبووە لە بیــروڕای عــەقــاد، یان لێی جیاواز بێت، تەنیا چەند جیاوازییەکی کەم نەبێت، ئەوییش ئەوەندە نییە پێوانە بکرێ.

هەروەها سەرهەڵدانی چەند رەخنەگرێکی کاریگەر بەرێبازی رۆمانسییەتەوە هاتنە کایەوە، بەڵام ئەوانە شوێن و مەکانەتیان زۆر لەوانەی باسمانکردن نزمتر بوو، ئەویش لە عــیــراق و حــیــجــازو بەحــرێن و فەلەستین و ئوردن و تاراوگە، بەڵام ئەو ماوەیەی کە رەخنەی ئەدەبی رۆمـانسی تێـدا نەشونمای کـرد لای عـــەرەب، پڕاو پڕی گــۆڕانکاری بوو، کــە بیــری مـرۆڤـایەتیـان پێکا کـە بووە هۆی هاتنە کـایەوەی میتۆدی دیکە لە بابەت رەخنەی ئەدەبییەوە، ئەویش زانستە مرۆڤایەتیەکان کە دەستێکی درێژیان هەبوو لە چەکەرەکردن و هاتنەکایەوەو، چۆنەیتی دیاریکردن و رابوونی لەســەر بنەمــای شــێــوازو باوەڕبوون بە پرەنســیــپــێـک، کــە ئەوەش بابەتی لەمــەودوای توێژینەوەکەمانە لە بەشی داهاتوودا.

**سەرچاوە:**

النقد الادبي الحديث من محاكاة الى التفكيك.
تاليف: دكتور ابراهيم محمود خليل.
دار المسرة للنشر والتوزيع، اردن، سنة ٢٠٠٣.

# مەکسیم رۆدنسۆن بەم شێوەیە نهێنیگاکانی کەموکوڕیی ئایدیۆلۆژیایی لە مارکسیزمدا ئاشکراکرد

هاشم سالّح
و: هاوڕێ رەشید

لە فیساگۆرسەوە بۆ لینین» کتێبێکی دەگمەنی رۆژهەڵاتناسی کۆچکردوو سەبارەت بەبیرو رەفتارەکانی بزوتنەوە ئایدیۆلۆژی و خەباتگێڕییەکان، کتێبێکی رۆژهەڵاتناسی کۆچکردووی فەرەنسی مەکسیم رۆدنسۆن هەیە، بەدەگمەن کەسێک هەیە قسەی لەسەر بکات، ئەو کتێبە کتێبێکە کە باسی پەیوەندی لەنێوان رووناکبیران و دەسەڵات لە کۆنترین سەردەمەوە تا ئەمڕۆ دەکات.

واتا لەسەردەمی فیساگۆرسەوە کە لەسەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە تا سەردەمی لینین لە سەدەی بیستەمدا و بگرە سەردەمی دوای ئەویش. دیارە رووناکبیرانیش دەسەڵاتیان هەیە کە دەسەڵاتی قسەکردن و مەعریفە و ناوبانگ و توانای رێنماییکردنی خەڵک بەرەو ئاشکراکردن و حەقیقەت و فەرمانڕەوایانیش دەسەڵاتی سوپاو پۆلیسیان هەیە، واتا دەسەڵاتی کردەیی بەمانای باوی وشەکە و بێگومان پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە هەندێ جار هاوئاهەنگ و گونجاو بووە و هەندێ جاریش ململانێی هەجوکاری بووە هەندێ جاری تریش بەین بەین و مامناوەندی بووە. لە زۆربەی کاتدا ئەوە رووناکبیرەکانن ئەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیە دەخوڵقێنن



مارکس

کە دەبێتە هۆی وەرگرتنی دەسەڵات ئەگەر توانی قەناعەت بە خەڵک بکات، هەروەکو لینین بۆ نموونە توانی ئەو کارە بکات. دەسەڵات هەر دەسەڵاتێک بێت لە جیهاندا، تەنانەت ئەگەر ستەمکاریش بێت بەتەواوی، پێویستی بە رووناکبیران هەیە تا تیۆریزەکاری بۆ بکەن یاخود مەشروعیەتی لێ دابماڵێ. ئەو رووناکبیرانە فەیلەسووفبوون لەسەردەمی فیساگۆرسدا کە پێش نزیکی دوو هەزارو شەش سەد ساڵ ژیاوە، پاش ئەوە گۆڕان و بوونە پیاوی ئایین یان حاخامگەل، یان کاهینگەل ئەوەش دوای سەرکەوتنی ئایینە یەکتاپەرستەکان بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشان سەرلەنوێ بوونەوە بە فەیلەسووف یان ئەدیب و نووسەر یاخود شاعیرو هۆزانڤان لە سەردەمە تازەکاندا ئەوە بەبێ نەفی کردنەوەی رۆڵی پیاوانی ئاین نەخاسمە لە دەرەوەی ئەوروپادا.

لەڕاستیدا ئەوە رووناکبیرەکانن کە ئایدیۆلۆژیا دەخەملێنن، بەواتای فرەوانی وشەکە. ئایدیۆلۆژیاش لە روانینی رۆدنسۆنەوە بریتییە لە هەر سیستەمێکی هزری کە جیهان دەخاتەڕوو. بەو واتایە فیتاگۆرس و فەیلەسووفەکانی تری یۆنان روانینێکی یەکانگیریان دەربارەی جیهان خستوەتەڕوو. پاشان دوای ئەوان ئایینەکان هاتن تا روانینێکی دیکە پێشکەش بکەن، ئەوە هەتا دوایی درێژەی هەبوو بەو شێوەیە، لە هەر جارێکیشدا ئایدیۆلۆژیا قەناعەتی بەخەڵک دەکرد یاخود بە بەشێکی گەورەی خەڵک، ئەوەش بەرلەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بێتە هەرەسهێنان تاکو ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ جێگای بگرێتەوە، بەم شێوەیە... هتد. لەبەرئەوە رۆدنسۆن پێیوایە کە پێویستە ئەو ئەشکالیەتە زۆر فراوان بکەین ئەگەر بمانەوێت تێبگەین لەو بزوتنەوە ئوسولیانەی کە ئێستا باوو برەویان هەیە. ئەوانەش پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیین و هەمان ئەو یاسایانەیان بەسەردا پراکتیزە دەبێت کە بەسەر هەموو بزوتنەوە ئایدیۆلۆژییەکاندا پراکتیزە بووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتوونەتە دیاربوون، بەڵام خۆ ئەگەر بچینە ناو بزوتنەوە داخراوەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ نموونە و وتمان کە ئەمانە تایبەتمەندی رەهایان هەیە جیایان ئەکاتەوە لە سەرجەم ئەوانی دیکە ئەوسا ئەوە ئێمە قەت لەڕاستییەکەی تێنەگەیشتووین، بەڵکو دەبێ بەراوردی بکەین بە هەموو ئەوانەی پێشوو و دواتریش لە بزوتنەوە ئایدیۆلۆژییەکان چ ئەگەر مۆرکێکی ئاینیان هەبێت یان عەلمانی یان مارکسی. دیارە ئایینی کریستیانیش ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بوو ئەمە بەرلەوەی پرۆسەی بەعلمانی بوون روودات و ئایین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە لەسەردەمی تازەکاندا و هەر ئەوەش بوو مەشروعیەتی ئاینی دادەماڵی لە دەسەڵاتی پاشاکانی فەرەنسا یان ئەوروپا بەتەواوی هەروەکو دۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی. پاشاو ئیمپراتۆرەکان لەبەردەم پاپادا



لینین

ســـەریان دادەنواند لەبەرئەوەی ناوبراو نوێنەرایەتی دەســەڵاتی گــیــانی دەکــرد و ئەوانیش نوێنەرایەتی دەســەڵاتی زەمــەنی، یاخــود دەســەڵاتی زەمــینی، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی پێیوابوو جیهانێکی تر لە پشــتی ئەم جیــهــانەوە هەیە و ئەوە پاپایە کــە نوێنەرایەتی ئەو جیــهــانەی دیکە دەکات و هاوکـات پادشــاکـان نوێنەرایەتی جیــهــانی فــانی و لەناوچوو بەسەرچوو دەکەن. رۆدنسـۆن دەڵێ ئەو دەمەی چووە ناو ریزەکانی حزبی شیوعی فەرەنسا هەستی کرد کە چووەتە ناو ریزەکانی ئاینێکەوە کە شێوازی پەرستن و نەریت، کینەکاری و دەق و بیروباوەڕی ئیمانی خۆی هەیە... یان ناوبراو ووتویەتی ئەو هەســـتی بەوە نەکردووە دوای ماوەیەکی دووورودرێژ نەبێت کە بەسەر چوونە ریزەکــانی ئەو رێکخــســتنە تێــپــەڕیوە، لەبەرئەوەی لە سـەرەتاوە زۆر حـەمـاسـەتدار بووە و هەســتێکی تەندروسـتی چینایەتی لە دڵدا بووە لە دژی رۆڵەکانی بنەماڵە پاریسیەکان کە رق و کینەیان هەبوو بەرامـبـەری لەبەرئەوەی لە بنەمـاڵەیەکی چینە هەژارە مـیللیـیـەکـان بووە. دواتر بۆی دەرکـەوت کـە حزب لە کلێسای کریستیانی دەچێت لەڕووی ئەوەوە کە پێیوایە حەقیقەتی رەهای لەلایە لەگەڵ ئارەزوو بۆ سـەپاندنی بەشـێـوەیەکی کـوێرانە و هەر کـەسێ دژی ئەوە بوەستێتەوە لە حزب دەردەکرێ هەروەکو ئەوە لە خودی رۆدنسـۆن و ژمـارەیەکی دیکەی هاتە رووودان، بێگومان دەرکردن لە حزبی شیوعی وەکو تەکفیرکردنی مرۆڤێکە لە مرۆڤەکان لەرێگای فەتواو دەرکردنی لە ئاییـن یان لە ئـــــول و مـــــەزهەبێک. بزووتنەوە ئوسـوڵیـیـەکـان ئێـستـا بەهەمـان شێـواز مومـارەسەی رۆڵـی خـــۆی دەکــــاو هەڵدەســـتـێـت بە تەڵقــینی ئایدیۆلۆژی (یان بلێ لاهوتی) بۆ ئەندامـەکـانی تا دەستەمۆیان بکات تەواو مێشکیان بشواتەوە... و ئەنجومەنی شورا لەناو ئەو بزوتنەوانەدا هەیە و لەگەڵ میرێکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو رەها و هەروەکو چۆن ســـتـــالین و مـــەکـــتـــەبی ســـیـــاسی لە بزوتنەوە کـۆمـۆنیـسـتـیـەکـاندا هەبوو لە ئاکـامـا بۆی هەیە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی جیاواز بێت لەهی یەکێکی دیکە، بەڵام میکانیزمەکەیان هەر یەکێکە و لەوانەیە ناوەڕۆکــەکــە ئاینی یان فــەلســەفی یان مـارکسی، یان شێوەیەکی دیکە بێت، بەڵام پەیوەندی لەنێــوان لوتکەو بنکەدا هەر یەکــێکەو هەمــان پەیوەندییە. سەرباری ئەوەش هەموو ئایدیۆلۆژییەکان هاوبەش لەیەک خەسڵەتدا ئەویش بەرز راگرتنی خودو تەسفیـەکردنی ئەویتری رکابەرە، بگرە شێـواندنی تا ئەو رادەیەی کــە دەتوانرێ ئەنجــام بدرێت. بۆ نموونە کـۆمـۆنیـسـتی وێنایەکی ترسناک لەمـەڕ بورژوا، یان سەرمایەداری پێشکەش دەکا، وێنایەکی رەش و دزێو بۆ تەیارکردنی شوێنکەوتوانی بەئامانجی رووخاندنی ئەگەر بشێ ئەنجام بدرێ، ئوسولییەتی کریستیانیش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وێنایەکی زۆر خراپی لەمەڕ ئایینەکـانی تر نەخـاسـمـە ئیـسـلام و جـولەکـە، دەخســتەڕوو. لەڕاسـتیدا ئەوەی کە رۆدنسۆن لێرەدا بەئەنجـامی دەگـەیەنێت بریتـیـیـە لە توێژینەوەیەکی ئەنتـرۆپۆلۆژی بەراوردکـاری سـەبارەت بە تێکڕای سیستەمە ئایدیۆلۆژییەکانی کە لە مێژوودا سەریان هەڵداوە، هیچ کۆمەڵگایەک نیە بێ ئایدیۆلۆژیا بێت بەو مــــانایە کـــەواتە ئایدیـۆلۆژیا دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، واتە مرۆییە.. وشەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لە دوو وشە پێکهاتووە، ئەنتروپۆس واتە مرۆڤ و لوژیا واتە زانست بەم پێیە واتاکـەی دەبێـتـە زانسـتی مـرۆڤ. سـودو کـەڵکی زانسـتی ئەنتـرۆپۆلۆژیاش بریتـیـیـە لەوەی کـە لەناو سنوری یەک کـۆمـەڵگای مـرۆییـدا یان لە ناو یەک تایبەتمەندی قەتیسی ناکاتەوە، بەڵکو هەڵدەستێت بە بەراوردکـاری لەنێـوان هەمـــوو کـۆمـەڵگاکـــان و تایبـەتمەندییـەکـاندا بۆ ئەوەی یاسـاگـەلی گـشـتی هاوبەش لەنێــوان هەمـــوو ئادەمـــیـزاد بێنێــتـــە هەڵێنجاندن، چونکە لە کۆتاییدا رەگەزی مرۆیی هەر یەکـێکە سـەرەڕای جـیــاوازی نەریتی عـەرەب لە فـەرەنسی، یان نەریتی چینی لە هی ئەفـریقی... هتد، بەڵام مرۆڤ دوای خواردن و خواردنەوە و شوێنی

نیشتەجێ بوون پێویستی بە ئایدیۆلۆژیا هەیە و مرۆڤ ئاژەڵێکی ئایدیۆلۆژییە یان ئایینی یاخود عەقاییدییە و ناتوانێ ژیان بەسەربەرێت بەبێ ئەوەی بڕوای بەشتێک هەبێت، بەحەقیقەتێک کە دڵنیا و ئاسودەی بکات و ئارامی بکاتەوە لە هەراسانی نیگەرانییەکەی. هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە لەسەر زەوی چ ئەگەر کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بێ، یان کۆمەڵگایەکی شارستانی، دیاردەیەک نەناسێت بۆ ئەوەی جێگای بڕواو باوەڕو پەرستنی بێت. بۆی هەیە شێوەی ئەو شتە پیرۆزە جیاواز بێت لە کۆمەڵگایەکدا لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە، بەڵام هەمیشە شتێکی پیرۆز هەر هەیە، رەنگە تەنیا ئەوە کۆمەڵگای لیبرالیستی هاوچەرخ بێت کە رێگا بدات بەژمارەیەک لە ئایدیۆلۆژیاکان نەک یەک ئایدیۆلۆژیا لەناو کۆمەڵگادا، هەروەها رێگا بدات بەچەندین رۆژنامە نەک تەنیا یەک رۆژنامەو، بەچەندین رەوشی رۆشنبیری و هونەری نەک تەنیا یەک رەوش و ئاراستە، بەڵام ئەو پەرەسەندنە نوێیە لە مێژووی مرۆییدا جگە لە ئەوروپا لە هیچ جێگایەکی دیکە رووی نەداوە و هەرچەندە ئێستا بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبێتەوە لە میانی بزوتنەوەی دیموکراسییەوە بەڵام لە رابردوودا تەنیا یەک حەقیقەت هەبووە، ناکرێ لەیەک حەقیقەت زیاتر هەبووبێت، حەقیقەتێکی رەها کە مشتومڕو گفتوگۆی لەسەر نەکرێ و دەستی بۆ نەبرێت. بەڵام لە کۆمەڵگای دیموکراسی فرەییدا هیچ شتێک یان بیروباوەڕێک نییە لە سەرو گفتوگۆوە بێت بۆی هەیە لەبەر ئەو سۆنگەیە لیبرالیزم بەسەر کۆمۆنیزمدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت سەرەڕای کەموکوڕی و زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری، چونکە مرۆڤ لە یەک رەنگی بێزار دەبێت لە یەک هزری و لەیەک حزبی بێزار دەبێ و ئومێدەوارە بتوانێ لەنێوان رەنگەکان و حزبەکان و هزرەکان و رەوش و ئاراستەکاندا یەکێک هەڵبژێرێت. ئەو وڵاتەی تەنیا یەک رۆژنامەی تێدایە، یان چەند رۆژنامەیەک کە یەک شت دەڵێنەوە، هیچ کەسێ نایانخوێنێتەوە. کەواتە سەرنجڕاکێشی و جازیبەتی لیبرالیزم و دیموکراسییەت و هەمەڕەنگی و فرەیی لێرەوەیە. لە کتێبەکەدا توێژینەوەیەکی گرنگ هەیە تیایدا رۆدنسۆن جیاوازی دەکات لەنێوان مارکسی زانا و مارکسی ئایدیۆلۆژی بەواتای سلبی وشەکە، یاخود لەنێوان سۆسیۆلۆژیای مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمدا. ئایا ئەو یاساگەلە سۆسیۆلۆژیانەی کە مارکس دۆزینییەوە کامانەن؟ یەکەمینیان ئەوەیە کۆمەڵگا، واتا کۆمەڵگای مرۆیی خۆی لە دەوری هەندێ ئەرکی گرنگی بنەڕەتیدا بونیاد دەنێت کە بەبێ ئەو ئەرکانە ناتوانێ درێژە بەژیان بدات، چونکە کۆمەڵگاش وەکو تاک وایە پێش هەموو شتێک هەوڵدەدا خۆی بسەلمێنێت و درێژە بەژیان بدات لەرێگای بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بوونی خۆی و پاشان بەبەردەوامی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیان، چونکە بەکاربردن دەبێتە هۆی لەناوچوونیان و بەو پێیەش مرۆڤ دووبارە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و ئەو پەیوەندییانەی کە لە دەوری ئەو ئەرکە گرنگانە، یان پرۆسەکانی بەرهەمهێنان پەرچەکردار یاخود کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرجەم شێوەکانی دیکەی پەیوەندییەکان و هۆشمەندی پێویستە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بێنەوە و بگونجێن و هاوکات پێچەوانەی ئەوە دروست و راست نییە. هەروەها رێکخستنی کۆمەڵگا و هۆشمەندییەکەی لانی کەم پێویستە کە نەبنە کۆسپ لەبەردەم پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان چونکە بەرهەمهێنانی هۆیەکانی خۆراک و خواردنەوە و پۆشاک و... هتد. ئەوانەیە کە ئەرکە گرنگە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان پێکدەهێنن بۆ هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی. ئەوجا لەوێدا یاسایەکی دووەم هەیە کە لە یەکەمەوە دێتە بەرهەم یاخود پەیوەستە پێوەی ئەویش ئەوەیە کە هەر کۆمەڵگایەک هەوڵدەدا کە ساماناکانی و هۆیەکانی بەرهەمهێنانی زیاتر بکات چونکە کۆمەڵگا وەکو

تاک وایە حەزی لەبەدەستهێنانی فراوانترو دەوڵەمەندی و دەستخستنی ئیمتیازاتی مادی زیاترە و لەبەرئەوەش ئەو کات دەچێتە ناو ڕکابەرییەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە کە هەمان هەوڵ دەدەن. ئەوجا یاسای سێیەم هەیە دەڵێ تموحات و هزرەکانی چینی باڵادەست لەناو کۆمەڵگا خۆی دەسەپێنێت بەچەشنێ هەر دەڵێی تموحات و هزری هەر هەموو کۆمەڵگایە. بۆ نموونە چینی هەژمونکارو باڵادەست لە کۆمەڵگای کۆنی فەرەنسا بریتی بوو لە تایفەی کاتولیکی و ئەوەبوو ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی دەسەپاند بەسەر کۆمەڵگای فەرەنسیدا و لەناویشیاندا دەستەو توێژە کەمایەتییە ناکاتولیکەکان وەکو دەستەوتوێژی پروتستانتی. ئەمە ئەو چەند یاسایەیە ک مارکس کەشفی کردووە و هەموو سۆسیۆلۆژیایەک کە دانی پێدانانێت دەکرێ بوترێ کە سۆسیۆلۆژیایەکی غەیرە مارکسیزمە بەڵام خۆ مارکس تەنیا هەر بیرمەندێکی مەزن و دۆزەرەوەی یاساگەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە و بەس ئەو یاسانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەڕێوە دەبەن، بەڵکو ناوبراو دامەزرێنەریش بوو بۆ بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی کە ئەویش نێونەتەوەیی کۆمۆنیستییە. بێگومان ئەو کێشە تەرحکراوەش ئەوەیە چۆن جیاوازی دەکەین لەنێوان مارکسی زاناو مارکسی حزبی یاخود دەمارگیر بۆ ڕەوشێکی سیاسی دیاریکراو؟ لە سەرەتاوە خەمە ئایدیۆلۆژییەکان بریتی بوو لە خەمەکانی سەرجەم چەپڕەوەکانی ئەوروپا لەو ساتەوەختەداو ئەو پرسە بنەڕەتییەی بەلای هەموویانەوە گرنگ بوو ئەوەوو چۆن پەندو وانە وەربگرین لە شکستهێنانی شۆڕشی فەرەنسا یان سەرکەوتنە تەماوی و نادیارەکەی؟ بۆچی ئەو شۆڕشە مەزنە سەرنەکەوت لە بەدیهێنانی ئازادیدا، یان لە یەکسانی و برایەتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەو شێوەیەی کە لە سەرەتاوە پێشبینی دەکرا؟ مارکس کۆششی کرد وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە پەنای بردە بەر فەلسەفەوە وەکو هۆیەک بۆ گۆڕینی جیهان و کۆمەڵگا ئەگینا تەرخانکردنی یەک کاتژمێر ماندووبوون ناهێنێ، وەلێ لەبەرئەوەی گۆڕانکاری بەو خێراییە نایەتە جێبەجێکردن کە خەباتگێڕی سیاسی هیوای بۆ دەخوازێ، لەبەرئەو هۆیە مارکس هەڵخلیسکایە ناو بازنەی خەونی پەمبەیی ئایدیۆلۆژیاوە و بۆیە ئێدی خەونی دەبینی و خەون بینین بۆ مەودای دووری هەڵدەفڕاند و لەو خەونانەش ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم پەیدابوو کە دواتر هەژمونی کرد بەسەر سەرجەم حزبە کۆمۆنیستەکاندا لەنێویشیاندا حزبە عەرەبییەکان و یەکەمین یاسا لە یاساکانی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بریتییە لە جوانکردنی وێنەی پرۆلیتاریا واتە چینی کرێکاری هەژار لە کارگەکانی ڕۆژئاوادا، هەتا ئەو رادەیەی کە دەتوانرێت و، پاشان جوان کردنی وێنەی ئامانجی بابەتکەی بەرچاومان؛ ئەویش سەرکەوتنی پرۆلیتاریا و کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. یاسای دووەمیش سوکایەتیکردنە بەو کۆسپانەی دێنە سەر ئەو ڕێگایە و ڕێگا دەگرن لەنێوان ئێمە و بەدیهاتنی ئەو ئامانجە گەورەیە.

لەبەرئەوە هەندێ هاوڕێی بەحەماس و پەرۆش خۆیان دەخەنە ناو تیاچوونەوە و گوێ نادەنە ئاکامەکان دوای ئەوەی کە مێشکیان پڕ بووە لە خەونی پەمەیی، هەندێکی دیکەش چ سڵ ناکەنەوە لە جێبەجێکردنی کاروکردەوەی توندوتیژی لە پێناوی گەیشتن بەڕۆژی جێگای بەڵێن، واتا سەرکەوتنی پرۆلیتاریا و رزگاروونی کۆتایی مرۆڤایەتی. ئەمە ئەو کارە بوو کە لەلایەن هێزەکانی چەپی توندڕەو لە ئەوروپا لە هەندێ قۆناغدا هاتە ئەنجامدان.. سەرنج بدە لە تیرۆرکردنی ئەلدۆر مۆرۆ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا بۆ نموونە و چۆن چۆنی ئەوە گۆڕا بۆ بزوتنەوەگەلی تیروریستی لەبەرئەوە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم ئایدیۆلۆژییەکی تۆباوییە وەکو تەواوی ئایدیۆلۆژیاکانی تر لە ئایدیۆلۆژیا نەتەوەیی یان ئاینییە ئوسوڵیەکان، جیاوازی ئەمەی دوایی لەگەڵ ئەوەدا ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای ئوسوڵی پەیمانی بەهەشت دەدا بە شوێنکەوتوانی دەست بەجێ و خێرا کە دەمرن،

هەروەكــو باســـــان كــرد هاوكــات ئايديۆلۆژياى كۆمۆنيستى بەڵێنيان پێ دەدات كە رۆژێك لە رۆژان لەسەر ئەم زەويە دەيهێنێتەدى. بەڵام خەسڵەتێكى ديكەى ئايديۆلۆژياى ماركسيزم بەهيچ زانينى هەموو خەباتەكانى ترە جگە لە خەباتى چينايەتى. بۆنموونە ئەو ململانێيانەى كە لەنێوان گەلان يان نەتەوەكاندا بەرپا دەبێت لە چاو ئەو ململانێيەى كە لەنێوان چينى پرۆليتاريا و چينى بورژوادا دێتە روودان، بە ململانێيەكى لاوەكى دێتە هەژماركردن. و هەروەها ململانێى ئايينى ياخود مەزهەبيش دەبێتە شتێكى لاوەكى بەو پێيە سەرەڕاى ئەوەى هەندێ جار كۆمەڵگا وێران دەكات وەكو ململانێى چينايەتييەكە ئەگەر زياتر نەبێتە هۆى وێرانكردنى هەروەها خەسڵەتێكى دى يان ياسايەكى ديكە هەيە كە تەحوكوم دەكا بە ئايديۆلۆژياى ماركسيزمەوە ئەويش سەپاندنى وێنەيەكى مەعنەوييە لەمەڕ واقيع، ئەوەتا تا ئەوپەڕى رادە وێنەى پرۆليتاريا جوان كراوە و سەرمايەداريش تەواو شێوێندراوە و ئەو ئايديۆلۆژيايە دان بەهيچ خەسڵەتێكيدا نانێت، ئەوە دەڵێين سەرەڕاى ئەوەى كە ماركس ئەو رۆڵە جوانەى بورژواى نرخاندووە كە سيستەمى دەرەبەرگايەتى ئوسوڵى جوتيارى كۆنى هەڵگێڕاوەتەوە و لەناوبردووە، بەڵام وەختى چووە ناو ململانێى سياسى لە دژى ئيتر سەرجەم چاكەكانى بورژواى لە بيركردو واى لێهات چينى پرۆليتاريا وەكو فريشتە دەربكەوێ و چينى بورژواش هەر هەمووى وەكو ئيبليسى، پاشان ماركسيەت لە جيهانى سێيەمدا وايلێهات زياتر تۆباوى بێت لەبەرئەوەى چينى كرێكارو كارگەو كارخانە بوونى نييە هەروەها ئەوانەش بوونيان نيە كە خەم دەخۆن و نيگەرانن ئەوسا ماركسيستێكى خەياڵى دروست بوو كە هيچ پەيوەنديەكى بەواقيعەوە نەبێت. گەورەترين نموونەش بۆ ئەوە حزبە كۆمۆنيستە عەرەبييەكان كە بۆ نموونە ئيمپرياليزميان گۆڕى بۆ ئەفسانە يان بۆ درندەيەكى خورافى. راستە ئيمپرياليزم هەيە بەڵام گەورەكردنى تاڕادەيەكى وەها لەلايەن گوتارى ئايديۆلۆژى عەرەبييەوە واى لێكرد هەموو مەعنايەكى لە دەست بدات و ئەوەش بووە هۆى نامۆبوونى ئايديۆلۆژى تەواو بۆ يەك نەوە بەتێكڕايى. ديارە ئەگەر ئايديۆلۆژيايەك هەژموونى كرد بەسەر عەقڵى مرۆڤێكدا، وا لەو مرۆڤە دەكات واقيع نەبينێت بەو شێوەى كە هەيە... ئەوە لە چەپڕەوانى عەرەب روويدا كە دەستى كرد بەقسەكردن لەسەر هەموو شتێك جگە لە خودى واقيعى عەرەبى نەبێت و ئەوجا دەستى كرد بەبيركردنەوە بەوتەو دروشم و زاراوەى زۆر نامۆ لەو واقيعە. لەبەرئەوەش شكستى خواردو پاشەكشەى كردو نەماو ئايديۆلۆژيا ئوسوڵى جێگاى ئەوى گرتەوە. خەسڵەتى كتێبەكەى رۆدنسۆن ئەوەيە كە بۆمان شيدەكاتە چۆن چۆنى بزوتنەوەگەلى ئايديۆلۆژى دروست دەبن و چۆنيش دێنە هەرەسهێنان. هەر لەبەر ئەو هۆيەش رۆدنسۆن رايگەياند كە ئيدى ئەو كەسێكى ماركسى نييە و لەبەرئەوەش كە ماركسيەت خۆى بانگەشەى دەكرد بۆ دژايەتى كردنى نامۆبوون كەچى خۆى گۆڕا بۆ گەورەترين ئايديۆلۆژياى نامۆكردن لە مێژوودا.

لەبەرئەوە خەڵك هەستى شەماڵ و سروەى ئازادى كە هەڵيكرد بەسەر جيهاندا دواى ئەوەى پاش سەد ساڵ لە ساڵى ١٩٨٩ هاتە رووخان لەبەرئەوە، ئەوەى لە رۆدنسۆن بەجێ دەمێنێ دواى مردنى ئەو شتەيە كە پێشبينى كرد بە چارەنووسى ماركسيزم و بزوتنەوە گەلى كۆمۆنيستى تەنانەت پێش هەرەسهێنانى بەماوەيەكى زۆر لەبەرئەوەى كە ئەو وتارەى لێرەدا قسەى لەسەر دەكەين بۆ يەكەمين جار لە ساڵى ١٩٦٨دا بلاوكراوەتەوە.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەى الشرق الاوسط ژمارە ٩٣١٥ يەك شەممە ٢٠٠٤/٥/٣٠

# مایکۆفسکی لەنێوان دوو سەردەمدا، سەردەمی قەراڵ و سەردەمی سۆڤییەتی

و: موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی

زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم: فلادیمێر مایکۆفسکی یەکێکە لە گرنگترین و دیارترین شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم نەک تەنیا لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، بەڵکو لە هەموو جیهاندا. دەنگی لەسەرتاسەری رووسیای قەیسەریدا گوێی کەڕ دەکردو، سەرگۆنەی کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی دەکرد، هەر لە هەرەتی لاویدا بڕوای بەهزری شۆڕشگێڕانە هێناو چووە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی (بەلشەفییەکان)ەوەو سێ جار دەستگیر کرا. ژیان و بەهرەو تواناکانی خۆی بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی و پرسەکانی گەلی تێکۆشەری نغرۆی مەملەکەتی تاریکی، تەرخان کردبوو. ئەوەبوو ئەو شۆڕشەی کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردو مژدەی بە گوێی خەڵکیدا دەداو هەموو شتێکی خۆی لە پێناودا کردە قوربانی، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەویش چالاکی خۆی پتر کرد لە پێناوی پتەوکردنی پرەنسیپەکانی شۆڕشە ساواکەدا، بەلام ئەوەندەی نەبرد شاعیر روو بەرووی هەلپەرست و بیروکراتی و هەلقۆزەرەکان بووەوە، بۆیە تووشی نائومێدییەکی گەورە بوو، ئەوەیش پالی پێوە نا بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.




ئەگەرچی کەس بەزەیی بەو کەسەدا نایەتەوە یان داخی بۆ ناخوات کە خۆی دەکوژێت، بەلام خۆکوشتنی شاعیرێک لە پلەو پایەی (مایکۆفسکی)دا پێویست بە لێکۆڵینەوەو پرسیار وورووژاندن و توێژینەوە دەکات، بۆچی مایکۆفسکی خۆی کوشت؟؟

مایکۆفسکی یەکەمین کەس نییە لە ناو ئەدیب و شاعیراندا خۆی کوشبێت. پێش ئەوو دوای ئەویش

شاعیران خۆیان کوشتووە، وەک ڕۆماننووسی ئەڵمانی هنریش فۆن کلیست ساڵی١٨١١ خۆی کوشت، شاعیری رووسی سێرگی یەسینین ساڵی ١٩٢٥ خۆی کوشت، ڕۆماننووسی ئینگلیز خاتوو ڤیرجینیا وۆڵف ساڵی ١٩٤٠ خۆی کوشت، هەروەها نووسەری ئەڵمانی ستیفان زفایج ساڵی ١٩٤٢ خۆی کوشت، هەروەها نووسەری گەورەی ئەمەریکا ئەرنست هەمنگوای ساڵی ١٩٦١ خۆی کوشت، دوایەمین ئەو کەسانەی دەیناسین و بە دەستی خۆیان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە شاعیری لوبنانی خەلیل حاوی، کە لە ساڵی ١٩٨٢ دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی لوبنان خۆی کوشت.

****

فلادیمێر مایکۆفسکی لە دوایەمین دەیەی سەدەی نوزدەم، بەتەواوەتی لە ساڵی ١٨٩٣ لە دایک بووە، لەو سەردەمەی کە بەسەردەمی هەڵچوون و گەردەلوول و بشێوی و شتە دژ بە یەکەکان ناو دەبرا. ئەو سەردەمەی گەلان و وڵاتان کە ئەمپراتۆریەتی رووسیا داگیری کردبوون بە دەستی چەوساندنەوەو کۆیلایەتییەوە دەیانناڵاند، هاوکات شۆڕشگێڕان بە ڕۆشنبیرو کرێکارو جووتیارو ڕێکخراوی شۆڕگێڕی نهێنی و ئاشکرا دژ بە ڕژێمی دڕندەی قەراڵ جڵەوی تێکۆشانیان بەرەو پێشەوە دەبرد، لەو سەردەمەدا فلادیمێر مایکۆفسکی، شاعیری ئایندە، لە گوندی (بەگدادی) لە گورجستان لەدایک دەبێت، لەو گوندە دوور دەستە سەرەتای منداڵی بەسەر دەبات، باوکی پاسەوان یان سەرپەرشتیاری دارستانان دەبێت، دایکی کیژی ئەفسەرێکی سوپا دەبێت کە ئارەزووی شیعرو تابلۆکێشانی هەبوو. باوکی پیاوێکی چاوتێری میوان دۆست بوو، ڕۆژ نەبوو باوکی پێشوازی لە میوانان نەکات. لەو ماڵە میوان دۆستەدا، فلادیمێر لە میوانەکانەوە گوێی لە زمانی جۆراوجۆر دەبێت کە سەر بەنەتەوە جیاجیاکانن کە زمانی جیا جیایان هەیە: رووسی، گورجی، تەتەری، ئەرمەنی. لە تەمەنی هەشت ساڵاندا دایکی دەیباتە شارۆچکەی (کۆتایسی)، چونکە ئەو کاتە هێشتە گوندی (بەگدادی) قوتابخانەی لی نابێت. لەسەرەتای ساڵانی خوێندنیدا فلادیمێر هەست بەنامۆیی دەکات و، سەری لە جیاوازییە چینایەتییەکانی نێوان خۆی و نێوان هاوڕێکانی سوڕ دەمێنێت، لە کوڕانی فەرمانبەرە مل هوڕەکانی رووس، لەو ڕۆژەوە هەست بە چەوساندنەوەی چینایەتی دەکات، ساڵی ١٩٠٥ فلادیمێر لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا ئاشنای نووسینە شۆڕشگێڕییە نهێنی و ئاشکراکان دەبێت، کە (ئۆدمیل)ی خوشکی لە مۆسکۆوە دەیهێنانەوە کاتێک لەوێ دەیخوێند. بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆویستانە خۆی لە ریزی ئەڵقەی مارکسییەتدا لە (قوتابخانەی باڵا)ی شارۆچکەی (کۆتایسی)دا دەبینێتەوە .

لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥دا فلادیمێر بەشداری یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسی دەکات، کە لە (کۆتایسی) بە بۆنەی بەرێ کردنی تەرمی بەلشەفی (نیکۆڵ باومان)ەوە ساز کرا کە گرووپی کۆنەپەرستی (سەد کەسە ڕەشەکان) تیرۆریان کردبوو. ساڵی دواتر واتە ١٩٠٦ باوکی بەشێوەیەکی کوتوپڕ کۆچی دوایی دەکات.

بەمردنی باوکی ژیانی خێزانەکەیان یەکسەر دەگۆڕێت، خێزانەکە بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێو پەیداکردن دەمێنێتەوە، تەنیا دە ڕۆبڵ نەبێت ئەویش - خانەنشینیی باوکی- دەبێت، بۆیە دایکی ناچار دەبێت ڕوو بکاتە مۆسکۆ، لەو ساتەوە فلادیمێری تەمەن سێزدە ساڵان هەست بە بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەکات، لەبەر ئەوەی تەنیا پیاوی (خێزانە)کەیەتی. خێزانەکە لە مۆسکۆ بەنەداری گوزەرانیان دەکرد. دواتر شاعیر لە یادداشتەکانیدا دەنووسێت: (بەنەداری گوزەرانمان دەکرد، دە ڕۆبڵ بەش ناکات. من و هەردوو خوشکەکەم لە قوتابخانە

بووین، دایکم ناچار بوو ژوورێک بەکرێ بگرێت و، بڕوات کار بکات، رووسیا خەونی ژیانم بوو، هیچ شتێکی دیکە ئەو سەرنجە تۆقێنەرەی لا دروست نەدەکردم). فلادیمێر لە مۆسکۆ دەچێتە قوتابخانەی ئامادەیی، لەوێش دەچێتە ریزی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی و باڵی بەلشەفییەکان و، بەوپەڕی تواناوە بەشداری لە پروپاگەندەی سیاسی لە نێوان کرێکاراندا دەکات، ئەمەیش هۆی یەکەمین جار گرتنی بوو لە ٢٩ی ئاداری ١٩٠٨دا لە چاپخانەی نهێنی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی، بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەمەن منداڵ دەبێت، ئەو جارە دادی دەدات، بۆیە ئازادی دەکەن و دەخرێتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە. پاشان دەچێتە کۆلێژی هونەری پرەکتیکی، ئەگەرچی چاودێرییەکی توند دەکرا، کەچی هەر چوست و چالاک بوو، حەماسەتی شۆڕشگێڕانە پاڵی پێوە دەنا پروپاگەندە بکات و بڵاوکراوەی نهێنی بڵاوبکاتەوە، ئەوەبوو لە زستانی ساڵی ١٩٠٩دا بۆ دووەمین جار بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەستگیر دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەمەن منداڵ دەبێت ئازادی دەکەن، بەڵام پاش شەش مانگ، واتە لە هاوینی ١٩٠٩دا بۆ سێیەمین جار دەستگیر دەکرێت، کاتێک بەشداری لە گواستنەی سێزدە ئافرەتی بەندکراوی سیاسی لە بەندیخانەی (نۆڤنسکایا) دەکات، بەڵام ئەم جارەیان نزیکەی ساڵێک لە تاک ژوورێکدا بەند دەکرێت، وەک لە یادیەتی لە تاکژووری ١٠٣. ئەوەبوو سزای بەسەردا سەپێنراو بڕیار درا سێ ساڵ دوور بخرێتەوە، بەڵام پاڕانەوەی دایکی لە لایەکەوەو، تەمەن بچووکی لە لایەکی دیکەوە، چونکە هێشتە تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵی و، بۆ ئەوەی دایک و هەردوو خوشکەکەی بەخێو بکات ئازاد دەکرێت.

لە بەندیخانە یەکەمین چامەی خۆی دەنووسێت، هەر لەوێ بایرۆن و شکسپیرو ویژەی رووسی، پوشکین و لیرمەنتۆڤ و دۆستۆیفسکی دەخوێنێتەوە.

لە یەکەمین چامەکانی چامەی (بەیانی) ئەم چەند بڕگەیەی دەخەینە ڕوو:

بارانە دڵتەنگەکە
بەئەبڵەقی دەڕوانێت
لەو دیوی پەنجەرە ئاسنینە کپە
بەتیشک رووناک کراوەکەوە
کە بیرکردنەوەی ئاسنینانەی
تێلە درێژبووەکانی سەرووی سەرەوە
نوێنێکی لە پووش دروستکراو هەیە
کە ئەستێرە گەشەکان
بەشێوەیەکی جوان دەدرەوشێنەوە
بەڵام لە پشتی هەموو تۆقێنە
رووخێنەرەکان و
پاشەرۆکەکانەوە
ئاکام چاو شاگەشکە دەبێت

دوای ئەوەی لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت، مایکۆفسکی ڕایدەگەیەنێت: (دەمەوێت هونەرێکی سۆسیالیستانە دابهێنم). سەرلەنوێ دەچێتەوە قوتابخانەی هونەر لە مۆسکۆ. لەوێ ئاشنای گرووپی ئایندەخوازان دەبێت.

سەرەتا مایکۆفسکی سەرسامی هزری ئایندەخوازەکان دەبێت، ئەوانەی یاخیبوونی خۆیان بەرانبەر بە ڕابوردوو ڕاگەیاندو، داوای رووخاندنی کەلتووری کلاسیکییان کردو بانگەشەی ئازادکردنی شیعریان کرد لە هەموو کۆت و بەندێک. ڕقیان لە هەموو ئەو شتانە هاتەوە کە پێوەندییان بە ڕەسەنایەتی شیعرەوە هەیە. بەوەیشەوە نەوەستان، بەڵکو رەفتاری کۆمەڵایەتیشیان جۆرە نامۆییەکی پێوە دیاربوو، ئەوەبوو دەستیان بە لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەنگ سەنگین کردو، دەستەسڕیان دەبەستە ملیان، جگە لەوەی لە کاتی دیالۆگی ئەدەبیدا وشەی ناشیرینیان بەکار دەهێنا.

مـــــایکۆفـــــسکی زۆر لەگـــــەڵ گـــــرووپی ئایینده‌خـوازەکـاندا نەمـایەوەو، پشـتی تێکردن و، بەهەمـوو تواناوە رووی کـردە هونەری ریالیـزم، بەڵام نۆێکردنەوەی شـیـعری پاراست کـە لەسـەر بنەمـای شیعری دێرینی رووسی دامەزرابوو.

یەکـێک لە چامـەکـانی پێش شـۆڕش چامـەیەکـە بەناونیشانی (هەورێک لەناو پانتۆڵدا). ئەو چامە بە گرنگترین و بەپێزترین چامەی مایکۆفسکی پێش شـۆڕش دەژمـێـررێت، سـاڵی ١٩١٤ دەسـتـی پێ کردووەو ئەو کات لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بووە: سەرەتا ناونیشانی چامەکە (سێزدەمین پەری) دەبێت، بەڵام سـانسـۆر رەزامـەندی لەسـەر ئەو ناونیشـانە نادات، دوای گێرمەو کێشەیەک ناچار دەبێت بیگۆڕێت و بیکات بە (هەورێک لە ناو پانتۆڵدا). مـەبەسـتـیـشی لە لایەک گـاڵتـەکـردن بەسـانسـۆرو لە لایەکی دیکەوە بە خـەڵکە خاووخلیچکەکە بوو.

مـایکۆفـسکی بە خـۆی مـەبەست و ناوەرۆکی چامـەکـە دەسـتـنیـشـان دەکـات و دەنـووسێت: (با خۆشەویستیتان برووخێت . با هونەرتان برووخێت. با رژێمتان برووخێت. با ئایینتان برووخێت) چوار هاوار بۆ چوار بڕگە.

شـاعـیر بە پێشـەکـییـەک رێ بۆ چامەکە خۆش دەکات کە کلیلی هەڵچوون بە خوێنەر دەبەخشێت، لە چوارچێوەی ئەو پێشەکییەوە، خوێنەر دەچێتە ناو جیهانی ئاڵۆزو تێکهەڵکێشراوی چامەکەوە.

مـایکۆفسکی وەک ڕاهاتبـوو، لە شتی ئاسایی لایدەدا، ئەوەبوو کێش و سەروای پشت گوێ خست و رێتـمی هێـشـتـەوەو، هەسـتی جـەمـاوەری دەورووژاندو هانی دەدان، لەسەرەتاوە دەڵێت:

هزرە خەواڵووەکانتان
لە مۆخێکی فشۆڵدا
وەک کارەکەرێکی پلیشاوەی
سەر کەنەبەیەکی پیس وایە
بە پەڕەی دڵی خوێناویم
هەڵی دەستێنم
بە بێ رێزییەوە گاڵتەی پێ دەکەم
لە گیانیشمدا
هیچ تاڵە موویەکی سپی و
نە بەزەیی پیربەتی نییە
دەنگم لەم جیهانەدا
دەزرنگێتەوەو دەنگ دەداتەوە
بە جوانی لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا
جوان دەڕریشتم
ئەی میهرەبانان
ئێوە ئەڤین بەسەر گیتاردا
دەڕێژن
دڵڕەقانیش ڕەوانەی دەهۆڵانی دەکەن
ناتوانن ئەو شتانە پەسەند بکەن
کە لە ناخمدایە
جگە لە لێو
.......
وەک ئەو کەسەم لی دێت
تووشی نەخۆشی گەری سەگ بووبێت
وەک ئاسمانم لی دێت
رێتم خۆی گۆڕیبێت
دەتانەوێت
دەبمە نـەرم و نیــــــان و نـە هیـچ گلـەیی و نـە سەرزەنشت
پیاو نیم من، بەڵکو هەورێک لە پانتۆڵدا
جارێکی دیکە - پێمدا هەڵدەدەن
پیاوە بی هەرمێنەکان وەک نەخۆشخانەو
ئافرەتە سەرنووشتاوەکان وەک پەند

شاعیری لاوو شۆڕشڤانی دژ بە رژێمی قەراڵەکان و سـەردەمی کـۆیلایەتی لە رووسـیـا ، ئەو لاوە پڕ جـۆش و خـرۆشـە شـۆڕشگێـڕییـە ، سـەرزەنشـتی جەماوەری سست و خاو دەکات کە بەهزرەکانی فریو دراوە کـە لە مـێـشکێکی خلیـچکدا کـەڵەکـەی

بەستووەو ناتوانێت بیر بکاتەوە، بەڵام شاعیر کە هەست بەو بارودۆخە دەکات، ئامادەیی خۆی پێشان دەدات لە خەویان هەڵسێنێت ئەویش (بە ڕیشەکێش کردنی دڵی خوێناوی خۆی).

مایکۆفسکی لەم چامەیەدا، وەک چۆن لە هەموو شیعرەکانیدا وایە، پشت بەشێوازی جیاوازی و، وێنەی لە یەک نەچوو دەبەستێت، زێدەڕۆییش بەکار دێنێت، ئەو هاودژە لەگەڵ هەموو ئەوەی لە دەورو بەری هەن، بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵی بڕژوازی ـ سەرمایەداری نارەسەن. کە پڕ لە کاری خراپەو لەڕێ لادەرییە.

وا دیارە شاعیر لە بارێکی گرژی و، دەروونی بە جۆش و خرۆش بگرە لە تەنگژەدا بێت. بۆ یەکەمین جاریش پێدەچێت بە دەستی تەنگژەیەکی خودی تاکە کەسییەوە بناڵێنێت، بەڵام ئەوەندە نابات شاعیر لە (تایبەتمەندی)یەوە دەچێتە (گشتی)یەوە.

لە یەکەمین بڕگەدا شاعیر بەسەرهاتی ئەویندارى سەرنەکەوتووانەی خۆی لەگەڵ (ماریا)دا دەگێڕێتەوە، لەم بارەوە ڤاسیلی کامنیسکی دەڵێت: (کاتێک کۆمەڵێک شاعیر بەناوچەکانی رووسیادا دەسووڕێنەوە، شیعرە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان دەخوێننەوە، لە پڕێکدا مایکۆفسکی لە شاری (ئۆدیسا) دڵی لە کیژۆڵەیەکی جوان دەچێت، کە ناوی ـ ماریا ئەلیکسیڤنا دینیسۆڤا ـ دەبێت، ئەو کیژە لەگەڵ ئەوەی کیژۆڵەیەکی جوان و، کیژێکی ڕۆشنبیرو زیرەکیش دەبێت، بایەخ بەهەموو شتێکی نوێ و هاوچەرخانە دەدات، وایش پێ دەچێت ئەو شاعیرە نوێخوازە هەڵکەوتووە سەرنجی ڕاکێشابێت و، ئەویندارى لە نێوانیاندا هەبووبێت، بەڵام ئەو ئەویندارییە ئەوەندە درێژە ناکێشێت، چونکە ئەو یارەی شاعیر خۆشی ویست خێرا وازی لی دەهێنێت و مێرد بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەکات).ئەمەیش وا دەکات شاعیر ڕکی زۆری لە کۆمەڵی بڕژوازی و نەریتە ساختەو پێوەندییە بازرگانییەکانی ببێتەوە، چونکە (دەوڵەمەندی) و کۆمەڵی بڕژوازی بەوە لێکدەداتەوە کە ئەویان لە یارەکەی بێ بەش کردووەو لێیان ستاندووە، ئەو بڕوای وا بوو کە ناکرێت پێوەندی مرۆییانەی هاوسان لە ئامێزی کۆمەڵی بڕژوازیدا دامەزرێنرێت، هەر لێرەوەیە لە یەکەمین بڕگەدا دەنگ بەرز دەکاتەوە (با خۆشەویستیتان برووخێت).

ڕاستە شاعیر سوود لە بەسەرهاتی سەرنەکەوتووانەی ئەویندارییەکەی شاری ئۆدیسا وەرگرتووەو، ناوی ڕاستەقینەی کیژەکە دەهێنێت و، وێنەی بارودۆخی نائومێدانەی خۆی و تەنگژەی کوشندەیی سایکۆلۆژیانەی خۆی دەکێشێت، بەڵام ئەوەندە نابات لە باری تاکە کەسی دەچێتە دەرەوەو، لە وێنەی ڕاستەقینەی (ماریا) دوور دەکەوێتەوە، وەک چۆن شاعیر پوشکین پێش ئەو لەگەڵ (ئانا پیترۆڤناکێرن)دا وای کردبوو، هەروەها شاعیر بلۆک لەگەڵ (لۆیۆڤ دییتریڤنا مندلییڤ)دا ئەنجامی دا. مایکۆفسکیش لە تایبەتەوە دەچێتە گشتی. لە (من)ی شاعیری ئازارچەشتەوە بۆ (ئێمە)ی زۆری ئازارچەشتە.

ڕوو دەکاتە ماریا و دەڵێت:

بەبیرتە<br>
کاتێک گوتت:<br>
(پارەو پوول<br>
ئەوین<br>
ئارەزوو).<br>
هەرچی من بووم<br>
تەنیا یەک شتم دەبینی<br>
تۆی جۆکۆندا<br>
کە دەبێت بدزرێت<br>
ئەوەبوو دزییان.

ماریا، بەلای شاعیرەوە، کیژۆڵەیەکی جوانە، ڕۆح و سۆزی هەیە، لە خوێن و ئێسک پێکهاتووە، دەشێت لەگەڵیدا سەبارەت بە پارەو پوول و

ئەویندار‌ی و ئارەزوو قسە بكات، بەڵام لە كۆمەڵی برژوازیدا تەنیا تابلۆیەكە. تابلۆیش دەفرۆشرێت و دەكڕرێت. لەبەر ئەوەیش دڵڕفێن و جوانە، ئەوە تابلۆیەكی بەنرخە ـ كە جیكۆندایە. ئەم تابلۆیەیش نافرۆشرێت، بۆیە دەدزرێت، ئەوە بوو دزییان. شاعیر بەو شێوەیە وێنەی دزینی خۆشەویستەكەی ماریا لەلایەن ئەو پیاوە دەوڵەمەندەوە دەكێشێت. شاعیر سەرگۆنەی ئەو پێوەندییانە دەكات كە لەسەر بنەمای كڕین و فرۆشتن، كڕین و فرۆشتنی سۆزی مرۆییانە پێكدێت. سەرگۆنەی ئەو كۆمەڵە دەكات كە هەموو شتێكی تێدا لەسەر بنەمای قازانج دامەزراوە. ئەو كۆمەڵەی لەسەر بنەمای قازانج و فرتوفێڵ و فرۆشتن و كڕین دامەزرابێت، تەنیا بۆ ساتێكیش بێت نرخی هونەری ڕاستەقینە نازانێت، ئاكام ئەو كۆمەڵە بێزی لە مایكۆفسكی دەبێتەوەو دادنی پێدا نانێت:

لێرەوەیە شاعیر لە دووەمین بڕگەدا كە ناونیشانی (با هونەرتان بڕووخێت)ی بۆ هەڵبژاردووە بەم شێوە دەڵێت:

پێمدا هەڵ بڵێن
من مەزنم و نەناسراو نیم!

لێرەدا پێوەندی لەنێوان مایكۆفسكی و كۆمەڵدا پێوەندییەكی ئاڵ و گۆڕ كراوە، چونكە ئەو كۆمەڵەی ددان بەمایكۆفسكی و جۆری ئەودا نانێت، مایكۆفسكی بە چاوی سووكەوە تەماشای دەكات و، پرسیارە نكۆڵی لی كردنەكەیشی : كتێب؟ كتێب چییە؟ بەتەوس و گاڵتەجاڕی دێت نەك تەنیا بەرانبەر بەكۆمەڵ، بەڵكو لە شاعیرانی ئەو كۆمەڵە، ئەوانەی: (هێشتە سەروا لەبارەی ئەویندار‌ی و هوزارەوە دەڕازێننەوە).

مایكۆفسكی داوا دەكات واز لە گریان و هاوار كردن و شانازی كردن بەنۆژەنكردنەوەی تاوەرەكانی بابل بهێنن و، ئاگەیان لە شتی هاوچەرخانە بێت و، لە ئاسمان دابەزنە سەر عەرد، بچنە ناو شەقام، لەو شوێنەی كە جەماوەر هەن و ناتوانن هاوار بكەن یان بپەیڤن، یان ئاوات و ناخی خۆیان هەڵڕێژن و باسی نالەباری ژیانی خۆیان بكەن، شاعیران ئەركی وشیاركردنەوەی جەماوەرو فێركردنیان لە ئەستۆیە..

مایكۆفسكی لە چامەی (هەورێك لە پانتۆڵدا) شانازی بە چینەكەی خۆی و هەموو چینی كرێكارانەوە دەكات:

(ئێمەی كە بەكاری دژوار سزا دراوین
وەك ئەوانەی تووشی گەڕو گولی هاتوون
كە زێڕو چڵك درم و پەتا دروست دەكەن
ئێمە لە بێگەردی ڤینیسیا بێگەردترین
كە خۆی بەهەتاوو دەریا شوشتووە
گرنگ نییە، لای
هۆمیرۆس و ئۆفیدیس
پاڵەوانانی وەك ئێمە نییە
بە ڕەشایی و ئاوڵە
پیس بووبن
من دەزانم
هەتاو دەگیرێت
ئەگەر ناخی گیانی زێڕینمان ببینێت!

چینی كرێكار و، هەموو رەنجدەران، شەوو ڕۆژ كار دەكەن، وەك بڵێیت بەكاركردنی قورس سزا دراون، چینە باڵاكانیش دەیانچەوسێننەوە، بە چەوساندنەوەشیان زێڕ پێشكەش دەكەن، كەچی بەشی ئەوانیش تەنیا لەناو پیسایەتی و پاشەڕۆكدا دەژین، وێڕای ئەوەیش لە پاكژی ڤینیسیا پاكژترن.

ئەی قەیدی چییە؟ ئەگەر هۆمیرۆس لە داستانەكانیدا پاڵەوانانی لە چەشنی ئەو پڕۆلیتاریایانەی نەبووە، ئەوەی زانراوە كە پاڵەوانەكانی هۆمیرۆس هەر هەموویان لە پاڵەوانان و خواوەندو نیوچە خواوەند بوونە. تەماشای ئەم وێنە نایابە بكەن: تەنانەت هەتاو بە خۆی دەردەكەوێت ئەگەر ناخی زەحمەتكێشە نەدارەكان ببینێت. بڕوام وایە كە ئەمە وێنەیەكی هونەرییەو لێكچواندنێكە

کەسی دیکە پێشتر باسی نەکردووەو، کەسیش دواتر دووبارەی نەکردووەتەوە.

دوای ئەوە شاعیر وردە وردە بەردەوام دەبێت تا ئاسۆی چامەکە فرەوانتر دەبێتەوەو دەگاتە شۆڕش :

من
که گاڵتەجاڕی عێلە سۆزانییەکە دەورووژێنم
وەک نوکتەیەکی درێژی بێ ناوەڕۆک
دادێ لە نێوان چیاکانی کاتەوە دەبینم
کە کەس نایبینێت
چونکە چاوی خەڵکی کورت بینە
چاوی سەری مێگەلە برسییەکان
من گوێم لە دەنگی دەنگدانەوەی ساڵی ١٩١٦یە
کە شۆڕشی تێدا گەیشتە چڵە پۆپە
کە من لەگەڵتاندا ـ لە پێشەنگەکانی بووم
من لەو شوێنە دەبم ـ کە ژانی لێیە، لە هەموو شوێنێکدا دەبم
لەگەڵ هەموو ڕووندکێکیشدا
خۆم لە خاچ دەدەم

شاعیر پێشبینی ئەو شۆڕشەی کردووە کە ساڵی ١٩١٦ سەردەکەوێت، بەڵام تا ساڵی ١٩١٧ دوادەکەوێت، ئەویش لەو شۆڕشەدا تەماشاکەری ڕووداوەکان نابێت و، بێ لایەنیش نابێت وەک ئەوەی کە دەبینێت و لە دوورەوە سەیر دەکات، بەڵکو خۆی دەکاتە قوربانی و، دەڵێت کە ئەو دەبێتە (یەکەمین پێشەنگ)ی و، خۆی دەخاتە ئەو شوێنەوە کە ئازارو ئەشکەنجەی لێیە. هەر بەو جۆرەیشی گوت و ئەوەشی کرد، بەپێچەوانەی زۆر کەسی دیکەوە ئەوانەی دەڵێن و هیچ ئەنجام نادەن، ئەو گفتارو کرداری پێکەوە گرێ دابوون.

(با ڕژێمتان بڕووخێت). ئەمە ناونیشانی سێیەمین بڕگەیە، لەم بڕگەیەدا مایکۆفسکی دەست لە نائومێدی خۆی هەڵدەگرێت کە بەرەو مردن، یان شێت بوونی دەبرد. دیسان ژێی شۆڕش و یاخیبوون دەژەنێت:

ئەی برسییەکان خێراکەن وەرن
نغرۆ بووەکان
خێراکەن وەرن
ئەی ژێر دەستەکان
ئەوانەی لە ژێر پیسایی کێچدا
نغرۆ بوونە

تەنیا بەوانەشەوە ناوەستێت، بەڵکو ڕوو دەکاتە هەموو خەڵک تەنانەت سەرخۆشەکانیش:

ئێوەیش ئەی سەرخۆشەکان
دەستتان لە گیرفانتان دەرکەن
بەردێک ، چەقۆیەک، یان بۆمبێک بقۆزنەوە
ئەوەیش دەستی نییە
سەری بەکار بهێنێت

لەسەر ئەو هاندانەی بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە ئەو شوێنەی دەڵێت: (من سێزدەمین پەریم). لێرەدا سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات لافی ئەوە لی دەدەن کە (کریست= مەسیح)یان خۆش دەوێت، هەشیانە لایەنگری (یەهوودا) دەکات، سەرکۆنەی ئەوانە دەکات بەناوی کریستەوە ملیۆنان کەس دەچەوسێننەوە، کەچی کریست ئەوە ڕادەگەیەنێت: حوشترێک بچێتە کونی دەرزییەوە لەوە ئاسانترە دەوڵەمەندێک بچێتە ناو بەهەشتی خواوە. ئەمە ناوەڕۆکی بڕگەی چوارەم و کۆتاییە، کە هاوار دەکات: (با ئایینتان بڕووخێت). ئەم بڕگە ڕێک لەگەڵ ڕۆمانی نووسەری یۆنانی کازانتزاکی (کریست سەرلەنوێ لە خاچ دەدرێتەوە)دا یەک دەگرنەوە.

ئەوە بوو دوای ساڵێک پاش ئەوەی پێشبینی کردبوو شۆڕش ساڵی ١٩١٧ڕووی داو سەرکەوت، ئەو شۆڕشەی کە مژدەی ڕوودانی دابوو، خۆیشی بۆ کردبووە قوربانی، کە بوو بە یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیسی، دەوڵەتی ڕەنجدەران لەکرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی پێکهێنا، کە بوو بەئاواتی ملیۆنان کەس لەسەرتاسەری جیهاندا،

ئەو شۆڕشەیش بوو بە وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە نەک تەنیا لە رووسیادا، بەڵکو لە هەموو جیهانداو، قۆناغێکی نوێ لە ولات و، لە ژیانی داهێنان و کۆمەڵایەتی شاعیردا دەستی پێ کردو، بۆ خەڵکی راگەیاند کە ئەو شۆڕشە: (شۆڕشی منە).

شاعیر هەموو تواناو بەهرەکانی خۆی دەتەقێنێتەوەو، بەهەموو لایەکدا کار دەکات، لە پێناوی پتەوکردنی پرەنسیپەکانی شۆڕشی ساوای سۆسیالیستداو، لە هەموو چالاکییەکانی حزبدا بەشداری دەکات و، چامەی حەماسیانە لە رێکخراوەکانی لاوان و کرێکاران و جووتیاراندا دەخوێنێتەوە، فەرهەنگی نوێی هونەری خۆی دادەهێنێت و، دروشمەکانی شۆڕش ئاوێتەی شیعرەکانی دەکات کە شیعری رووسی ئەوەی پێشتر بە خۆوە نەبینیبوو، بەوپەڕی توندو تۆڵییەوە بەرگری لی دەکات، پاساوی بۆ ئەوەیش دەهێنایەوە کە پێویستە هونەر لە پێناوی کۆمەڵ و گەلدا بێت، بەپێری پێویستییەکانی قۆناغەکەو پرسە رەواو چارەنووسسازەکانی جەماوەری رەنجدەرانەوە بچێت. بۆیە گۆڕەپانەکانی مۆسکۆ بەو فرەوانیانەی خۆیانەوە جێی ئەویان تێدا نابێتەوەو، بەرەو هەموو لایەکی رووسیاو شارە گەورەکان و کارگەو کێڵگەو هەموو شوێنە نیشتەجێکان پی هەڵدێنێت بۆ ئەوەی چامە شۆڕشگێرییەکانی بخوێنێتەوەو هانی چەسپاندنی پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم بدات، بەوەیشەوە نەوەستا، بەڵکو شانۆنامەو سیناریۆی بۆ سینەما نووسی و، بەخۆی رۆڵی تێدا بینین و، لە هەموو بوارێکدا کاری کرد پێوەندی بەجەماوەری بەرفرەوانەوە هەبێت، تەنانەت دروشمی شۆڕشگێرانەو لافیتەی نووسی و بە دەستی خۆی لە شەقامەکاندا هەڵیواسین.

*****

ساڵی ۱۹۲۲ مایکۆفسکی گەشتی ئەڵمانیاو فەرەنسای کردو، ئاشنای ئەورووپا بوو، چەند جاری دیکە سەری لەو دوو ولاتە دایەوە، هەروەها سەری لە مەکسیک و ئەمەریکا داو لەوێ رایگەیاند :(هاتووم سەرسورمانتان بکەم، نەک سەرم لێتان سوڕ بمێنێت). ئەوە بوو شارستانیەتی رۆژئاوا سەرنجی ئەتۆی رانەکێشا، بەتایبەتی ئەمەریکا، لە یەکێک لە چامەکانیدا دەڵێت:

کۆلۆمبس تۆ گوێدرێژیت
بەڵی، من دەزانم چی دەڵێم
ئەگەر من لە جێی تۆ بووبام
گوێ بگرە بزانە چیم دەکرد:
ئەمەریکام دادەخست
کەمێک پاکم دەکردەوە
دواتر دووبارە دەمکردەوە

لە هەموو ئەو پایتەختانەی کە سەری لی دەدان، مایکۆفسکی چامەکانی دەخوێندەوەو وتاری لەبارەی شۆڕشی ئوکتۆبەرو سۆسیالیستی و وێژەی رووسییەوە دەخوێندەوەو، چاوی بەکەسایەتییە ناودارەکانی بواری وێژە دەکەوت، بۆ نموونە لە پاریس چاوی بە (ئەراگۆن)ی شاعیری فەرەنسا کەوت و، مایکۆفسکی پاریسی خۆش دەویست و بەلای ئەوەوە جێگەیەکی دڵگیر بوو، جارێکیان کە پاریسی بەجێ هێشت گوتی:

ئاواتم ئەوە بوو
لە پاریس بژیابام و
لەوێش بمردبام
ئەگەر زەوییەک بەناوی مۆسکۆوە نەبووایە

هەروەها گوتوویەتی: (پاریس جوانە، دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەرە، پێچەوانەو ئاڵۆزە، بەڵام پاریس هێشتا شادی بەمرۆڤ نەبەخشیوە).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە مایکۆفسکی ساڵی ۱۹۲۸ لە پاریس تانیا یاکۆفلۆڤا دەناسێت کە بەنژاد رووس دەبێت و، یەکدییان خۆش دەوێت و، بەڵێن بەیەکدی دەدەن ببنە هاوسەری یەکدی، ئەگەرچی پێشتر دیارییەکی

لەگەڵ خۆیدا بۆ رووسیا بردبووەوە کە بریتی دەبێت لە (تاوەری ئیڤل) کەچی نیازی ئەوە دەبێت هەموو پاریس لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، مەبەستی (تانیا)ی خۆشەویستی دەبێت کە بە لای ئەوەوە وەک پاریس وا دەبێت، بۆیە دەڵێت:

هەردووکیان بەلای منەوە یەکن
خۆت بەتەنیا
یان لەگەڵ پاریس ـ دا

بەڵام کە بەجێی دەهێڵێت ناتوانێت جارێکی دیکە سەری لی بداتەوەو، تانیای خۆشەویستی چاوەڕێی ناکات و مێرد بە یەکێکی دیکە دەکات، ئەمەیش ئەوەندەی دی ئازاری دەدات. مایکۆفسکی کە لە رۆژئاوا دەگەڕایەوە بڕوای بەناشیرینی سەرمایەداری پتەوتر دەبوو، وڵاتە سۆسیالیستییەکەی پتر خۆش دەویست و، حەماسەتی نوێ دەبووەوە بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی و چاکەو جوانی و دادوەری لە نیشتمانەکەیدا کە بەردەوام خەونی پێوە دەبینی و لە پێناویدا تێدەکۆشا، بەڵام ئای لەو نائومێدییە گەورەیەی کە شاعیر رووبەڕووی ئەوانە بووەوە کە دزەیان کردە ناو حزبەوە، وێڕای هەلپەرستەکان و خۆسەپێنەکان و بیرۆکراتییەکان، ئەوانەی پلەوپایەیان لە دەزگە حزبی و حکومییەکان وەرگرت.

وەک گوتمان مایکۆفسکی تێکۆشاو خەبتی و قوربانی لە پێناوی شۆڕشدا بەخشی دژ بە بۆرژوازی و قەیسەرەکان، کەچی پاش سەرکەوتنی شۆڕش وای لێهات دژ بەهەموو شێوەکانی بیرۆکراتیەت و هەلپەرستی تی بکۆشێت کە دەستی بەتەشەنەکردن کرد لە ڕیزی حزب و دەوڵەتدا. ئەوەبوو هەندێک لە نزیکەکانی لینین، ڕای سەرکردەی شۆڕش سەبارەت بەگرووپی فیووچەرخوازەکانیان بەشێوەیەکی گشتی قۆستەوە، بەتایبەتی لە شیعری (مایکۆفسکی)دا، ئەوانە دەستیان بەهێرشکردنە سەرو بەئاشکرا دژایەتی کردنی مایکۆفسکی کرد. لینین زۆ جار ناخۆشحاڵی خۆی سەبارەت بەشیعری فیووچەرخوازەکان و ئاژاوەو وڕینەکانیان دەردەبڕی. (مایکۆفسکی)یشی بە یەکێک لەوانە لە قەڵەم دەدا، جارێکیان بەئامادەبوونی نووسەری گەورە مەکسیم گۆرکی ڕای خۆی سەبارەت بەشیعری مایکۆفسکی دەربڕی و گوتی : (شیعرێکی تەم و مژاوییە، وشەکانی پەرت و بڵاون، تێگەشتن و دەرک پێ کردنی دژوارە).

گۆرکی برادەری لینین بوو، زۆر جار پێکەوە دادەنیشتن، بۆیە وەڵامی لینین دەداتەوەو دەڵێت: (ئەو بلیمەتە). لینین سەری لە بەرسڤەکەی گۆرکی سوڕ دەمێنێت و پێی دەڵێت: (دەڵێیت ئەو بلیمەتە؟!) ، گۆرکی دەڵێت : (بەڵکو بەهرەیەکی بێ وێنەی هەیە). لینین ورتە ورتێک دەکات: (هم ، هم، هم ، دوایی دەڵێت: دەبینین، دەبینین؟).

تەنانەت لینین بە خۆی سەرزەنشتییەکی توندی لۆناچارسکی کرد کە چۆن ڕێی داوە پێنج هەزار دانە لە چامەکەی مایکۆفسکی (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠ سەدو پەنجا ملیۆن) چاپ بکرێت و بۆی نووسی کە تەنیا ١٥٠٠ دانە بۆ ئەم جۆرە چامە بێ ناوەرۆکە بۆ شێتەکان بەسە، لۆناچارسکی کە ئەو کاتە ـ کۆمیسیاری گەل بۆ کاروباری پەروەردە دەبێت ـ زۆر بەشەرمەوە بەرسڤی (لینین) دەداتەوەو پێی دەڵێت: (ئەم چامەیەم زۆر پێ باش نییە، بەڵام شاعیر بر یووسف بەرز هەڵیسەنگاندووەو، پێشنیازی کردووە بیست هەزار دانەی لێ چاپ بکرێت.

پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە چامەی (سەدو پەنجا ملیۆن) سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا کاتێک شاعیر خوێندییەوە، بەتایبەتی لە لایەن کرێکارانەوە.

مایکۆفسکی چامەی ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ (سەدو پەنجا ملیۆن) بەم شێوەیە دەست پی دەکات:

ناوی ئەم چامەیە ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ مامۆستایە

(٢).
گوللە ڕێتمە
سەروا ـ ئاگرە لەم تەلارەوە بۆ ئەو تەلار
١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ بەزمانی من دەپەیڤن :
کێ لە مانگ دەپرسێت
کێ زۆر لە هەتاو دەکات بەرسڤ بداتەوە :
کێ شەوو ڕۆژ دادەڕێژێت
کێ زەوی بە دانەری بلیمەت ناو دەبات؟
تەواو
وەک چامەکەی من
هێشتە کەس داینەهێناوە.
کە یەک هزری پێیە..
ڕووناک کردنەوەی سبەینێ
ئەم ساڵ
ئەمڕۆ، ئەم ساتانە
لە ژێر زەمین
لەسەر ڕووی زەمین
لە ئاسمان و بڵندایی
چەندین دروشم
کۆبوونەوە سەریان هەڵدا
ریکلام
بۆ هەمووان
بۆ هەمووان
بۆ هەمووان
بۆ هەمووان
ئەوەی زۆرتر ناتوانێت
با بکشێتەوەو
بڕوات
ئیمزا
تۆڵە ـ سەرۆکی دیوان
برسیەتی ـ بەڕێوەبەرێکی کارامە
نێزەیەک ـ
بروانینگ
بۆمبێک
فلان
ئیمزای
چەند سکرتێرێکی ئافرەت

ئەمە سەرەتای چامەی ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ بوو کە بە دڵی (لینین)ی سەرکردەی شۆڕش نەبوو، کە مایکۆفسکی لەو چامەدا سەرواو کێشی تێکشاندبوو، ڕێتمیشی پاراستبوو، بەڵام لینین لە شیعری کلاسیکی ڕاهاتبوو، ئەگەرچی ناوەڕۆکی چامەکە شۆڕشگێرانەیە، بەڵام نوێخوازی وای لێ کردبوو لەو سەردەمەدا لە گوێی (لینین)دا بێزراو بێت، کە شیعری پوشکین و لیرمەنتۆف و ناوداری دیکەی وێژەی ڕووسی خۆش دەویست.

کەچی شاعیر هەمان هەڵویستی بەرانبەر لینین نەنواندو گلەیی لێ نەکردو، ڕکی لە ڕاوبۆچوونەکەی نەبووەوەو، کاتێک لینین ساڵی ١٩٢٤ مرد، مایکۆفسکی چامە ـ داستانیە ـ کەی خۆی (فلادیمێر ئیلیچ لینین)ی نووسی.

ڕەخنەگران ئەو داستانە بەنایابترین شاکاری مایکۆفسکی دادەنێن ئەگەرچی مایکۆفسکی لەسەر حسێبی ناوەڕۆکی سیاسی ئەوەندە گوێی بەلایەنی هونەری چامەکە نەداوە.. بەبڕوای من، هیچ شاعیرێکی دیکە جگە لە مایکۆفسکی بەکەسێکیدا هەڵنەداوە بەخراپی باسی کردبێت، یان ڕای بەرانبەری نیگەتیڤانە بووبێت. ئەمەیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مایکۆفسکی مرۆڤێکی گەورە بووەو کەسایەتی (لینین)ی ـ سەرکردە ـ ی بەدڵ بووە، ئەگەرچی ڕای لینین بەرانبەری نیگەتیڤانە بووە.

شاعیر (لینین)ی بڵند کردووەتەوەو ستایشی کردووەو باسی ڕابوردوو و ئێستاو ئایندەی کردووەو بڕوای وابووە کە لینین حزب و شۆڕش کورت دەکاتەوەو حزب و شۆڕشیش خودی (لینین)ن، لێرەدا ئەم بڕگەیەی بەنموونە دەهێنینەوە:
من دەزانم:

که ڕەخنەگران قامچی ڕەخنەیان بەرز دەکەنەوەو
شاعیرانیش
شێت و هار دەبن:
ئەمە شیعرە؟
پڕوپاگەندەیەکی گاڵتەجارییە
هەستی تێدا نییە
هیچ نییە
دووپات کراوەیە کە وشەی (سەرمایەداری)
جوان نییە
چونکە گۆکردنی (بولبول) جوانترە
بەڵام وێڕای ئەوەیش هەر دەیڵێم
کاتێک پێویستم پێ بێت
ڕێ بە برگەکان بدە
وەک دروشمی شەڕکەر بزرنگێنەوە
من ناوەرۆک پشت گوێ ناخەم
ئێوە ئەوە دەزانن
بەڵام ئێستە کاتی زۆر بلێی نییە
***
سەبارەت ژانی خۆشەویستی
هەموو هێزی گرمێنەری شیعریم
بۆ تۆم تەرخان کردووە
ئەی چینەکەم
(پڕۆلیتاریا)
وا پێدەچێت وشەیەک بێت
بۆ بەکارهێنانی ئەوانە نەشێت
کە لە کۆمۆنیزم دەتۆقن
بەڵام بۆ ئێمەمانان وەک میوزیکی گوی کەڕکەر وایە
کە مردووان بۆ خەبات
بەئاگە دێنێتەوە

مایکۆفسکی، کە شاعیری شۆڕش بوو، هەموو شتێکی خۆی لە پێناودا کردە قوربانی، زۆری پێ ناخۆش بوو خۆی بینی لە لایەن بەرپرسانی حزب و دەوڵەتەوە گەمارۆ دراوەو، زۆریشی پێ ناخۆش بوو کــە هەندێک لە برادەرەکـــانی بینی لەمـــەڕ ئەو سەرپێچییانە بێ دەنگ بوون کە بەرانبەر بەشاعیری شۆڕش ئەنجام دەدرا.

لە لایەکەوە وەک شاعیرو شۆڕشگێڕو کۆمۆنیست و مـرۆڤ، نەیتـوانی لەگـەڵ هەلپـەرسـتـان و ئەو کـەسـانەدا هەڵ بکات کـە سـوودی خـودی خـۆیان دەویست، بۆیە شانۆگەرییە ڕەخنەگرییە توندەکانی خۆی و، ئەو چامانەی نووسی کە ئەو بیرۆکراتییانە ڕیسـوا دەکەن، ئەوانەی ڕۆتینی کوشندەیان تەشـەنە پێ کـرد کـە ئەقڵ و بیـرکـردنەوە ئیـفلیج دەکـات، ئەوەبوو چامەی (شـێـتی کـۆبوونەوەکـان)ی نووسی، جێی ئاماژەیە کە لینین ستایشی ئەم چامەیەی کردو جێی سەرنجی بوو، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی ڕیسـوا کـرد کـە لە کـۆبوونەوەیەک دەهاتنە دەرەوەو دەچوونە کـۆبـوونەوەیەکی دیکە، بۆیە کـە هاووڵاتـیــەک کارێکی بە دەزگەیەکی فەرمی بووایە لە بەیانییەوە دەهات تا خـۆرئاوا دەبوو یەک بەرپرسی لەو دەزگەیە نەدەبینی یان یەک هەڤـاڵی نەدەبینی بەزمـانی ئەو سەردەمە. لە کوێیە؟ لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیرییە، لە کـــۆبوونەوەیەکی لاوانە، لە کـــۆبوونەوەیەکی بەرهەمهێنانە، لە کۆبوونەوەیە... تا دوایی.

ئەوەبوو مـایکۆفسکی و لینین زۆریان حەز بەزۆر کـۆبوونەوەو کـات بەفـیـڕۆدان و قـسـەی پووچی بێ هوودە نەبوو، لە کاتێکدا بە دەیان هەزار کرێکار لە پشـتـی ئامـێـرەکـایانەوەن و سـەرقـاڵـی کـارن، دواتر چامـە زۆر جـوانـەکـەی (ڕیسـوایی کـاغـەزەکـان)ی نووسی کە تێیـدا ڕۆتینی ناڵەبارو بیـرۆکـراتیـیـەت ڕیسـوا دەکـات، ئەو چامـەیەی لەمـەڕ ناسنامـەی سۆڤیەتییەوە دەست پێ دەکات:

(ئەگەر گورگ بوومایە
بیرۆکراتییەم دەجوو).

بەڵام بیـرۆکـراتیـیـەکـان خـۆیان لە بۆسـە بۆ دانابووەوەو، گـەمـارۆیان لەسـەر توندتر کـردو، ڕەخنەگرە ئاست نزمەکانیش گاڵتەیان بەشیعرەکانی

دەکــردو بەئاشکرا هێــرشــیــان دەکــردە ســەر، مامـۆستایانی زانکۆو ئامۆژگەکانیش بەشدارییان لەگــەڵدا کــردن و داوایان کــرد شــیــعــری رووسی لەرێپرەوەی باوی خـۆی نەبرێتــە دەرەوە، لەگــەڵ هەر هێرشێکی نوێشدا جەماوەریەتی مایکۆفسکی پتر پەرەی دەســتـــاندو، وێرای ئەو هەڵـمــەتە هارو رێکخراوانەی دەکرایە سەر ئەم شاعیرەی کە شۆڕشی دژ بەشــێـوەو ناوەرۆک نەک تەنانەت لە شــیــعــردا دەست پێ کـردبوو، بەڵکو دژ بەهەمـوو ڕواڵەتەکانی گەندەڵی لە دەزگەکانی دەوڵەت و ریزی حزبدا، کە بە رای ئەو بەناوی چینی کـرێکارەوە خـیـانـەتی لە چینی کرێکار دەکـرد. بەرەخنەی توندو گـاڵتــە پێ کردنی تاڵ و تۆمەتبارکردنی شاعیر بەتۆمەتی بێ ڕێ و شوێنەوە ڕانەوەستان، بەڵکو کتێبەکانیان لە کـتـێـبـخـانەکـان وەرگرتەوەو، چاپکردنی بەرهەمە نوێیەکانیشیان رەت کردەوە.

بەو شـێوەیە شـاعـیـر لە هەمـوو لایەکەوە گـەمارۆ درا، هەوڵـی دا سـەری خـۆی هەڵبگرێت و بچـێـتــە پاریس، کە خۆشەویستەکەی تانیا لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام چەندین جـار رێـیــان پێ نەدا بچـێــتــە دەرەوە، کـاتێـک تانیـا بەوەی زانی، مـێـردی بەئیل فـیـسـکۆنت دۆبلی کـرد، ئەوەیش ژان و ئازارەکـانی زۆرتر کـرد، یەکـەم ری پێ نەدانی بۆ چوونە دەرەوە، دووەمیش لەدەستـدانی خۆشـەویسـتەکەی، ئەوەیش نائومـێـدی و هەرەسـهـێنانی خـێـراتر کـرد، پـتـر گـەمـارۆیان داو، چاودێری زۆرتریان خـسـتـە سـەرو، هەسـتی کـرد لە هەمـوو لایەکـەوە چواردەوری دراوە. هیچ دەروازەیەکی لەبەردەمـدا نەمـایەوە، وەک چۆن لە دوایەمین نامـەی خـۆیدا کـە وەک وەسـیــەتنامــە وایە، ئەوە بوو لە ١٤ی نیــســـــانی ١٩٣٠دا بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەو رۆژە رەشـەدا، تەرمـەکـەی و دوا نامـەکـەیان دۆزییـــەوە، بەو دەســتــەی کـە دەیان هەزار چامـەو شـانۆگـەری و سـینـاریۆی نووسـیــبـوون، ئەم دێرانە نوسیـبـوو، بێ ئەوە دەستی بلەرزێت، دوای ئەوە بەو دەمـانچـەی هەیبـوو تەقـە لە خـۆی دەکـات و خـۆی دەکوژێت:

بۆ هەمووان

کەس بەکوشتنم تاوانبار مەکەن. تکایە واز لە دوو ڕوویی و لە پشــتــە ملە باسکردن بهـێـنن. مـردوو هەرگــیـــز حــەزی لەوە نەکــردووە. دایە، هەردوو خوشکەکـەم : ببوورن، ئەمـە رێگە نییـە. (کـەس ئامـــۆژگـــاری ناکـــەم وا بکات)، بەڵام، هیچ دەروازەیەک لەبەردەم خۆمدا نابینم.

ـ لەیلا.. خۆشم بوێ.

ـ هاوڕێ حکوومییـەکـەم ـ خـێزانەکەم بریتین لە: لەیلا بریک، دایکم و هەردوو خـــوشکەکـــەم و، فیرۆنکا بۆلۆنسکایا.

ئەگــەر ژیانێـکی پەســـەندت بۆ دابین کـــردن ـ سوپاست دەکەم.

وەک دەڵێن

کۆتایی بەشتەکە هات و

گەمی ئەوین

لەسەر تاوێری ژیان تێکشکا

کە حسێبی خۆمم لەگەڵدا پاک کردبووەوە

پێویست بە غەمباری ناکات

لەبارەی ژانی هاوبەش و

کارەسات و خەفەتەکانەوە

بەمانەوەتان

هیوای ژیانێکی بەختەوەرتان بۆ دەخوازم

فلادیمێر مایکۆفسکی

*****

نەک هەر مۆسکۆ، بەڵکو سەرتاسەری نیشتمانی سۆڤیەت بە بیستنی ئەو هەواڵە تووشی شۆک هات، وەک چۆن ئەو رۆژە تووشی شـۆک هاتن کە پوشکین و لیرمەنتۆڤ کوژران، لەوانەیش تووشی شۆک هات و پێشبینی ئەوەی نەدەکرد هۆلۆ ناچارسکی کە دانی بەوەدا نا بەرانبەر بەشاعیری گەورەی کۆچکردووی

برادەری کەمتەرخەمی نواندووەو گاڵتەی پێ کردووە. هۆڵۆ ناچارسکی لە پرسەی شاعیردا ڕۆژی ١٧ی نیسانی ساڵی ١٩٣٠ کاتێک هەموو مۆسکۆ بۆ بەرێ کردنی تەرمی شاعیر ڕژایە یانەی نووسەرانەوە گوتی: (هەر کەسێک بۆ یەکەمین جار هەواڵی مردنی مایکۆفسکی بەر گوێ کەوتبێت، نەیتوانیوە بڕوا بکات. مایکۆفسکی بەر لە هەموو شتێک، بەشێکی ژیانی توند هەڵایساو بوو، لەوەیش پتر بووە بەشێک لە ژیانی هەڵایساو چونکە دەنگی بڵندی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بوو. مایکۆفسکی وای لێهاتبوو بەناوی ملیۆنانەوە، سەبارەت چارەنووسی ملیۆنان، لەگەڵ ملیۆناندا دەئاخڤی، ئەوەتە ئەوە (مایکۆفسکی)یە کۆچی دوایی کرد.

بەڵام مایکۆفسکی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ڕێک و پێک بوو. مایکۆفسکی مژدەبەری شۆڕش، شکستی نەخواردووە. هیچ کەسێک، نەیتوانیوە لە هیچ کاتێکدا، هیچ دەستێکی لێ بووەشێنێت، ئەوەتە لە بەردەمماندایەو، هەر بەو مەزنییەی خۆی دەمێنێتەوە).

لە یەکەمین ساڵیادی کۆچکردنی شاعیر لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٣١دا لۆناچارسکی گوتی:/ هیچ کامێکمان نەدەگەیشتینە تێگشتنەکەی مارکس کە دەڵێت : (شاعیران پێویستییەکی زۆریان بەسۆز هەیە). هەموومان لەو نەگەیشتبووین، کە مایکۆفسکی پێویستی بەسۆزی زۆرتر هەیە، پێویستی بە وشەیەکی سۆزداری گەرم و گوڕ لە ناخی دڵەوە هەڵقولابێت/، بەڵام پەشیمانی چ سوودێکی هەیە؟ کارەساتی شاعیری گەورە ئا لێرەدایە، هەروەها کارەساتی زۆر لە شاعیرە زیندووەکان و مردووەکانیش، ئەوانەی وەک پێویستە ڕێزیان لی نەنراوەو، وەک داهێنەر ساکارترین مافی خۆیان وەرنەگرتووەو، قسەی شیرینیان لەگەڵ نەکراوە، دوای مردنیان نەبێت، (مایکۆفسکی)ش یەکێکە لەو شاعیرانە.

لۆناچارسکی پەشیمانی کێشاو دانی بەکەمتەرخەمی خۆیدا نا، بڕوا وایە کە مایکۆفسکی لە دوایەمین نامەکەیدا ڕووی قسەی لە (لۆناچارسکی)یە کە دەڵێت: (هاوڕێ حکوومییەکەم) جارێکی دیکەیش پەشیمانی چ سوودێکی هەیە؟ پاساو هێنانەوە چ سوودی هەیە؟

ڕاستە پەیکەری مایکۆفسکی بەرزو بڵندو سەرکەشانە لە مۆسکۆ دەبینرێت. هەروەها لە گوندی (بەگدادی) کە بەناوی ئەوەوە کراوە، ڕاستە پلەو پایەی شاعیرو شۆڕشگێڕو یاخیگەر بۆ مایکۆفسکی گێڕرایەوەو ڕاستە دەیان و دەیان جاری دیکە کتێبەکانی مایکۆفسکی بەملیۆنان دانە چاپ کران و چاپ کرانەوەو، مۆزەخانەیەک بەناوی وی کرایەوەو زۆر شتی لەسەر نووسراو بوو بەقیبلەگەی توێژەرو لێکۆڵەران و تێزی ماجستێرو دکتۆرایش، بەڵام ڕاستیش ئەوەیە کە زوڵمێکی زۆر لە مایکۆفسکی کراو کۆچی دوایی کرد، یان بەزۆرو پێش وەخت کۆچی پێکرا.

(؟) شاعیر مەبەستی لە وشەی (مامۆستا) - مامۆستای قوتابخانە نییە، بەڵکو مامۆستای پیشە - واتە پیشەکارێکی وەستا، یان کرێکارێکی بەتوانایە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الاداب الاجنبية )، کۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی عەرەب - دیمەشق - ژمارە (١٣٤)ی بەهاری ، ٢٠٠٨ ن: مالک مەنسوور .

# ڤەکۆلینەک ل سەر ناڤەرۆکا هەلبەستێن مەم و زینا ئەحمەدێ خانی
## ٢ - ٣

سائیب محەمەد

خانی هەلبەستانڤێ کوردانە یێ نەتەوی، خانی د سالا ١٦٥٠ دە ل دەڤەرا هەکاری هاتیە دنێ، د سالا ١٧٠٧ ل بازیدە مرییە.

بەری خانی هۆزانێن وەک عەلی حەریری، مەلایێ جزیری، فەقیێ تەیران ب دیالێکتا کورمانجی بەرهەمێن هێژا ئافراندبوون، خانی نەکەسێ یەکەمینە کۆ ب کوردی هەلبەست نڤیساندنە، لێ جوداهی دناڤبەرا وی و هەلبەستڤانێن بەری خوە ئەوە کۆ وی دۆزا ئازادیا گەلێ کورد وەک مژارا سەرەکە دایە بەر خوە.

بەرهەمێن وی یا سازکێش مەم و زین وەک سەرتاجا تۆرەیا کورمانجی یا کلاسیکی تێ بەژراندن. ئەو ژ بۆ گەلێ کورد بوویە جاڤکانیەکە نەتەوی یا گرانبها. خانی ژ بۆ ئافراندنا ناسناما نەتەوی، ژ بۆ بلندکرنا ئالا یەکەتی و ئازادیا کوردان ئەڤ بەرهەم نڤیساندییە هەر چەند ئەو داستانا چیرۆکەکە ئەڤینییە، هۆزاڤانێ مەزن خوەستییە ب ریا وێ چیرۆکێ فکر و رامانێن خوە، داخوازو پێشنیازێن خوە پێشکێشی گەلێ خوە بکە.

ژ بلی مەم و زین دوو بەرهەمێن وی یێن دن ژی هەنە (نوو بەهارا بچووکان) و (عەقیدا ئیمانێ) وەک تێ زانین (نووبار) فەرهەنگۆکا کورمانجی یا پێشینە، وی ژ بۆ زارۆکان نڤیساندبوو.

**ئەز مامە د حیکمەتا خۆدێ دا**
**کورمانج د دەولەتا دنێ دا**
**ئایا ب چ وەجهـ مانە مەحرووم**
**بلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم**
**کورمانج نە پڕ د بێ کەمالن**
**ئەما د یەتیم و بێ مەجالن**
**فیلجوملە نە جاهل و نەزانن**
**بەلکی د سەفیل و بێ خودانن**
**گەردێ هەبوویا مەژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک لەتیفە دانەک**

خانی د دەمەکە وەها دە رابوویە کۆ بەریا نهۆ ب سێ سەدو نەهـ سالان د هەیامەکە وەلێ دە، ئەحمەدێ خانی بیرا گەلێ خوە، بیرا کوردایەتیا خوە بڕیبوو و ژ کوردان رە گۆتبوو هوون بەری هەر تشتی کوردن، رابن سەر خوە، دەولەتەکا کورد چێکن و بندەستیا ملەتێن دن دەرکەڤن.

خانێ ژ دەڤەرا هەکاریانە و ژ عەشیرا خانیانە. ب خوە هاتیە بایەزیدێ، د تاریخا هەزارێ دا روونشتیە. د زارێ کورمانجی دە مەم و زین ناڤ کتێبەکە ئاشق و مەعشوقان گۆتیە و گەلەک غەزەلیات و هەلبەست و مالک ب زارێ کورمانجێ گۆتیە. د زمانێ عەرەبی، فارسی و تورکی دا پڕ ژیرو زانایە و خودان عیرفانە بەلکی ژ هەموو هەلبەستڤانان ژی زاناترە و د هەزارو شێست و سیاندا ژی ئانژیان بوویە و دناڤ بایەزیدێ دا، مزگەفتەک ژی ب ناڤێ خوە ئاڤا کریە و ب خوە ژی ل کەنارێ مزگەفتێ دا بنێاخە. خانی هەروەکی ب خوە دبێژە د سالا هەزارو شێست و یەکێ کوچیدا هاتیە ژیانێ:

* سالا تەمامکرنا نڤیساندنا مەم و زین، ١٦٩٤/٨/٢٢

* سالا مرنا ئەحمەدێ خانی ١٧٠٦/٤/١٤ ز

**لەورا کۆ دەما ژ غەیبێ فەک بوو**  
**تاریخ هەزارو شێست و یەک بوو**  
**ئیسال گەهشتە چل و چاران**  
**ئەڤ پێشڕەوێ گونەهکاران**

هەروەک مە گۆت خانی بژلی مەم و زینێ هن بەرهەمێن دن هەنە. نووبهار، فەرهەنگەک مەم و زینە کوردی- عەرەبی خانی ژ بۆ نووبهارێ دبێژە:

**پاش حەمدو سەلاواتان**  
**ئەڤ چەند کەلیمە ژ لخەتان**  
**ڤێک ئێخستنە ئەحمەدێ خانی**  
**ناڤ لێ نووبهارا. بچووکان دانی**  
**نە ژ بۆ ساحب رەواجان**  
**بەلکی ژ بۆ بچووکێ د کورمانجان**

**عەقیدا ئیمانێ:**

**سفاتێ د سبحێ ژ بۆ زولجەلال**  
**بزان هەفتن ئەی عارفێ پڕ کەمال**  
**خوەشی، شین، زانین، ڤێن و کەمال**  
**بهیستن دگەل دیتبوو تەمام**

خانی ل بایەزیدێ د بستانەک ژی دانیبوو و تێدە دەرسا زارۆکان ب کورمانجی دگۆت. د پەی مرنا وی رە شاگرتێ وی سماین بیست سالێن دن ل وێ دبستانێ گوهداربوو و دەرسێن کورمانجی تێدە گۆتن.

مەم و زین ژ بۆ ئەحمەدێ خانی رەمزێن کوردستانێ، رێزکێن وەلاتێ وی نە. خانی دبینە کۆ ئەو رێزک وندا دبن، کورمانج ب زمانێ دن دخوینن و دنڤیسین، ب رێزکێن مللەتێن دن ڤە دچن، بەلگێن خوە ئێن نژادین ژ خوە تاڤێژن، دکەڤن رەنگێن مللەتێن درو ب ڤی ئاوایی و ب رێڤا بندەستیا وان دکن سەیدا دبێژە:

**سازی دلی کۆ ب زیرو بەم بت**  
**سازەندەیێ عیشق زین و مەم بت**  
**شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە**  
**زین و مەمی بکم بەهانە**  
**نەغمێ وە ل پەردەیێ دەربینم**  
**زین و مەمی ژ نوو ڤە ژینم**  
**دەرمان بکم ئەز ئەوان دەواکم**  
**وان بێ مەدەدان ژ نووڤە راکم**  
**مەشهوور بکم ب تەرز و ئسلوب**  
**ممتاز بکم محب و مەحبوب**  
**ئەو رەنگ بکم ژ نوو سەرەفراز**  
**دابێنە تەماشەیی نە زەر باز**  
**دلبەر ل مەمی بکت گرینێ**  
**عاشق بکەنن ب دەردێ زینێ**

**ئەڤ میوە ئەگەر خرابە گەر قەنج**
**کێشایە دگەل وێ مە دوو سەد ڕەبج**
**ئەڤ میوەیە ئەگەر نە ناڤدارە**
**کورمانجییە، ئەو قەدەر ل کارە**
**ئەڤ تفلە ئەگەر نە نازەنینە**
**نووبارە ب مە قەوی شرینە**
**ئەڤ میوە ئەگەر نەپڕ لەزیزە**
**ئەڤ تفلە ب مە قەوی عەزیزە**
**مەحبوب و لباس و گوشوارە**
**ملکێد منن نە مستەعارە**
**ئەز پێلەوەرم نە گەوهەریمە**
**خود ڕەستەمە ئەز نە پەروەریمە**
**کورمانجم و کوهی و کەناری**
**ئەڤ چەند خەبەرێد کوردەواری**

ئەحمەدێ خانی بەری ٣١١ سالان ژیانا ئێرۆیین ژییە و زانییە کۆ کورد قەت و قەت لەڤە ناکن هەرتم ژەڤ بژڤینە و نە ل سەر هەڤن. هەریەک دبێژە ئەز و نەکەس، ئانگۆ نەخوەشیا ئەزۆکیا قرێژ و قینە کەتیە خۆینا ئەز – ئەزۆکیان؟؟؟؟ ژ بەرێ و پێشدە، باڤ و کالێن مە وەها دبێژن «گەر ئەز بێژم ئەزو تو بێژی ئەز گورێ تێکەڤە ناڤا پەزی)!!!؟؟؟

ئەگەر گور (گورگ) کەتە ناڤا پەزی ژی خوینەرنۆ وین دزانن ئەوێ چ ب سەری وی پەزی بینە وەک چاوا ل دێرسیم، پالا گێنجۆ، ماهاباد و زیلان لەورا خانی وەها دقیرە:

**لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن**
**دایم ب تەمردو شیقاقن**
**گەردێ هەبوویا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئنقایدەک**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مەعیلم و حیکمەت**
**رۆم و عەرەب و عەجەم فەرمان**

**مەشهورە ب ناڤێ میرێ بۆتان**
**بەختێ مە ژ بۆ مەرابیێن یار**
**جارەک ببێنن ژ خوە هشیار**
**رابیت ژ مە ژی جیهان پەناهەک**
**پەیدا ببێنن مە پادشاهەک**
**گەردێ هەبوویا مە سەرفرازەک**
**ساحب کەرەمە سوخەن نەوازەک**
**گەردێ هەبیا مە پادشاهەک**
**لایق ببیا خودی کەلاهەک**
**ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا**
**کورمانج د دەولەتا دنێ دا**
**ئایا ب چ وەجە مانە مەحروم**
**بلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکوم**
**هەر میرەکێ وان ب بەزلێ حاتم**
**هەر میرەکێ وان ب ڕەزمێ روستەم**

یانێ هەر مێرەکێ کورد ب گەرناسی، جیوانی، جا مێری و ئوجۆمەردیا خوە وەک حاتمە، حاتم مرۆڤەکی عەرەب بوو، ئاریکاریا بەلەنگازان دکر. هەر مێرخاسەکی کوردان ژی پەهلەوان و قەهرەمانە.

لێ گەلەکی مخابن! د دەما کو خانی ئێشا بندەستیا گەل دکێشاند گەل گوه نەدا ئاخافتن و گۆتنێن وی. تەنێ وەکە هۆزانڤانەکی، یانژی دەنگبێژەکی لێ دنێرین و ئەو دنەرخاندن. نە دزانن کو ژ ئازادیێ رە، رۆژەکە سەرفرازە دبێژە. رزگارکرنا کوردستانێ (خانی رە دەرد و کولەکە گران بوویە. د لێ وی دە کوردستان وەک گولەکە گەش بوویە، هەر دەمێ ل سەر دنالی و کەسەرێن کوور دکشاندن. د دەمەکە وسا دە، کو ب هەموو رەنگی وەلات دهات داگیرکرن، بلندکرنا ناڤێ کورد و کوردستان ژ ئالیێ خانی ڤە، کارەکی گەلەکی مەزنبوو. گاڤا کو ئەم قالا کوردپەروەریێ خانی دکن، ب تایبەتی ئەم وێ نیشتمان پەروەریێ ب

وێ دەمێ ڤە گرێدن و دنەرخینن. ئەحمەدێ خانی د مەم و زینێ دە، دیلی و بندەستیا گەلێ کورد وەک وێنەیەکێ روونی کریە.

خانی دخوازە بێژە کو سەفەوی و ئۆسمانیان ب قاس کو پەڤرە دکرن شەرو جەنگ کورد دناڤا شەرێن وان دە، دمرن و دهاتن کوشتن:

**ئەڤ قەلزمی رۆم و بەحری تاجیک**
**هندی کو دکن خروج و تەحریک**
**کورمانج دبن ب خوین مولەتەخ**
**وان ژێک ڤە دکن مسالێ بەرزەخ**
**جا مێری و هیمەت و سەخاوەت**
**مێرینی و غیرەت و جەلادەت**
**هندی ژ شەجاعەتێ غەیورن**
**ئەو چەند ژ منەتێ نەفورن**

خانیێ نەمر و زانا وەک هەموو کوردو گەلێن کو کەتبوون بن زۆرداریێ هەست ب ژان و ئازارێ ملەتێ خوەکریە

خانی ب ناڤێ خودێ ئان پەسەنا وی دەست ب نڤیسا خوە دکر،

**ئەی شوکرێ تە جەوهەرا زەبانی**
**وەی زکرێ تە سیقلا جەنانی**
**ئەی واحدێ بێ شەریکێ یەکتا**
**وەی واجدێ بێ نەزیرو هەمتا**
**ئەی باقیێ بێ زەوالێ دایم**
**وەی هادیێ بێ فەنایێ قائیم**
**ئەی خالقێ ئەرد و ئەسمانان**
**وەی خالق جوملە ئێنس و جنان**
**مولک، مەلەک و فەلەک ب جارەک**
**بلجوملە تە چێکرن تەبارەک**
**سوبحانەک کولەما فەلەقەت**
**ئەحسەنتە فەکەیفە ما خەلەقەت**
**بێ حوسنێ تە نینە وان وجودەک**
**بێ نورێ تە نینە وان نوموودەک**

**سۆرگول تە کر ژ خار پەیدا**
**بلبل تە کرن هەزار شەیدا**
**رۆناهی تەدا سەر شەمالان**
**پەروان کرن ب شەوقی تالان**
**تۆتی ب خوا ما شەکر درێژن**
**هەرچی د بهیسن وێ دبێژن**

دڤان مالکێن ژێرین دە، ئەم دبینن کو خانیێ موسلمان خوە ددە ئالیێ ئبلیسێ کو لمێژ ژ ئادەم رە نەکرو فەرمانا خودێ نەبهیست.

خانی چاڤێن مە لێ ڤەدکە، چاوا کو خودێ ئەو ژ رۆنیێ چێکرو ئادەم ژی ژ ئاڤ و کیلێ چێکرو ئەو دێ لمێژێ ژ ئادەم رە بکە.

یادن ب خوە گۆتی دڤێت تەنێ و بن ل من رە لمێژیێ بکن چاوا دبێژە مەلەیکەتان نمێژێ ژ ئادەم رە بکن، خانی دخوازە ڤێ ناکۆکیێ زەلال بکەو بینە زمان، و بەرسڤێ دهێلە ژ خوینەران رە.

لێ ب بیرو باوەریا من خانی ئەڤ مالکێن ژێرین نە ژ بۆ ئبلیسێ راست نڤیساندنە، ئەوی زانیاری ژ مە کوردان رە نڤیسینە.

وەک چاوا کو مرۆڤەکی کورد د سازیەکێ دە کار بکە، خەباتێ ب شەڤ و رۆژان بکە، پشتی دەمەکێ ژ خەباتا وی مرۆڤی ژ بەر سەدەمنە جورەجوو ئەو نەچار بمینە کو کاری بەردە و هنەک دن رابن کاری وی بکن.

**ئبلیسێ، فەقیرێ بێ جنایەت**
**هندی تە هەبوو گەل عینایەت**
**هەر رۆژ دکر هەزار تاعەت**
**لەورا کۆ تە داوی ئیستیتاعەت**
**وی سەجدە نەبر ل پێشێ ئەخیار**
**قەهرا تەکرە موخەللدە نار**
**ئەلقسە ژ حیکمەتا تە ئاگاه**
**فەردەک مە نەدی تەبارەکە لاه**
**زانان تەلەبی خودان ئیدراک**

**دەرهەقێ تە گوت ما عەرفناک**
**خانی ب نەزانیا خوە دە حەق**
**گۆ مراهی ببێت نە دووڕە ئەلەمەق**

**ڤێرین، گلی، گازی و کەلا دلێ خانی:**

ئەحمەدێ خانی ب دلەکی سەوتی و چاڤێن تژی هستێر و گری هاوار دکە و وەها قرینیا خوە ب زمانەکی هەلبەستانە داخڤە هەروەها خانی حال و رەوشا ملەتێ خوە دانیە بەر چاڤێن خوە و پاشماینا کوردا ب نرینەکە کۆنەڤانی دنەرخینە و وێ رەوشێ دکە ئەرک و ستباریا ئاغا و بەگان وەک سەرۆک و رێبەرێن ناها و لاڤێژان ژ خوە دوەشینە. خانی ب خوە شۆرەشەک بوو، ئانگۆ نە شۆرەشڤان ئان شۆرەشگێر نا ئەو بخوە شۆرەش و جەنگبوو.

ئالا سەرفرازیێ و سەربخوا بوونێ بلندکربوو و دگۆت ئەم ژی ملەتەکین خودان ئاخ، زمان، دیرۆک و نەتەوەکین، ڤێچا دڤێت کو ئەم ژی خودان دەولەت بن.

لێ پری جاران ژی ل تێلا تەمبورا نەلهەڤکرنێ ژی ددە تاکو کوردان شیار بکە لێ ئەو تم بێ پێکئانینا وێ هێڤیێ مابوو تا رۆژا کو چاڤ دامراندن و ژ ناڤا کوردان بارکر.

لێ مخابن و ببۆرینێن خوینەرنۆ هین ئەم لەڤ ناکن. ئەم هەمی گۆتنێن خانی، تاکو وان ئەم بکن یەک.

هەروەها خانی نەدخوەست زێدە ب سەر کوردان دە بباسە جاران دبێژە کو خودێ ئەم وسا دانە لێ چرا خودێۆ تو ل مە وەها دکی!؟

**تەکمیل دکر مەدین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مەعیلم و حیکمەت**
**رۆم، عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەرە دکر غولامی**

هەروەها خانی ل سەر زمانێ زینا چەلەنگ داخڤە، دقیرە و دبێژە کو فەلەک و ئاسۆ هەرتم ب مە کوردان رە خاین و خنزە، داخڤە خودێ و دبێژیێ تە دەورەک ژ مەرە نەکر سەرفرازەک ئان ئازادیەک، لایق تە سەر بەستیەک ژ بۆ گەلێ منێ ژارو پەریشان گاڤا دبێژە:

**دەورەک تە نەکر دەمەک ژ بۆ من**
**پڕ دیتە مەمک ژ بۆ من**

خانی ل سە ئەزەزیا سەرکێشان ژی دنالە، وا ئەزکۆیا قریژ گەنی و پیس گاڤا کۆ دبێ:

**بلندیێ ژ خوە را دخوازێت**
**سوفلیێ ژ مەرە نیهان دخوازێت**

نها ئەمێ پێکڤە ڤان مالکێن ژێرین بخوینێن:

**مەهر فەلەکێ ژ ئەزەل عەدیمە**
**کینا فەلەکێ ئەبەد قەدیمە**
**وەرچی وە گۆ ژ ئەردێ راکەت**
**ئەلبەتە ئەوی د ئەردێ داکەت**
**بلندیێ ژ خوە را دخوازێت**
**سوفلیێ ژ مەرە نیهان دخوازیت**
**نابینی کۆ هەر رۆژ ئاڤتابی**
**داڤێتە مغارەتا تو رابی**
**خاسما کۆ دگەل قەبیلی ئاشق**
**هەم خایین، خار وهەم مونافق**
**ئەلبەتە دلێ عاشقی بازان**
**ئەول دبێنن ب خەنج و نازان**
**ئاخر دکێنن مەلوول و مەیئووس**
**مەمێ زەلیلی مەحبووس**
**داڤێتە مەحبەسێ بێ ناکام**
**دانینە مەرقەدێ بێ سەر ئەنجام**
**هەر لە حزە دگۆ چەرخی دەوار**
**ئەی زالمێ بێ ئەمان و خوینخوار**
**من قەسەد و غەرەد دگەل تە نینە**
**ئایە تە دگەل من ئەڤ چ کینە؟**
**دەورەک تە نەکر دەمەک ژ بۆ من**

پر دیت تە مەمک ژ بۆ من
نۆرەک د روێ من کرتە پەیدا
سۆهنن ل مەمێ تە بێ سەودا
ئەو تە وەها ل من عەیان کر
پاشێ تە چرا ل من هندا کر
سۆهنن تە ئەم ب ئاگرێ فیراقێ
کوشتن ئەم ب دەردێ ئشتیاقێ

**گویانا نەتەوی ل نک خانی:**

خانی ل سەر دەستانا مەم و زینێ رادوەستە و دخوازە ب خوە وێ بنەرخینێ لێ یا راست ئەو نە داستانێ دنرخینە ئەو دخوازە بێژە کو وی ب کورمانجی نڤیسییە و وێ دەمێ دکاری کو ب فارسی، عەرەبی و ترکی بنڤیسساندا لێ کوردی ڤەبژارت.

ساقی شەمراند فۆخوارێ دوردی
مانەندی دورێ لیسانێ کوردی
دا خەلک نە بێژی کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بنیاد

تاکو زمانێ کوری ژی دەرخە هۆلێ و دبێژە بلا وی پیس نە نرخینە:

ساقی تو ژ بۆ خودێ کەرەمکە
یەک جورعەیێ مەیێ دجام جەمکە
دا جام ب مەیێ جیهان نومابێت
هەرچی مە ئیرادەیە خویا بێت
دا کەشف ببە ل بەرمە ئەحوال
کانی دبێنن مویە سەر ئیقبال
قەت مومکنە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
تالع ببنن ژ بۆ مە کەوکەب
رابیت ژ مەژی جیهان پەناهەک
پەیدا ببینن مەژی پادشاهەک
گەردێ هەبوویا مە سەرفرازەک
ساحب کەرەمەک سوخەن نەوازەک
گەردێ هەبیا مە پادیشاهەک
لایق بدیا خودێ کەلاهەک
تەعین ببویا ژ بۆ وی تەختەک
زاهیر ڤەدبوو ژ بۆ مە بەختەک
حاسل ببویا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتە دبوو مە ژی رەواجەک
ئەما ژ ئەزەل دا خودێ وساکر
ئەڤ رۆم و عەجەم ل سەرمە راکر
پرسی ژ دنێ من ئەڤ ب حیکمەت
مەهرا تەچیە گۆتە من کۆهیمەت
ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایە ب چ وەجهـ مانە مەحروم
بلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکوم
لەو پێکەڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم ب تەمەرود و شقاقن
گەردێ هەبوویا مە ئتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئنقیادەک

ژ بەر کو ب کوردی هاتیە نڤیساندن. نا بلا وێ ب و دواتەییێن وێ دە، بنرخینن. ئانگۆ بلا رەخنەگر ژێ رەنە تخوم پەرەست ئان نەژاد پەرست بن.

ئەڤ نامە گەر خراب گەر قەنج
کێشایە دگەل وێ مە دووسەد رەنج
نۆبارەیە تیفلە نۆرەسیدە
هەر چەند نەهین قەوی گەزیدە
نۆرەستێ گولستانیێ فوئادە
بێ گونەح، نازلێ و خانە دانە
نۆبارە ئەگەر شیرین گەر تالە
خۆشە ژ رەنگێ ئەتفالا یە
من هێڤی هەیە ژ ئەهلێ حالان
تەقبیح نەکن ئەڤان تفالان
ئەو مەیوە ئەگەر نەشیرینە
کرمانجیە ئەو قەدەر ل کارە

**ئەڤ تفله ئەگەر نە نازەنینە**
**نۆبارە ب مىن قەوى شیرینە**

خـانی خـواسـتـبـوو ڤێ چیـرۆكێ ب زمـانێ كورمانجێ بنڤیسە و سەدەما وێ ژێ ئانگۆ بەرسڤا پرسا چرا وی خواستبوو ژی د هەلبەستێن ژێرین دە، دیارن، دڤـردە ئەم گویانا نەتەوی ل نک خـانی دبینن، وی دکـاری ب زمـانێ توركی، فـارسی یان بزمـانێ عـەرەبی ئەڤ داسـتـانا بنڤیـسـاندا لێ وی زمانێ خوه یێ زكماكی دا پێشیا هەموو زمانان دانی.

لەورا ژی ئەو كـورد پەروەرەكی زۆر هێـژایە. ئوو شەرڤانەكی بێ راوەسـتـانە ژ بۆ پێشـخسـتنا زمانێ كوردی، هەروەها ئەو دبێژە كو كورمانج نەجاهل و نەزانن لێ بێكەس و بێ خودانن.

**فیلجو مله نه جاهل و نـەزانـن**
**بەلكى دسەفیل و بىٚ خودانن**

خـــانی دزانە كــــو گـــەلێن دەر دۆرا ژ وێژەیا كـــــورمـــــانجی گـــــەلەک تشت دزانی لەو را ژی هەلبەستڤانێن پێشی خوه تینە زمێن و بیرئانینا تا پێ پچەسپینە كو كورمانجان ژ بەرێ دە هەلبەست نڤیسینە و خودان تۆرەنە..

**ب ناڤێ رحا مەلێ جزیرى**
**پێ حەی بكرا عەلى حەریرى**
**كەیفەک وە بدا فەقیێ تەیران**
**تا ب ئەبەد بمایە حەیران**
**گەردێ هەبویا مە ژى خودانەک**
**عالى كەرەمەک لەتیفە دانەک**

ئانگۆ بلایێ مـه ژی هەبا خودانەک و پشـتگریا زمـان و تۆرەیا كـوردی بـكرا، هنگی مـەیێ زمـان پرۆپر ل پێشخستنا لێ ببۆرینم هێ ئەم ب زمانێن دیتر دنڤیسێن داخڤن دخوینن!؟

ببۆرینە نڤیسكاری من یێ دەلال گاڤا كۆ تو ب كورمـانجی نەنڤیـسی مەبێژە كو ئەز كوردم و خوە وەكە كوردان مە ژمێرە.

ئەگەر ئەم دیرۆكا وێژەیا كورمانجی بروو پەلینن، ئەمێ بینن كو بەرهەمێن وێژەیا مە ب چار زاراڤان هاتیـە نڤیـسـاندن ئەو زاراڤـە ژی ئەڤـەن: لۆری، كـورمـانجیـا بـاكـوور، گورانی و كـرمـانجیـا ژێری (سورانی).

لێ خانی ب كورمانجی داستانا خوە مەم و زینێ نڤیسبوو، هەروەها ئەو د داستانێ دا دبێژیت:

**ساقى شەمراند فۆ خوارێ دوردى**
**مانەندێ دورێ لیسانێ كوردى**
**ئینانە نیزام و ئینتیزامێ**
**كێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ**
**دا خەلق نەبێژن كو ئەكراد**
**بێ مەعریفەتن بێ نژادو بنیاد**
**هەم نەبێت كۆ كرمانج**
**عەشق نەكرن ژ بۆ خوە ئامانج**
**كرمانج نە پر دبێ كەمالن**
**بەلكى د سەفیل و بێ خودانن**
**گەردێ هەبوویا مە ژى خودانەک**
**عالى كەرەمەک لەتیفە دانەک**

خـانی دخـوازە بێـژە، باخـڤـە و رازێن دلێ خـوە بدرینە لێ ئەو ژ سـەدەمنە نەدیار (بەلكی ژ ترسـا حوكـمـداران بەژی لێ ئەڤ نە سـەردەمـەكـە راست دیارە. ئەڤ نێـرینا منە. لێ بقاس كـو دژمن هەرتم زمانێ مە قەدەغە دكن وە دخواست سەرخوەش ببە پێرا چەن راستیان باخڤە رزگار كورد داخی) دخوازە ب مەیێ گەلەكی سەرخواش و مەست ببە ئانگۆ: تەلەس بكەڤە پێـرا بچە ناڤا دۆست هەڤـالێن، و ژوان رە بناله. لەورا دبێژە مەی فرۆشـان كـانی بلا پەیال ل پێش من هەرتم داگـرتیـبـە وێ ژمن بدوور مەخن تاكو ئەز ژ وەرە گۆتنێن جەوهەری بێژم، تاكو پێـڤـا ئاڤـا دلێ ئاگـر پێكەتی بهـێـنكینم و ئارام بكم؟

**ساقى بكە جامى ئاسمانى**

رۆحا وە گۆ جانی جاودانی
دا ئەم بکن دماخێ جان تەر
یەک لەحزە ب مەیێ جانی پەروەر
ساقی تو بریژە جامێ مینا
ئاڤا کو دکت دەمیری بینا
شادی بکرا قەلبی مەحزوون
مەدهۆش بکرا ئەقلی مەجنوون
ساقی بکە کاسەیا مجەوهەر
وێ شیری موئەسیری پاڤژکەر
دوور تەنەیی خوە پرێژە ناڤی
یانێ مەیا وەکی گول ئاڤی
دەم دەم بدە دەستێ مەی پەرستان
خەلقێ کو هنک ژ دل د دەستان
یانێ بکێفتە جانی شەوقەک
هەتا بگەهێتە قەلبی زەوقەک
سەد خونچەیی دل ژ بەر بکە نبن
سووسن بزمان و بخەبەر بن
بشکوژ بپشکڤن ژ خاران
خوین ریژی ببن دووڤی هەزاران
ساقی بدەمن شەرابی گولگوون
بێ دەنگی دەف و سەدایێ قانون
تەشویش بچن ژ قەلبی مەحزوون
دیسان ببم ئەز ژ نوو دکر گوون
مەخموور ببم ب کەلا مێ لافان
سەرخوەشبیم ب کەلا مێ گوزافان
بێ کەیف نەشێم چ ئەز بێژم
دیوانە ببم دوران بریژم
بەدحال ببم سران بدەرم
بێقال ژ باتنی خەبەر دم
بێ دەنگ ژ خۆردل بێ ئاهەنگ
سەد رەنگی سەدا بدم وەکی چەنگ
شەرحا خەمی دل بکم فەسانە
زین و مەمی بکم بەهانە

**نەغمێ واها ژ پەردێ دەرینم**
**زین و مەمێ ژ نوو ڤەژینم**

خانی ژی وەکە هەمی کلاسیکێن کورد پەیڤێن نە ب کوردی ب کار ئانینە لێ ئەو پەیڤ ژی ل گۆر رێزو رێچکێن زمانێ کوردی. ب کار ئانینە.

**کوردی، عەرەبی، دور و تازی**
**تەرکیب کرن ب لەزو بازی**

**خانی و زارۆوێن کورمانجان:**

خانی لە هەمبەر سەرکێش و رێبەرێن کورمانجان یێن وێ دەمێ بێهێڤی دمینە و هیچ ئومیدیا ژوان ناهیڤە. لەورا هێڤیێن خوەیێن پێشەرۆژێ د زارۆکاندە دبینە، هەروەها خانی دبێژە زارۆکێن کورمانجان فێری قورئانێ بکن. لێ بلا ئارمانجا وێ فەرق بوونێ نەیا داوی ب ناو نا ژ بۆ ژ بیرکرنا زمانێ کورمانجێ بە دیسان نا.

ئارمانج بلا ڤەکرنا میژیێن زارۆکان بە، د رێیا زمانەکی ئالیکارە، نە زمانەکی شوونگر را.

ئیرۆ رۆژ ئەم دبینن کو کورمانجێن مە یێن کەتنە باژارێن مەزن زارۆکن خوە فێری زمانێن دیتر دکن. د مالان دە تەڤ زارۆکێن ب عەرەبی، تورکی و...

دبێژن ئەم دمال دە تەڤ زارۆکێن خوە ب زمانی داخڤن تاکو ئەو چوونە دبیستانان زەحمەتیێ د زمانێن دە نەبینن.

لێ ئەڤ ب خوە کوشتنا زمانێ کورمانجییە، بلا زۆرا ل کولانان ب زمانێ وا وەلاتی ئان باژاری باخڤن نەخەمە، لێ د مالان دڤێ کو تەنێ فێری زمانی کورمانجی بن، و نە د زمانێن دیتر. ئەڤ گەر کو ئەم خوە کورمانج دبینن؟

لەوەرا خانیێ نەمر میرێ هەلبەستڤانان وەها دبێژە:

**نە ژ بۆ ساحب رەواجان**
**بەلکی ژ بۆ زارۆکێن کورمانجان**

**وەکی ژ قورئانێ خلاس بن**
**لازمە ل سەودێ چاڤ ناسبن**
**دا ب ڤان چەند ڕەش بەلەکان**
**ل وان تەبی - یەتی مەلەکان**
**دەرێ زهنێ ڤە بێنن**
**هەرچی بخوینتێ زەحمەتێ نەبێنن**

زارۆک سمبۆلن، دروشمە و ستێرین پێشەرۆژێنە، ئەو ڕێبەر، مامۆستا و خەباتکارێن سبانە.

گەلۆ ئەگەر سبا وان ژی وەک هن سەرۆکێن ئیرۆین ب زمانێ کرمانجی نکاربن نامەک بنڤیساندانا یان بخواندنا گەلۆ مانە مە مالک ل خوە خەرابکر. گەلۆ ما ئەوێ چ ل سەر مە بێژن، ئەوێ تف سەر گۆرێن مە بکن؟

ئان ئەوێ بێژن جێییێ وە بەحەشت بە.؟

هێن چاوا دخوازن کو سبا زارۆکێن ئیرۆ ل سەر وە بکن ئان باخڤن وسا ژی ناها ب کار و بارێ خوە رابن هێن سپاسیێ دخوازن وان فێری زمانێ کورمانجێ بکن و گەر هێن لێدانا دخوازن وان فێری زمانێن دن بکن.

**فەرهەنگ**

زەبان: زمان
جەنانی: دل
سیقلا: پاککردنی ژەنگ
یەکتا: تەنیا
نوموودەک: مەخلوقات
تۆتی: بەبەغا
شەما: شەمێ
ساقی: مەی گێڕ
جام جەم: پیالە
ئیقبال: شانس
ئینقیاد: تاعەت
پێکڤە: پێکەوە
نامدار: ناودار
جیهان پەناهەک: ڕزگارکەرێک
هەمیشە: گشت
ڕەنج: زۆر
نۆبارەر، نۆرەسید: میوە
یەتیم: بێ کەس
مانەند: وەک
ڕۆحا: مەیی
جانی: گویان
جاودانی: نەمری
خار: دڕک
گەرگون: غەم خواری
خۆردل: نێو دل
دورتەنە: تەنێن لۆلۆ
خونە: خونچە
خوینرێژ: فرمێسکی خوێناوی
لافان: قسەی گشتی
هەزار: بلبل
نەشیم: ناتوانم
شەما: شەمێ
هەمتا: لێ هەیە
گومراه: نەزان
خودان ئیدراک: مرۆڤی زانا
گەزید: باش
دوردی: دوڕ و ئەلماس

**چاڤکانێ:**


١- ژ وەشانێن بەربانگ، ڕزگار کورداخی
٢- دیوانا مەم و زین، ئەحمەدێ خانی.

# ئەرک و خەسڵەتەکانی زمانی شیعر

د-عادل گەرمیانی

زمان باشترین کەرەستەی دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە بە تایبەتی بەلای ڕۆشنبیر و ئەدیبەوە، چونکە دەتوانێ لەڕووی زمانەوە کاریگەری خۆی ڕابگەیەنێت بەسەر خوێنەرانی بەرهەمەکانییەوە، یا لە کاتی گوێگرتنیان لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی.

سادەترین پێناسەی ئەدەب دەربڕینێکی جوانە لەڕێی هەڵبژاردنی زمانێکی کاریگەر بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی ئەدەب بە پەیاموەرگری دەقە ئەدەبییەکاندا، لەم حاڵەتەدا دەقنووس وەک پەیامنێرێک هەوڵدەدات کەرەستەی لەبار هەڵبژێرێت بۆ ڕاگەیاندنی بیرو بۆچوونەکانی لەنێو دەقەکەیدا ئەویش زمانە، کەوا بە بنەمایەکی سەرەکی ئەدەب دادەنرێ، هاوکێشەی نێوان ئەدەب و زمان کاریگەری خۆی دەبێت لەو کاتەی دەقنووس

زمانێکی بالاّ هەڵدەبژێرێ لەڕووی کاریگەریی خۆی و جیاواز بوونی لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکیدا.

دیارترین لایەنەکانی زمانی ئەدەب لەوەدا خۆی دەنوێنێ کەوا دەقنووس بەئەنقەست هەندێ رستەو دەستەواژەی نێو دەقەکەی هەڵدەبژێرێ لەڕووی سەرسوڕمان و پرسیارکردن و ئەرێو نەرێو رستەی واتادارو رستەی سادە.. تاد، هەروەها دەقنووس لەنێو زمانی دەقەکەیدا سوود لە هەندێ لایەنی دەنگسازی وەک هێزو بڕگە، هەروەها سوود لە وشە سازی و رستە سازی وەردەگرێ بۆ بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بەزمانی دەقەکەی. لێرەدا پێویستە بڵێین هەرچەند باری زمان گرانتر بکرێت لە کاتی نووسینی دەقدا ئەوەندە باری تێگەیشتن لەم جۆرە زمانە گرانتر دەبێت لە لایەن خوێنەر و گوێگری دەقەوە، هەروەها لە توانای زمانی ئەدەبدا هەیە خوێنەر بباتە نێو ناخی ژیانی کۆمەڵەکەی یا دووری بخاتەوە لەڕاستی ژیانی خۆی.

ئەرکی گەورەی زمانی ئەدەب لایەنی باوەڕ پێهێنانە بە خوێنەری دەق، چونکە کاری باوەرهێنان دەکەوێتە ئەستۆی دەقنووس بەرانبەر خوێنەری دەق و هەمیشە زمان رۆڵی کاریگەری خۆی هەیە، هەموو رێباز و قوتابخانەو شەپۆلەکانی ئەدەب بایەخێکی تایبەت دەدەن بەزمان لەبواری دارشتنی دەقە ئەدەبییەکاندا هەرچەندە لەم رۆژگارەدا جۆرە ئەدەبێکی ناوچەیی کوردی پەیدا بووە بایەخ بەزمانی ناوچەیی دەدات نەک بەزمانی ستاندەر لەبواری نووسینی ئەدەبیدا، مەودای کاریگەری ئەم جۆرە زمانە خۆماڵییە زۆر فراوان نابێ، چونکە بۆ خەڵکی ناوچەیەک دەشێت و ناوچەکانی دیکە بە ئاستەنگ لێی تێدەگەن.

ئەم جۆرە کێشەیە بەزەقی لەنێو ئەدەبی کوردیدا لەم رۆژگارە بەرچاو دەکەوێ، هەر ئەو کێشەیە لەبواری زمان وەک کەرەسەیەکی دەربڕین کاریگەری خۆی هەیە لەنێو بەرهەمە کوردییە ئەدەبییەکاندا، چونکە زمانی ستاندەر زیاتر دەتوانێ ئەم جۆرە کێشانە چارەسەر بکات، خەمی نووسین بەزمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووو یەکێکە لە کێشەکانی هەموو نووسەرێک لە کاتی دارشتنی دەقە ئەدەبییەکانی خۆیدا.

ئەوانەی بە لایانەوە پێناسەی (ئەدەب زمانە) راست و دروستە، چونکە دەقنووس لەڕێی جۆرە زمانێکەوە بەپرۆسەی دارشتنی دەقەکەی هەڵدەستێ، زمانی ئەدەب بەزمانی بالاّ ( ganguage meta) دادەنرێت کەوا جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی(speak) بەحوکمی ئەوەی دەقنووسی ئەدەبی خاوەن پەیامی خۆیەتی و دەیەوێت لەڕێی چەندین وشەو دەستەواژە، رستەی زمانی هەڵبژێرراوی خاوەن واتای کاریگەریی خۆیان رۆڵی کاریگەریی خۆی بنوێنێ بەسەر بیرو هەستی خوێنەرانی دەقەکەی، تەنانەت رۆڵی زمان لەبەرچاوە لە بەخشینی نەمری بەدەقە ئەدەبییەکە و نووسەرەکانیان.

لێرەدا ئەدیب وەک رۆشنبیرێکی پایە بەرز پەنا دەباتە بەر زمانە یەکگرتووەکەی نەک شێوازی ناوچەکەی بۆ سوود وەرگرتن لە رۆڵی زمان بەسەر ژمارەیەکی زۆری خوێنەراندا، هەروەها کە دەڵێین ئەدەب زمانە مەبەستمان لایەنی دەربڕینی ئەدەبییە، چونکە زمان کەرەستەیەکی دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە بۆ خستنەڕووی بیرو بۆچوونەکانی، ئەم لایەنەی دەربڕین بەهای خۆی هەیە، نووسەر دیەوێت لەڕێی جۆرە دەربڕینێکی جوان و سەرنجڕاکێشەوە کاریگەرییەک ببەخشێت بەدەقە ئەدەبییەکەی.

ئەدەب چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، هەندێک دەڵێن (ئەدەب زمانە) زمانیش کەرەسەیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئامرازێکە بۆ دەربڕین، پێویستە ئەدیب لە نووسینی ئەدەبیدا زمانی (میتازمان = زمانی سەروو) بەکار بهێنێ، چونکە میتا زمان کاریگەرترو فراوانترە بۆ

تێگەیشتن و مانەوە. بۆ نموونە هۆنیاران و ئەدیبان و نووسەرانی بلیمەتی میللەتەکەمان بەم جۆرە زمانەیان نووسیوە بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاتر بێت. واتە زمانی دەقەکانیان جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی لەڕووی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگیی واتادارو کاریگەرو دەستەواژەی خاوەن ئیدیۆمی تایبەت و ڕستەی سەرنجڕاکێشی پڕ لە ئەندێشەی هونەریی بەپێچەوانەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کەوا پڕە لە وشەی سادەو دەستەواژەو ڕستەی خاوەن واتای ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەدیب دەبێ جۆرە زمانێکی پاراو لەنێو دەربڕینە ئەدەبەکەیدا بەکار بهێنێ و، هەروەها دەبێ جۆرە زمانێکی ڕازێنراو لەڕووی هەڵبژاردنی فەرهەنگسازی و واتا سازییەوە بەکار بهێنێ بۆ بەخشینی کاریگەریی بەپەیامی دەقە ئەدەبییەکەیدا.

لەبواری ئەدەبدا دوو جۆری ئەدەبی سەرزاری و نووسراوهەیە، ئەدەبی سەرزاری واتە ئەدەبی فۆلکلۆری زۆر نزیکترە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی، بەڵام زمانی ئەدەبی نووسراو ئەگەر خاوەن فۆرمێکی هونەری بوو ئەوسا زمانەکەی جیاواز دەبێت لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی، جیاوازیەکەش لەڕووی بەکارهێنانی شێوازەکانەو هەروەها لەڕووی گەڕانە بەدوای وشەی فەرهەنگی و ڕەوانبێژی کەوا دەبێتە لایەنێکی گرنگ لە جۆری زمانی نێو ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییانە. لێرەدا هەرچەند زمانی بەرهەمە ئەدەبییەکە ناسکتر بێت و لەگەڵ هەستی ناخەوەی مرۆڤدا بدوێ - وەک شیعر ئەوسا زمانی ئەم جۆرە بەرهەمانە دەبێتە خاوەن تایبەتمەندی خۆی. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەم دوو کۆپلە هۆنراوەی گۆران درک بەوە دەکەین چەند زمانەکەی سەرنجڕاکێش و ناسکەو بە ئاسانی لەبەر دەکرێت:

**لەژێر ئاسمانی شینا،**
**لەپاڵ لووتکەی بەفرینا،**
**کوردستان گەرام،**
**دۆڵاو دۆڵ پێوام،**
**نە لەشار و نە لەدێ،**
**نەمدی کەس**
**وەک تۆ جوان بێ!**
**تۆیت و بەس**

- **دیوانی گۆران / ل٢٨-**

هەروەها گۆران لە هۆنراوەی (لە درزی پەچەوە) هەمان شێوازی لە بینای زمانەکەی بەکارهێناوە بەشێوەیەک خوێنەرو گوێگرەکەی هەست دەکات گۆران جلوبەرگێکی جوانی وەبەر ئەم جۆرە وشانەی کردووە بۆ وێنە کێشانی تابلۆیەکی تایبەتی ژیانی خۆی لە حاڵەتێکی تایبەت و ناسکدا :

**جادە چۆل و سێبەر بوو، کاتی بەیانی،**
**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی.**
**بۆ سەوزایی دەورو پشتم، بۆ ئاسمان،**
**بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان..**

- **دیوانی گۆران / ل٣٤-**

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین زمانی پەخشان زمانی لۆجیک و ئەقڵەو زیاتر لەنێو دەستووری زمانی نەتەوەکە پێرەو دەکرێت، بەڵام زمانی شیعر زمانی هەست و سۆزەو هۆنیار هەندێ جار لەم دەستوورە دەردەچێت لە حاڵەتی سازدانی کێش و سەروای هۆنراوەکە، ئەمەش لەڕووی پێش و پاش خستنی بەشەکانی ڕستە (بکەرو بەرکار و کردار) بۆیە لە زمانی عەرەبیدا دەوترێ (يجوز للشاعر ما لا يجوز لغيره - بۆ هۆنیار هەیە ئەوەی بۆ کەسانی دیکە نییە).

زمان ناسنامەیەکی نەتەوەییەو ئەدەبیش پێویستی بەم جۆرە زمانە هەیە، هەروەها زمان ئامرازی ئەدیبە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی لەنێو پەیامی بەرهەمەکەیداو، زمان دەبێتە جلوبەرگ و قاوغێک بۆ بیری نێو پەیامی دەقەکە. واتە زمان بۆ ڕازاندنەوەی بیرەکە دەبێتە جلوبەرگێکی قەشەنگ بۆ

ئارایشکردنی بیرەکەو بەخشینی لایەنێکی جوانی و ئیستاتیکی بەدەقەکە٠

زمان وەک بەشێکی شێوەی (Form) دەقی ئەدەبی کاریگەرترین لایەنە بۆ بەخشینی جوانی بەشێوازی هونەریی دەقنووسە ئەدەبیەکە٠ زمان بەهۆی دەوڵەمەندی لەبواری وشەی واتادارو دەلالەتەکانییەوە بووەتە یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی شێوەو شێوازی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، هەر ئەم لایەنەش وەها لە ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی دەکات ببێتە خاوەن سیمایەکی هیمایی٠

توانای داهێنانی هۆنیار لەبواری زماندا لەوە دەردەکەوێ وشەیەک بەکاربهێنێ بتوانێ زیاتر لە واتاو دەلالەتێک ببەخشێ لەڕووی ڕەگەزدۆزی شوێنی دیار بێ، هەروەها هۆنیار توانای ئەوەی هەبێ دوو وشەی دژ یەک لەنێو وێنە هۆنراوەییەکەی بۆ خزمەتی بیرو ئامانجی سەرەکی هۆنراوەکەو وێنە بابەتییەکەی کۆبکاتەوە٠ کەواتە پێویستە هۆنیار لە ڕوانگەی تەقلیدی و لاساییکردنەوە دوور بکەوێتەوە لەکاتی مامەڵە کرنی لەگەڵ زمانی هۆنراوەیی کە بەهونەری وشەیی دادەنرێت٠

زمانی نێو وێنەی بابەتیی بەهۆی لایەنە پێکهێنەرەکانی وەک وشەو فرێزو رستەکانەوە رۆڵێکی واتاداری و دەلالی دەنوێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەم بایەخدانە بە پیتە پێکهێنەرەکانی وشە هەڵبژێراوەکان لەڕووی فۆنەتیکی و دەروونییەوە، هەروەها بایەخدانی هۆنیار بە وشەو فرێزو رستە پێکهێنەرەکانی زمانی وێنە هۆنراوەییەکانی لەنێو زمانی گشتی وێنە بابەتییەکە قەت وەها لە زمان ناکات ببێتە رازاندنەوەیەکی نەقشکاریی٠

بیرکردنەوە ڕووی ناوەوەی وێنەی بیرو چەمکەکەیەتی، بەڵام نووسین ڕووی دەرەوەی وێنەی بیرو چەمکەکەیەتی، لە هەردوو ڕووەکەوە جۆرە زمانێک بۆ دەربڕینی بیرەکە بەکاردەهێنرێت پێویستە توانای کارکردنی لە جۆری بیرکردنەوەی پەیاموەرگرەکە هەبێ لەڕێی هەڵبژاردنی چەندین وشەی واتاداری کاریگەر، کە جیاواز بێ لەزمانی ئاخاوتنی ( Speak) ڕۆژانەی خەڵکی٠ کەواتە زمانی نووسین باڵاترو کاریگەرترو نەمرترە لە زمانی ئاخاوتن، بەڵام زمان لە هەردوو حاڵەتەکەو " لەبنەڕەتدا ڕێگایەکی یارمەتیدەرە بۆ ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤ. هەروەها هۆیەکە بۆ بڵاوبووەنەوەی ئەم بیرە لەناو خەڵکدا بە ڕێگای ئاخافتن‌ء نووسینەوە " -٤٤٧/٦٤-٠

زمان بەلای هۆنیارەوە لەنێو وێنە بابەتییەکەیدا دەبێ ئامرازێکی دەربڕین و گەیاندنی بابەتیی (Theme) هۆنراوەکەی و وێنە بابەتییەکەی بێ٠ واتە زمان لەنێو هۆنراوەدا پێویستە وەک ئامرازێک نەک ئامانج مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە زمان ئەگەر بووە ئامانجی هۆنراوەکە ئەوسا هۆنراوەکەو وێنە بابەتییەکەی دەبێتە قاوغێکی زمانەوانی بارگران بەسەر پەیاموەرگرەوە، بۆیە ڕێبازی بونیادگەری - Structuralism نەیتوانیوە هۆنیارو چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس دروست بکات، بەڵام توانیویەتی چەند لێکۆڵەرێک لەم بوارەدا دروست بکات بەدوای چۆنێتی ڕێزکردنی فۆنیمەکانی هەر مۆرفیمێک بگەڕێن، بەدوای ژمارەی فۆنیمەکان، یا مۆرفیمەکان لەنێو رستەدا بگەڕێن، لە سروشتی بینای زمانەوانی هۆنراوەکەو رستەو دەستەواژەکانی بکۆڵنەوە تا لایەنی سیستەمی زمانەوانی هۆنراوەکەو وێنەکانی بۆ هۆنیارو خوێنەرانی شیتەڵ بکەنەوە٠ لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە زۆری بەکارهێنانی یەک فۆنیم یا مۆرفیم لەنێو رستەکانی هۆنراوەکە دەلالەتی ئارەزووییەکی دروستکەرانەی هۆنیار لەم بوارەدا ڕاناگەیەنێ هەروەک چۆن کەمی بەکارهێنانی فۆنیمێک، یا مۆرفیمێک دەلالەتی شەرەفداری و زۆر بایەخی ئەم فۆنیم و مۆرفیمە ڕاناگەیەنێ، بەڵکو دەتوانین لەڕووی دەلالەتی دەروونیی واتای ئەو

مۆرفیمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە هەندێ وشەی وەک (ئاسمان، ئەستێرە، خۆر، ئاو، ژیان، بەهار.٠هتد) دەلالەتی خۆشی بەخشن لەڕووی دەروونییەوە، بەڵام هەندێ وشەی تری وەک (تاریک، ئازار، بەندیخانە، نەخۆشخانە، مردن.٠هتد) دەلالەتی ناخۆشی بەخشین لەڕووی دەروونییەوەو، ئەم جۆرە وشانە رۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە لە بینای وێنە دەروونییەکاندا٠ لێرەدا پێویستە هۆنیار لایەنی وشەبازی نەکاتە دوا پەیام و ئامانجی هۆنراوەکەی، چونکە هۆنیاریش ئەرکی ئاسانکردنی تێگەیشتنی هۆنراوەکەی لەسەرە بەرانبەر کۆششی خوێنەرو پەیاموەرگر بۆ چێژوەرگرتن لە دەقی هۆنراوەکەو، نەمریی هۆنراوە لەیادی خوێنەردا پابەندە بەجۆری زمانی هۆنراوەکەو وێنە بابەتییەکەی٠ هەوڵدانی هۆنیار بۆ زۆرکردنی ژمارەی هۆنراوە نەمرەکانی لە یادی خوێنەراندا ئەرکێکی پیرۆزە لەڕێی زمانێکی قورس و رەمزی نایەتە دی، بەڵکو لەڕێی زمانێکی رەوان و باوی نێو خەڵکییەوە دێتە دی، هەروەها ئەم جۆرە زمانە رەوانء باوەی نێو خەڵکی رۆڵی خۆی هەیە لە بەخشینی مۆرکێکی واقیعی بەجیهانی هۆنراوەکەو وێنە بابەتییەکەی٠

هەموو هۆنراوەیەک لەڕووی زمانەوانییەوە لە چەند رستەیەک پێکدێت، هەرچەند رستەی هۆنراوەیی کورت بێ ئەوەندە ئاسانتر لەبەر دەکرێو لە یادی خوێنەردا بەنەمری دەمێنێتەوەو، بەپێچەوانەیشەوە ئەنجام رووەدات ئەگەر هۆنیار کەمتەرخەمی کرد لەبواری بایەخدان بەجۆری رستەکانی نێو هۆنراوەکەو پەنای بۆ هەندێ رستەی درێژ برد٠ رستەی هۆنراوەیی «یەک هەناسەی درێژە زیاتر لە دێرێک بەخۆیەوە دەگرێت " -١٨/١٩- ١٩٠.

لەنێو رستەکانی هەر هۆنراوەیەک جۆرە وەستان و پشوویەک هەیە خوێنەر درکی پێدەکات، بەڵام لەنێو دێرەکانی رستەی هۆنراوەییشدا جاروبارێک ئەو جۆرە وەستان و پشووە بەدی دەکرێ و، لەهەموو حاڵەتێکدا ژمارەی جارەکانی وەستان و پشوودان پابەندە بەشێوازی زمانەوانی هۆنیارەکە لەبینای رستەکانی نێو هۆنراوەکەی و وێنە بابەتییەکانی٠

پێناسەی زمان لە زانستی زماندا ئەوەیە کەرەسەیەکە بۆ دەربڕین و هۆیەکە بۆ لێکتری گەیشتن، هەروەها لەم زانستە پێناسەی زمان بەوەش دەکرێ کەوا دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە٠

کەواتە لەم جۆرە پێناسانە ئەرک و خەسڵەتەکانی زمان روونکراوەتەوە، بەڵام لەبواری زانستی ئەدەبدا چەندین پێناسەی هەمەڕەنگ بۆ زمان کراوە، زیاتر لەبواری شیعردا جۆراو جۆری ئەرک و خەسڵەتەکانی زمان خراونەتە ڕوو٠

بەحوکمی ئەوەی شیعر کۆنترین جۆرەکانی ئەدەبە تا ئەم رۆژگارە پانتایەکی گەورەو فراوانی لە جیهانی ئەدەبدا داگیر کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک وەک ئەوەی شیعر زمانی ویژدان و سۆزی مرۆڤە، هەروەها ئاسانی لەبەرکردنی شیعر و کاریگەری دارشتن و بایەخی شیعر لە هەندێ بۆنەی کۆمەلایەتی و رامیاریدا جگە لەوەی شیعر وەک دەقێکی ئەدەبی پێویستی بەژمارەیەکی زۆرتر نییە لە وشە وەک لەنێو چیرۆک و رۆماندا بەدی دەکرێت، هەروەها جوانی وشەو کاریگەری سیماکانی لەنێو شیعردا زیاتر بەرچاو دەکەوێت، پێویستی هۆنیار بەجۆرە فەرهەنگێکی زمانەوانی لەنێو شیعردا زیاتر دەکەوێتە بەرچاو، هەروەها پێناسەی زمانی شیعری بەوەش دەکرێ کەوا زمانی شیعری جلوبەرگی رازێنراوی دەقی شیعرییە٠

زمان وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی لە گۆڕاندایە بەپێی رۆژگاری ئەدەبی هەندێ وشەی تازەتر دروست دەبێت یا هەندێ وشە سواوەو بێ کەڵک دەبێت و، ئەم جۆرە دیاردە زمانەوانییە زیاتر لەنێو هەردوو جۆری شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ

بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش بەحوکمی ئەوەی ژیان لە گۆڕاندایە، زمانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە گۆڕاندا دەبێت.

زمان لە شیعردا وەک کەرەستەیەک لەبواری گێڕانەوەو وێنەکاری و دانساندنی شیعری بەکاردێت، هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی بیری هۆنیاریش لەنێو دەقەکەیدا بەکاردێت، بەم شێوەیە بەهاکانی زمان لەنێو شیعردا بەرجەستە دەبێت.

زمانی شیعری لەنێو هەردوو جۆری شیعری کلاسیکی و نوێدا هەندێ جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێ بۆ نموونە لە شیعری کلاسیکیدا بەحوکمی ئەوەی دەبێ هۆنیار لایەنی رەوانبێژی رەچاو بکات، بۆیە دەبینین هۆنیاری کلاسیکی تووشی هەندێ گیرو گرفتی زمانەوانی دەبێت، چونکە هۆنیاری کلاسیکی دەبێ خەمی هەڵبژاردنی هەندێ وشەی یەک سەروا بخوات بۆ بەکارهێنانی لە کۆتایی بەیتەکانی هۆنراوەکە، هەروەها دەبێ هۆنیار هەندێ وشەی فەرهەنگی بەواتای رەوانبێژی لەبوارەکانی لێکچواندن و درکەو خوازەو خواستن بەکاربهێنێت. ئەمە جگە لەوەی زمانی شیعری لە هۆنراوەی کلاسیکیدا توانای شیعریی هۆنیار دەردەخات لە بەکارهێنانی جۆرە زمانێک بە هۆیەوە جیا دەکرێتەوە لە هۆنیارانی دیکە، لە هۆنراوەی کلاسیکیدا هۆنیار بۆ دەرخستنی لێهاتوویی توانای شیعری خۆی نەک تەنیا بەزمانی زگماکی خۆی شیعر دەنووسێت، بەڵکو بە چەند زمانی دیکەش شیعر دەنووسێ.

لە شیعری نوێ و پەخشانە شیعردا سروشتی زمان دەقاودەق وەک ئەوەی لەنێو شیعری کلاسیکیدا نییە، چونکە بەحوکمی ئەوەی سەرهەڵدانی شیعری نوێ بەجۆرە نوێکردنەوەیەکی رەوتی شیعر دادەنرێ. هەروەها لەدایکبوونی پەخشانە شیعریش لەم رۆژگارەدا بە هەنگاوێکی تازەتری نوێکردنەوەی شیعر دادەنرێت، بۆیە زمانی شیعری لە هەردوو جۆری شیعری نوێ و پەخشانە شیعر ئەرکە قورسەکەی لایەنی رەوانبێژی بەسەر کۆڵییەوە ئاسانتر بووەتەوە، زمانی شیعری لەم دوو جۆرە شیعردا زیاتر بەنواندنی دەقی شیعری هەڵدەستێ و هەوڵدەدات وەک جلوبەرگێکی تازەی دەقە شیعرییەکە خۆی بنوێنێ. ئەمە جگە لەوەی وەک شیعری کلاسیکی زمانی شیعر لە هەردوو جۆری شیعری نوێ و پەخشانە شیعر بە ئەرکەکانی بەرجەستەکردنی بیرو وەسف و وێنەکێشانی حاڵەت و ناوەرۆک و بابەتەکانی شیعر هەڵدەستێ لەگەڵ رۆڵ نواندنی لە هەردوو بواری گێڕانەوەو دانوساندنی شیعری کەوا لە شیعری نوێ و پەخشانە شیعردا زیاتر بەکارهاتوون.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی زمانی شیعر ئەوەیە کەوا سیستەمی رستە لەرووی زمانەوانییەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ سیستەمی رستە لە جۆرەکانی پەخشاندا، بۆیە دەبینین لەبواری شیعر نووسیندا بەزمانی کوردی هەندێ جار کردار دەکەوێتە سەرەتایی رستەو دەستەواژەی شیعری و بکەر هەندێ جار دەکەوێتە کۆتایی رستەو دەستەواژەی شیعری، هەرچەندە لە دەستووری زمانی کوردیدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای رستەوەو کرداریش دەکەوێتە کۆتایی رستەوە.

لە شیعری نوێ و پەخشانە شیعردا وشەی شیعری جۆرە بارگاوییەکی واتایی بە خۆیەوە دەبینێت، ئەمەش لەرێی بەخشینی مۆرکێکی سمبۆڵی و واتایەکی رەمزی بەوشە شیعرییەکە، یا لەرێی دووبارەکردنەوەی وشەکە لەنێو دێڕە شیعریکدا، یا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە شیعرییەکەو رستە شیعرییەکە لە چەند شوێنێکی ناو هۆنراوەکە، ئەمەش لە پێناو دروستکردنی حاڵەتێکی دەروونیی لای خوێنەرو گوێگری هۆنراوەکە بە هۆی جەختکردن لەسەر ئەو جۆرە وشە هەڵبژێراوانە کە لە ئەنجامدا رۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە لەنێو بەخشینی جۆرە واتایەک بەدەقە شیعرییەکە لەنێو زمانی شیعریدا.

هۆنیار هەندێ وشە بۆ هەندێ ئەرکی واتایی هەڵدەبژێرێت بۆ نموونە لە زمانی شیعریدا هەندێ وشە وەک (ئاسا ،چۆن،وەک، وەکو، میسل، مانەند ...هتد) بە ئەرکی لێچواندن هەڵدەستێت، چونکە ئەم جۆرە وشانە بە ئەوزاری لێچواندن لەنێو رەوانبێژی کوردیدا هەڵدەستن، ئەم جۆرە وشانە دەبنە مایەی دروستکردنی وێنەی لێکچواندن لەنێو بابەتی شیعریدا، هەرچەندە لە زمانی شیعری کلاسیکی، ئەم جۆرە دیاردەیە بەدی دەکرێت، بەڵام هۆنیاری هاوچەرخیش هەر پێویستی بەدامەزراندنی وێنەی لێکچواندن هەیە بۆ ئەوەی توانای شیعری خۆی بخاتە ڕوو لەگەڵ هەوڵدانی بۆ بەخشینی جۆرە چێژێکی شیعری بە هۆنراوەکەی.

زمانی شیعری لە پەخشانە شیعردا هەندێ ئاڵۆزی و بارگرانی بە خۆیەوە دەبینێ، چونکە زمانی شیعریی پەخشانە شیعر زیاتر وەک زمانێکی هێمایی خۆی دەنوێنێ بەحوکمی ئەوەی دەقی پەخشانە شیعر زیاتر دەقێکی مەعریفییە هەوڵدەدات چەندین لایەنی ئەفسانەیی و سمبولی و مەعریفی و ڕۆشنبیری پێشکەش بکات و، زمانی شیعریی پەخشانە شیعر لەنێوان هەردوو زمانی سۆز و عەقڵ دادەنرێت. بۆیە پەخشانە شیعر بە ئاسانی لەبەرناکرێت، بەڵکو زیاتر بۆ خوێندنەوەی مەعریفی دەنووسرێت و ئەم لایەنە کێشەی کەمتر کاریگەری و بڵاوبوونەوەی لەنێو خوێنەرانی شیعردا بە خۆیەوە دەبینێت.

زمان لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە شێوازی ئەدەبیدا، چونکە زمان و مۆسیقاو وێنەی هونەری سێ کۆچکەی بنەڕەتی شێوازی ئەدەبین، لەبواری شیعریشدا زمانی شیعر گرنگترین بەشەکانی شێوازی شیعرییە، بە هۆیەوە هۆنیار دەتوانێ جوانی و کاریگەریی شێوازە شیعرییەکەی پێشکەش بکات و، هەر لایەنی زمانی شیعری بووەتە جۆرە جیاکردنەوەیەک لەنێوان شێوازی کلاسیکی و شێوازی نوێی شیعر نووسیندا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین زمانی شیعری دەکرێ ببێتە کەرەستەیەکی لەبار بۆ تۆژینەوەی سیمانتیکی لەنێوان هەردوو بواری توژینەوەی زمانی و تۆژینەوەی ئەدەبی، چونکە بەجوانی لەبواری شیعریدا ئاستەکانی زمان لەبوارەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا خۆی دەنوێنێت، چونکە دەنگی پیتەکان رۆڵی خۆیان هەیە لە بەخشینی مۆسیقای شیعری، هەروەها جۆری وشەکان لەڕووی برگەسازییەوە رۆڵی خۆیان هەیە لە بەخشینی کێشناسی بەشیعرەکە، هەروەها لایەنی رستەسازی رۆڵی خۆی هەیە لە بەخشینی واتای شیعری و بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین زمانی شیعر دەچێتە خانەی زمانی باڵاوە (میتازمان) کەوا جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکیدا وەک چۆن زمانناسی بەناوبانگ دی سۆسێر جیاوازی لەنێوان هەردوو جۆری زمانی نووسین (language)و زمانی ئاخاوتنی( speak) خەڵکی دیاریکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە شیعری کوردیدا دیاردەی ڕەنگدانەوەو بەکارهێنانی شێوازی کوردی بەدی دەکرێت تەنانەت لایەنی دیالێکت رۆڵی مێژوویی خۆی هەیە لە دیاریکردنی قۆناغە مێژووییەکانی شیعری کوردیدا، کەوا سەرەتا بەزاری لوڕی نووسراوە وەک هۆنراوەکانی بابە تاهیری هەمەدانی و پاشتر بەزاری گۆران نووسراوەو پاشتریش بەزاری کرمانجی سەروو وەک لە هۆنراوەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بەدی دەکرێت و، پاشتر بەشێوە زاری کرمانجی ناوەڕاست هۆنراوەی کوردی نووسراوە وەک لە هۆنراوەکانی نالی و سالم و حاجی قادری کۆیی و مەحوی و گۆران و کامەران موکری و شێرکۆ بێکەس و قوبادی جەلی زادە... هتد بەدی دەکرێت.

# ئاستی زەمەنی شیعرییەت

## لە «ئەو گۆرانییەی نەمگوت»ی ئەنوەر مەسیفی»دا



ئەحمەد قەرەنی

«ئەو گۆرانییەی نەمگوت» دوابەرهەمی شیعری ئەنوەر مەسیفی(١٩٥٣ - ٢٠٠٥ ) بووە، کە لە ناوەڕاستی ئەیلولی (٢٠٠٥) نووسیویەتی و دوای چەند رۆژێکیش لەمیهرەجانی شیعری کوردی کە لە رۆژانی (٢٣ - ٢٥ / ئەیلوول ) لەدهۆک سازکرا پێشکەشی کردبوو. لەگەڕانەوەدا بۆ هەولێر مەسیفی تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆی دڵتەزێن دەبێت و لەدوای هەفتەیەک گیانی لەدەست دەدات. ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە:



ئەو گۆرانییەی نەمگوت
کاهینێک
سێوێکی
لەناو
پێڵاوی
ژنێک
دانا
ئەو گۆرانییەی نەمگوت
ژنێک کردی
بە ئەسپ
کاهینێک خۆی
کردە گیا
ئەو ئاگرەی
پێم نەکرد
کاهینێک کردی
بەدارستان
ژنێک
پێڵاوی
خۆی
هاوێشتە
رۆژ
ئەو جەنگەی نەمکرد
لەناو بەلەکۆنەی
ژنێک شکا
کاهینێک خۆی
کردە باخچە
ئەو شارەی پیاسەم
لێ نەکرد
ژنێک بردی
بۆ ئەشکەفت
کاهینێک خۆی
کردە قوڵغ
ئەو گۆرانییەی نەمگوت
ژنێک کردی
بە گا
کاهینێک
پێڵاوی
خۆی
هاوێشتە
رۆژ
ژنێک
سێوێکی
لەناو پێڵاوی
کاهینێک دانا
ئەو دەرگایەی
نەمکردەوە
ژنێک کردی
بەبەلەم
کاهینێک خۆی
کردە با

**ناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠٠٥**

**پێناسەی زەمەنی شیعریەت**

زەمەنی شیعرییەت سنووری دیارکراوی نییەو،

لەو وەختەدا دەست پێ دەکات کەخوێنەر بتوانێ لەو دیوی دەقەکەوە شتە نەزانراوەکە بدۆزێتەوە، بەپێی قــووڵی دەقــەکــەو توانای شــۆڕبوونەوەی ئەوەوە، ئاستی زەمەنی شیعرییەت دەستنیشان دەکرێت ئەمەش راستەوخۆ پێوەندی بەشیکردنەوەی شتە ئاسـاییــەکـانەوە هەیە، کـە چۆن لەنێــو وێنە شیعرییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوەو تا چ ڕادەیەک وشە و هێماکانی بە نهێنییەکان بارگران دەکرێن، کە هەندێک جـار زمـانی دەربڕینیـان ئەوەندە قـورس دەکرێت، کـە وەکـو گـەواڵە عـەورێکی باراناوی بەردەوام لەجـووڵەدایەو، لەنێـو هیچ مـانەیەکی تایبەتدا جێگیر نابێت .

**پێوەندی دەق بەزەمەنی شیعرییەتەوە**

لەناونیشانی شیعرەکەوە دیارە کەزەمەن بوونی نییە، چونکە کردەوەی گۆڕانی وتن ئەنجام نەدراوە، هەڵبـەتە ئەگـەر شـتـێک رووی نەداو قـەوارەی ڕووداوەکە دەستنیشـان نەکرێت، جۆری زەمەنیش نازانرێت . ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکی دیکەشەوە کردەوەی گۆڕانی وتن وەکو پرۆسسێکی هونەری بۆ هەموو زەمەنێک دەشێت، دەستنیشان نەکردنی جۆرە زەمەنێکی تایبەتیش هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ کە سنوور بۆ زەمـەن دانەنراوەو زەمـەنی بێ سنووریش خۆی لەخۆیدا ئاستی نموونەیی زەمەنی شیعرە . لەم سۆنگەیەوە دەرگەی گرێیانەکان دەکرێتەوە، لەوانەیە لەهەر گـرێیانەیەکدا چەندین ئەگەرێکی جیـا جیـا سەرهەڵبدەن و، لەهەریەکێکیاندا گەلەپرسیارێک هەبێت و گـەڕان بەدوای پرسیـارەکـانیش ئامـانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە .

**خستنە رووی بابەتەکە**

شـیـعـرەکـە لەحـەوت کـۆپلـە پێکهـاتووەو، هەر حەوتیان بەڕەنگێکی وا پێکەوە بەستراونەتەوە، کە لەنێـو زنجیـرەبەندێکی هارمـۆنیکدا یـەکـدی تەواو دەکەن .

کۆپلەی یەکەم بەسەرەتایەکی بێ سنوور دەست پێ دەکات و ڕێگە بۆ وێنە شیـعرییـە تێکچڕاوەکـانی دیکە خۆش دەکات :

**کاهینێک**
**سێوێکی**
**لەناو**
**پێڵاوی**
**ژنێک**
**دانا**

لەم وێنەیەدا هەست بە دوو نهـێنی کـەونی هەرە دێرین و بێ کۆتایی دەکەین، کە یەکەمـیـان هێـزی ئایدیالەو، دووەمـیـان جـوانی ئافـرەتەو پێـوەندییـە بەتینەکەی نێوایانیش خۆشەویستییە، بەڵام لێرەدا تێهەڵچوونێک لەو پێوەندییەدا هەیە کە هێماکەی سێوە، ئەویش بۆ دوو حاڵەتی هاودژ بەکار هاتووە:

١ـ سێـو نیشـانەیە بۆ دڵ، دڵیش کـانگای سـۆزەو، سـۆزیش سـەرچاوەی خـۆشەویسـتـییـە و لە لایەن کـاهینێکەوە کـراوەتە هێـمـا و ئەویش بەژنێک دەسـپـێـرێت، کـە وەکـو دەسـتـپـێـشـخـەرییـەکـە بۆ بەیەکگەیشتن .

٢ـ کـاهین سـێـوەکـە دەخـاتـە ناو پێـڵاوێک و، پێڵاویش هێـمـایەکە بۆ کـەمی و نزمـترین ئاسـتی هەڵسـەنگاندن، کـە ئەویش ڕق و کین و نەفـرەت لێکردنە .

لەهەر یەکـێـک لەو گـرێیانانەی سـەرەوەدا، دوو حاڵەتی جودا پەیدا دەبن. لەحاڵەتی یەکەمدا کە کـاهین (ئایدیال ) ژنەکـەی خۆش ویسـتـووە، ئەوە ڕێبازی ژیانی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دادەڕێژێت :

أ ـ بنەمـای خـۆشەویسـتـیی، کـە چالاکـیـیـەکی ڕۆحییـەو، ئەوە پێی بەخشـیـوەو لەنێـو پێلاوێکدا داناوەو، پێلاویش هێـمایە بۆ گەشت و گەڕان، بۆیە پێویست ناکات لەدوای بگەڕێت یان دەستکاری ئەو خۆشەویستییە بکات .

ب ـ بنەمـای دووەم مـادییـە، کـە حـاڵـەتێکی

مـــردووه، بۆ ئەوەی زیندووی بکاتەوە هەوڵی داوە لەگەڵ ڕۆح هاوجووتی بکات، هەر وەکو چۆن پێڵاو دەبێت هەمـیـشـە جـووت بێت، بەڵام لێـرەدا تاکی دووەمی پێڵاوەکە دیارنییە، بۆیە بە ئەرکی ئینسان زانراوە، کـــە بەدوایدا بگەڕێت و بدۆزێتـــەوەو دەستکاری بکات . ئەمەش لەپێناو ئامانجێکی باڵا ترەوەیە کـــــە هەردوو لایەنی تەرازووی ژیـان هاوسەنگ بهێنێتەوە .

لەحاڵەتی دووەمیشدا، ئەگەر هاتو هەردووکیان رقیـان لە یەکدی بێت، دیسان هاودژییەک دێتە پێشەوە:

أ- تووڕەبوونی تێدایە، کە ژنەکە زیز بووەو بەپەلە پەلەوە ڕای کردووەو وتاکە پێڵاوێکی بەجێماوە. ب - پەشیـمـانی تێـدایە، کە کـاهین فـوکر دەکـاتەوە و سێوەکەی لەناو پێڵاوەکە دادەنێت، بۆ ئەوەی کاتێ ژنەکە دێتـەوە، تاکـو تاکە پێڵاوە بەجێ مـاوەکـەی ببـاتەوە، سێـوەکـە ببـینێ و دڵی نەرم ببێت و لە تووڕەبوونەکەی پاشگەز ببێتەوە .

لەم هەمـوو حـاڵەتانەی سـەرەوەدا، زەمـەن دیار نییەو لە ئاستێکی کراوەییدا ماوەتەوە، کە لەوانەیە لە یەکێک لە سەردەمەکانی مێژوودا ڕووی دابێت، یانیش لە پێش خـولقـاندن دروست بووبێت . ئەم فــــەزایە پان و بەرین و بێ سنوورەش، تەنیـــا زەمەنێکی کراوە دەتوانێت پڕی بکاتەوە. کە خالس و سەداسەد زەمەنی شیعرییەتەو، کارتێکردنەکەی لە شوێنێکی جـوگـرافی دیارکـراودا نامـێنێت، بەڵکو هەمیشە لە پانتاییەکی نەستیدا دەجووڵێتەوە .

* * *

**لەکۆپلەی دووەمدا:**

**ئەو گۆرانییەی نەمگوت**
**ژنێک کردی**
**بە ئەسپ**
**کاهینێک خۆی**
**کردە گیا**

لێـرەدا چارەنووسی « گـۆرانیـیـە نەگـوتراوەکـە» بەرەو حـاڵەتێکی دیکە دەڕوات کـە زۆر دوورە لەو ئامـانجەی کە خوێنەر چاوەڕوانی دەکـات . گـۆرانی ناگـوترێت، بەڵکو بۆ مـەبەسـتێکی دیکە بەکـار دەهـێـنرێـت ..... ژنـێـک دەیـکـات بە ئـەسپ، هەرچەندە پێناسەی ژنەکە دیار نییەو لەوانەیە :

أ ـ هەر ژنە خاوەن پێڵاوەکە بێت .

ب ـ لەوانەشە ژنێکی دیکە بێت .

بەڵام لەهەردوو حـاڵەتدا کـاهینێک خـۆ دەکـات بەگیا و، ئەم گۆڕانکارییەش چەندین گریمانەی نوێ هەڵدەگرێت لەوانە :

أ- بۆ ئەوەی بە ئاسـانی بگاتە خـۆشـەویسـتی ژنەکـە، چونکە ژیانی ئەسپ لەسـەر گـیـایەو، گۆرانییەکە لەلایەن ژنەکەوە بووە بە ئەسپ .

ب ـ خۆی لەنێو گیایە جۆر بەجۆرەکاندا ون بکات و لەدەستی ئەسپەکە رزگار ببێت.

لە نێو گریمانەکانی سەرەوەدا بابەتێکی نوێ دێتە گۆڕێ، ئەویش بەردەوامبوونی ژیانە ئەم حەزکردنەش لای هەردوو لایەنی سـەرەکی هاوکـێـشـەکـە پەیدا دەبێت :

أ- ژنەکـە حـەز دەکـات ببـێت بە ئەسپ بۆ ئەوەی بەرێگەی هێزەوە بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێت و گـۆرانی " بەردەوامی ژیان " یش بە فـەرمـانی ئەوەوە بگوترێت .

ب ـ کاتێک کاهین دەبێتە گیا، کە گیایەکەش سەرچاوەی ژیانی ئەسپەکەیە، ئەوە دەتوانێت ژنەکەی لەهەمـوو شـتەکان بێبەش بکات و خۆی کـۆنتـرۆڵی چارەنووسی ئەسـپـەکـە بکات و، گـۆرانیـیـەکـەش بەفەرمانی ئەوەوە بگۆترێت .

ئەو ملمـلانێـیـەی لەنێـوان هەردووکـیـاندا هەیە هێشتا بەردەوامەو، چۆن سەرەتاکەی بە دروستی نەزانرابوو، ئەوهاش کۆتاییەکەی هێشتا دیارنییە، بۆیە زەمەنەکەش دەستنیشان ناکرێت، بەڵام لەهەمان کـاتدا خـوێنەر دەتوانێت چەندین ڕووداوی دیکە

مەزندە بکات کە لەوانەیە ئەنجام درابن .

* * *

**لەکۆپلەی سێیەمدا:**

**ئەو ئاگرەی**
**پێم نەکرد**
**کاهینێک کردی**
**بەدارستان**
**ژنێک**
**پێڵاوی**
**خۆی**
**هاوێشتە**
**ڕۆژ**

ئاگرەکە پێ نەکراوە، کاهینێک دەیکات بە دارستان کە ئەویش خۆی لەخۆیدا ئالیکی ئاگرە، بۆیە دوو ئەگەری لەیەکدی جودا پەیدا دەبن :

أ ـ بە سووتاندنی دارستانەکە ئاگر دروست دەبێت .

ب ـ بە پێنەکردنی ئاگرەکە دارستانەکە دەمێنێتەوە.

بەڵام ژنەکە لەم هاوکێشەیەدا دادەبڕێت و پێلاوەکەی دەهاوێشتە ڕۆژ، ئەم حاڵەتەش چەند پرسیارێکی دیکە دروست دەکات :

١ ـ بۆچی ئاگرەکە پێ نەکرابوو؟ ئەگەر پێ کرابا چی دەبوو؟

٢ ـ بۆچی کاهین و ژنەکە لەیەکدی دوورکەوتوونەتەوە و، هەر یەکێکیان خەریکی حاڵەتێکی تایبەتی خۆیەو وازییان لەڕکابەرییەکەی جاران هێناوە، ئەم حاڵەتەش چەند هۆکارێکی هەبووە، لەوانە :

أ. کاهین دەستپێشخەری دەکات و ئەو ئاگرەی کەس نەیتوانی لە ڕۆژەوە بەدەستبێنێ ئەو توانیویەتی بەدەستی بخات و بگاتە دارستان .

ب ـ ژنەکە دەیەوێت سەرچاوەی ئاگرەکە (ڕۆژ) کۆنترۆڵ بکات بۆ ئەوەی بە سەر کردەوەکانی کاهیندا زاڵ ببێت .

ئەم هەردوو حاڵەتەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنن کە کاهین و ژنەکە هەردووکیان ئاگادارن کە ژیانی دارستان لە ڕۆژەوە دێت و لە حەوت ڕەنگەکانی ئەوەوە دارستان خواردن دروست دەکات، بەڵام ڕوو بەڕوو بوونەوەی ژنەکە لەوە دەچێت کە دەیەوێت سەرزنشتی رووناکی بکات، چونکە دەزانێت کە خۆی گەلێک لەوە کەمترە کە بتوانێت کار لە هێزی ڕۆژ بکات، بەڵکو تەنیا تووڕەیی و دڵتەنگی خۆی دەردەبڕێت.

* * *

**لەکۆپلەی چوارەمدا:**

**ئەو جەنگەی نەمکرد**
**لەناو بەلەکۆنەی**
**ژنێک شکا**
**کاهینێک خۆی**
**کردە باخچە**

جەنگەکە ڕوونەداوە، هەرچەندە شتێکی حەتمی بووە، کە ئەگەر ژیانی دارستان باو بوو، ئەوە بێ عەدالەتی هەیەو بە نەبوونی دادپەروەری جەنگ پەیدا دەبێت، بەڵام ئەو جەنگە لەناو بەلەکۆنەی ژنێک شکاوەو کاهینیش لەجیاتی خۆی بکردایە دارستان، خۆی کردووە بە باخچە، لێرەدا هزری شار و عەدالەت چەسپیوەو شەریعەتی دارستان بێ سەروشوێن چووە، وەختی گەڕانەوەی دیارنییە، چونکە لەتوانادا نییە زەمەن دەستنیشان بکرێت و باس لە چۆنیەتی چەسپاندنی عەدالەت و بەزینی زۆرداری بکرێت .

* * *

**لەکۆپلەی پێنجەمدا:**

**ئەو شارەی پیاسەم**
**لێ نەکرد**
**ژنێک بردی**
**بۆ ئەشکەفت**

## کاهینێک خۆی کردە قوڵغ

وێنەی ئازادی شارستانییەت لەنێو چەوساندنەوەی ژندا شێواوەو ئەگەر بەرواڵەت پێشکەوتوو و ڕووخسار جوان بێت ئەوە ڕاستییەکەی بە ژیانی ئەشکەفت دەچێت کە لەپێش مێژوو مرۆڤ تێیدا ژیاوە و ژیانە سەرەتاکەی لەناویدا بردۆتەسەر.

لێرەدا ژن هێمایە بۆ دایک و دایکیش ژیانەو، ژیانیش لەسروشتەوە دروستبووە، بۆیە مافی ئەوەی هەبووە کە پێشتر جلەوی ئەسپەکەی – هێزی گەل – و ڕێنمایی کردنیشی بەدەستی ئەوەوە بێت، بەڵام ئەو ململانێیەی کە لەنێوان ئەو و کاهیندا هەیە چەندین دەرهاوێشتەی دیکە بەرهەم هێناوە، کە هەر یەکێکیان سەرەتایەکە بۆ پرسگرێکی نوێ و، هەموویان لەنێوان تیۆرە شیکارییەکان و پراکتیزە عەفەوییەکاندا دەخولێنەوە، وەکو :

أ ـ لەوانەیە بەدەستهێنانی خۆشەویستی ژنەکە، پیلانێک بێت بۆ لەناوبردنی و بەکۆتاهێنانی ئەو ململانێیەی لەنێوان هەردووکیاندا هەیە .

ب ـ یانیش بۆ تەبابوون و خۆ ڕزگارکردن بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ترسناک کە بەئاسانی ئەنجامەکەی مەزندە ناکرێت .

* * *

**لەکۆپلەی شەشەمدا:**

**ئەو گۆرانییەی نەمگوت**
**ژنێک کردی**
**بە گا**
**کاهینێک**
**پێڵاوی**
**خۆی**
**هاوێشتە**
**ڕۆژ**
**ژنێک سێوێکی**
**لەناو پێڵاوی**

## کاهینێک دانا

لێرەدا ژنەکە شێوازێکی نوێ بەکاردێنێت، کە "گۆرانییە نەگوتراوەکە"ی دەکات بە «گا» هەموو هاوکێشەکان سەروبن دەبن و بە پێچەوانەی ڕێبازی پێشتر تێکهەڵ دەبن . شەڕی ڕۆژ بۆ کاهین دەمێنێتەوەو پرۆژەی سێو لەناو پێڵاو داناندا ژنەکە لەئەستۆ دەگرێت، ئەم گۆڕانکارییەش دوور نییە بە هۆی کۆنترۆڵکردنی هێزی بەرهەمهێنان بێت، (گا) نیشانەیەکە بۆ ئەو هێزە .... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانرێت سەرچاوەی ئەو هێزە لەکوێوە سەرهەڵدەدات و دەتوانێت چی بکات، دیار نییە، چونکە لەم بارەیەوە هیچ زەمەنێک بۆ کردەوەیەکی دەستنیشانکراو ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە گەلە پرسیارێکی دیکە دروست دەبێت بە تایبەتی لەباری:

١ـ ئاستی هێزی بەرهەمهێنان لەچ قۆناغێکی گەشەکردندایە؟

٢– هۆشیاری هێزی بەرهەمهێنان چۆن ڕێکخراوەتەوەو ئاستی شارەزایی و کارامەیی لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا چەندە؟

ئەم سەرکەوتنەی ژنەکە بەدەست هێناوە، دوور نییە بۆ پرۆسەی (بەگابوون)ی گۆرانییەکە بگەڕێتەوە، لێرەدا گرنگی شیعریش دەردەکەوێت کە کۆڵەگەیەکی سەرەکی گۆرانییەکەیە، چونکە میکانیزمی جووڵانەوەی زمانی بەدەستەوەیەو، لەم ڕووەوە دوو ئەگەری دیکە سەرهەڵدەدەن :

أـ زمان کیانێکی سەربەخۆیە و مرۆڤ بەڕاهاتنەوە فێری دەبێت و ئاوازەکانیشی لە سروشتەوە هەڵدێنێت و، بەپێی جوانی وشەکان و ڕێکوپێکی ئاوازەکان گۆرانی دروست دەبێت، بەڵام لێرەدا ئەو زەمەنەی وشە و ئاوازەکان تێدا تێکەڵکێش دەکرێن دیار نییە بۆیە گۆرانییەکەش هێشتا نەگووتراوە .

ب – زمان بوونەوەرێکی زیندووەو، لەناخی ئینساندا دروست دەبێت و لە لووتکەی

هەڵچوونەکانیدا وشەکان ئاوس دەبن و ئاوازەکانیش ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەو سات و وەختەی کە دەبوایە گۆرانییەکە تێدا ئورگانیزە بکرێت دیار نییە، تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوونیشی نازانرێت .

لەهەردوو حاڵەتی سەرەوەدا زەمەن سنووری نییە و لە هیچ حاڵێکی دەستنیشانکراودا جێگیر نەبۆتەوە، ئەمەش ئاستێکی بەرزی شیعرییەتە کە لەنێو پرەنسیپە فیزیکییەکاندا جێگای نابێتەوە، بۆیە ئەو دەرگایەی هێشتا نەکراوەتەوە ژنێک دەیکات بە بەلەم و بەهێزی بای کاهینەکەوە بەرەو ئوغر دەروات و چەندین دەرگای بچووک و مەزن بە داخراوی و بە کراوەیی بەجێ دێڵێت .

**ئەنجام:**

١- زەمەنی شیعرییەتی « ئەو گۆرانییەی نەمگوت» بە سنوورێکی دەستنیشانکراو نەبەستراوەتەوەو بەکراوەیی ماوەتەوەو فەزایەکی شیعری فراوانی دروست کردووە، ئەم فەزایەش ئازادییەکی ڕەها بەخوێنەر دەدات کە بە ئاسانی تێدا بسووڕێتەوەو لەهەر لایەکەوە سەیر بکات دەتوانێت چەندین گۆشەنیگای ستاتیکی دروست بکات .

٢. بێ لایەنی زەمەنی شیعرییەت دیارە و لە دۆخێکی بەستەڵەکی هزریدا نەماوەتەوە، ئەم حاڵەتەش دەرفەت بە ڕەخنەگر نادات کە لە بازنەی ڕێبازێکی وەسفیدا شیعرەکە هەڵبسەنگێنێت، بەڵکو ڕێگە بۆ چەندین ڕێبازێکی دیکەی ڕەخنەی نوێ خۆش دەکات کە ڕەخنەگر دەتوانێت بگرێتە بەرو خۆی لە شێوازە زانستییەکانی سەردەم نزیک بکاتەوە .

٣. کراوەیی و بێ لایەنیی زەمەن، دوو کۆڵەگەی سەرەکی هەر ئەفراندنێکی ئەدەبین، بەڕوونی لەنێو (ئەو گۆرانییەی نەمگوت ) دا بەدی دەکرێت و زەمەنی ڕاستەقینەی شیعرییەتی خولقاندووە، بۆیە ئاستێکی لەبارو دەستخۆش بۆ داهێنانی ڕەخنەیش فەراهەم دەکات .

٤- ئاستی ڕاستەقینەی زەمەنی شیعرییەت پێوەرێکە بۆ هەڵکێشان و داکێشانی لایەنە ستاتیکییەکانی دیکەی هەر دەقێکی شیعری، بۆیە مۆسیقای هزرەکان و جووڵەی وێنە شیعرییەکانیش لەنێو (ئەو گۆرانییەی نەمگوت ) دا لە ئاستێکی باڵادان .

٥. گۆرانییەکە لەبارەی بیسەرەوە لە زەمەنی داهاتوودایە، چونکە هێشتا نەبیستووەو لەوانەیە لە ئایندەدا گوێ بیستی بێت، بەڵام لەبارەی قسەکەرەوە رابردووە، چونکە دەبوایە لەزەمەنی رابردوودا بگوترایەو، لەبارەی کەسە سێیەمەکانیشەوە گۆرانییەکە لەزەمەنی ئێستادایە چونکە لەهەمان کاتدا کە قسەکەر گۆرانییەکە ناڵێت کاهین و ژنەکە دەتوانن کردوەکانیان ئەنجام بدەن، ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەوە خوێنەریش دەتوانێت کردەوەکانی (بە ئەسپبوون) و (بەگیابوون) و بە (گابوون ) لەگەڵ هەر سێ زەمەندا بەراورد بکات . ئەم فرە لایەنییە لە دۆخە جیاجیاکاندا پانتایەکی لەبار بۆ لێکدانەوەی دیدو بۆچوونەکانی خوێنەر دروست دەکات، تەنانەت دەرفەتێکی گونجاو بەرەخنەگریش دەدات کە بەئاسانی کارە هونەرییەکانی تێدا ئەنجام بدات :

٦ ـ "ئەو گۆرانییەی نەمگوت" دەقێکی شیعرییەو خۆی لە شێوازی ڕاپۆرتڕێژی دوورخستووەو لەنێو جیهانی زەمەنی شیعرییەتدا دەرگەی پرسیارەکان دەکاتەوەو، وشەو دەستەواژەکانیش بە چەند مانایەکی جودا جودا باردەکات، بە شێوەیەکی وا کە لە هەر گرێیانەیەکەوە دەست پێ بکەین چەند ئەگەرێکی دیکە سەر هەڵدەدەن و ئەم پرۆسەیە لە هێڵێکی بێکۆتاییدا بەردەوام دەبێت .

**بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی پراکتیکی**
**ناو: ئەحمەد محەمەد مام عوسمان**
**قۆناغ: کۆرسی دووەم - دکتۆرا**
**بەسەرپەرشتی مامۆستای بابەت:**
**د. کەمال مەعرووف**

# چیرۆکە پڕشنگدارەکان، چیرۆکە راچەڵەکێنەرەکان

ئامال نەوار
و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

خەیاڵە پڕشنگدارەکان، جیمس تۆماسی چیرۆکنووس و مامۆستای زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، بۆ ئەو کۆمەڵە چیرۆکە کورتانەی داناوە کە لە کتێبێکدا کۆی کردونەتەوە، بەناوی(خەیاڵە پڕشنگدارەکان) کە ساڵی ١٩٩٢ بەیارمەتی «دینیس تۆماس»و «تۆم هازوکا» بەچاپی گەیاندووە.. جیمس تۆماس، ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی خستە پاڵ ئەنتۆلۆژیای چیرۆک و ساڵی ٢٠٠٦ لەژێر ناوونیشانی «خەیاڵی پڕشنگداری پێشکەوتوو»دا چاپکرد. لە هەڵبژاردن و نووسینی چیرۆکەکاندا «رۆبرت شابارد» خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکی (مۆتێل و چەند چیرۆکێکی دیکە» بەشداری کرد. «جیمس تۆماس» ئەم ناوونیشانەی - خەیاڵە پڕشنگدارەکان- لەبەرامبەر زاراوەیەکی دیکە بەکارهێنا، ئەویش «خەیاڵە راچەڵەکێنەرەکان» بوو، کە خۆی و شایارد ساڵی ١٩٨٣ کردبوویانە ناوونیشانی «چیرۆکی ئەنتۆلۆژی» کە هەردووکیان کۆیان کردبووەوە. دوابەدوای ئەوە «٦٠» کورتە چیرۆکی کورتیان بەناوی«خەیاڵە راچەڵەکێنە جیهانییەکان» چاپ کرد. پاشان پاشکۆی خەیاڵە راچەڵەکێنەکانیان چاپ کرد، کە «٦٠» کورتە چیرۆک بوو، ساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵێکی دیکەیان چاپکرد، دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٧ «چیرۆکی کورت - کورتی ئەمریکاو دوورتر»یان بەچاپ گەیاند.

جیمس تۆماس، لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی «خەیاڵە پڕشنگدارەکان»دا، پرسیارێ دەوروژێنێ تا چەند دەتوانرێ چیرۆک کورت بکرێتەوەو

بتوانرێ بەچیرۆک دابنرێ؟ وەلامەکە، لە روانین بەدرێژی چیرۆکەکاندا کە لە ئەنتۆلۆژییەکەدایە دەردەکەوێ، کە درێژترین چیرۆکی لە«٧٥٠» وشە تێنەپەڕیوە. کورتترین چیرۆکیشی لە«٢٥٠» وشە کەمتر نییە. ئەم دیاریکردنە کە ئەوپەڕی چەندبێ، لەسەر بنەمای درێژی چیرۆکی زۆر کورت دانراوە، کە «هیمنگوای» نووسیویەتی و لە «٧٥٠» وشە پێکهاتووە. بۆ کەمترینیشی دەبێ چەندبێ، پشت بەو مەرجەی «جیروم ستارن» بەستراوە، کە نووسەرو مامۆستاو رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ بووە، کە لە پێشبڕکێکەیدا «چاکترین کورتە چیرۆکی زۆر کورت- لە جیهاندا» داینابوو..

لە بەراوردێکدا «تۆماس» لەنێوان «خەیاڵە پڕشنگدارەکان»و «خەیاڵە راچەڵەکێنەکاندا» کردوویەتی، ئاماژە بەجیاوازی نێوان چیرۆکی ئەو دووە دەکات و پێ لەسەر درێژییان دادەگرێ، کە ژمارەی وشەکانی چیرۆک جۆری دووەم نزیکەی «١٧٥٠» وشەیە، یانی وشەکان لە جۆری یەکەم نزیکەی«١٠٠٠» وشەی زیاترە، بەڵام «تۆماس» تەئکید لەسەر ئەوە دەکات. درێژی چیرۆک پەیوەندی نییە بەباشی چیرۆکەکەوە. پێوەری سەرکەوتن بەپلەی یەکەم بەندە بەقووڵی و روونی دنیابینینەکەیەوە بەلەمڕۆ نزیک بوونیەوەو توانای کەمەنکێشکردنی خوێنەرو لەگەڵدا گونجانی لەسەر ئەو باکگراوندەی کە تا چەند کێشەو هەڵوێستی مرۆڤانەی جەوهەری تێدا رەنگی داوەتەوە، کە واقیعی ژیانی راستەقینە دەردەخات. تۆماس بەمەشەوە ناوەستێ و وای دادەنێ کە ئەوەی«کەمە» جێگای «زۆر»ـە کە دەگرێتەوە.. رەنگە تەماشایەکی کورتی مانادار، با بەکەمتر دەربڕێ، بەڵام رەنگە کاریگەری لە تەماشاکردنێکی درێژ زۆرتر بگەیێنێ...،

ئەنتۆلۆژی یەکەم «خەیاڵە پڕشنگدارەکان» - ٧٢- چیرۆکە، دووەم -٨٠- چیرۆکە، هەموویان سەرەڕای کورتییەکەیان دەقی قرتاو نین، یا قسەی رووت نین، بەڵکو جۆرە حەکایەتگەلێکن، لە هەموو لایەکەوە تەواون، جیهانێکی بێ کەموکورتین، ختۆکەی هەستەکان دەدەن. ئارەزووەکان دەورووژێنن و دەیانگۆڕێ، هانی بیرکردنەوە دەدا. کەسانێکمان پێدەناسێنێ جێگای سەرنجن، دیاردەی سەیروسەمەرەی ناو ئەم جیهانەمان لەبەر دەست دەنێن لێک تێکگەیشتنیان گران نییە، بەڵکو هەموو ئەمانە پێکەوە ئەنجام دەدات، کە ئەوەی ئەمانە بکات دەچێتە خانەی ئەدەبی چاکەوە، چەند درێژبێ یا چەند کورت بێ..

حەزوو خوو و ئارەزووە گشتییەکان لە ئەمریکا گۆڕانکارییان بەردەوام بەسەردا دێ سەبارەت بەمەسەلەی کورتی و درێژی..

پێش پەنجا ساڵ، چیرۆکی زۆر کورت لەسەر لاپەڕە گۆڤارە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی ئەمریکا وەکو - لیبیرتی- بڵاودەبووەوە، بەڵام گەر بۆ پازدە ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، ئەوا بەدەگمەن لەو گۆڤارە بەربڵاوانەدا چیرۆک دەبینین لە پێنج لاپەڕە کەمتر بێ.. لەم چەند ساڵانەی رابردوودا هەندێ نووسەر وەکو «کارفر»و «جۆیس کارۆل» و«ئۆستی» دەستیان دایە نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە (مەبەست لێرەدا چیرۆکە پڕشەنگدارەکانە، کە ژمارەی وشەی هەر چیرۆکێ نزیکەی دووهەزار وشەیە)، هەندێ لەو چیرۆکانە لەسەر لاپەڕە گۆڤارەکانی بەناوبانگی وەکو(نورث ئەمیرکان ریڤیو)دا بڵاوبوونەوە. لەگەڵ کۆتایی

ساڵانی هەشتاکاندا، نووسەری ئەم تەرزە ئەدەبە زۆربوون، سەرەڕای ئەوانەی لایەنگری بوون و بانگەشەیان بۆ دەکرد.. دواتر لە نەوەتەکاندا تاکو دەگاتە ئەمڕۆ، ئەو چیرۆکانەی کە ژمارەی وشەکان لە هەزاری تێنەدەپەڕاند، برەوی پەیداکردو لەسەر لاپەڕەو سەکۆ ئەدەبییەکان و سایتە ئەلکترۆنییەکان دەبینرێن..[ئەمەش نموونەیەکە لەو چیرۆکانە]

**-بەرد-**

ریشارد شیلتۆن

زۆرم پێخۆشە لە شەوانی هاویندا دەرچم و چاودێری بەرد بکەم، چۆن زیاد دەکات، وابزانم لێرەدا لە بیابان گەشەدەکاو گەورە دەبێت. کەشوهەوای گەرم و وشکە، لە شوێنانی کە باشتر پێدەگا. لەوانەشە هەر بەردەبچووکەکان لێرە چالاکن، حەزیان بزاوتن و جووڵانە، لە گەورەکانیان زیاتر حەزیان لێیە، کە دەزانن هەر بۆ ئەوان دەرەخسێ. لای زۆربەشیان ئارەزوویەکی نهێنی هەیە، کە هەمان ئارەزووی باوباپیرانی بەرلەخۆیانن، بەڵام زەمانێکە ئەمەیان لەبیرچۆتەوە لەبەرئەوەی ئەم حەزە بەئاوەوە بەندەو کەس باسی ناکات، بەردە پیرەکان هیچ دان بەوەدا نانێن و ئینکاری هەموو شتێ دەکەن کە پەیوەندی بەئاوەوە هەیە، وادەزانن ئاو مێشێکە لە شوێنێکدا قەت نامێنێتەوە تا شتێ فێر ببێ، بەڵام بەردە بچووکەکان زۆر لەسەرخۆ، بێ ئەوەی سەرنجی گەورەکانیان راکێشن، حەزدەکەن خۆیان بخەنە مۆلەقەوەو بارێکی جێگیریان نەبێ بەئومێدی ئەوەی سێلێک ئاوی گەورەو هوروژم لە گەرداوێکی هاویندا بتوانێ رایانماڵێ و بۆ پێشەوەیان پاڵنێ، لەسەر لێژاییەکەوە، یا بۆ خوارێی جۆگەلەیەکی بچووک. سەرەڕای مەترسی ئەم کارە حەزیان لە کۆچکردنەو بینینی جێگاگەلی دیکەی ئەم جیهانە، ئەوجا سوکناک گرتن لە شوێنێکی نوێ دوور لە نیشتمانی خۆیان دامەزرێن دوور لە جەوری باوکەکان. هەرچەندە پەیوەندی خێزانی لەنێوان بەردەکاندا بەتینە، زۆرێک لە بچووکەکان، کە زاتیان هەیە لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتن و کوون کوونبوونی لەشیان وەک دیارییەک بۆ نەوەکانی خۆیان هەڵگرت تاکو بیسەلمێنن، کەوا جارێ لە جاران گەشتێکیان کردووە، پەرشوبڵاو بوون و لە ئاوی قووڵیان داوەو رێگایان بڕیوە، رەنگە بگاتە پازدە پێیەک و درێژییەکەشی بڕوا ناکرێ، بەڵام لەگەڵ چوونە ناو تەمەنەوە ئەوا حەزناکەن خۆیان هەڵکێشن بەو سەرکێشییە نهێنییانەی وەک ئەمەیان.. راستە بەردە گەورەکان زۆر(موحافیزکار) دەبن، هەموو جووڵانەوەیەکیش یان بەمەترسیدار دادەنێن، یاخود بەگوناحی دەژمێرین. لە شەوانی هاوینیشدا دوای ئەوەی بچووکەکان خەویان لێدەکەوێت، بەردە گەورەکانیش دەبنە بابەتێکی گرنگ وەک مانگ، کە بەوە ناسراوە کە هەر دەبریسکێتەوە. دەبینێن چۆن دەدرەوشێتەوەو خێرا بەئاسماندا دەڕواو بەردەوام شکلی خۆی دەگۆڕێ، یەکێ دەڵێ: بڕوانن چۆن خۆی بۆ لامان کێش کردووەو هانمان دەدا شوێنی کەوین، یەکێکی دیکە دەڵێ: ئەویش بەردێکەو تووشی شێتی بووە.

**سەرچاوە:**

[لە سایتی(دروب)ەوە] ٢٠٠٧/٦/١١

# چیرۆکی نوێ

و: سەلاح عومەر



ئادگار ئالان پۆ

بەهەڵێنجان لە بیروڕاکانی د. رەشاد روشدی کە لە کتێبی (فن القصة القصیرة) دەربڕیون دێینە سەر پێناسەکردنی کورتە چیرۆک، کە یەکێکە لە وردترین ئەو کتێبانەی لەڕووی وەسف و راڤەو پیادەکردنەوە زانیاری بەخشە، کورتە چیرۆک خۆی هونەرێکی تازەیە(مەبەست ئەو چیرۆکەیە کە لاسایی چیرۆکی رۆژئاوایی کردۆتەوە (Story)، زۆرێک لە نووسەرانیش لە ژێر چەتری ئەم هونەرەدا نووسینی وایان نووسیوە کە لە بنەماکانی نووسینی کورتە چیرۆک دوورن، کورتە چیرۆک رووداوێکی هەمەلایەنی تەواو وێنا دەکات کە یەکەیەکی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لەڕووی قەوارەوە بەچیرۆکی کورت دەژمێردرێ، نەک لەلایەنی روخسارەوە، وە بۆ ئەوەی کورتە چیرۆک کۆڵەگەکانی روخسارو شێوە تەواو بکات دەبێ رووداوێکی تەواوکراو وێنە بکێشێ کە هەڵوێستێکی دیاریکراو دەربخات. لێرەدا کورتە چیرۆک مانای گێڕانەوەی مێژووی ژیان یا تیشک خستنی هەمەجۆر ناگەینێ بۆ سەر رووداوە هەمەجۆرەکان، یا مەبەستی دەرخستنی گۆشە نیگای فرە رووداو یا فرە کەسایەتی نییە، وەک ئەوەی رۆمان ئەنجامی دەدات، چونکە نووسەری کورتە چیرۆک لە گۆشەیەکی دیاریکراو دەڕوانێتە رووداوەکە نەک لە کۆمەڵێک گۆشە نیگاوە. لەو گۆشەیەشەوە یەک رۆشنایی دیاریکراویان دەخاتە سەر نەک کۆمەڵێک رۆشنایی کە نووسەر گرنگی بەوێنەکێشانی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیانی تاکێ یا پتر دەدات، نەک ژیان هەمووی. وە ئەوەی مەبەستییەتی لەم هەڵوێستەدا دەربکەوێ، یا بیبەخشێ مانایە کە دەیەوێ بۆ خوێنەر دەریبخات.

د. ڕەشاد ڕوشدی لە کتێبی (فن القصة القصیرة)دا لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: کورتە چیرۆک هونەرێکی تازەیە و ئەدەبی ڕۆژئاوایی تەنیا سەدەیەکە پێی ئاشنا بووە... ئەم لێکۆڵینەوە کورتەش مەبەستی باسکردنی مێژووی ئەم هونەرە نییە بەقەدەر ئەوەی گرنگی بەبنەماو ڕێساکانی دەدات... ئینجا پاش چەند دێری درێژەی پێ دەدات و دەڵێ: لە لێکۆڵینەوەکەمدا مەنهەجی ئیستقرائی و شیکردنەوە و بەراوردکردنم گرتۆتە بەرو خوێنەر نموونە لەم چیرۆکی جیهانی دەبینێ کە شیمکردونەتەوە و لەگەڵ چیرۆکی دیکە بەراوردم کردوون. ئەمەش یارمەتی ڕوونکردنەوەی بنەما هونەرییەکانی نووسینی کورتە چیرۆک دەدات.



چیخەف

(ئەدگار ئالان پۆ) پێی وایە: بنەمای کورتە چیرۆک ئەوەیە کە بەیەک سەرنجی و یەک ڕووداوی و زەمەن و کەسێتی دەناسرێتەوە. هەرچی ڕەخنەگری ئینگلیزی (ئالان فۆرستەرە) ئەوا پێی وایە حیکایەت بنەچەی کورتە چیرۆکە، وە بەرای چیرۆکنووسی ئینگلیزی سۆمەرت مۆم چیرۆک پارچەیەکە لە خەیاڵ و یەکەی کارتێکردن، وە لەیەک دانیشتندا دەخوێندرێتەوە. هەموو ئەم ڕایانەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە یەکەی سەرنج و یەکەی کەسایەتی و چڕکردنەوەی تێدا هەبێ.

وە ڕەخنەگری ئێرلەندی فرانک ئالافۆر پایەی چیرۆک بەرز دەکاتەوە و لە حاڵەتەکانی پەخشانی بۆ حاڵەتەکانی شیعری دەیگوازێتەوە کە تەعبیر لە هەڵوێستی هونەرمەند دەکات لە بارەی دەورووبەری، بۆیە لە ئەزموونی تاکەکەسی نزیک دەبێتەوە کە قەسیدەی لیریکی پێی دەناسرێتەوە. وە گرنگترین تایبەتمەندییەکانیشی ئەوەیە کە هۆشیاری تەواوی بەتاکێتی مرۆڤایەتی هەیە.

بەم جۆرە پێناسەی کورتە چیرۆک لای ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان هەمەجۆر بوون. هەروەها لە بارەی درێژی و کورتی و ئەو ماوە زەمەنییەی بۆ خوێندنەوە دەیخایێنێ بۆچوونەکانیان جیاوازی تێکەوت. ئەوەتا ڕەخنەگری ئەمریکی وێللز خایاندنی زەمەنی خوێندنەوەی چیرۆک تەنیا بەنیو سەعات دەخەمڵێنێ، کەچی چیرۆکنووسی ئەمریکی ئەدگار ئالان پۆ زەمەنی خوێندنەوەی بە دوو سەعات دیاری دەکات.

وە مۆزلی ڕەخنەگر رای لە بارەی ژمارەی وشەکانی کورتە چیرۆک هەیە و لای ئەو دەبێ ژمارەی وشەکان هەزارو پێنج سەد یا دە هەزار وشە بن (ل١٩ خریبط).

ڕۆژئاوا ژمارەیەک هەوڵدانی نووسینی کورتە چیرۆکی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەم چیرۆکانە تەنیا لەڕووی قەبارەوە بە کورتە چیرۆک دادەنران. نەک لایەنی شێوە یا ڕوخسار، کورتە چیرۆک ئەوە نییە تەنیا چەند لاپەڕەیەکی کەم بگرێ، بەڵکو ڕەگەزێکی ئەدەبی تازەیە و تایبەتمەندی و نیشانەی شکڵی خۆی هەیە، و سەرەتای دروستبوونی یا سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک ئەوکات بۆ کات بەسەربردن و خۆشی دەنووسرا. بریتی بوو ژۆرێک لە ژوورەکانی کۆشکی فاتیکان و پێیان دەگوت «کارگەی درۆکردن» و خوێنەر بە مەبەستەکەی و ئەو مانا ئایینییە یا

ڕەوشتییەی لە خۆی گرتبوو دەگەیشت. بەڵام لەڕووی دەربڕینەوە سادەبوو و بۆ خۆشی و ڕابواردن دەنووسرا. ئینجا لەسەدەی چواردە لە ئیتاڵیا لەسەر دەستی جیۆفانی بۆکاتشیۆی خاوەن دیکامیرۆن یا سەد چیرۆک دەستی پێکرد، کە چیرۆکەکان درێژتربوون لە چیرۆکەکانی (کارگەی درۆکردن) تا ئەوکاتەی مۆپاسان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە هات پێی وابوو ژیان جیاوازە لەوەی چیرۆک وێنای دەکات و ئەوەی تێیدایە گرنگتر نییە لە دابڕان و هاوسەرگیری. و بەڕای مۆپاسان پێویست نەبوو نووسەر بە خەیاڵ هەڵوێست یا کەسایەتی سەیرو سەمەرە بخوڵقێنێ بۆ ئەوەی چیرۆکێ بنووسێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بەس بوو کەسانی ئاسایی لە چەند هەڵوێستێکی ئاسایی وێنە بکێشێ، بۆ لێکدانەوەی ژیان بەدروستی و دەرخستنی ئەو مانا شاردراوانەی تیاییدایە. خەمی مۆپاسانیش واقیعیەت بوو لە نووسینەکانیدا... وە پێی وابوو ڕۆمان ئەو ژانرە نییە بتوانێ تەعبیر لە واقیعی تازە بکات. دواتر گەیشتە ئەو چارەیەی کە ئەم چرکە ساتە کورتە تێپەڕیوە نەلکاوانە، تەنیا کورتە چیرۆک دەتوانێ تەعبیریان لێ بکات. ئەمەش دۆزینەوەیەکی ترسناک، یا گەورەترین دۆزینەوەی ئەدەبی سەدەی تازە بوو، نەک لەبەرئەوەی کورتە چیرۆک لەگەڵ میزاجی مۆپاسان و بلیمەتیەکەی دەگونجا، بەڵکو لەبەرئەوەی لەگەڵ ڕوحی سەردەمە کە هەمووی گونجاوبوو، وەرێگاو شێوازێکی سروشتییە بۆ دەربڕین لە واقیعیەتی تازە کە ئەوەندەی گرنگی بە دۆزینەوە و دەرخستنی ڕاستی شتە بچووکەکان و ئاساییە مەئلوفەکان دەدا گرنگی بەشتی دی نادات. چیرۆکیش لای مۆپاسان ڕووداوێکی دیاریکراو وێنە دەکێشێ و هیچ بایەخ بەوەی پێش و پاشی ئەم ڕووداوە نادات، ئەم شێوەیەش کە کورتە چیرۆک وەریگرتووە هەر لە مۆپاسانەوە تا ئەمڕۆ هەر ئەوەیەو هەموو ئەوانەی پاش ئەو هاتوون لە گەورە کورتە چیرۆک نووسان، وەک ئەنتۆنی چیخەف و کاترین مانفلید و ئەرنست هەمەنگوای و لۆیجی بیراندلۆ، پەیڕەویان کردووە و پەرەیان پێداوە.

**خەبەرو چیرۆک**

چیرۆک دەبێ کارتێکردنێکی گشتی هەبێ بۆ ئەوەی تەنیا نەبێتە خەبەرێکی ڕووت. وە بەپێی ئەو خەبەرەی کە چیرۆک دەیگێڕێتەوە وردەکاری و بەش بەشی بەیەکەوە گرێدراوی تێدایە، بە چەشنێ کە بەهەموویان کارتێکردنێ یا مانایەکی گشتی بەجێ بێڵن. ڕەشاد ڕوشدی دەڵێ: تەنیا ئەم کارتێکردنە یا مانا گشتییە بەس نییە بۆ ئەوەی وا لە خەبەر بکات ببێ بەچیرۆک... بۆیە بۆ ئەوەی خەبەرەکە چیرۆکێ بگێڕێتەوە پێویستە مەرجێکی دیکەشی تێدابێ ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ئەم خەبەرە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێ، واتا دەبێ ئەوەی ناوی دەنێین (ڕوداو) وێنای بکات. ئەو کۆتاییەی هەموو سەرە داوەکان پێی دەگەن و ڕەخنەگران گەیشتوونەتە ئەوەی پێی بڵێن (خاڵی ڕۆشنکەرەوە)..

کە ڕووداوەکە لەوێدا ماناکەی وەردەگرێ و خاڵێکە کۆتایی ڕووداوەکە دەنوێنێ.

زۆرێک لە ڕەخنەگران بەهەڵەدا دەچن کە پێیان وایە خەبەر لە واقیع و چیرۆک لە خەیاڵ وەرگیراون.. بەڵام ڕەنگە چیرۆکە خەبەریەکان لەڕووی هونەرییەوە خراپترین جۆری چیرۆک بن.. وە لەوانەیە زۆرێک لەو چیرۆکانە لە کۆکردنەوەی خەبەری دژ بەیەک بەهەڵەماندا ببەن، بە گریمانەی ئەوەی ئەو خولاسەیەی کە ڕوودەدات لە کۆکردنەوەی دوو خەبەر یا پتری دژ بەیەک کارتێکردنی هونەری ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەگەر لێیان وردبینەوە ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە کورتە چیرۆک ناچن یا کورتە چیرۆک نین..

**کەسایەتییەکان**

لە زۆربەی کاتەکاندا ڕووداو لە هەڵوێستێ پێک دێ، پاشان بۆ کۆتاییەکی دیاریکراو گەشە دەکات و دەچێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕووداوە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. وە چوونی لە خاڵێکەوە بۆ ئەویدیکە

ئەوەمــان بۆ ڕووندەکـاتەوە کـە چۆن ڕوویـداوە، نەک ئەوەی بـۆ ڕوویداوە. گـەڕان بەدوای پاڵنەرەکـانیش پێویستی بەناسینی کەسایەتی هەیە کە هەر ئەوانن ڕووداوەکـەیان ئەنجـامـداوە و کـاری تێکردوون. وە ڕەنگە چیـرۆک توانای چیـرۆکنووس بـۆ چوونە ناو دەروونی مرۆڤایەتی و درکردن و پاڵنەرو هۆکارەکانی دەربخات.

**مانا**

مانا: ڕووداوی چیرۆک وێنەکێشانی کەسایەتی دەگەیەنێ لەوکاتەی کارێ ئەنجامدەدات، وە لەکاتی کارکردندا ئەم کارکردنە بەس نییـە بۆ تەواوبوونی ڕووداوەکـە، چونکە ڕووداوی تەواو وێنەکـێـشـانی کەسایەتییە لەکاتی کارکردن کەمانایەکی هەیە، ئەم مانایەش لە خودی ڕووداوەکە دەخولقێ و بەشێکی دانەبڕاوە لێی، بێ ئەم مـــانـایەش ڕووداو ناتوانێ تەکـامل بکات، چونکە سێ کـۆڵەگـەکـەی ڕووداو بریتین لە کـارو بکەرو مـانای پێکەوە گـرێدراو کـە ناکـرێ لێک جـیـابکرێنەوە. وە کـارو بکەر هیچ مانایەکیان نییە ئەگەر کەشفی مانا نەکەن «کە دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی چیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بوونی هەبێ».

**خاڵی ڕۆشنکردنەوە (یا چرکەساتی ڕۆشنکردنەوە)**

ئەم خاڵە خاڵێکە سەرجەم سەرەداوەکانی چیرۆکی تێدا کۆدەبێـتـەوە و لە یەک چرکە ساتدا کـۆتاییـان پێدێ کە پێی دەگوترێ (خاڵی ڕوشنکردنەوە). ئەم چرکە ساتەی کە ڕووداوەکە مانای تێدا وەردەگرێ و نوسـەر دەیەوێ کـەشـفی بکات، ڕەنگە ناوی بنێم کلیلدانی کـاری چیـرۆکنووسی کــە هەندێ جـار سەرسوڕهێنەرو هەندێ جار لەگەڵ ئەو ڕێزبەندییەی چیـرۆکـەکـە دەریخـسـتـووە گـونجـاوەو جـوانی چاوەڕوانکراو لای خوێنەر دیاردەکات.

**تانوپۆی چیرۆک:**

ئەم تانوپۆیە بەشێکە لە کورتە چیرۆک و ئەرکێکی هەیە کـە لەگـەڵ بەشـەکـانی دیکە ئەنجامی دەدات، بەشدارییەکی پێوبست و حتمیە. ئەم ئەرکەش وەک چۆن لە تانوپۆ دایە، ئەوهاش لە بیناکــەی دایە. هەمــوو ئەوەیش کـە لە تانوپۆی چیـرۆکـدایە، لە وێنەکێشان و زمان وەسف و گفتوگۆ و گێڕانەوەدا، پێویستە لە خزمەتی ڕووداوەکەدا بێ، بەم جۆرە دەبێ بەشداری لە وێناکردنی ڕووداو بکات و گـەشـەی پێ بکات، بە چەشنێ وەک بوونەوەرێکی زیندووی لێ بێ، کـەسـایەتیـیـەکی سـەربەخـۆی هەبێ و بتـوانرێ بناسرێتـەوە. وە دەبێ وەسف لە چیـرۆکدا هاکـەزایی نەبێ بەڵکو خزمـەتی هەمـوو پێکهـاتەی چیـرۆکەکـە بکات و لە زمــانی کــەســایەتی نەک زمــانی چیــرۆکنووس نزیک بێ، چونکە چیــرۆکنووس بەشداری لە ڕووداو ناکـات، بەڵکو باسی دەکـات و لاسایی دەکاتەوە، بۆیە هەڵەیە چیرۆکنووس زمـانی خۆی بەسەر کەسایەتییەکانیدا بسەپێنێ کە دەبێ بۆ ئەم کـەسـایەتیانە لەباربێ، وە دەبێ چیرۆکنووس لە باسکردنی ئەوەی ڕووداوەکـان ئامـاژەی پێ ناکـەن دوورکەوێتەوە و کەسایەتییەکان خۆیان کە لە ماوەی گەشەکردنی چیرۆکەکە پێی گەیشتوون پێی بگەن.

**یەکێتی بیناکردن و تانوپۆ**

لە بەشـەکـانی پێشـوودا ئەوە ڕوونبـۆوە کـە کـورتە چیـرۆک لەڕووی بیناکــردن و تانوپۆوە ئامــانجی وێنەکێشانی ڕووداوێکی تەواوی هەیە کە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بۆیە ئەوە هەڵەیە باس لە تانوپۆی چیرۆک بێ بیناکەی بکەین، چونکە تانوپۆو بیناکـەی یـەک شتن و چیـرۆکی کـورت یەکـەیەکی سەربەخۆیە و پێکهاتەیەکی خودی هەیە و ناکرێ بۆ بیناو تانوپۆ دابەش بکرێ.

**سەرچاوە**


مـــجلة الادیب العـــربي اســـواق المربد
www.merbad.net

# خوشکی شکسپیرو ڤێرجینیا وۆلف

و: حەمە عەباس



ڤرجینیا وۆڵف

کارەکانی (ڤێرجینیا وۆلف)ی ئینگلیزی لە ریزی کارەکانی کافکاو جیمس جۆیس و مارسێل پرۆست دانراوە. وۆلف لە ساڵی ١٨٨٢ لە لەندەن هاتۆتە دنیاوە، لە٢٢ ساڵیدا گروپێکی روناکبیریی دامەزراندووە، لە ١٩١٧ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا (لیۆنارد وۆلف) ی رەخنەگری ئەدەب، دەزگای بڵاوکردنەوەی (هۆگارت) یان بەڕێوە دەبرد، لە ٢١ی مارسی ١٩٤١ دوای نووسینی کورتە یاداشتێک بۆ پیاسەکردن لە ماڵ چووە دەرەوەو لەڕێگادا گیرفانی چاکێتەکەی پڕ لە بەردی گەورە کردو دواتر خۆی دایە دەست شەپۆلەکانی رووبارەوە. دوای دوو هەفتە کاتێ کە منداڵان لە ناوچەیەکی دیکەدا بەکەناری رووبارەکەدا تێدەپەڕین، جەستەی بێ گیان و سەرئاوکەوتووی وۆلفیان دۆزییەوە.

دەرەنجامێکی وا بۆ نووسەری ڕۆمانی (شەپۆلەکان) یا (گێژەنەکان) کەتیایدا باس لە چەمکی بوون و دووبارە بوونەوەی نەهامەتییەکان دەکات، ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو نییە، تەنانەت ئەگەر لە ٦٠

سالێشدا بێت.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ڕۆمانی (شەپۆلەکان) کە لە ساڵی ١٩٣١ بڵاوبۆوەو شێوازی نووسینەکەی کە لە بنەڕەتدا جیاوازە لە ڕۆمانی باو، بەباشترین کاری ڤێرجینیا وۆلف دادەنێن. ئەم ڕۆمانە کە ئەندێشەکانی شەش برادەر دەخاتەڕوو، پڕە لە وەسف و وێنەو رامان لەژیان و تەمەن و چالاکییە مرۆییەکان، کە لە لایەن تاکەوە، وێڕای هەندێ جیاوازیی رووکەش، هەمووکەس تا مردن بەیەک ژیاننامەی دووپات بۆوە بەڕێی دەکەن،

بەڵام بەناوبانگترین کاری ڤێرجینیا وۆلف ئەم ڕۆمانە نییە، بەڵکو دوو وتارن کە تایبەتن بەڕۆڵی ژنان لە ئەدەبیاتدا، کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٨ لە کامبریج پێشکەشکراو دواتر بەشێوەی کتێبێک بەناوی (ژوورێکی تایبەت بە خود) بڵاوکرایەوە.

**ئەم هەموو ساڵە ژنان چییان دەکرد؟**

ڤێرجینیا وۆلف لەم کتێبەدا لە مێژوو قووڵ دەبێتەوەو باس لە هەلومەرجەکانی ژیانی ژنان دەکات، بەوەی کە بۆچی ئەوان بەدرێژایی مێژوو هیچ چالاکییەکیان لەبواری شیعر نووسیندا نەبووە، هەرچەندە زیاتر تاقچەی کتێبخانەکان دەپشکنێت شتێک نادۆزێتەوە، ئەوەی کە هەیە هەمووی هی پیاوانە، تەنانەت هەرچییەکی کە پەیوەندیی بەژنانیشەوە هەیە، کە بێگومان کەم نین. هەروەها لە سەردەمی خۆی دەگەڕێتەوە دواوە تا بەسەدەکانی شازدەو حەڤدەو بەسەردەمی ویلیام شکسپیر دەگات، کە بە بۆچوونی ئەو، شکسپیر لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هەمان ئەو رۆڵەی هەیە کە فیردەوسی و حافزو مەولەوی لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەیانە. ئەگەرچی وۆلف دەنووسێت: ئەم مەتەڵە هەروا نامێنێتەوە کە بۆچی هیچ ژنێک تەنانەت بە یەک وشەش لەبواری ئەدەبیاتدا بەشداریی نەکردووە، لەکاتێکا کە ئاشکرایە لە نێو هەر دوو پیاودا یەکێکیان توانای نووسینی هۆنراوەیەک یان چوارینەیەکی هەبووە، بەڵام لە گەڕانەکەی خۆیدا وەڵامی ئەم مەتەڵە دەدۆزێتەوە.



شکسپیر

وۆلف لاپەڕەکانی نوێترین کتێبی پرۆفیسۆرێکی مێژوو هەڵدەداتەوەو لە بەشی (بارودۆخی ژنان لەسەدەی یازدەهەمدا ) ئەمە دەخوێنینەوە (دارکاری کردنی ژن مافی بێ چەندو چوونی مێرد بووە، بێ هەستکردن بە هیچ جۆرە شەرمەزارییەک، لەناو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا، لە سەرەوە تا خوارەوە کارێکی ئاسایی بووەو ..هەروەها ئەو کچەی کە سەرپێچی بکردایە لە مێردکردن بەو پیاوەی کە دایک و باوکی بۆیان هەڵدەبژارد، دەبوایە ئەوە لەبەرچاوبگرێت کە لە ماڵەوە زیندانی دەکرێت و دارکارییش دەکرێت.

**دووسەد ساڵ دواتر**

هێشتا هاوسەرگیری لەنێوان چینە خۆشگوزەرانەکان و چینی ناوەڕاستدا نەبوو، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە لەشێوەی هەڵبژاردندا بوو، هەر پیاو بوو کە دەبوو بە سەروەرو خاوەنی ماڵ. ڤێرجینیا وۆلف دەنووسێت ئەگەرچی ژنان لەو ئەدەبیاتەی کە لە سەردەمی زوودا پیاوان دایان

دەهێنا، خاوەن روخسارێکی درەوشاوەو زەمینەی جۆراوجۆر بوون، بەلام لە ژیانی راستەقینەدا زیندانی و لەژێردارو پلیشاوە بوون، ژن لە دەسەلاتی خەیالدا بایەخی زۆری پێدەدرێت، بەلام لەبواری کردەنیدا بەتەواوی بێبایەخە) وۆلف لەخۆی دەپرسێت (بۆچی ژنانی سەردەمی ئەلیزابێس لە سەدەی حەڤدەهەم شیعریان دانەدەنا، من نازانم ئەوان چۆن پەروەردە دەکران، ئایا فێری پەروەردەو نووسینیان دەکردن؟ ئایا ژوورێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو؟ چەند لە ژنان بەرلەوەی تەمەنیان بگاتە ٢١ سال منداڵیان بووە؟ بەکورتی ئەوان لە هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە چییان دەکرد؟ وەک ئاشکرایە ئەوان پارەیان نەبووە، پێش ئەوەی گەورە بن، چ جا لە پازدە شازدە سالیدا کە هەموو ئەو شتانەی بیانویستایەو نەیانویستایە دەیاندایە مێردەکانیان، بێ گومان زۆر سەیرو سەمەرە دەبوو ئەگەر یەکێک لەوانە بۆ تەنها جارێک یەکێک لە کۆپلەکانی شکسپیری بنووسیبایە! لێرەوە ڤێرجینیا وۆلف خوشکێکی خەیالی بەناوی (جودیت) بۆ شکسپیر دروست دەکات و دەینێرێتە ناو کۆمەلگای ئەو سەردەمەو دەپرسێت (بەراستی! چی روویدەدا ئەگەر شکسپیر خوشکێکی بە تواناو سەر سورهێنەری هەبوایە؟!)

**چارەنووسی خوشکە خەیالییەکەی شکسپیر**

ولیام شکسپیر لەسەردەمی هەرزەکاریدا لاتینی و دەستووری زمان و لۆژیک فێربوو، دوای ژن هێنان چووە لەندەن و بەهۆی خولیابوونی بە هونەری شانۆوە هەموو هێزو توانای خۆی تێدا بەکارهێناو دوای ماوەیەک تەنانەت رێگای چوونە ناو دەرباریشی پێدرا، لەو ماوەیەدا خوشکە بەتواناو سەرسورهێنەرەکەی لە مالدا مایەوە، ئەویش بزێو بوو، پربوو لە بیرکردنەوەو پراوپر بوو لەشەیدایی بۆ گەران بەدنیادا، بەلام جودیت نەنێردرایە قوتابخانە، لاتینی و لۆژیکیان فێر نەکرد، هەندێ جار کتێبێکی بەدەستەوە دەگرت و چەند لاپەرەیەکی لێ دەخوێندەوە، بەلام دوای ماوەیەک دایک و باوکی دەهاتن پێیان دەگوت کارێکی مالەوە بکات و بێهوودە خۆی بەکتێب و کاغەزەوە خەریک نەکات، دایک و باوکی مرۆڤی لێهاتوو بوون، جودیتیان زۆر خۆشدەویست، لە هەمان کاتیشدا دەیانزانی کە ژنان چ ئەرکێکیان هەیە، رەنگە جودیت نووری چاوی باوکی بووبێت، بەلام بەرلەوەی تەمەنی ببێتە بیست سال، ویستیان بەشووی بدەن، ئەویش دادو هاواری ئەوەی بوو کە رقی لە ژن و مێردایەتییە، هەر لەسەر ئەم رستەیەش لە لایەن باوکییەوە دارکاری کرا، دوای دارکاریکردن، باوکی بەچاوی پر فرمێسکەوە کەوتە تکاو پارانەوەو داوای لێکرد کە ئابرووی خێزانەکەیان نەبات. خوشکی شکسپیر چۆن دەیتوانی گوێرایەلی باوکی نەبێت! سەرەنجام توانای خودی جودیت وای لێکرد لە شەودا بەرەو لەندەن هەلبێت.

جودیت وەک براکەی زۆری حەز لە ئاهەنگی وشەکان بوو، شەیدای شانۆ بوو، لە لەندەن سەردانی هۆلێکی شانۆی کردو ویستی ببێتە ئەکتەر، پیاوان پێی پێکەنین و بەگالتە پێکردنەوە پێیانگوت کە هیچ ژنێک بۆی نییە ببێتە ئەکتەر (لەوکاتدا پیاوان رۆلی ژنانیشیان دەبینی) بەلام لەبەر ئەوەی جودیت زۆر جوان بوو، وەک براکەی دوو چاوی خۆلەمێشی و دوو ئەبرۆی درێژکۆلەی هەبوو، بەرێوەبەری ئەکتەرەکان وەریگرت.

ڤێرجینیا وۆلف درێژەی پێدەدات و دەلێ: دوای ماوەیەک جودیت خۆی بە منداڵێکەوە دەبینێتەوە کە لەو پیاوەیە،.. کێ دەتوانێ توڕەیی و ئازاری ناو دلی شاعیرێک بدۆزێتەوە کە لە جەستەیەکی ژنانەدا زیندانی و کۆت و بەند کراوە؟ هەربۆیە لە شەوێکی زستاندا خوشکە بەتواناکەی شکسپیر خۆی دەکوژێت و ئێستا لاشەکەی لە چوارریانێکدا کە بۆتە وێستگەی پاسەکان نێژراوە، بەلام ئەم خوشکە زۆریش خەیالی نییە. ڤێرجینیا وۆلف لە

چیرۆکەکەی خۆیدا ئەم دەرەنجامەی دەستدەکەوێ: (وای بۆ دەچم ئەو ژنەی لە سەردەمی شکسپیردا لە بلیمەتیدا وەک شکسپیر سەرکەوتوو دەبوو، دەبوایە بەسەرهاتێکی لەم چەشنەی بەسەر بێت) بەرلەو سەردەمەش ژنانی هونەرمەندو بەتوانایان بەتۆمەتی سحربازی و جادووگەری دەسووتاند، لەسەر بنچینەی ئەم راستییە مێژووییانەیە کە وۆلف ئاماژە بەخاڵێکی سەرنجڕاکێش دەدات: (رەنگە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی پیاوان لەبەرامبەر ئازادیی ژنان، دیارتر بێت لە خودی مێژووی ئازادی.

هەرلە سەدەی حەڤدەهەمدا یەکێک لە ژنە خانەدانەکان دەنووسێت(ژنان وەک شەمشەمە کوێرە، یان وەک کوندە پەپوو دەژین و وەک کرم دەمرن) تازە لە دوادواییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا ژنانی چینی ناوەڕاست دەست بە نووسین دەکەن، ئەویش لە شێوەی نووسینی یادەوەریی رۆژانەو نامە نووسین کە جۆرێکە لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەو لە نێو ژناندا باو بووە.

**چارەنووسی هاوسەرە راستەقینەکەی تۆڵستۆی**

هەرچەندە چارەنووسە خەیاڵییەکەی خوشکی شکسپیر جەرگبڕە، بەڵام چارەنووس و مێژوویەک دەخاتەڕوو، کە لە دەرەوەی خواستی راستەوخۆی ژناندا بەسەریاندا سەپابوو، ژیانی راستەقینەی هاوسەری نووسەری گەورەی رووس (تۆڵستۆی) ئەگەرچی لە لایەن هەمان چارەنووسی هاوبەشەوە داڕێژراوە، بەڵام ئەو دیالۆگەی کە ئەو لە دەفتەری یادەوەرییەکانی خۆیدا تیشکی دەخاتەسەر، نیشانەی سەدەی وەرچەرخانە بۆ سەدەی فێرکردنی گشتی و سەردەمی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان، کە زادەی گروپێکە لە پیاوان و بەر لەهەر شتێک یارمەتیی ئازادیی ژنانی داوە، راستییەکەی ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان ئەگەرچی لە چوارچێوەو سیستەمێکی دیاریکراودا شێوە دەگرن، بەڵام خۆی روخێنەری ئەو سیستەمەو مایەی گۆڕانی ئەو چوارچێوەو جێگرەوەی هەندێ پەیوەندی و شێوازن لە جۆری دیکەدا، پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکرێت کە پێگەی ئەمڕۆی ژنان تا ئێستا نە هاوتای پێگەی پیاوانەو نە پێشینەیەکی هەزاران ساڵەیشی هەیە. زیاتر لە پەنجا ساڵ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبی (ژوورێکی تایبەت بەخوود) سوفی تولستایا، ئەو ژنە بەتواناو خوێندەوارەی کە چارەنووسی لە هەژدە ساڵییەوە بریتی بوو لە نزیکەی دە ساڵ سکپڕی، خستنەوەی سیانزە منداڵ و زیاتر لە بیست ساڵ شیردان بەمنداڵ و چەند ساڵێک خەریکبوون بەنووسینەوەی کارەکانی تۆڵستۆی)ی مەزن و چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتووی خۆکوشتن و جێهێشتنی یاداشتێکی زۆرو یادەوەریی تایبەت بە هاوسەرەکەی ، دەنووسێت (ژیانی داپیرەم بە روونی دێتە بەر چاو، لەو گوندەی کە هەر ساڵەی منداڵێکی دەهێنایە دنیاوە)

سوفی زۆر زوو بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەرچی هاوسەری نووسەرێکی گەورەی رووسە، بەڵام شتێکی ونکردووە، بەڵام خودی راستەقینەی کوا؟ (خودی من بەتاڵبوو لە کات و شوێن، ئازاد، بێ بەربەست و بەهێز) درێژەی پێدەدات (لەوکاتەوەی کە شوومکردووە، خەونەکانم وەک سەراب وان، کە دەبێ چاویان لێبپۆشم، منیش ناتوانم وابکەم) بەڵام ئەو دەتوانێ وابکات. سوفی دوو ژیانی جیاواز لە دەفتەری یادەوەرییەکانی خۆی و دنیای راستەقینەی خۆی دەخاتە روو. لە یادەوەرییەکانی دەنووسێت (تا چەند ساڵێکی دیکە سەبارەت بە ژن دنیایەکی دیکە بۆ خۆم دروست دەکەم، لەوێدا مێردەکەم و منداڵەکانم جێگای خۆیان دەبێت، تەنها کەمێک حەوسەڵەی دەوێت و من وەک پێشووم لێ دێتەوە، بەڵام لە ژیانی واقیعی دا، هاوسەرو منداڵەکان هەموو شوێنێک داگیر دەکەن و شوێنێک بۆ ئەو ناهێڵنەوەو خۆیشی لەم راستییە بە ئاگایەو دان بەوەدا دەنێ کە(مرۆڤ دەتوانێ هەزار دنیای جۆراوجۆر بە خەیاڵ

دروست بکات، بەڵام ناچارە لە ژینگەی تەنگەبەری خۆیدا بژیت)

سوفی تولستایا لاوازو بێهێزو نیگەران بوو، ناڕازیبوونی ئەو تا رادەیەکی گلەییەکی هەمیشەیی لە یادەوەرییەکانیدا، بۆئەوەی رۆڵێک لەپاڵ هاوسەرەکەیدا بۆخۆی فەراهەم بکات واوەتر ناچێ.

سوفی نزیکەی نیو سەدە گلەیی دەکرد (وەک ئامێرێک دەژیم، دێم و دەچم و دەخۆم و دەخەوم و گەرماو دەکەم، دەنووسمەوە .. ژیانێکی تایبەتیم نییە، ناتوانم بخوێنم، ناتوانم بپەرژێمە سەر مۆزیک، ناتوانم بیر بکەمەوەو هەمیشە هەر وابووە.. هەرگیز کاتی ئەوەم نەبووە بەسەربەخۆیی بپەرژێمە سەر شتێک، هەرگیز کاتی ئەوەم نەبووە بپەرژێمە سەر خۆم) ئەو نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر شنگ و تاقەتی لاوێتی و نەیتوانی گۆڕانێکیش لە ژیانی خۆیدا بێنێتە ئاراوە.

**ژوورێکی تایبەت بە خوود**

چۆن شاعیر یان نووسەرێک کە لە جەستەیەکی ژنانەدا زیندانی کراوە، گیانی دێتەوەبەر؟ بەلای ڤێرجینیا وۆلفەوە (بۆ نووسین و شیعر گوتن، پێویست بە بوونی داهاتێکی دیاریکراوی ساڵانەو ژوورێک دەکات کە دەرگاکەی کلیل بدرێ) واتە سەربەخۆیی ئابووری و شوێنی تایبەت، کەئەم دوانەش پیاوان زۆر زووتر لە ژنان هەیانبووە.

ڤێرجینیا وۆلف دەیزانی کە روخساری جیهان لە حاڵەتی گۆڕانی زۆر خێرا دایەو دەیزانی ئەو کێشانەی کە لە سەردەمی ئەودا هێشتا دەستەویەخەی ژنان بوون، بە بلاوبوونەوەی فێربوون و پەروەردەکردنی گشتی، لەگەڵ گۆڕانی رووکاری ئابووری و سیاسیی دنیادا، گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا دێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوونی ئەم دوو مەرجە بۆ ئەو ژنانەی کە دەیانەوێ کاری ئەدەبی بکەن پێویستەو دەنووسێت (ئازادیی رووناکبیرانە بەستراوەتەوە بەکێشە ماددیەکانەوە، نووسەری و شیعر نووسین پەیوەستن بە ئازادیی رووناکبیرانەوە) ژنان هەمیشە بێبەش بوون و نەک تەنها لە ۲۰۰ ساڵی رابردوودا ،بەڵکو لە دەستپێکی هەموو قۆناغەکاندا، ژنان کەمتر ئازادیی رووناکبیرانەیان هەبووە لە کوڕە کۆیلەکانی یۆنان)

ڤێرجینیا وۆلف ئەوەندە گرنگی بە جەوهەری نووسین و بابەتەکەی دەدات کە مرۆڤ وای بۆدەچێ ئەو شەیدای وشەیە، ئەو نووسەر دەخاتە دوای بەها دادوەرییەکانی دەوروبەرو ناوەڕۆکیش دەخاتە دوای کاریگەرییەکانی ئەو و دەڵێ (هاندان و رەتکردنەوە هیچ کامێکیان بایەخدار نین، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئەوەی حەز بە نووسینی دەکات، دەینووسێت، تەنها ئەمە گرنگە، هیچ کەس ناتوانێ بڵێ ئێستا ئەم نووسینە گرنگیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەیە یان بۆ چەند سەعاتێک) و هەروەها دەڵێ (هەوڵ مەدەن خەڵکانی دیکە بخەنە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵکو بیر لە خودی بابەت بکەنەوە)

بەکەمێک لێوردبوونەوەوە دەتوانرێ پەی بەوە ببردرێ کە هەموو کارەکانی نووسەرێک کە شوێنی خۆیان لە دڵدا دەکەنەوەو هەندێ جار نەمر دەبن، ئەوانەن کە بەدوای هەقپەرستی و پەیامەکاندان، ئەو راستییەی کە هەرکارێک بەهەر شێوەیەک بێت دەستنیشانی چاکەو خراپەکان دەکات و هەرچۆنێک بێت کاریگەریی خۆی دادەنێت و لە بنەڕەتا جیاوازە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە داهێنەرەکەی لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنەکان و بە مەبەستی کاریگەری دانان قەڵەم دەگرێتە دەست. بۆچی ڤێرجینیا وۆلف ئاوا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە؟ بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو حوکمەی کە کۆمەڵگا سەبارەت بە ژنان هەیەتی، هەوڵ دەدات وا لە ژنان بکات کە بروایان بەخۆیان بەهێزبێت. بروا بەخۆبوون یەکێک لەو کارە باشانەیە کە ژنان بە درێژایی مێژوو لێی نامۆ بووون، وۆلف لە درێژەپێدانی خۆیدا مەبەستێک دەخاتەروو کە بۆ هەموو نووسەرێک

سوودبەخشە، جا چ ژن بێت و چ پیاو، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی باوەڕەکانی ئەو نییە.

ئەو لەژێر کاریگەرێتی دەروونناسانەی (کارل یۆنگ) باوەڕی وابوو کە یەکسانی ژن و پیاو لەوەدایە کە ژن ئاگاداری لایەنی پیاوانەی خۆی(ئانیماس) و پیاویش ئاگاداری لایەنی ژنانەی خۆی (ئانیما) بێت و بە بۆچوونی وۆلف ئەم هاوکێشەیە لای شکسپیر هەبووەو بە پێچەوانەی نووسەرانی دیکە، تەنها بە عەقڵی پیاوانەی خۆی نەیدەنووسی.

بەهەرحاڵ، ڤێرجینیا وۆلف لە (ژوورێکی تایبەت بە خوود) بە درێژی باس لە رۆڵی ژن دەکات لە ئەدەبی نێرانەو ژیانی دەقگرتووی ئەوان، لەوانەش باسی لە پەیوەندی نێوان ژنان کردووەو ئەوەدێنێتەوە بیر کە (لەم پەیوەندییەدا، ئێرەیی تاکە رۆڵێکە کە دووبارە دەبێتەوە، ژنە هەرە مەزنەکانیش هەر لە تێڕامانە ئەدەبییەکاندا نەبوونەتە جێگای سەرنجی رەگەزەکەی دیکە، بەڵکو تەنانەت لە رێوڕەسمەکانی خۆشیاندا لەگەڵ رەگەزەکەی دیکەدا هەمیشە بەچاوی پیاوانەوە هەڵسەنگێنراون، هەرچەندە رۆڵی پیاوان جۆراوجۆرو هەمەڕەنگ و دوور لە ئیحساسە، بە هەمان شێوە ژنانیش خاوەن رۆڵێکی سنووردارو بێبایەخن) هەروەها بە پشتبەستن بە جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو دەنووسێت (لە راستیدا هەزار جار جێگای داخ بوو ئەگەر ژنان وەک پیاوان بیاننووسیبایە یان وەک پیاوان خۆشەویستییان بکردایەو رواڵەتێکی وەک پیاوانیان هەبوایە. بەمجۆرە، کاتێ کە دوو رەگەز بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن چۆن دەبێ بە پەیبردن بە مەزنێتی و هەمەچەشنەیی جیهان، تەنها تواناکانی یەک رەگەز بخرێتەکار؟ ئایا فێربوون و پەروەردە ناتوانێ لەباتی هاوشێوەکان زیاتر جیاوازییەکان بخاتە روو؟) بۆیە ئەو ژنانە دەخرێنە بەردەم رەخنەو گلەیی کە وەک ژنێک دەنووسن بەڵام بیریان چووە کە ژنن، ئەم خاڵە گرنگییەکی زۆری بەسەر بیرکردنەوەو هەڵوەستەکانی ڤێرجینیا وۆلفەوە هەیە، واتە جەختکردن لەسەر هەقیقەتی ژنانەو تایبەتمەندییەکانیان و جیاوازیی بیرکردنەوەی هەردوو رەگەز، کە لە چیرۆکەکانی ئەویشدا رۆڵی بەرچاویان هەیە. چونکە ژنانی روناکبیر بێ ئەوەی ئاگاداری ئەم راستییەبن، ساڵەهای ساڵ بەدوای ئەوەبوون کە بەسەر (خەوشە ژنانەییەکان) ی سیمۆن دو بۆڤوار دا زاڵبن. هێندە لەمێژ نییە کە بۆیان دەرکەوتووە کە هەڵاتن لە ناسنامە چارەسەر نییە، بەڵکو چارەسەر لە دۆزینەوەو پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی ئەم ناسنامەیەدایە.

ڤێرجینیا وۆلف نەک خوشکە خەیاڵییەکان، بەڵکو دەتوانێ چەندین نموونەی راستەقینەی ژنانی بەتوانا، نەک هی چەندین سەدەی پشوو: بەڵکو هی هەمان سەردەمی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە. رەنگە بە پەیبردن بەم بابەتە بێت کە دوای تەواوکردنی چیرۆکی خوشکە خەیاڵییەکەی شکسپیر ئاوا بە جۆش وخرۆشەوە دەڵێ:

(گوتم شکسپیر خوشکێکی هەبوو، بەڵام لە ژیاننامەی شکسپیردا بەدوای ئەودا مەگەڕێن، ئەو لە سەرەتای لاویدا مردو هەرگیز یەک وشەیشی نەنووسی، ئەو لە شوێنێکدا کە ئەمڕۆ پاسەکان لێی رادەوەستن ، نێژراوە، بەڵام وای بۆ دەچم کە ئەو شاعیرەی هەرگیز وشەیەکی نەنووسی و لە چواررێیانێکدا بەخاک سپێردراوە، هێشتا هەر زیندووە، ئەو لە ئێوەدا، لە مناداو لەناو زۆرێک لەو ژنانەی کە ئەمڕۆ لێرە نین، چونکە دەبێ قاپ و قاچاغەکان بشۆن و منداڵەکان بخەوێن بوونی هەیە، ئەو زیندووە، چونکە شاعیرە مەزنەکان نامرن، ئەوان هەموو کاتێ ئامادەن و تەنها بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن تا بە جەستەو گۆشت بێن بە ئێمە.

**سەرچاوە:**

کیهان لندن ، شماره ۷۵۲ ، ۲۶فروردین ۱۳۷۸

# سۆنیا هارتنێت، بەرەوەی خەڵاتی لیندگرین بۆ ئەدەبی منداڵان:

## دەمەوێ ڕاستییەکان بنووسمەوە و ژیانیش لەڕاستیدا خەمناکە

ئا: وەرگێڕانی لە سویدیەوە: ناسر



سۆنیا هارتنیت

خەڵاتی (بیرەوەریی ئاسترید لیندگرین) وەک گەورەترین خەڵاتی جیهانیی ئەدەبی منداڵان، ئەمساڵ درایە نووسەری کتێبی منداڵان، سۆنیا هارتنیت (Sonya Hartnett)ی ئوستورالی. کە ئێستا لە ستۆکهۆڵمە. سۆنیا

- هەرگیز پیم وانەبوو ئەو خەڵاتە ببەمەوە. بۆیەش بەتەواوی ڕاچڵەکام! S.m.S ێکم بۆ دایکم نووسی کە خەڵاتێکی شەشسەد هەزار دۆلاری ئەمریکیم بردۆتەوە، دواتر دایکم تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی پێم وایە دووسفرت بۆ پارەکە زیاد کردووە، ڕەنگبێ شەش هەزار دۆلار بێ.. گوتم نا نا، شەشسەد هەزارە!

سۆنیا هارتنیت لایەنی ڕەشی ژیانی لە چیرۆکەکانیدا بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە. ئەوەش وای




لیکردووە ببێتە رۆماننوسێکی نوێکەرەوەی ئەدەبی مێرمندالآن.

- ئەوە هەمیشە بۆ من زۆر روون و ئاشکرابووە کە ژیان، بەڕاستی تراژیدیایە. ئەمە زۆر خەیاڵییە کە مرۆڤ دەتوانێ بژی، بەڵام لەماوەی ژیانیدا گەلێ شتی تراژیدی روودەدا. هەر بۆیەشە کتێبەکانی من کەمێک خەمناکن. من دەمەوی راستییەکان بنووسمەوە و ژیانیش لەڕاستیدا خەمناکە.

سۆنیا هارتنیت یەکەم کتێبی خۆی ٢٥ ساڵ لەمەوپێش بلاوکردەوە. ئەو کات تەمەنی تەنیا پانزدە ساڵ بوو. تا ئێستا هەژدە کتێبی نووسیوە و یەکێک لە هەرە بەناو و دەنگترینیان (منداڵی پێنجشەممەیە) (Thursdayís child)، کە بەسەرهاتی کوڕیژگەیەک کە خۆی بەفەرامۆشکراو دەزانی و دەست بەلیدانی تونێل و ژیانیکی ژێر زەوی دەکات.

– شتێکی پێبوو لەناو کوتە پەڕۆیەکەوە پێچرابوو. جاری یەکەم نەماننناسییەوە، بەڵام مەگەر دەیتوانی یەکێی تر بیت، بیجگە لە تین. ئیمە لنگ و لەتەر و قۆڵە رووتەکەیان دیت، پێستە مۆم ئاساکەی. قژە رەنگەڵەکەی و نینۆکە تیژ و درێژەکانی. سەری هەڵبڕی و ئیمە دەموچاوی چرچنی پیاوێکی گەورە ساڵمان بینی. سیمایەک کە بەرەو دنیایەکی دی هەنگاوی داوێشت. دا لەبەر خۆیەوە گوتی: خودایە گیان!...

- دەمەوی خوێنەرەوەکان ئەوەیان بۆ دەرنەکەوێ کە بەڕاستی ئەوە خەریکە چ روودەدات. کاتێ لاپەڕە هەڵدەدەنەوە، گومانیان لێ پەیدا بێت.

- بەڵام ئاخۆ زارۆک ئەو رەشاییەی پیویستە؟

سۆنیا دەڵی: من ئەوەی کتیبەکە پیویستیی پێی هەیە دەنووسم. تەنانەت ئەگەر بێتوو ئەو شتە بۆ منداڵان گەلێک دژوار و ناخۆشیش بیت. کتێبەکە دەبێ ئەوەندەی بۆم دەکرێ تێروتەسەل بێت. رێگەیەکیش بۆ ئەوەی وا تێروتەسەل بێت ئەوەیە ئەوە بنووسیت کەوا کتێبەکە دەخوازی و هەڵیدەگری.





# وەکو هێڵ ئازاد

**فەرهاد پیرباڵ**

- ئازادیت دەوێ؟
- هەرچی چوارچێوەیەکی لە دەورووبەرتە
بیشکێنەو.. وەرە دەرەوە!
- کارەبات نییە؟
- پەیڤە پەمەییەکان لەناو خۆتدا
داگیرسێنە!
- کارت نییە؟
- لەسەر سنووری خەون و وەدیهێناندا
قاچاغچێتی بکە!
- دەزگیرانت نییە؟
- جارجار بڕۆ باوەش بەدرەختێکدا بکە!
- نیشتیمانت نییە؟
- سەری خۆت هەڵگرە: دڵنیام نیشتمانێک
دەدۆزیتەوە.
- پارەت نییە؟
- بەفر بخۆ، ڕێواس بخۆ، هێلکەی کیسەڵ،
گەڵای دار بخۆ..!
- پارەت نییە تەنانەت ئەنگوستیلەیەکیش
بکڕیت بۆ یارەکەت؟
- لاسکە گیایەک هەڵگرەوەو لە پەنجەی
یارەکەتی بئاڵێنە!
- پەساپۆڕتت نییە؟
- ببە با، ببە بەئاو، ببە بەماسی، ببە پێ
تا دەگەیتە شوێنی مەبەست؛
ئافەرین بۆ ئەو عاشقانە،
ئافەرین بۆ ئەو سەرگەڤازانەی کە بێ
ئازادی و بێ دەزگیران و بێ کارەباو
بەبێ پارەو بێ پەساپۆڕتیش
گەیشتنە قەراغە درەوشاوەکانی
ئیجەو سێن و راین و دەردەنیل...!

# نۆستالیژیا
# لە ترۆپکی سووتاندا

ئیسماعیل بەرزنجی



بیریان دەکەم
بەچرکە، بەدەقە، بەسەعات
بەڕۆژ، بەهەفتە، بەمانگ، بەساڵ
لەبیریان ناکەم

* * *

بیری دەنگی پڕ لە هەستی
مەلا عومەر مەولوود دیبەگەیی دەکەم
کە دایکمی دەهێنایە گریان

* * *

بیری راکشانی سەربان و
خرمەخرمی ترێخواردن و
میاوەمیاوی پشیلان دەکەم

* * *

بیری بەرنامەی چیرۆکی شەوی

رادیۆی کوردی کرماشان و
گەوهەریێی حەسەن زیرەک دەکەم

* * *

بیری دەنگی کوردستانی عێراق و
مۆسیقای چەمی ڕێزان و
نەعرەتەی بارزانی مەلا خالید دەکەم

* * *

بیری یاریگەی ئیدارەمحەلی جاران و
نمایشی ساڵانەی مەکتەبەکان و
دابەشکردنی خەڵاتەکان دەکەم

* * *

بیری ڕۆژانی ساوارکوڵاندن و
گرتنەوەی دۆشاوی تەماتەو
لێکردنی باراش دەکەم

* * *

بیری وەرزی دروێنەو
گەڕانی جەنجەڕو
فەرەقەتێ و زیکزیکەی
ناو پەرێزان دەکەم

* * *

بیری فیتفیتەی حەرەس لەیلی و
پیکابی مێشکوژو
ویتەویتی ئیسعاف دەکەم

* * *

بیری قەبرستانی شێخ ئەحمەدو
چاکی بن عەردی و ئاوی کەسک و سۆر دەکەم

* * *

بیری سنەوبەرەکانی نادی مەوزەفین و
شەکرە قسەکانی عیزەدین فەیزی و
تێڕامانەکانی جەودەت ئەحمەد ناجی و
شەپقە جوانەکەی ئەحمەد ئاکۆ دەکەم

* * *

بیری تانکییە ئاوەکان و
کارێزو بیری ئیرتیوازی و
قامیشەڵانی دەوروبەریان دەکەم

* * *

بیری دەڵڵخانەو مەیدانی جامبازان و
تۆپەکەی مانگی ڕەمەزان و
کەندەکۆخ و سوڵتان موزەفەر دەکەم

* * *

بیری حەمامی عەلمۆدەو
سینەمای سەلاحەدین و مەکتەبەی سۆڵاف و
چایخانەی عەبۆو حاجی مستیل دەکەم

* * *

بیری چاپخانەی کوردستان و
سەروشەدەی مام گیو...و
کتێبخانەی خۆماڵی و
ڕەحمەتیی ئەحمەد ئاکرەیی دەکەم

* * *

بیری خێوەتگای کەشافەو
دوا یاری تۆپی پێی نێوان قوتابخانەکان و
ڕۆژی وەرگرتنەوەی کارت دەکەم

* * *

بیری تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی و
قەوان و گرامافۆن و
رادیۆی شەش مەوجی بەگلۆپ دەکەم

* * *

بیری شەڕە گەڕەک و شەڕە کەڵەباب و
شەڕەسەو شەڕەکەو...و
شەڕەئاوی هاوینان دەکەم

* * *

بیری بارانی سەرپەڵەو

تکەتکی دڵۆپەو باگوردان گێڕان و
دووکەڵی سۆپای دار دەکەم
* * *
بیری دکتۆر ئاگوب و موحسین دۆغرەمەچی و
ئومەییەو محەمەد شێخۆو
عەبدولڕەزاق دەباغ دەکەم
* * *
بیری دەنگی فەیروزی
بەیانیانی رادیۆی بەغداو
ئوم کەلسوومی رادیۆی ئیمارات و
عەبدولوەهابی رادیۆی ئیسرائیل دەکەم
* * *
بیری مێخەک و سۆتکەو
پەلکە پرتەقاڵی ناو بوخچەکانی دایکم و
چەرخ و بەردەستێ و مەورەدی
ناو سندووقە بچکۆڵانەکەی باوکم دەکەم
* * *
بیری رۆژانی
بەربوونەوە بەسەر شەختەداو
خۆ گەوزاندن لەناو رەشەگیاداو
گەردەلوولی هاوینان دەکەم
* * *
ئەی خوای میهرو جوانی
جا من بیری چ ناکەم
حەوت ساڵان لە جێگام بخە
زمانم لە گۆ بکە
بەس «بیرم» لێ مەسێنە
مەخڵەفێنە



هاوینی ٢٠٠٨ / هەولێر

# سەدو یەک شەوە

سەباح رەنجدەر



حەسرەتدار
ئەی بێ نیشتمانتر لە حاجی لەقلەقەکەی
کە لە ئێمە بەگومان نەبوو
دڵم بچووکبووەتەوە
هێندەی کونی دەرزی دایکم
کاتێک قۆپچە وەریوەکانی
کراسە ئوتوو نەکراوەکەم توند دەکاتەوە
پیرۆزی تایبەت رەنگی خەمڵیوی
ناو ئاخاوتنی بێدەنگی
ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا
بە بەردەرگا و شەقامی باخچەی گشتی دەپژێنێت
خوێنی شیعر لە گورچیلەی پاراوە و
حەکایەتی شارە
چەتر و پەڕەشووت و کۆلارە هەڵدەدەم

لە کۆترێکیش سووکتر هەڵدەفڕم
ئەستێرە لەسەر باڵی خاوەنی خوڕپەیە
رازی دوورناسی و دڵخەبەردان
بەکەروێشکە کێوی دەدا
فڕین بە تەنیا هەر بۆ باڵندە نییە
بیر لە زەنگ و مۆسیقای ناشتنیش
دەکەمەوە

ویست

لە شاخێکدا کە داڵدەی چەند شەڕکەرێکی
دابوو
تونێلی هەڵکۆڵی
لە ناوەڕاستی تونێلدا ماڵێکی شێوە
شوێنەواری بۆ خۆی دامەزراند
دەشیەوێت ئاگای لە ئەستێرە کشان بێت
ژیان لەمە باشتری تێدا نییە
غاردەی بۆ سەرکانی و بۆنی گژوگیا
یان هێلکە پاککردن بۆ منداڵ
بیریش لە هەستیاری چاوی گورگ
بکەیتەوە

نووسین

پرۆژەی نووسینی داستانێک
بووە خولیام و یەکەم هاواریم ڕژاند
پاڵەوانەکانی یەک دوای یەک
لەسەر رووپەڕ قەڵەمی دەست و پێیان شکا
عارەبانەی زبلڕێژ بە کۆڵاندا تێپەڕی
بەدوایەوە غارم دا
بەپەڕەکان باری ئەسپەکەم گران کرد
گەڕامەوە ژوورەوە
چاوم بەهەموو شتێکدا گێڕا

لەسەر کورسییەکی پلاستیک دانیشتم
پێیەکانم خستە سەتڵە ئاوێکی شلەتێنەوە
بیریشم لە قرژاڵ دەکردەوە
مێژووی لە کوێ بخوێنمەوە
ئەری مێژووی دەربار بۆ کوێمان دەبەیت
ئەو بەیانییە مێژوو پێش خەڵکی شار
لە خەو هەستا
بە کۆڵانی حەڵواچیان هەڵات و بەتەواوەتی
ون بوو

حەکایەت

بەرانبەر دوو کۆتر راوەستام
کە بەدیار باڵەفڕێی بێچووەکانیانەوە
سەرسامن
لەم راوەستانەمدا
ئەمڵاو ئەولای ژیانم ماچ کرد
حەکایەتی تاهەتایە دروست بوو
کڵاوی بەڕوو ماڵی خدری زیندەیە
دڵشاد مەریوانی زەنگوڵەیەکی
بەدەرگای حەوشەی وەکرد
لە نزیکی نووسی
هەبوو
نەبوو
تابووت ژوورێکی تاریکە

مانەوە

ئاوێنەیەک لە ژووری دانیشتن مابووەوە
باپیرم دەموچاو و مرادخانی لەبەری
رێکخستبوو
باوکیشم
منیش

هەروەها کوڕەکەشم
لە مردنی هەریەک لە باپیر و باوکم
قردێلەی ڕەشی لە ناوچەوانی بەست
کەچی ئێستاش لە پێشوازیدا
دەمودووی گەرمە و چاوی هەر پڕشنگدارە

زانین

ئەو مانگەی کە بەسەر ئێمەدا هەڵهات
سێبەری گەورە و نزم و ئاشتی پەروەرە
ئەو ڕێگایەی پێیدا نەڕۆیشتم
برادەرانم لێوەی سروود و رازی زەوییان
کردبووە ژووری خۆشحاڵی سرووش و دیدار
بۆ ڕێکەوتنێکی نرم دواخست
ئەی مانگ بێکەس بە وجاغزادەت بزانە
لە باوەشی دایکانەتدا زانی
کۆتر و هەڵۆ
هەریەکەیان چەند بەرز دەبنەوە
کەمێکن لەو شتانەی
خواوەند و گیانی پاک
دەربارەی زەوی بە وجاغزادەی خۆیان وتووە

خوان

ئێوارە بەناو کۆڵان گەڕامەوە
با بۆن و بەرامەی خواردنی
تازە لێندراوی ماڵەکانی بەرز دەکردەوە
کەشێکی تەواو جۆشابوو
مرۆڤ حەزی دەکرد
شەقام درێژتر ببێتەوە
دەست بە تەمبوور و پڕ هەست گەیشتمەوە ماڵ
خوانێکی سادە و چەند دڵێکی
بەخوڕپە و لێوڕێژی سۆز
منیش تێکەڵەیەک بووم لە بۆن و بەرامەی
خواردنی گەڕەک
دانیال قەساب سرووش و ڕەنگی
تابلۆی منارەی
لە هەڵمی چێشتی گەرم وەرگرتووە
هەڵم نانیشێتە قووڵایی چاڵەکانەوە
یۆتۆپیای قەڵا و قووللەیە

ئەستێرە

شەوە و پەنجەرە داخراون
ئەستێرە هەموو چاو و چاودێرن
مانگیش تاقانەی دایکیەتی
بەڵام تەنیا چاو دەدەنە
ئەو ئادەمییانەی گەنجینەی بەهرە و
جوانی دەوڵەمەند دەکەن
لەناو باخچە دانیشتم
فەرامۆشی فرمێسکی خواوەند و دەنگی
دەف
ئەو مندالەی ناو دڵمیان دەلاواندەوە
زیندەوەرێک لە ژێر زەوی هاتە دەرێ
هەوایەکی پاراوی هەڵمژی و بەچاو
نزایەکی نواند
سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەڕەسێلکە
کە نەیهێشت
ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بکات
درۆیان بەدەمییەوە کردووە

ئاشق

گوڵەبەڕۆژە ملکەچترین ئاشقە
بەشەو ئەشقی بەتاڵ دەبێت
کەواتە نیو دڵی هەیە

نیو دڵ لە ژێر گومان و چاودێریدایە
وێنەی سەروەری
لەناو بیرکردنەوەی بەرز نابێتەوە سێبەر
بڕێژێت
خودا مەلی هۆگر بکات
مەل گەلێک شت دەزانن
دەنگیان بە ئاستەم دەبیسترێت
داوای بەختەوەری بۆ سەر زەمین دەکەن

## نەترسان

لەسەر یەک لە تەختەکانی باخچەی گشتی
شار
کەشکۆڵی پێغەمبەرانم بەجێهێشت
بۆ ئەوەی ورە و هێزو توانا
بدەمە پیاوێکی دڵشکاو
لە زەوی رەق نەترسێت
چەمێک بۆ بەخێوکردنی ماسی و مەلە
رژایە بەرماڵیان و پرسی
دوژمنان رۆیشتن
ئەدی برادەرانی من لە کوێن

## سوێند

دیلان خەریکە مەلۆتکەیەک دەباتە گردی
سەیوان
لە دار ئەرخەوانێکی نزیک دەکاتەوە
مامەکڕنوو وەک میوەیەکی ئاو لێ گیراو
هاتە پێش چاوی و بۆ مێوانداریيەک دەچوو
ناوچەوانی هەژا
لێی پرسی
ئەرێ کەسوکار و برادەرانت
هیچ لێتیان پرسیوەتەوە
لە ژێر خۆری ساکاردا
کە سێبەرەکان تێکەڵ نابن
هاتوچوون و دۆنایدۆن بەردەوامە
دیلانیش لە نزیککردنەوەی
پارچە شووشەکان شەبەنگ دروست دەکەن
مامەکڕنوو هێلکەی سەمەندەربوو
گاڵتەو گەپی هەڵێنا
ژیا و سوێندیشی بەدرۆ نەخوارد

## کاتژمێر

بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە
با بێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت
درەختی گۆرانیبێژ و خاو و خێزانیش کۆرس
کەلوپەلیش گوێگر
ئەستەمە لە ماڵێکدا دەنگ
ئاواز نەڕسکێنێت
کاتژمێری هەڵواسراو
کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درۆزن و فریودەر
مۆمم لە هەموو پەنجەرەی
رووەکانی ماڵم داگیرساندووە و گۆرانی
دەڵێم
سڵاو لە ئاڵای وڵاتەکەم
سێبەرەکانی تێکەڵ نەکرد
بەختیار زێوەر گوڵی سەربەستی
لە دەستی نزیک خستەوە
بە کۆڵانەکاندا بڵاوی کردەوە
درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی
بۆنی تێدا نەما

## سڵاو

ئەم بەیانییە سەیری قەڵا و بازاڕم کرد
فوئاد ئەحمەد دۆندرمەی
سەر بەگوێز و فستق و باوی بەدەستەوە بوو
بەچاوێک گیاکەڵەی بینی کە دەوری

یەنگی دنیا و قۆزاخەی داوە
چۆکم شلە
گرد و تەپۆلکەکانی دەورویشتم خەریکە
دادەکەون
بەچاوەکەی تر
ناوچەوانی هەموو مانی بەخەبەر هێنا
بەچینی گۆرانییەکانی گەیشت
خودا هێزێکی لە دەنگ رواند
ژیان بۆندارە بەجوانی و بینین
ئەم بەیانییە لە ماڵەکەی خۆمدا بینیم
ژنەکەم مەمەشیری دا بە نەوەکەمان
پاشان مەمە شووشەکەی شووشت
گوڵی لێواری پەنجەرەی پێ ئاودا
سڵاو لە وێنەکەی رەسووڵ گەردی
کە بەدیواری ماڵ و دوکانەکانتان
هەڵواسراوە

**چلچرا**

پیربالّ مەحموود رەشنووسی شیعرێکی
خستە ناو شووشەیەکی بەتاڵ و دەمی بەست
هەڵیدایە رووبارێکی پڕ مەلەوانی نامراد
بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ
لە لامان دانیشت
زوو زوو کورسییەکەی دەگۆڕی
نیازت چییە
ئەزموونی دوای مردنم کردووەتە
شیعرێک
دەمەوێ بێمەوە ناوتانەوە
لەسەر سەکۆی پەیکەری گیوی موکریانی
بیخوێنمەوە و خورپەیەک بخەمە دڵتانەوە
چلچراش بە ناوچەوانی خانووەکانتانەوە ببەستم
بە شاخی کەڵەکێویش بڵێم
داوای لێ بووردن دەکەم
بۆ جوانییان کوشتووی

**پوولفرۆش**

جەنگاوەرانی هێزی بووژانەوە
هێمنی گیان و بەرگرییان لە قۆزاخەی
ئاوریشم وەرگرتووە
لە دەفتەری بیرەوەرییان نووسیوە
ئەو پوولفرۆشەی نامەکان بۆ دنیا
دەنێرێت
میوەی نایلۆنی نەخستووەتە زەمبیلەوە
بەردی نەگرتووەتە بالندەی تەختە
کەروێشکی لە سووڕی مانگانەی
راو نەکردووە
خەم و نیگەرانی جەنگیشی گرتووەتە دڵ
لە پاش جەنگدا
کلیلی سندووقی پۆستە
دەم دەبەخشێتە ئەو پیاوانەی
لەسەر سەکۆ دانیشتوون
دانیشتم و زۆر چاوەڕێم کرد
گوتم ئەوە چارەنووسە
یەکجار ماسیگرم لە رووناکی
سبەینەیەکدا بینی
لە ئاسماندا هاتە خوارەوە
تۆڕی پڕی لە ئاوەکاندا کۆکردەوە
بەتەنیشتمدا رەتبوو
لەو سبەینەیەوە نەمتوانیوە وەڵامی
بەیانی باش بدەمەوە

# وشەگەلێک بۆ ژیان

چنار نامق



وەک چۆن بڕوام بەوە نییە
لە نەبووندا
کەسێک بێنمە گێژاوی بوون
ئاوهاش بڕوام بەوە نییە
عەشقێکی ئەفسانەیی بێت و
بخزێیتە نێو ئەوینمەوە
***
دەشێ تا دوێنێ چیا بووبێت و
تێکۆشابم هەتاکو بگەمە لووتکە
لێ ئێستاکە دەزانم
گەر لە لوتکەشدا بوەستم
بێ ئومێدە
**
بەر لەدوا دیدار
چاوەڕوانی دەیخواردمەوە

پاش دوا دیدار
تێڕامانێک رایپێچام و
بەدەم وڕێنەوە دەمگوت.
بریا ژیان بەو ئاراستەیە نەدەبوو
ئەم دیدارەو
ئەم چرکەساتە نەدەبوو
**
من دەزانم ئەو خەونەی کە
لە سای تۆدا دەیگەمێ
گەر هەموو تەمەنم بنووم
بۆ چرکەساتێ نایبینم
بۆیە بڕیارم دا نەنووم
تا هەمیشە بەئاگابم
**
بمبوورە هاوڕێ نەمتوانی
بەرسڤێکت بدەمەوە
رۆژێک
بەدوای تەرمی گەڵاکاندا دەڕۆیشتم
لەوێڕا
متمانەم بەژیان دۆڕاند
**
ژیان تنۆکێ شەڕابە
لەسەر لێوی قلێشت بردووم
نایخۆمەوە
نەبا لەنێو خەمەکانیا
دە هێندەی تر سەرمەستم کا
**
ژیان دڵۆپێک فرمێسکی قەتیسماوە
لە چاوانم
چاو داناخەم
نەبا بڕژێتە سەر کێڵگەو
گەرووی خاکیش
تێر ئاو نەکات
**
ژیان و
ژیان و
ژیان
هەمیشە لە ژیان تێڕاماوم
و
تێڕامانم
ناچێتەوە...

٢٠٠٨



# چ خۆشە!

مەریوان فەتحی کەریم



کاڵتر لە سەرنجە پەشۆکاوەکانی
مەستێکی گریاو،
دەڕوانمە گلێرەکانی کرێوەی بێ
وەفاییتان..
تا سپێدە.. ئەی سپڵەترین ئافەریدەکان..
هەر بەبریقەی شەقڕنی برووسکەکان
گەرمدادێم
برووسکە سوورەکانی وەفا،
هەورە تریشقەکانیش وەک چنگێ گەڵای زەرد
کۆدەکەمەوەو
بۆینباغێکی زەرد زەردی گوڵداریان لێ
دەچنم،
بۆ چاکەتە جوانەکەی خەیاڵی منداڵیم..
کە نەمبوو!،
بۆینباغێک، لە هەناسەی سەرد

لە ئاسۆی نارنجی ئێوارانی قەڵادزێی جاران
بەمقەستی زیوینی شیعریش،
گوڵوکی زۆر جوان دەبڕم و لێی دەدەم و
دەیکەمە ملم..
چ خۆشە! منداڵ بێت و چاکەتێکی سوورو
بۆینباغێکی زەرد زەردت لەمل بێت و
ئینجا مامۆستاکەت بڵێ:
سروودی ئەی رەقیب بچڕە!.. چ خۆشە!.
چ خۆشە بەچاکەتەوە رابکەیت..
بەبۆینباغەوە بازبدەیت.. چ خۆشە!
چ خۆشە هەر منداڵێکی هاروهاج بیت و
ئەو هۆڵانە بدەیتە بەربەرد
کە حەقایەتەکانی درۆ و
هەڵگێڕانەوەی مێژوویان تیا
دەوترێتەوە!و...
پیاوە گەورەو زلەکانیش
لە ریزەکانی پێشەوە بەویقارەوە
ئاودەخۆنەوە
* چ خۆشە هەمووما ن
بەمنداڵی چاکەت و بۆینباغمان هەبێت
بەگەورەییش:
وەفاو غیرەتێکمان هەبێت
* کاڵتر لە سەرنجە تووڕەکانی ئاشقێکی
مەست
دەڕوانمە پیاوە جرپنەکان...
ئەو پیاوانەی تەنیا پیاوی خەڵکی ترن و
بەرەوڕوو بۆت سارد دەکەنەوەو
لەودیویش بۆت حەوادەدەن!
بن دیوارەکانی خەون جوانن...
چوارمشقین و
تاو.. پشتمان گەرم دەکاتەوە..

گەنجین و .. حەوجێمان بەگۆچان و
حەوجێمان بەچاویلکەو
حەوجێمان بەتاقمی ددان.. نییە!
لۆژیک: بەردێکی خڕو لوسە،
بەو سەرەوخوارەدا تووڕیان دا..
خلۆربۆوە خلۆر..
هۆڵی کۆنفرانسەکە هۆڤیانە
بۆی کەوتنە دەستکوتان..
خلۆربۆوە خلۆر..
خلۆر خلۆر خلۆر... شڵپ!
بۆ ناو ئاوێک.. کە دەستنوێژی پێ
ناشۆرێ..
کاڵتر لە سەرنجە تووڕەکانی ئاشقێکی
شێت،
دەڕوانمە رۆبۆتەکانی ناو ئەو گۆمەلێخنە
کە وەک بۆق، بێ ریپۆق هەڵناکەن..
وەک جەللاد.. بێ چەقۆ دەمرن و
هەر خۆیان چەقۆن و
بەدەستی قەسابی شارەوەن!
* لەسەر درەختەکانی هزرەوە دەڕوانم
رەنگە فانتازییەکانی ئاسۆ دەخوێنمەوە
لە پەسارێک،
پەنایەک لە وشە جوانەکان
بۆ خەونە بێ هاوتاکانم سازدەکەم..
* لە پاساژە رەنگاوڕەنگەکانی شیعر بووم
سورمەی چاوە سەوزەکانی وشە
سەرنجیان داگیرکردم..
لە هەرە جەنجاڵییەکانیشدا
جگە لە شیعر،
هیچ سەلوایەکی ترم نەبوو!
* بەئاسۆ پرتەقالییەکانی شیعردا

ڕێگایەکی دی لێ دەدەم
بەباخی گێلاس و هەڵوژەی خەیاڵیشدا
کاریزێکی دی هەڵدەکۆڵم
زمانی من حیکایەتێکی دییە
ئەندێشەش: جیهانێکی تر!.
* قەوزێکی درێژ درێژت تێهاڵابوو
بەپنگە گورگێکی دەچووی سمێک پانی کردبێتەوە
یان ڕیشاڵە سەوزەکانی ئاو لە سێدارەیان دابێ.
* قەوزێکی یان وەک لەفافێکی سەوز
هەردوو برینی پڕ ڕوئیای چاوەکانتی ڕاگوشیبوو
یان دوو کەللای بێ، دوو جلتاو لەژێریدا خەونی دەدی.
* لە پنچکە پنگێکی للیشاوی ژێر سمێک ڕامای
سمێک:
کە چاو و خەون و هەناسەش دەپلیخێنێتەوەو
سەروەرییەکانی جەنگاوەرێکی دێرینیش جەبنادا.
* قەوزێکی درێژت تێهاڵابوو..
سەگڵاوکێ بووی و خەیاڵت لەوێ بوو
خەیاڵ:
درۆیەک بوو لە مەستی
سووتانێک بوو لە شیعر
قوماشێک بوو لە خوری با
کاشانێک بوو لە مقەبا
قەوزێکی درێژ درێژت تێهاڵابوو
* کوان ئەو نێرگسانەی دەبوو بیانچێنین؟

کوان ئەو نەمامانەی دەبوو ئاویان دەین؟
هەنووکە توێکڵی تەلیسمی ئەو ڕازە دەشکێنم،
لەبەرچی:
«حوشترالووک» جوانترین گولۆکی سەحرایە؟
لەبەرچی برینی هابیلی جوانەمەرگ
هەر خوێنی لێ دەتکێ و
یەکپارچە خوێناوە، کوا دووکان لە ئاوە؟!
هەنووکە دەزانم لەبەرچی؟!
هەنووکە دەزانم!
هە...ن..ووکە.
* هاوارێک لەو دوورە بۆ ئێرە دێتەوە
هاوارێک:
هەزاران برینی پڕ ئێش و
هەزاران خەیاڵی ئازادی و
هەزاران جیهانی کوژراوی تێدایە
هاوارێک خۆی بۆخۆی جیهانێک لە زام و
جێهانێک لە چاخی بەربەری و
گەردوونێک فیشاڵی بێ مانای لەمانا تێدایە.
کاڵتر لە سەرنجە پەشۆکاوەکان
کاڵتر لە سەرنجە پەشۆکاوەکانی
مەستێکی گریاو
دەڕوانمە... بێ وەفاییتان
تا سپێدە.. گەڵای زەرد کۆدەکەمەوە
چ خۆشە... منداڵ بیت و
چاکەتێکی سوورو
بۆینباغێکی زەرد زەردت لەمل بێت..
چ خۆشە!.

سلێمانی/ ٢٠٠٨

* * *

# زەوی بەدەوری تەنیایی مندا دەسوڕێتەوە
# منیش بەدەوری سەوزایی باخچەكانی تۆ

رابەر فاریق

**«نێرگز»**

قولانج بەقولانج...بست بەبست
رادەپێچێ بەرەو ئەمدیو بۆنی پوونگ و
هاتوچۆی رەنگی رێحان و
چەخماخەی شیرینی هەنار
ئێوارەیەك...،
ستیانەیەكی لێو سەوز و
كلێكی رەشی نازك و
پەرێكی زەرد وەك باڵی و
خەمێكی سپی وەك كلوو و
مشتێك پێكەنینی سەما و
قومێك ئاوی نەشۆردراو
دەهێنی بۆ ژووری خەیاڵی هەڵفڕیوی كۆتریم
جارجارەش وەك تەمێكی تەنك/تەمێكی روون
لەژێر بینایی قەڵما هەڵدەكشێ
تا دەگاتە ئەوبەری نەبینین و بین
منیش وەك جەللادترین دەست
لەنێوانی پەنجەكانی روانینما دەیگوشم و هەر
دەیگوشم
تاكو وشك دەبێتەوە و
لە لێواری سێبەری نایلۆنی هەوا
لە كاڵێیدا وشكبوونی دەپشكوێت و
دەچێتە باوەشی "با"وە.

**«دەریا»**

ئەی دەریا...،
من بە نێو شەپۆلەكانی تۆدا رەتدەبم
لەسەر سنگی هاژە و تۆفانەكانت رادەكشێم
چەند پەرداخێك لە خەیاڵت دەخۆمەوە

لەسەر كورسیی دەنگی ئاوت دادەنیشم
سۆز لە شنەی هەرگیز هەڵنەكردووت دەچنم
برینی دڵۆپە بیمارەكانت بە شكستی باران
دەپێچمەوە
هەڵمت دەكەم بە شمەك و
بەقوڵاییتدا هەڵدەزنێم...!
لەگەڵ دووكەڵی كەشتییەكانت دەچمە پیاسە و
بەپەیكی گریان...
نامەی لە ئاو هەڵكێشراوت بۆ سەوزایی و زریان
دەبەم
دەمم دەنێم بە شمشاڵی ئازارتەوە
قۆڵ دەكەمە قۆڵی پێت و
پێڵاوی سپیت...لە ماڵی(با)دا جێدەهێڵم
تاكو دەبیت بە پەیكەر
من پەیكەرم
تۆش دەریا...!
لە لێواری غوربەتیتدا وەستاوم
كۆشم پڕە لە وردە ئاو و پارچە زنە
تۆیش نایەیت...،
نایەیت، بەدیار پرووشەكانمەوە دانیشیت
نایەیت، ئاشتم كەیتەوە لەگەڵ باخ...باخی
تووڕە و موسافیر
نایەیت، پەنجەم پڕبكەیت لە درەخت و
زمانم بچنی لە تامی سێو...سێوی سیای
هەڵواسراو بە لقی گوناه...!
قووڵاپ گیر دەكەم لە گەرووی نائومێدیت
بێزاریت دەژەنم...تۆش بێئاگایت
بێ ئاگایت، لە تۆرانی بیابان و بێباكیی كەنار
بێ ئاگایت، لە نازی ئێوارە و شوعلەی بەیانی
بێ ئاگایت، لە تەریقبوونەوەی مێلاقە و
ژاكانی تریفە...!

## «لەشكری هەڵاڵە»

لە سیلەی باخەكانەوە
تاقمێك لە هەڵاڵە دێن
بەچەكانێك: لێوانلێون لە بەتاڵی
لێوانلێون لە فیشەكی نێرگزگرتوو
بەشمەكانێك: هەڵكێشراو لە هاڵاوی
نیگەرانیی تژین...تژین...لە سەمایەك: پڕ لە
كڵپەی رووتبوونەوە
تۆ و شوعلەی باران لەگەڵیان
تۆ و هێشوویەك خەیاڵی ئاو
تۆ و سێبەری مزری نەسیم
تۆ و تۆرانی تریفە لە مانگ
تۆ و نازی شۆردراوی باخچە و
تۆ و لەنجەی جۆگەی بەر دەرگەی بێتاقەتیی
پەیتا...پەیتا...وەكو ترپە
بە شێنەیی...
رووە و مەنزڵگەی دڵم دێن
زەمیلەیەك لە تەئەمولی ئایئای و
فنجانێك لە تەڕیی ئاو و
پیاڵەیەك لە بۆنی نێرگز...،
سەبەتەیەك...لە نیگای سەوزی پوونگ دێنن..
لە خۆشییان...،
ریشۆڵەیەك دەنووك دەدات لە روومەتی كزەبایەك
ئەم ئازارەیش..نەرمە نەرمە دەم دەنێتە دەمی
فلووت
دووریی دێتەوە تەنیشتم
لە تەك سێبەری خۆم و
دووكەڵی جگەرەی هەڵم و
ماچی جێماوی ژێر لێوت دادەنیشم
چاك و چۆنی لەگەڵ داڵغەیەكت دەكەم
كتوپڕیش...،
خەونێك دێتە نێو سەرتەوە و من دەیبینم...!

# خۆڵەمێشی بوون

شێروان ئیبراهیم حەیدەری

لەگەر دوو غوبارى ئەو غوربەتییە
پەرداغێک لە خۆڵەمێشی بوونم بدەرێ
لەسیسبوونی ئەو گوڵە ڕەزانەی کە لە
چاوەڕوانی دەکوژرێن
چایەکی تێر ڕەنگم بدەرێ
بۆنەکەی نەشوەی چرپەکانمان بدزێ
پەنهانەکانمان جارانی مەستی بکا
مەستبوونێک ڕامان ماڵێ
فێری ژیانی تاقگەمان کا
مەستبوونێک هەڵمانگرێ
کۆتری زەویمان لێبفڕێنێ
لیسمان بەتاڵ کا
مەستبوونێک مەستمان کا
بەمەستی شانەی قسەکانمان دەربێنێ..
گوناهی من نییە، کە دڵ دەبێتە سەکۆ
خونچەکانی وشە ڕەنگیان هەڵدەوەرێ
پیتەکان دەبنە وردە ماسی
لەژێر سەکۆدا گەورەدەبن
هاژەی دەنگەکان دەبنە تەزرەو لە دەرگا دەدەن
کێ لەماڵە؟
پرسیار دەبێتە شەونم دەرگای دار دەخوسێنێ
بێ دەنگی لە کوورەی خۆیدا دەمانسووتێنێ
کپی لەناوەوەی خۆیدا هەڵماندەلووشێ
چاو لە دەرەوەی وێنەکانی خۆیدا دەمانپرووێنێ
خەیاڵ بێ دەست دەمێنێتەوە، نیاز فڕێدەدا
فرمێسک لەدەرەوەی کانییەکانی خۆیدا
هەڵدەقووڵێ دەمان وروژێنێ
پێش ئەوەی ببیت بەسەراب
مەترسە شەکر بشکێنەو سەما بکە
پێش ئەوەی ببیت بەگوڵی وەربوو
شۆخێ بکە، دەستی باغەوان نەرم بگوشە
پێش ئەوەی ببیت بەچرا
ڕاڕامەبە، پەنجەکانی تاریکی توند بگوشە.

# ئەسپێکی نەخۆش

نەجات ئەسپیندارەیی



پاڵم بەقەدی ئەو دار چنارە داوە
بیر لەڕۆژانی منالیم دەکەمەوە
ئەو رۆژانەی لەسەر بەردێک دادەنیشتم
شمشاڵەکەم دەژەنی پڕ بەدەمەوە
بۆ ئەو رۆژانەی ڕابردن و
تێپەڕین وەکو ڕێبواری
لەچاوانی خەمناکیما
نم نم ئەشک دێتەخواری
لەسەر لبادی سەوزی گیا
سەرم بە بەردێک کردووەو ڕاکشاوم
خەونی تاڵ و خەونی شیرین
وەکو فلیم یەک یەک دێنەوە بەرچاوم
ئەو رۆژانەم دێنەوە یاد

که لەگەڵ جریوەی مەلان پێدەکەنیم
دەچووم مە سەر لقی داران
شنەی با وەکو جۆلانە رایدەژەنیم
بەخوناوی سەر گەڵاکان
تەڕ دەبوو سەروپەرچەمم
دەمی خۆم لێک دەکردەوە
ئاونگ دەتکایە ناو دەمم
لەنێو گەڵای درەختەکان
پەپوولە سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکردم
لاوک و حەیرانی ڕەزەوان
وەک لای لایەی دایک دەیهێنام دەیبردم
بەیت و بەلۆرەی شوانان لە دوورەوە
زۆر بەنەرمی دەهاتە گوێم
بەقەدی دارە بەرزەکان هەڵدەگەڕام
هەتا شل دەبوون دەست و پێم
جارجار هەستی خۆم ڕادەگرت
لوورەی گورگێک لە دوور دەهات
لەبەر سەگەکەم ناوێرا
بۆ ناو مێگەل دزە بکات
کە گەڵایەک لە دار دەکەوتەخوارەوە
ڕامدەمالی تا سێبەری دار پیس نەبێ
نەمدەزانی ڕۆژێک دادێ گەڵای عومرم
وەک ئەو گەڵا هەڵوەریوانە سیس دەبێ
کە گەورەبووم بەسواری ئەسپێکی نەخۆش
گەڕام بۆ سۆراغی دارستانێکی تر
وەک منالێک لەکۆشی دایکی تۆرابێ
سەربکەمە کۆشی میهرەبانێکی تر
لەدوای ئەو هەموو گەڕانە
سەری خۆشم ون کردووە

لەنێو یەقین و گوماندا
ئەڤین لەدڵما مردووە
وەکو ئەسپە نەخۆشەکەی تەیموری لەنگ
ئەسپی ئێمەش گوناهی لێ بارکراوە
ناوێرم لەژێر سێبەریدا بخەوم
چونکە لەگەڵ هەرماسدا شەتەک دراوە
ئێستاش پاڵم داوە بەکەلاوەی ڕووخاو
چاو هەڵدێنم ئاسۆی دواڕۆژم لێ ونە
لەسەر دووڕیانێکی تاریک ڕاوەستاوم
نازانم کامە ڕێگایان ڕێگای منە



# چی له چاوت عاشق تره!

زیاد نادر عالّلایی

پێشکەشە بەمامۆستا (ح.ت)

ئەی مامۆستا..

ئەی گوڵزادە..

دەپێم بڵێ.. بەدوای چ سێبەرێک سەری کچێنی خۆت هەڵگرتووە؟

بەدوای چ کیشوەرێک دەگەڕێیت و ترووسکاییەك.. ئاوەدانییەك بەدی ناکەی؟

بەدوای چ شاسوارێک وێڵ و پەڕاگەندەییت تا خەونەکانت لە فەنابوون رزگار بکا،

کەچی نایگەیتێ؟

بەدوای چ بەهارێک پەروازەییت و گوڵێکی ناسکت بۆ دڵنەوایی چنگ ناکەوێ؟

بەدوای چ مرواریيەك سەراسیمای سەدان رووبار و دەریایی و بەردێکی نرخداریش نادۆزییەوە..

دەپێم بڵێ..

چۆن وێڵ دەبی بەبێ دڵ و بەبێ عیشق؟

چۆن رێ دەکەی بەبێ سۆز و بەبێ تاسە؟

چۆن هەڵدەفڕی بەبێ باڵ و بەبێ ئاسمان؟

چۆن کڕنۆش دەبەی بەبێ رووگە بەبێ خوا؟

نا.. سەردەرناکەم لەو هەموو ناز و حەزەی تۆ!!

هەر نازێکت ئاگرێکەو پەروانەی رۆحم هەڵدەقرچێنێ!!

هەر حەزێکت بارەشێکەو چناری دڵم

هەڵدەتەكێنێ!!
لێ هەر رازیم و هەر دۆزەخـێک تۆ سـازی دەی
خەرمانی خەمەكانمی تیا دەسووتێنم و،
هەر بەهەشتێک زادەی نیگاكانی تۆ بێ بەلەتێک لە
سۆز و دلۆڤانی خوای دەزانم.
ئەی مامۆستا..
ئەی سەیزادە..
خـاوەنی دڵـێكی سـیاسـەنگ و بەردینی و چۆڕی
شیری دلاوایی لە ئاسكۆڵەی ناخت
شك نابەم!!
خاوەنی چ ویژدانێكی خۆپەرستانەیت و لە خۆت
بترازێ دڵێكی تر.. كەسێكی تر
عیشقێكی ترت خۆش ناوێ!!
خـاوەنی چ روحـێكی سـارد و سـڕی و بەهەزاران
پشكۆی گەشی وشەی شیعرەكانم گەرم نابێتەوە!!
نا.. تەت هێندە سەرسەخت و سەرەڕۆ مەبە..
نەبادا گـەرداوی ئاهەكانم بۆ دورگـەی سووتان و
فەنابوونت راتبپێچێ..
نەبادا لەنێـو ئۆقیانووسی ئەشكەكانم پەیتا پەیتا
بتوێیتەوە و بخنكێی..
نەبادا لە دۆزەخستانی زایەڵەی نزاكانم پەڕەكانی
جوانیت هەڵوەرێت و هەڵپرووكێ..
هۆ مامۆستا..
هۆ پەریزادە..
لەگەڵما وەرە تولێنگی عیشق هەڵگرەو،
تۆ لە ئێڤرێستی دڵت ئادگاری شاعیرێكی عاشق و،
منیش لە بێستوونی رۆحم وێنەی تۆی مامۆستا
دەتاشم..
لەگەڵما وەرە بۆ سەفەری ئەوین و،
لەژێر نسێی چناراندا ئاوێتە بە رۆحی یەك بین و،
سروشت پڕ ماچ و رەنگ و جوانی كەین..
لەگەڵما وەرە بۆ فیردەوسی خۆشەویستی و،
ئەمن سێوی سپی كوڵمت هەڵمژم و،
تۆش منی ئادەمی سەرمەست لەباوەش بگرە..
لەگەڵما وەرە بۆ نیشتیمانی سەرمەستی،
پێك لەدوای پێك لە شەرابی چاوەكانت هەڵدەم و،
تۆش لە لەززەتخانەی دەستەكانم سەمای سەرمەدی
بكە..
لەگەڵما وەرە بۆ بەهەشتی ماچباران،
تك تك ئاونگی كچێنی لەشت دەخۆمەوە تا تاسەی
تینویەتیم دەشكێ،
تۆش لە كـــەوســـەری مــاچ و رامـــووســـان و
هەڵگڵۆفینم پێك هەڵدە تا خومار و حەیران و دڵ
مەست دەبی..
لەگەڵما وەرە بۆ هەر بەندەرێ.. هەر كیشوەرێ..
هەر كوێندەرێ، كە هەنگاوی بۆ هەڵدێنم
چی لە چاوت عاشقترە!! ناتوانم واز لە مەیخانەی
چاوەكانت بهێنم..
لەگـەڵـما وەرە تا دوا چركـە وەك ئاشنایەك.. وەك
رازگرێك لەگەڵما بە..
چونكە لە ئاشنایەتی و دڵبەسـتەیی شاعـیرێك تا
سەر ئێسقان تۆ پەرست دا،
هەمیشە هەناسەی ئۆخژنی دەدەی.
ئەی مامۆستا..
ئەی شەككەر زادە

٢٠٠٦/١٠/٢

# دوو کورتەچیرۆک

**دڵشاد کاوانی/ شەقڵاوە**

**١-نووسەری چاو پێڵاو**

ئەم رۆژە بەقـژێکی خـاو و دارێژو لوول و ردێنە تەهریشرکراوەکەیەوە هاتەوە.

ددانە گـرەکـانی دەرخـستنەوە، سـەرەتا لە دەرگـاکـەوە مـاچ و مـووچ دواتر هەندێکیـان دەستکوشین، ئەوانەی تر سەری بۆ لەقاندن، دواتر لەسەر هەمان کورسی لاپەرگەیەکی چایخانەکەوە دانیشت، پارەی هەموو ئەو چاو قاوانەی واسڵکرد کـە لەپێش هاتنی ئەودا خـورابوونەوە، هەمـوو نووسـەرەکـانی ئەم شـارە دەناسـێت، هاورێیـەتی لەگـەڵ زۆربەیاندا هەیە، ئەی شـاعـیـرو چیـرۆکنووسـەکـان بۆ ناڵێن وەک کورِی پووریان وایە، ناوی یەکە یەکەیان دەزانێت، خۆی وتەنی سوێندی بەسەری دەخۆن، بەڵام هەمیشە داخێک کـوشـتـوویەتی، کـە بۆچی نابێت بەنووسـەر؟ بۆ نـاوبانـگ و شـــۆرەت هێندەی منارەی چۆلی ناسراوە، لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤارو رۆژنامەکان دایک و باوک و برا، کـەچی هەرگـیـز نابێت بەنووسەر! دواین رۆژ دایکی بەگریان و فیغانەوە بۆ بەردەم چایخانەکە هات و کروزایەوە کە بۆچی کورە تاقانەکەی ناکەین بەنووسەر بۆچی، بەم دەردو کـەسـەرە سـەربنێـتـەوە، لە هەمـوو کـۆرِو کۆبوونەوەیەکیش لە پێشەوە بوو، بن باڵی رۆژ تا ئێـوارە پرِ لە رۆژنامـەو سێ قـەڵەم بەسەر کـراسە سـپـیـیـەکـەیەوە خـۆی دەردەخـات، زبڵـدانی رۆژنامـەکـان و گـیـرفـانی نووسـەران نەمـابوو دەستنووسێکی ئەوی تێدا نەبێت، بەڵام تا ئێستا بۆ رۆژێکیش بەموراد نەگەیی، رۆژی پێشتر زۆر



لەخۆی بێزاردەبێت، بۆیە هەر لە چایخانەکەوە دەردە دڵی خۆی بەسەر کاغەزێکی سپیدا هەڵدەرێژێت بەمانشێتێکی گەورەو قەبەوە دەنووسێت«من هەر دەنووسم ئێوەش بڵاوی مەکەنەوە» لەرێگای پۆستەوە لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی خۆی بۆ رۆژنامەی دەنگی میللەت دەنێرێت، کاتێ بەنائومێدی لە چایخانەکە وەدەرکەوت بۆ ئەوەی پێڵاوەکانی لای منداڵە بۆیاخچییەکەی بەردەم چایخانەکە بێنێتەوە سەیری وێنەی ئەو رۆژنامەیەی کرد کە لەژێر پێڵاوەکانی راخستراوە، بەحەپەساوییەوە خۆی لە رۆژنامە بۆیاغاوەیەکە کردو بەدەم راکردنەوە هاواری کرد.. ئیتر ئەمرۆ بەدواوە نە چا دەخۆمەوە نە پێڵاویش بۆیاغدەکەم.

**٢- ئەوەی نەموێرا بیڵێم نووسیمەوە**

تابڵێی نووسەرێکی راستگۆیە لەگەڵ خۆی، بە ژنەکەی ناوێرێت گەر بۆی بلوێت بەچیرۆک زیندەبەچاڵی دەکات، هێندە لە بەرێوەبەری فەرمانگەکەی بێزارە، بەدڕندەو ئەژدیها ناوی دەبات. لەدەست خاوەن خانووەکەی رۆژانە گۆشەیەک لەسەر کرێچییەتی پردەکاتەوە، لەبەر جوانی لەشولاری کچە فەرمانبەرەکەی بانک جگە لە شیعرە تەڕو ناسکەکانی بەناو قژی با، مەمکی ئیلاهی، نینۆکی حەوا، لەشولاری ماسی، رۆژێک نا رۆژێکیش بەناو پارەی خوردەو پارەی دڕاو پارەی چاپ، پارەی بڕاو، دراوی بیانی، دەنووسێت لەسەر گرانی بازاڕ قەرەباڵغی بێکاری، سووتەمەنی، کارەبا هەر مەپرسە، دوایین جار لەسەر گۆشتی باش یان گۆشتی خراپ قەسابەکان تێروپڕ تێی هەڵدەدەن بۆیە دواجار دەنووسێت«تێم هەڵدەن یان تێم هەڵنەدەن ئەوەی نەموێرا بیڵێم نووسیمەوە»

# بووکۆکەی زاراخان

محەمەد کەریم نانەوا

دێیەکەمان پشتی دابووە چیاو روو لە دەشتایی، ماڵەکەمان کەوتبووە نک کانی بەرماڵان و بەرپزە دارچنار دەورە درابوو،

زاراخان لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەمان هێشتا نەچووبووە بەر خوێندن، دەمدیت سبەینان دوای قاوەڵتی«بووکۆکە»کەی لە باوەشی خۆی دەگرت، بەهەڵبەزو دابەز دەچووە ژێر سێبەری بن دارچنارەکان. بووکۆکەکەی بەبنەدارێک هەڵدەپەساردو پێی دەگوت:

– بووکەخان گوێبگرە..! بەئاقری دانیشە نەجووڵێی، یان بخشی بچیتە دەمکانی، نەبادا پێت هەڵخلیسکێ و بکەویتە ناو کانی و بخنکێی.. دانیشە گوێ بدە چەهچەهەی بولبول و قاسپەقاسپی کەو، منیش دەچم هەندێک چیلکەدار خڕدەکەمەوە، سەری خانوو چکۆڵەکەمانی پێ هەراش دەکەم، هەندێکیش بۆ پەرژینی حەوشە، چونکە حەوشەی بێ پەرژین شوورەییە..

چاوم لێبوو هێشتا هەر لەگەڵ بووکۆکەکەی دەدوا، لە هیکرا لەگەڵ غەڵبەغەڵب و نەڕەنەڕو هۆڕەهۆڕێکی ناساز راچڵەکی، بەلای دەشتاییدا روانیم، دیتم..! بەپانتایی پێدەشتی گوند زرێپۆش و شۆفەڵ و ئوتۆمبێل و سەربازبوون، تۆز بەری ئاسمانی گرتبوو لە پێشەوانیش کۆمەڵێک چەکداری کۆفی قیت پێش قەرەوڵ لە بەراییدا بەهەشتاوی دەهاتن، دیقەتم دابوونێ کە لە ئاوایی نزیکبوونەوە بەلای راستوچەپی ئاواییدا بەگورگەلۆقەوە سووڕان و دەوری ئاواییاندا، پاشان پەیتا پەیتا بووکانە نە دەستڕێژەک و نە دووان ئاسمانی گوندیان گوللەباران دەکرد، ئیدی کار

لەکارترازا سەدای چەغەلوولانێ و زاکوزریکی ژن و منداڵ و بۆڕەبۆڕو قۆڕەقۆڕی مانگاو سەنگۆ تێکەڵ بووبوون مەپرسە لە ڕۆژی ڕابوونی دەکرد..

زرێپۆش و شۆفەڵەکانیش بەهەمان شێوەی چەکدارە کۆفی قیتەکان بەچواردەوری ئاواییدا بڵاوەیان لێکرد، گوێم لە بانگەوازی دەنگێکی گڕو کەرخ بوو دەینەڕاند..!! ئاگاداری، ئاگاداری.. ئاگادارتان دەکەین کە بەزووترین کات بەسەڵتی لە ماڵەکانتان دەرکەونە دەرەوە، ئەگەرنا خانووەکانتان بەسەردا دەڕووخێنین.

من هەر لە شوێنی خۆم چەقیبووم و ئەبڵەق مابووم، خەڵکەکە لەجێ خەرمان وەکو ڕۆژی حەشر ئاسایی تێکدەقژقژان و تێکهەڵدەسووڕان، سەرباز چواردەوریان گرتبوون بەتۆبزی سواری زیل و ئیڤایان دەکردن، زیڕەی ژن و منداڵ دەگەییە ئاسمانی حەوتەمین. لە لایەکی دیکەوە کۆفی قیتەکان بەناو کووچەوکۆڵانی ئاواییدا وەربببوون هەر مەپرسە..؟

دەرگاو پەنجەرەیان لە ڕێسمە دەبرد، جگە لە پارەوپوول و خشڵ و شتومەکی گرانبەها، بوخچەو پریاسکەی ژنانیان دەکۆڵییەوە، کراس و دەرپێی ژنانیان دەقۆزتەوە، پاشان کە خەڵکەکەیان سواری زیلەکان کرد، دڵنیابوون کە تۆرەمەیان لە ئاوایی بڕی، شۆفەڵەکان بەرازئاسا لموزیان لە خانووەکان گیردەکرد لەبن و بۆتکەوە هەڵیاندەتەکاندن بەسەری یەکدیدا سەراوبنیان دەکردن تۆزو گەردەلوول روخساری ئاسمانیان دزێو کردبوو، تەڵخ مەپرسە..؟! وەکو ڕەنگ و ڕووخساری مردوو،

.. چاوم لێبوو، کە هەموو خانووەکانیان بەسەر یەکدی داتەپاند، تەواوی خەڵکەکەیان ڕاپێچی ناو زیل و ئیڤاکان کرد، هەتاکو لە پێچایی بستییەکەی زەوی هیواوە سووڕانەوە دواتر لەپێش چاوم گومبوون..

پاشان بەسۆراخیان کەوتم لە یەکێک لە کۆمەڵگا زۆرە مللێیەکاندا بێ ناز بەخەمدا کەوتبوون، وەلێ ڕەوڕەوەی ژیان هەرگیز لەکار ناکەوێ.

زاراخان بەچارەنووسی خۆی شاد ببوو، خێزانداربوو پاش هەڵتەکاندنی کۆتەڵی دیکتاتۆرییەت، زاراخان بەخاوخێزانەوە گەڕابوونەوە بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان، سبیانەکێ چاوم لێبوو دیتم زاراخان کیژە بچکۆلانەکەی لە قیلمقازێ کردبوو، دەستی ئەوەکەی دیکەی گرتبوو، بۆ شوێنەواری بنەدار چنارەکان و کانی بەرماڵان خشی، ژنەوتم..!! بەدوای سەروسۆراخی بووکۆکەکەیدا دەگەڕاو دەسووڕاو بەتاسووقەوە چاوی دەگێڕا..

بەڵێ سێرەی نیگام لێگرتبوو، بەتاسووقەوە بست بەبستی شوێنەواری بنەدار چنارەکان و ڕۆخ کانی بەرماڵان دەگەڕا.

وا هاتەوە پێش چاوم، وەکو بەرێ بەتەمەن چکۆڵەیەو لەبەر نەبوونی قوتابخانە هێشتا نەچۆتە بەر خوێندن و لەژێر سێبەری بنەدار چنارەکان لە نزیک کانی بەرماڵان بووکۆکەکەی بەبنەدارێک هەڵپەساردووەو ئامۆژگاریی دەکات.. (بەئاقری دانیشە نەجوولێی، نەبادا...)

من لەو خەیاڵانە دابووم، دەگەڵ زرمەو هاڕژنی تەقینەوەی(مین) ڕاچڵەکیم، سەیرم کرد تۆز بەڕووی خۆردا هەڵدەچوو، ڕەنگێکی زەرد باوی چڵکن ئاسمانی داپۆشیبوو، هەیپام لێکرد، دیتم زاراخان و هەردوو زارۆکەکانی لە شوێنی بنەدار چنارەکان خەڵتانی خوێن بووبوون. سەرایی خوێن بەناخی زەویدا ڕێچکەی بەستبوو بۆ ڕەگوڕیشەی چنارەکان.

# شۆپنهاوەر

ئا: خالید عوسمان تەها



(شۆپنهاوەر) ناوونیشانی پەرتووکێکی قەوارە گەورەی ١٠٠ لاپەڕەییە و تۆماس وایتێکەر لەسەر شۆپنهاوەر نووسیویەتی و ساڵی ٢٠٠٦ لە خانەی ئۆبسکیور پرێس لە نیۆیۆرک چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تۆماس وایتێکەری نووسەری ئەم پەرتووکە مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی ویسکینسۆن - ماویزون-ی وڵاتانی یەکگرتووی ئەمریکا و یەکێکە لە شارەزایانی هزری ئەڵمانی بەگشتی و فەلسەفەی شۆپنهاوەر بەتایبەتی.

نووسەر لە بارەی شۆپنهاوەرەوە دەڵێت گەورەترین فەیلەسووفی رەشبینی چاخە نوێیەکانە، خۆشی وەها ناوبانگی دەرکردووە، کە گەورەترین رەشبینە لە مێژوودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ و لە ریزی کانت و هیگل و فیختە و شیلنگ و نیچە و هایدگەرو

چەندانی دیکەیە. لەڕاستیشدا ناوێکی فەلسەفی گەورەیە و لە ریزی گەورە فەیلەسووفانی نەبێت ناوی نایەت.

شۆپنهاوەر ساڵی ١٧٨٨ لە شاری دانتزیگ لە خانەوادەیەکی بازرگانی دەوڵەمەند لە دایک بووە. باوکی دەیویست بازرگانێکی لێ دروست بکات، تاکو ببێتە میراتگری پیشەی خانەوادەکەی و زیاترو زیاتر دەوڵەمەند بن. بەڵام بەهرە ئەدەبی و هزرییە زوو سەرهەڵداوەکەی لەوە دووری خستەوە و لە جیاتی ئەوەی ببێتە بازرگانێکی گەورە بوو بە فەیلەسووفێکی هەرە گەورە.

لەڕاستیدا سامانی خانەوادەکەی یارمەتیدەری بوو بۆ وەدەستهێنانی زانین و زانست و فێربوونی چەندان زمان بەبێ ئەوەی وەک هیگڵ، یاخود زۆربەی نووسەرانی و هزرڤانانی دیکە ناچار بێ کاربکات و بژێوی پەیدا بکات. لەڕاستیدا ئەوانەی، کە لە خانەوادەی دەوڵەمەند لە دایک بوونە لە مێژووی هزرو ئەدەبدا ژمارەیان کەم و دەگمەنە. لەبەر ئەم هۆیە هەر لە سەرەتای گەنجییەوە توانی گەشت بۆ چەندان وڵاتانی ئەوروپایی بکات و فێری زمانە بنەڕەتییەکان بێت بەتایبەتیش ئینگلیزی و فەرەنسی. ماوەیەکی زۆر لە فەرەنساو ئینگلتەرا مایەوە باوکی نازی هەڵدەگرت و زۆری لێ خەرج دەکرد.

لەم پەرتووکەی دانەردا هاتووە: دوای گەڕانەوەی لە گەشتە ئەوروپاییە درێژەکەی، گەڕایەوە ماڵی خۆی، واتا خانەوادەکەی باوکی و دەستی کرد بە یارمەتیدانی باوکی و لە کۆگاکەیدا کاری لەگەڵ دەکرد.

ساڵی ١٨٠٨ کارەساتێکی جەرگبڕ روویدا بووە هۆی مردنی باوکی دوای ئەوەی لە شوێنێکی بەرزی ئەو رووبارە کەوتە خوارەوە کە بەپشت ماڵیاندا رەت دەبوو.

شۆپنهاور زۆر خەمی بۆی خوارد، چونکە خۆشی دەویست پارەی دەدایێ و نقومی سۆزێکی راستەقینەی باوکایەتی کردبوو.

هەندێ کەس دەڵێن هەر لە خۆڕا نەکەوتە خوارێ، بەڵکو خۆی کوشتووە، چونکە لەگەڵ هاوسەرەکەی دڵشادو بەختەوەر نەبووە، هی دیکەش هەبوون دەیانگووت هاوسەرەکەی پاڵی پێوە ناوەو خستوویەتییە ناو رووبارەکە و خنکاوە. لەبەر ئەم هۆیە شۆپنهاوەر هەڵمەتێکی توندی کردە سەر دایکی و رقی لێ هەگرت و رقی لە هەموو ژنان دەبووەوە. لەڕاستیدا دوای مردنی مێردەکەی، دایکی شۆپنهاوەر، کۆگاکەی فرۆشت و سامانەکەی لەگەڵ خۆی برد تاکو لە شاری فایمار بژی، کە پایتەختی ئەدەبی ئەڵمانیا بوو لەو سەردەمیدا. لەوێ ساڵۆنێکی ئەدەبی کردەوە بۆ پێشوازیکردن لە ئەدەبیات و شاعیران و عاشقان. تەنانەت بووە رۆماننووس و سەرکەوتنێکی دیاری بەدەست هێنا. لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە گەورە ئەدیبانی ئەڵمانیا دەکرد، لەسەرووشیانەوە گۆتە، هەر لەوێش بۆ یەکەمجار شۆپنهاوەری بچووک گۆتەی ناسی.

نووسەری پەرتووک دەڵێت: دوای ئەوەی شۆپنهاوەر خوێندنی یەکەمی زانکۆی لە شاری گۆتنگین تەواوکرد، بۆ ئامادەکردنی شەهادەی

دکتۆرا چووە، بەرلینی پایتەخت، کە بەناوبانگترین زانکۆی ئەو سەردەمی بوو. لەڕاستیدا ئەو بە تایبەتی چووە ئەوێ بۆ ئەوەی گوێ لە فیختە بگرێ و ئامادەی وانەکانی بێت. وەک روون و ئاشکراشە دوای مردنی کانت-ی مامۆستای، ئەو گەورەترین فەیلەسووفی ئەڵمانیابوو، وەهاش ناسرابوو، کە گوتاربێژێکی بەدەم و زاری سەرکەوتوو بووە. بەڵام دوای ئەوەی شۆپنهاوەر ناسی و ئاشنای بوو و گوێی لە موحازەرەکانی گرت، لەبەر چەندین هۆ خۆی لێ بەدوورگرت، لەسەرووشیانەوە پیاوێکی دۆگمابووە و زیاد لە پێویست دەمارگیربی بۆ فەلسەفەکەی هەبوو.

لە ساڵی ١٨١٤ شۆپنهاوەر نێوانی لەگەڵ دایکی تێکچوو و بریاری دا لێی جیابێتەوە بەتەنیا بژی. وەک باسمان کرد رقی لە دایکی دەبووەوە و گومانی هەبوو، کە لە دواوەی مردنی ناسروشتی باوکی بووە. پاشان بۆ ماوەیەک لە شاری دریسدین ژیا بەرلەوەی لە بەرلین بگیرسێتەوە، لەوێش هیگل-ی ناسی کە زانکۆی بەرلینی لە ژێر دەست دابوو بەتایبەتیش کۆلێژی فەلسەفە. بێگومان ئەمەش دوای مردنی فیختەبوو. وانەکانی هیگڵ لە هەموو شوێنێک قوتابیانی بۆ ئەوێ رادەکێشا. شۆپنهاوەر هەڵەی کرد کاتێ لە هەمان کاتی وانەگوتنەوەی هیگل وانەکانی دەگوتەوە. لەبەرئەوە کەسێک ئامادەی وانەکانی نەدەبوو و هەموویان دەچوونە وانەی هیگل و بەتەنیا لەگەڵ پێنج یاخود شەش قوتابی جێیان دەهێشت لەو رۆژەوە قینێکی زۆری لە هیگل هەڵگرت، هەموو ئەو سەرکەوتن و ناوبانگەشی لێیان نەبووری. پاشان تەنها دوای شەش مانگ لە دەستپێکردنی وانەکانی، ناچاربوو دەست لە کاری فێرکردنی زانکۆیی بکێشێتەوە، هۆکارەکەشی پێوەندیی بەکەمیی قوتابیان و موریدەکانییەوە هەبوو. لەوکاتەدا پەرتووکە بەناوبانگەکەی بڵاوکردەوە، کە دواتر نەمری کرد. ناوی پەرتووکەکەشی (جیهان وەک ویست و بینین) ئەوکاتیش تەمەنی تەنها سی و یەک ساڵ بوو. ئەوەش گەورەترین بەڵگەی پێگەیشتنی زووی ئەوبوو لەڕووی فەلسەفییەوە.

ئێستا ئەو پەرتووکە یەکێکە لە گرنگترین پەرتووکە فەلسەفییەکان و بیرۆکە بنەڕەتییەکەی دەڵێت: ویستی تاکێتی مرۆڤ هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە ئەو واقیعە کوێرەی دەوروبەری گەمارۆی دەداو لە کۆتایشدا تێکی دەشکێنێ دواتریش پێویست بە بەرگریی ناکات، بەڵکو پێویست بەوە دەکات مرۆڤ خۆی بداتە دەست ڕەوتی پێوەرەکان تا مرۆڤ بەر لەمردنی لەم ژیانە بێ هودەییە کە هیچ واتای نییە، بەئاسوودەیی ژیان بباتە سەر.

بێگومان هیچ کەسێ گوێی لەم فەلسەفە رەشبینییە دژ بەفەلسەفە هیگلییە نەگرت، کە داوای تێکەڵبوون لەگەڵ ژیان و گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو باشترو تەنانەت دروستکردنی مێژووش دەکات. لەبەر ئەم هۆیە تەقریبەن کەس پەرتووکەکەی شۆپنهاوەری نەکڕی و نزیکەی تا کۆتایی ژیانیشی هیچ ناوبانگێکی لە ڕێگەی پەرتووکەکەیەوە وەدەست نەهێنا. دوای ئەوە بەر

لە چەند ساڵێکی کەم لەمردنی ناوبانگەکەی وەک بۆمبێکی کاتگیر تەقییەوە.

نووسەری ئەم پەرتووکە دەڵێت: دوای دەست لە کارکێشانەوەی لە زانکۆ، ئەڵمانیای جێهێشت و بۆ کەش و هەوا گۆڕین چووە ئیتاڵیا لەڕاستیدا بێ پارە نەبوو و پێچەوانەی زۆربەی ڕۆشنبیران و فەیلەسووفانی دیکە دەیتوانی بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکات بژی، ئەمەش بەختێکی گەورەبوو بۆ ئەو و ڕێگە خۆشکەربوو تاکو دەستی بەتاڵ بێ بۆ گەشتوگوزارو نووسین و بیرکردنەوە بەوپەڕی ئازادیی و بەبێ هیچ خەمێکی ماددی.

ساڵی ١٩٢٣ شۆپنهاوەر تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی، یاخود خەمۆکییەکی عەسەبی بوو، بەڵام دواتر لە ڕێگەی نووسین و داهێنانەوە خۆی لێ دەرباز کردو چەندان پەرتووکی گرنگی بڵاوکردەوە لەوانەش: وتارێک لە بارەی ئازادیی ویستی مرۆیی، پاشان لە ساڵی ١٨٤١ (دوو گرفتی بنەڕەتی ئەخلاق)ی بڵاوکردەوە، ئەوێ دەمیش لە پەنجا ساڵیی ڕەتدابوو، پاشان لە ساڵی ١٨٣٣ وە تاکو ساڵی ١٨٦١ لە شاری فرانکفۆرت جێگیر بوو، واتا نزیکەی سی ساڵ لەوێ ژیا.

ئێستاش لەوێ پەیکەرێک و زۆر لەو شتانەی هەیە، کە یادەوەری ئەون و گەشتیار دەتوانێ سەردانیان بکات.

وەک گوتیشمان لەدوا دواییەکانی ژیانیدا بەشێوەیەکی فراوان تەقییەوە بەڕادەیەک، کە پەردەی بەسەر هیگل دادا. بەم شێوەیە تۆڵەی ئەو زەلیلییە کۆنەی کردەوە، کە بەسەریدا هات کاتێ کەسێ نەبوو بایەخی پێ بدات. بەڵام دوای ئەوە زۆر نەژیا تاکو بتوانێ چێژو خۆشیی لەو ناوبانگ و سەروەرییە گەورەیە وەربگرێت. ئێمە ئەوە دەڵێین ئەگەرچی سەبارەت بە ئەو کاتە زۆر ژیا: واتە حەفتاو سێ ساڵ ئەمە لە کاتێکدا هێگلی نەیاری کەمێک لە شەستی ڕەتدا.

لە دوماهیدا نووسەری پەرتووک دەڵێت شۆپنهاوەر کاریگەرییەکی گەورەی خستەسەر کولتووری ئەڵمانی و فەیلەسووفانی دوای خۆی. لە ناودارترین قوتابییەکانی یاخود شوێنکەوتووانی ئەویش گەورە موزیکڤان ریچارد ڤاگنەرو فەیلەسووفی مەزن فریدریک نیچە بوون. ڕاستە دواتر نیچە وازی لێ هێناو فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی دامەزراند، بەڵام لە ماوەی یەکەمی گەنجێتییەکەیدا تاڕادەی پەرستن خۆشی دەویست.

**سەرچاوە:**

١- سایتی ئەلبەیان

٢-ئەمازۆن.

٣- وێکپیدیا.

# زمان ناسناما مللەتانە
# زمانێ کوردی

عەبدوڵلا سەبری (دهۆک)

ڕێزمـان سکێلەتا (هەسـتی) زمـانە. زمـانەکێ خورست کو بێ ڕێزمان بە تونە. هەر زمان خوەدێ ڕێزمـانە، تایبـەتمەندییێن هەر ڕێزمـانی جـوودانە، ژ بەر ڤێ یەکێ هەر زمـــان هنەک ژی، ل گـــۆر ڕێزمانێ خوە د مالباتا زمانان دە جیدگرە.

دیرۆک هەتا نها زمـانەکێ بێ ڕێزمان شـانی مە نەدایە، گـەر دڤی واری دە جـارجـاران هن ئیـدیعـا دەرکەتبن هۆلێ ژی، بێ بنگەهن. ژ هێلا ڕێزمانڤە زمانێ خورست هەموو میـناهەڤ خورتن یان ژارن. زمانەک ژ یەکی دن بلندو نزمتر نینە. تەنێ ل گۆر پێشکەتنێن ڕۆژانە دبەکو زمانەک خوە نوو نەکربە و دهن وارێن نوو دە پێشڤە نەچوونە.

وەکی دن فـــەرق د ناڤ زمـــانـانده تونە. هەر زمانێ چاندی زمانێ پێشکەتیبە شارستانییێ یە، قەلسیا ڕێزمان ژ ئالیێ ڕەوشا ڕۆژانە نە قەلسیا چاند یانژی چاندا زمانە.

دبن ڕۆناهیا وەکهەڤیا زمانانده مرۆڤ دکارە ل سـەر ڕێزمـانا کـوردی ڕاوەسـتـە و هن ئالـیێن وی بێت ئاستەنگانە بینە بەرچاڤ. زمانێ کوردی (ب گـــشـت زاراڤـــان) ژ ئالیێ ڕێـزمـــان زمـــانەکی پێشکەتیبە. دفۆرمێن خوە یێن ئارکائیک دە ژی، گش تـایبـەتیـێن ڕێزمـان شـانی ددە. هن بەشـێن ڕێزمـانێ کوردی د ڕۆژا مەدە ژی، گەر ل سەر بێ ڕاوەسـتـاندن، وێ بێ دیتن کو بەرە پاشـیـا هەزار سالان هەتا دەما کارکائیک دخە پێش چاڤێن مە ئەڤ خورتیا زمانێ کوردی ئیفادە دکە.

مینا ژیانا مرۆڤاهی و چاندا ژیانێ زمان و ب تایبـەتی ژی ڕێزمـان نە سـتـاتیـک (ڕاوەسـتـە).

هەرتم خوە نوو دکە و ل گۆر ژیانا چاندا گەل و شارستانییێ خوە پێشڤە دبە. ل سەر ڤێ بنگەهێ گاڤا مرۆڤ ل رێزمانا کوردی (زمان ب گشتی ژی) بنێرە، دبینە کو هن پرسگرێکێن خوە نوو کرنێ بوونە ئاستەنگ ل پێش رێزمان.

رێزمان بێ پێشڤە چوونا چاند یانی وێژە، زمان و جڤاک ب تەنا سەرێ خوە نکارە خوە نوو بکە. ئەڤ فاکتۆر گش دڤێ ب هەڤرە ب پێشبکەڤن. رێزمانا هەری پێشکەتی رێزمانا هەری کێم رێزمانە.

دڤێ رێزمان خوە ئاسان بکە و ژ فۆرمێن خوە یێن ئارکائیک رزگاربیە. فۆرما ئارکائیک ژ بۆ لێکۆلینا ل سەر پێشکەتبوونا ئەژدادان، ژ بو زانست و زانەبوونا دیرۆکا زمان گرینگن لێ ژ بۆ بکارئانینا رۆژانە ل بەر پێشڤەچوونێ ئاستەنگن.

پاراستنا رێزمان ل سەر بنگەها ئارکائیک تەنێ خزمەتا پێشکەتنا رۆژانە و پێشەرۆژێن بە پێویستە، وەکی دن بارە. رێزمان نکارە مینا ئاڤادانی و خوەشیا وەلات یا ئارکائیک بێ پاراستن.. هیسکف، نەمردوود و.. پێویستە د فۆرمێن خوە یێن ئارکائیک دە پاراستن. مانەیا وان ئارکائیکبوون و ئارکائیکمانا وانە. لێ زمان تام بەرۆڤاری، ب مانەیە گەر فۆرمێن خوە یێن ئارکائیک بەردە، پێشڤە و بەرسڤا ژیانا رۆژانە بدە. ب هن میناکان ئەم دکارن پرسگرێکێ هنەک ڤەکن، بەشێن رێزمان (مینا یێن زمان لێ چارجهۆڤە تەنگترە):

١- ئالفا بە.
٢- راستنڤیس
٣- ستروکتور (ئاڤاهی).
٤- لێکەر.
٥- تێگینێن نوو (ژەن) ئاسیمیلاسیۆنا وان).
٦- جوداهیا ب لێڤکرنێ ژ نڤیسێ
٧- تێگیشتنا رێزمان.
٨- خەبات ژ بۆ پێشەرۆژێ

١- ئەلفابە:

پرجووریا ئەلفا بەیا زمان ژ هەڤ جوودا دکە، پارچەبوون دخە ناڤ گەلێ وی زمانی. دڤێ ژ بۆ پێشەرۆژێ ل سەر ئەلفا بەیەکێ بێ راوەستاندن: تیپێن عەرەبی یان لاتینی. دناڤ هەر ئەلفا بەیێ ب خوە دەژی، پرسگرێک هەنە لێ نە گرانن، پرسگرێکا تیپان هەیە، پێویستە ب زانستیا لێکۆلینا بێ چارەسەرکرن، ئەلفە بەیا لاتینی خوەدیێ پێشڤەرۆژییە، ئەزێ تەنێ ل سەر وێ راوەستم. ل سەر ئەلفا بەیا کریلی راوەستان ژ خوە نە پێویستە، ژ بەرکو د بکارئانینێ دە خوەدێ مانەیە.

ئەلفابەیا عەرەبی ژ بۆ زمانێن ئیرانی خوەدیێ ئاستەنگێن گرانە، ژ بۆکوردی ب تایبەتی دژوارە. پرسگرێکێن ئەلفا بەیا کوردی تیپێن عەرەبی گەلەک زێدەنە ئەڤ مژارەکە دنە.

تیپ دڤێ نەیێن زێدەکرن، چارەسەری دناڤ ئەلفابەیا هەیی دەبێت دیتن. زێدەکرنا تیپان گرنکرنا رێزمان ب خوەرە تینە. چارەسەری دناڤ ئەلفا بەیێ دە لێ مانەیا کێمکرنا تیپان ژی، میناک: دیڤلا تیپا «ش-S» Sh» «چ-C» CH دوو تیپێن ئەلفا بەیێ کێم دکن. دزانستیا ئەلفا بەیێ دە گرینگە کۆ خێزو نیچک یان ل سەر تیپان بن یانژی ل بن تیپان بن. گەر هەم ل سەر هەم ژی ل بن تیپان خێزو نووچک بێن دانین، وێنەیا راستنڤیستی تەڤلیهەڤ دبە، ژ دەرڤایێ چەند میناکێن ئەلفابەیێن مینا زمانێن فارسی، ترکی و

کوردی، ئەلفابەییێن زمانێن دن پرانی سەرنچک یان ژی بنخیزکن. هن کەس ل سەر «ک- k» نەرم و «ک-k» ستوور سەرێ خوە دێ شینن، پرسگرێک نە تەنی «ک- k)یە (مینا: کەر- هەیوان/ کەر کەسێ (کهەر) گوهگران، هەروەها تیپێن (ت، ر، چ) و.. دن ژی هەنە. چارەسەری دناڤ تیپان دکارە وسا بەکو ئەو تیپێن ب لەرز ب «h» بێن بلێڤکرن، مینا «gh, th, kh, th» لێ ژ بەرکو گوتنێن وسانە زێدەنە، مروڤ دکارە مینا ئاوارتە بپەژرینە و دەست نەدە وان. دووبارە نڤیساندنا تیپان ب هەڤرە ل موسیکا زمانێ کوردی نایێ، گاڤا دوو تیپێن وەکهەڤ بێن جەم هەڤ، دڤێ یەک ژوان بکەڤە، نەبێ نڤیساندن. ژ بەرکو ئەم ل سەر بنگەها زانستیا رێزمان نالڤن ژ خوە و زمانێ خوە رە گەلەک پرسگرێکێن سوونی دەردخن، ل ڤێ دەرێ دخوازم بەحسا تیپا «i»بکم.

هنەک دخوازن «i» بێ پنت بنڤیسن هنەک ب پنت. ئەڤ یەک نە ئەلفا بەیێ نەژی رێزمان خراپ دکە، پرس هەر چڤاس بوو بە پۆلیتیک ژی. دڤێ زمان ڤی یەکێ مینا ئەستەتیک بنرخینە. ل سەر ڤێ تیپێ ب سالان گێنگێشی نەکارێ زانستیا لێکۆلینەرانە.

د نڤیساندنا پەیڤێن بیانی دەژی، گەلەک پرسگرێک هەنە، نە بنگەهین، مینا گوتنێن لاتینی یێن تیپا «k» پر جاران ب تیپا (q - ق) تێن نڤیساندن. دڤێ بنگەها تیپێن بیانی مینا خوە بمینن لێ ب ئاوازێ رێزمانا کوردی بێن بلێڤکرن. (پۆلێتیکا، کۆمیتە، کادرۆ، کاپیتالیزم، دەموکراسی، بوروکراسی، ئاوتۆکراسی، کامیۆن، کۆمپتەر، کۆپی کنترۆن و...).

b- راستنڤیس:

راستنڤیس بنگەها زمانە. راست نەیێ نڤیساندن، راست نایێ بلێڤکرن و مروڤ راست فێر نابە. نەتنێ پەیڤ هەروها گش بەشێن رێزمان دڤێ راست بێن نڤیساندن. مروڤ دکارە راست بنڤیسە، چەوت بخوینە لێ چەوت بنڤیسە نکارە راست بخوینە. ژ بەر ڤێ یەکێ پێویستیا راستنڤیسێ ژ بێویستیا راست خوەندنێ گرینگترە.

ژ بۆ رێزمانەک راست بێ نڤیساندن، پێویستە کۆنسەنسەکە (لهەڤهاتن) جڤاکی ژ ئالیێ نڤیساندنێ هەبە. دڤێ مروڤ زانبە چ، چاوا بنڤیسە زانست نکارن تەنێ خوە بفکرن و ببێژن کو ئەو راست دنڤیسە، بەسە. هەتا راستنڤیس ب ئاوایەکی یەکپار نەیە بنگەها زمان و نەکەڤە جڤاکا زیندی و تەنێ د رێڤێن زانستاندە بمینە، نکارە بگیژە مانەیا خوە یا بنگەهین، هەر دەولەت و نەتەوە نەبێ سەبەبە کو ملیاران ژ بۆ ڤێ یەکێ سەرف دکن و ملیۆنان سەفەر بەر دکن. ژ ئالیێ رێزمان ب تایبەت زمان لهەڤهاتن جڤاک تونەبە، ئەو جڤاک نێزی هەڤ نابە، ژ هەڤ دوور دکەڤە و دبە بیانیێ هەڤ.

دڤێ خەباتێ دە تەنێ زانست و زانینگەه تێر ناکن، دڤێ گش بەشێن جڤاکێ و ب تایبەتی ژی، سازیێن نەتەوی مینا TV، رادیۆ، رۆژنامە، کوڤار، وەشانخانە، ئینستیووت، ئاکادامی، کۆمەلە، پارتی، دبستان و... ب هەڤرە بخەبتن. سازیێەک تایبەتی دکارە سەرپرستیا هەموویان بکە. دڤێ سازیێ دە نە تەنێ پسپۆر، ژ هەر بەشێن جڤاکێ کەس دکارن ئالیکاریا خەباتێ بکن.

ژ بەرکو راستنڤیس بەشەک ژ زمانێ رۆژانەیە، پێویستی ب کارو خەباتێن گوهەرینێن رۆژانە هەیە. گرانیا فاکولتەیەکە زمان ب هەڤ خەباتا گەلەک سازیان دکارە ڤێ یەکێ چارەسەر بکە.

دڤێ ئەڤ یەک ژی بێ زمان کو د راستنیڤسا کوردی دە کێماسی و شاشی نەزێدە نە، تەڤلیهەڤیا دە ڤۆکان ڤێ یەکێ وسا ددە خویاکرن.

گەر هەریەک ژ مە ژ دەڤۆکێ خوە هنەک فێدەکاری بکە، ئەمێ ببینن کو چارەسەریا ڤێ بەشێ هێسانە.

C. ستروکتور (ئاڤاهی):

رێزمان بێ ئاڤاهی (ستروکتور) نابە. هەر رێزمان خودانێ ئاڤاهیا خوەیە، تایبەتیێن ئاڤاهیا، وی هەنە. رێزمان ئاڤاهیا زمانە، مینا سکێلەتا مرۆڤ. چاوا سکێلەت نەبە مرۆڤ نکارە خوەدیێ ستروکتور بە، وسا ژی بێ رێزمان زمان نابە خوەدیێ ئاڤاهیێ.

ئاڤاهیا کوردی (ل ڤێ دەرێ زاراڤێ کورمانجی) ژ هەر ئاوایی و گیژە ئاڤاهیا رێزمانێ شارستانی یێن هەری نووژەن. فۆرمێن ئاڤاهیا رێزمانا کوردی مینا ل ژۆر ژی هاتبوو گۆتن، نەکێمن بەرسڤا نووژەندەمێ ددن.

گەر هن ئاستەنگی ژ بەر رابن دکارە بەرسڤا وێژەیا نووژەن ژی ب کووراهی بدە، لێ ڤێ دەرێ دخوازم ڤێ یەکێ بینم زمان کو هن کەس کێماسیا خوە مینا کێماسیا زمان و رێزمانێ کوردی نیشان ددن، ئەڤ نە راستە.

دبێژن فیلۆسۆف، پۆلیتیکا و... ب کوردی نابە! ب کوردی هەر تشت دبە لێ ب کوردیا کەسان دبە کو هن تشت نابن.

دڤێ مرۆڤ ئاستەنگێن رێزمانا کوردی ئاستەنگییێن خوە یێن کەسانە تەڤلهەڤ نەکە.

ژ ئالیێ ئاڤاهیا خوە کوردی هن فۆرمێن ئارکائیک هن دخوە دە دحەوینە. هن زانست ڤێ یەکێ مینا دەولەمەندیا زمان دپەژرینە لێ ئیعتیراف دکن کو فێربوونا زمان دژوارتر دکە، مینا فرانسی و ئینگلیزی، بالکێشە! فرانسی فۆرمێن خوە یێن ئارکائیک د ئاڤاهی و راستنڤیسێ و ڤێ یەکێ مینا دەولەمەندی دبینە، رێزمانا فرانسی ژی هێلا فێربوونێ زۆرە، ئەڤ یەک ژ بۆ ئینگلیزی دەرباس نابە، ئینگلیزی رێزمانا خوە پڕ سفککریە. د راستنڤیس دە هێن فۆرمێن کرالیەتێ ب کارتێن لێ د رێزمان دە فۆرم گەلەک کێم بوونە و فێربوون ئاسان بوویە. ئەڤ تشت ژ ئالیێ رێزمان ژ بۆ زمانێ فارسی و چینی ژی دەرباس دبە.

هەردوو زمان ژی رێزمان ئاسان کرنە لێ راستنڤیس ژ ئالیێ ئەلفابەیێ گەلەک دژوارە، میناکا رێزمانێ ترکیە ژی بالکێشە، پشتی کۆمارێ رێزمان خستنە فۆرمێن زەلال و فێربوونا رێزمان ئاسان کرنە. عەرەبی ب نڤیس خوەدی فۆرمێن ئارکائیکە، ئاسانکرنا راستنڤیس زمان دژوارتر کریە (ژ بۆ بیانیان) لێ رێزمان رە فۆرمەکە بنگەهێن دەرباس نەکریە، ئەڤژی، ژ دژواریا ئەلفابەیێ تێ، لێ ئاڤاهیا رێزمان ژی، گەلەک ئاستەنگێن ئاوارتە دناڤ خوە دە دحەوینە، ئەڤ تشت ژ بۆ زاراڤێن کوردی کو ب تیپێن عەرەبی تێن نڤیساندن، ب ئاوایەکی جوودا بە ژی، هنەک دەرباس دبە.

ئاڤاهیا رێزمانا کوردی ژ ئالیێ رستەسازی، پەیڤ لێکەر، زایەند، بەرناڤ، رەنگدێر (ئادژ)، هۆکەر (ئادڤ)، داچەک، پاشگرین و راستنڤیسا

وان خـوەدیێ پرسگرێکانە، مـیناک زەلال نەکـرنا بەرناڤـێن کـەسێن د کـورمـانجی دە (روو بەرناڤـێن کـەسێن هەنە: فـۆرمـا (ئەز) و (من) دکـارە زەلال کـرنا کشـاندنا لێکەران ژی ب خوەرە بینە. ژ بەر کو لێکەرێن تیپەڕ ب (من) لێکەرێن تێنەپەر ب (ئەز) تێنەکـشــاندن، ئەڤ ژ بۆ گـشت دەمــێت بهـــورکێ دەرباس دبە. د دەمـــێن نهـــۆک دە پرسگرێکا بەرناڤان تونە، مرۆڤ دکارە میناکا وان زاراڤـەیان ب کـاربینە کـو د بن ناڤێ سـۆرانی دە کـۆم بوونە و بەرناڤــێن کـەسێن بکەیەک، یانی فۆرما (من) بگرە. ب ڤی ئاوایی فامکرنا هەموو زاراڤـەیان (کـرمـانجی نەتێدە) نێـزیکـتـریێ هەڤ دبە. (مــیناک: دیڤـلا ئەز چووم، من چووم ، ئەز کەتم، من کەتم و...).

تەوانگ د کــوردی دە رێزمــان دادڤــورتینە. تەونگ دکـارە بێ کـێم کـرن، مـیناک ئەڤ یەک د کـوردیا ژۆرین دە زێدە رۆل نالیـزە و رێزمـان بلاڤ نەکرییە. تەوانگ هەتا جیەکی نکارە ژ کۆک بێ راکرن لێ دکارە بێ ئاسانکرن.

تەوانگ، کشاندنێ ژی دخە ناڤ ئاستەنگیان. تەوانگ نێـرو مێ دئافـرینە، پەیڤـان درێژ دکـە، فـــارسی ڤێ یەکێ ب ئیـــزافـــەیا (ێ-e) چارەسەرکرنە، هەروەها کوردیا ژێری ژی. رێزمان زەرار نەدیتیە، زلال بوویە. تەوانگ و بەرناڤ ب ئاوایەک چارەسـەر ببن، پرسگرێکا هن فـۆرمـێن ئارکـائیک مـینا ئەرگـەتیڤ ژی، ژ هۆلێ رادبە. د کــــوردی دە هن دەم ژ ئالییێ بەدرخــــان یان ژی لەسـجـۆت هاتنە دانین، چو مـانە ب سـەرێ خـوە ئیفادە ناکن، میناک: ژ ئالییێ مانە فەرق دناڤبەرا کۆندیسیۆنال (هەکینی) و کۆنژونکتیڤ (بلانی) دە نایێ دیتن لێ مـینا فـۆرم ل سـەر پشـتـا رێزمـان راوەسـتیـانە: (منێ ئاژۆتبا (کوند١)، من ئاژۆتبا (کـونژ، پلوسق، بەرف)منێ بخـوارا (کـوند. II)، من بخوارا (کۆنژ، ئیمپەرف)، نوواشەک هەبە ژی باش نەهاتیـــە زەلال کـــرن. وەکی دن دکـــورت و درێژاهیا پەیڤان دە لهەڤهاتنەک تونە. ئەڤ یەک دکارە گـەلەک هێسـان بێ زەلال کـرن لێ وێ چاوا بکەڤــە بکارئانینا رۆژانە پرسگرێک دەردخـــە هۆلێ. هن کـۆڤـار و رۆژنامـە (مـیناک: ئازادیا وەلات) کێـفا خوە ژ درێژیا پەیڤێ تینن. دخـوازن هەر پەیڤ چەند (تە -e) و چەند (ی -y) دخوە دە بحەوینە: دیڤـلا زاراڤ زاراڤـە، نەتەو/ نەتەوە دنڤـیس، وەکی دن: رۆژنامـا من، رۆژنامـەیا من، دنیا گەرم، دنیایا گەرم.

ب ڤێ یەکێ تەرجــیـــهـــا خـــوە دانینە ســەر درێژکرنێ. بێ شک ئەڤ یەک نکارە ب راستی و چەوتی بێ پیڤاندن، تەرجیهە.

d- لێکەر:

هن لێکەرێن کوردی خـوەدێ جـۆت (دوبلەت) و سسـۆت (تربلەتن). جۆتێ لێکەران تەنێ د دەمێن بهـورکێ دە ب کـارتێن. سـۆتێن وان ژ جـوداهیـا دەڤۆکان تێن.

مـیناکـا هەری بالکێش لێکەرا «بوون، بووین، بوین»ە. لێکەرا بوونێ نە تەنێ لێکەرە، لێکەرا ئالیکارە. لێ ئالیکاریا وی پر جوورەیە، ژ بەر ڤێ یەکێ ژی، د راسـتنڤـیـسـا رێزمـان دە بنگەهە. لێکەرا بوونێ د جـیێ خــوەدە ب کـــار نەیێ، راستنڤیسا رێزمان گەلەک کێم دبە. بوون گەنگێ، چاوا، لە کودەرێ، پرسگرێکە کە گران یا رێزمانا کـوردییـە: ل سـەر بوونێ ب تایبـەتی راوەسـتـان پێویستە.

لێکەرێن جۆت دڤێ بێن زەلالکرن. هەری ئاسان

مرۆڤ فۆرمێن کورت بگرە و ب یەک ئاوایی بە.
لێکەر ب بنگەهێن دبن دوو بەش: تێـــپـــەڕ و تێنەپەڕ.
بەشێن دن پشتی ڤێ بەشکرنێ نە. هن ئاوایی لێکەران ئەڤەنە:
دانکر (کـــاوســـاتڤ)، ئالیکار، هەڤگێن (کـۆمـپـۆسـتـوم)، رادێر (ئنفنتڤ) راوە/ رەوش (مۆدال)، داوییا لێکەران تەنێ تیپا (ن – n)ە.
ل گۆر کۆکا خوە لێکەر د دەما نهۆک دە دکارن بێن بەشکرن. لێ ئەڤ بەشکرن ل سەر داویتیپ تشتەک نابێژە (ڤی واری دە گەلەک کەس دکەڤن دەتایێن نە پێویست).
ل ســــەر لێکەران زەلالی هەیە، بەلاڤکرن و فێرکرنا وان پێویستە. تەنێ هن زەحمەتیێن کـشـانـدنێ دەردکـەڤن پێش، ئەڤـژی دکـارە بی چارەسەرکرن. وەکی دن تشتێن مینا نە راست دخوێن، پرانی ژ دەڤۆکان تێن، د ڤی دەرێ دە ژی کەسێن زمان ب کار تینن بکارائینا دەڤۆکا خوە تەرجیهدکن.
e – تێگینێن نوو (ژەن) (ئاسیمیلاسیۆنا وان):
د رێزمـان دە پێـشکەتن دڤێ ل گـۆر دەمێ ب. بێ تێگینێن نوو (ژەن) و ئاسیمیلاسیۆنا وان د زمـانـدە پێـشـکەتن نابە. مـرۆڤ نکارە ل سـەر بنگەها زمانێ بیانی تێگینان بئافرینە یانژی، ژ خوە تێگین و پەیڤان بنئافرینە. ئافراندنا تێگین و پەیڤـان ل سـەر بنگەها رێزمـان و گـیـانا ژیانا کـوردان بە ب مـانەیە. وەک دن زمـانێ کـوردی خـوەدیێ وێ دەولەمـەندیێ یە کـو ل سـەر بنگەها دیرۆکا خوە. خوە خورت بکە. ئافراندنا تێگین و پەیڤـان پسـپـۆریا گـیانا رێزمانا کوردی دخوازە. ئەڤ کارب گرانی کارێ پەژراندنا کۆلەکتیڤە و ب سازیێن نەتەوی پێکتێ. تێگینێن نوو (ژەن) ژ بۆ زمـــانێ کـــوردی هەمـــوو زاراڤـــان هەرێـــما پرسگرێکانە. رێ ل بەر ڤێ یەکێ دکارە بێ گرتن، وەکی دن د دەما نوو دە مرۆڤ نکارە جیهانێ فام بکە و پێرە بمەشە. گەرەکە کـوور دناڤ زاراڤێن کـوردی دە ژ بۆ ئینڤـەنتـەرا گـەنجینەیا پەیڤ و تێگینان پێوبستە.
f– جوداهیا بلێڤکرنێ ژ نڤیسی:
هەر رێزمـــان خـــوەدیێ دوو زمـــانانە: زمـــانێ نڤیـسکی و زمـانێ ئاخـافـتنێ. ئارمـانج ئەوە کـو زمـانێ ئاخـافـتنێ بگـهـێژە مـسـتـەوا زمـانێ نڤیسکی، ئەڤ ب پێشکەتنا پەروەردەیا گشتی و چاندا گـەلەمـپـەری ڤـە گرێداییە. مـرۆڤ چ قـاس پێشڤە بچن زمانێ ئاخافتنێ ئەو قاس خوە دگژینە مـسـتـەوایێ نڤـیـسـکی. ژ ئالیـەک دڤێ زمـان و فێربونا رێزمـان پێـشـڤـە بکەڤـە، ژ ئالیێ دن ژی مستەوا چەند ب گەلەمپەری. هەموو هەڤ تەمام دکن.
زەلالیـا کـو ژ زانا و سـازیێن زمـان تێ خـوەستن دڤێ ئەڤ بە:
نڤیـسـەک چاوا، ئەلفـابەیەکـە چاوا، خـوەندنەک چاوا!
g – تێگیشتنا رێزمان:
ژ بۆ تێگیشتنا رێزمان ئاسانتر ببە، پێویستی ب تێگیـشـتنا گـرینگیـا زمـان هەیە. پرسی نە تەنێ تێگیـشـتنا گـەلە، تێگیـشـتنا زمـانان ب خـوەیە. رێزمـان نکارە سـتـاتیک بێ گـرتـن، پێویستی ب گاڤێن نوو هەنە. مرۆڤ نکارە تەنێ ب پەساندنا بەدرخان رێزمـان پێـشـڤـە ببـە. چاوا مرۆڤ ب پەساندانا ئەحمەدێ خانی نابە شاعیر، ب پەساندنا جەلادەت بەدرخان ژی نابە زمـان زان

و ڕێزمان پێشڤە نابە.

لێ ئەڤ یەک وی حەقێ نادە مرۆڤ کو بەدرخان ژ بیر بکە. دڤێ ل سەر بنگەها خەباتێن بەرێ پێشڤەچوون بێن هۆلێ.

پێشڤەبرنا زێزمانێ کوردی د مانەیا خەباتا بەدرخان دەیە لێ دڤێ ئەم ڕێزمان دە بەدرخان پر ل پاش بهێلن، وی ببوهرن، وەکی دن ڕێزمان ناچە پێش. ڕێزگرتنا بەدرخان خورتکرن و پێشخستنا زمانە.

دڤی واری دە خەباتێن نوو پێویستێ ئەم دکارن خەباتێن بەدرخان بەدرخان، قەناتێ کوردۆ، کەمال بادل، فەقی حوسەین، تۆری، ڕەشۆ زیلان و... هێژاتی بکن گەر خەباتێن پێشڤەتر دەرخن هۆلی نە پێویستە ئەم ل دژی خەباتێن وان ڕاوەستێ، ئالیێ وانێ پێشبگرن و ل سەر بنگەهێن کو وان دانیە خانیێ ڕێزمان ئاڤا بکن. خەباتێن وان هنەک زەلال کرن و دەرخستنا ئینڤەنتەریێ، ل سەر وێ دڤێ هەر تشت باش بێ ئاڤاکرن.

H- خەبات ژ بۆ پێشەرۆژێ:

هێڤیا من ئەوە کو پرسگرێکا زمان سڤک نەیێ گرتن. ئەڤ خەبات نەیا رۆژەک یان کۆنفەرانسەکە، ئەڤ خەباتا سازیانەو وێ دوورودرێژ بدۆمینە. ب کێف و داخوازو ب زۆرێ جی. مرۆڤ دڤێ بچووک دەست پێبکە و بمەشە. کۆنفەرانس جیێ هەڤدیتێ و هەڤ فامکرنێ نە. کۆنفەرانس دکارن ببن دەستپێکا هن بنگەهان. دڤێ کۆنفەرانس ژ بۆ دەستپێکا بنگەها خەباتێ زمانێ کوردی ژ بۆ ئاڤا کرنا سازیەکی جدی ببە وەسیلە.

دەما هەڤ فامکرنا کوردان ژ ئالیێ هەڤ خەباتێ هاتیە. خەباتێن پێشیێ نە خەباتێن ڕامانێن پۆلیتیک و ئیدۆلۆژیکن. لێ هەر خەبات پال دە سەر ئیدۆلۆژیەکێ، مینا کو خەباتا زمان و ڕێزمان خوە پالدە سەر ڕامانا نەتەوی. پۆلیتیکا ڕێزمان ئەوە کو نەتەوا کورد ئاسانتر فێرببە.

ل سەر ڤێ بنگەهێ نە پێویستە ئەم ڕێزمان ل گۆر دلێ خوە پێکبینە لێ دلێ خوە ل گۆر ئاڤاهیا زمان فێربکن. دبە کو ڕامانێن مە ل سەر ڕێزمان ژ هەڤ جودا بن لێ ڕێزمان نکارە خوە ل گۆر هەر ڕامانێ بگهورینە. بنگەها ڕێزمان ڕێ دە کو ئەم ڕامانێن خوە ل سەر وی پر نێزیکی هەڤ بکن. گەنگێشیێن کوور ل سەر بنگەها لێکۆلێن و لێگەرینێن کوور پێویستێ کۆنفەرانسا دڤی واری دە جیێ پێشکێشکرنا هەلبەرینانە. پێویستە زمان پلاتفۆرما کۆنفەرانسان ژ بۆ پرۆژەیێن خوە بێن نوو بکاربینن.

ئەم نکارن کۆنفەرانسێن بێ ئەنجام ژی بجڤینن، جڤاندنا ڤێ کۆنفەرانسێ دکارە ژ بۆ ئاڤاکرنا فاکولتە، ئاکادامی یان ژی ب چ ناڤی دبە نەگرینگە، سازیەک زمان یا پێشەیی، قەدەرو پێشڤەبرنا کارێن پیشەیی ژ ئالیێن هوور کۆلینا ئەلیتان چێدبە، دڤێ د وارێ زمان ڕێزمان دە ئەلیتکۆمێن مە یانی بژارتە گروپێن مە ژی هەبن.

**چاڤکانی:**

نوژن. دە / حوسەین کارتال

# ڕاڤەکاری کۆمەڵناسییانە

و: زیرەک عەبدوڵڵا

لە گرنگترین ئەو ستراتیژییانەی کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی جەختیان لەسەر کردووە، دواتریش زۆربەی زاناکانی کۆمەڵناسی پەیڕەویان لێکردووە، ڕاڤەکاری کۆمەڵناسییانەیە. واتا ڕاڤەکردنی دیاردەی کۆمەڵایەتی بە دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، یاخود بە کۆمەڵێک گۆڕاوی کۆمەڵناسی، بەشێوەیەک ئەم ڕاڤەکردنە لۆژیکی و باوەڕپێکراو بێت و بە کۆمەڵێک وتەی تیۆریی ناسراوەوە بەسترا بێت.

لە کاتی پێشکەشکردنی ژمارەیەک ڕاڤەکاری کۆمەڵناسییانە بۆ دیاردەیەک، کە هەموویان مەرجی پەیوەستبوونیان بە ژمارەیەک وتەی تیۆریی ناسراوەوە دەستەبەر کردبێت، ئەوا لە نێوانیاندا باشترینیان هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی کە زیاتر باوەڕپێهێنەرە و پەیوەستە بە بەڵگەی ئەزموونی بەردەست، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی گەیشتینە دەرەنجامێک کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بێت لەوەی کە پرۆسەیەکی گۆڕانی بەرفراوان لە جۆری خێزانی درێژکراوە بۆ جۆری ناوەکی هەیە، لێرەدا ئایا دەکرێت چ ڕاڤەکارییەک بۆ ئەم دەرەنجامە پێشکەش بکرێت؟

ئەم دەرەنجامە لە ژمارەیەک لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان لەسەر خێزانی ئوردنی و عەرەبی بەرچاو دەکەوێت. لەوانیش لێکۆڵینەوەیەکی (شجاع اسد و عاطف خلیفە)(١٥١) کە

سەمپلێکی هەڕەمەکی لە خۆگرتووە و لە (١٤) هەزار خێزانی ئوردنی پێکهاتووە، کە لە ژمارەیەکی زۆر لە شار و لادێیە ئوردنییەکان وەرگیراوە، زانیارییەکانیش لەو ماوەیەی کە کەوتۆتە نێوان سالانی (١٩٧٢-١٩٧٦) کۆکراونەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە روونیکردۆتەوە کە جۆری خێزانی ناوەکی لە کۆمەڵگای ئوردنیدا جۆرێکی باوە لە هەموو ناوچە شارنشینی و لادێنشینی و دەوارنشینییەکان. دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە روونیدەکەنەوە کە لە ناوچەی شارنشینیدا جۆری خێزانی ناوەکی ٧٥٪ی کۆی گشتی خێزانەکان پێکدەهێنن، هەروەها زیاتر لە ٧٢٪ کۆی گشتی لە ناوچەی نیمچە شارنشینیدا پێکدەهێنن، هەرچی لە ناوچەی لادێنشینییە ئەم جۆرە خێزانە زیاتر لە ٦٩٪ی کۆی گشتی خێزانەکان پێکدەهێنن.

جیاوازی لادێنشینی و شارنشینییەکان دەلالەتێکی ئاماری نییە، بەڵام جۆری خێزانی درێژکراوە لە ١٨,٣٪ ، ١٩,٣٪ و ٢٠٪ لە هەر یەکە لە ناوچەکانی شارنشینی، نیمچە شارنشینی و لادێنشینی یەک لە دوای یەک پێکدەهێنن.

ئەم دەرەنجامە ئەزموونییە لە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی عەرەبی بەرچاو دەکەوێت، لەوانە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی (فهد ثاقب) لە بارەی خێزانی کوێتی، کە بەهۆی سەمپلێکی هەڕەمەکی کە لە (٣٤١) خێزان پێکهاتووە و بەسەر (٦) ناوچەی نیشتەجێبوون دابەش بووە و لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٦٥ - ١٩٧٠) ئەنجامدراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا رووندەبێتەوە کە زۆربەی خێزانەکان، یاخود ٥٩,١٪ لەو خێزانانە لە جۆری ناوەکین، بەڵام جۆری خێزانی درێژکراوە تەنها ٢٢,٤٪ لە خیزانەکان پێکدەهێنن، هەروەها رێژەی ١٨,٤٪ لەم خێزانانە لە جۆری نیمچە درێژکراوەن. (١٥٢)

دوای ئەوەی ئەو دەرەنجامە ئەزموونییانە بە چەندین توێژینەوەی یەک لە دوای یەک روونبۆتەوە، ئیدی بوار بە گومانکردن نادەن لەوەی گورانێکی راستەقینە (کە بەڵگەی جۆراوجۆر پشتگیری لێکردووە) لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی لە سەرجەم کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا هەیە. دواتر پێویست بوو راڤەکارییەکی کۆمەڵناسییانە بۆ ئەو پرۆسەی گۆڕانە پێشکەش بکرێت، کە پشت بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی و مەرجەکانی گۆڕان تیایدا ببەستێت.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ژمارەیەک راڤەکاری لە بارەی پرۆسەی گۆڕان لە خێزاندا پێشکەشکراوە، یەکێکیان (١٥٣) راڤەکردنێکە بەپیشەسازیکردن و گۆڕانکاری لە بونیادی خێزان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەپیشەسازیکردن [کە هەمیشە لەگەڵ بەشارستانیبوون، واتا بەیەکەوە نیشتەجێبوون لە شار] پرۆسەی بەرهەمهێنان لە ماڵەوە بۆ کارگە دەگوازێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی بونیادی و ئەرکگەری لە خێزاندا. لە دەرەنجامی ئەمەشدا خێزان زۆرینەی ئەو ئەرکانەی کە پێیهەڵدەستێت لە دەست دەدات، بەتایبەتیش ئەرکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. هەروەک لە دەرەنجامی لە دەستدانی ئەم ئەرکانە بونیادەکەی لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی دەگۆڕێت.

راڤەکردنی دووەم هەیە کە سیاسەتەکانی حکومەت و گۆڕانی بونیادی لە خێزانی عەرەبی

بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە حکومەتەکان لە زۆربەی کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا کار دەکەن لەسەر دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی فراوان لەسەر شێوەی باڵەخانە، یان یەکەی نیشتەجێبوونی بچووک، کە ژن و مێرد و منداڵەکان دەچنە ناوی، باوانیان و خزمەکانیان لە خانووە کۆنەکانیان (ماڵی پێشوویان - و) لە گوند، یاخود لە گەڕەکە میللییەکانی شاردا بەجێدەهێڵن، ئەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی خێزانە ناوەکییەکان.

ڕاڤەکردنی سێیەمیش هەیە کە سەنتەرێتی دەسەڵات لە خێزانی درێژکراوە دەبەستێتەوە بە دابەشبوونی ئەم خێزانانە بۆ خێزانی ناوەکی، یاخود بۆ هاوسەرگیرییەک کە لە دەسەڵاتی باوانیان سەربەخۆ دەبێت.

ئەم ڕاڤەکردنە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەشداری نەکردنی نەوەکان (لە هەردوو ڕەگەز) لە دەسەڵاتی نێو خێزانی درێژکراوە، هەستی نامۆبوونیان لەلا دروست دەکات، کەوا تاکەکان هەمیشە دەچنە ژێر باری، یان بەهەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە بۆتە هۆی دروستبوونی، یانیش بەجێهێشتنی ئەو ژینگەیەی کە دەبێتە هۆی ئەو هەستە. بەڵام لەبەرئەوەی نەوەکان لە خێزانی درێژکراوەدا ئەو سامانەیان لەبەردەستدا نییە کە توانایان پێدەبەخشێ بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژینگەیی، ئەوا پەنا بۆ ڕێگەچارەی دووەم دەبەن، ئەویش جێهێشتنی ئەو ژینگەیەیە کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو هەستکردن بە نامۆبوونە، ئەمەش لەوکاتەی کە هەلی گونجاویان بۆ دەرەخسێت، ئەوەش لەو حاڵەتەی نەوەکان (لە هەردوو ڕەگەز) هاوسەرگیری دەکەن و خێزان پێکدەهێنن، چونکە هاوسەرگیری هەڵێکی ڕازیکەری کۆمەڵایەتی دەبەخشێتە نەوەکان، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە باوانیان نیشتەجێبن و خێزانی تایبەتی خۆیان پێک بهێنن.

ڕێگەچارەی دیکە لە پێش منداڵەکان، بە تایبەت لە پێش منداڵە نێرەکان هەیە، ئەویش سەفەرکردن و نامۆبوونە، یاخود کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار، کە بەهۆی ئەمانەوە لە دەسەڵاتی باوانیان سەربەخۆ دەبن.

ڕاڤەکردنی چوارەم هەیە کە لە ئەدەبیاتدا بۆ پرۆسەی گۆڕان لە خێزانی عەرەبیدا دەردەکەوێت، ئەویش گەشەی ڕێکخستنی بیرۆکراسیی فەرمی کە خۆی لە دەوڵەت و دەزگاکان، کارگەکان، کۆمپانیاکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی دیکەی کار لە کۆمەڵگای عەرەبی دەنوێنێ، دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدان و باڵادەستی جۆری خێزانی ناوەکی لەو کۆمەڵگایە.

ئەم ڕاڤەکارییە بانگەشەی ئەوە دەکات کە جیاکردنەوەی ڕێکخستنی بیرۆکراسی بەلێهاتوویی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە پراکتیکییەکان، دەبێتە هۆی سەندنی ئەو ئەرکانەی کە خێزانی درێژکراوەی عەرەبی پێیهەڵساون، بەتایبەتیش ئەرکی بەرهەمهێنان و ئەرکی بەرگریکردن و پەروەردەکردن ... هتد، ئیدی ئەم ئەرکانە دەبنە بەشێکی سەرەکی لە ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان کە بەشێوەیەکی باشتر و بەتێچوونێکی کەمتریش لە خێزانی درێژکراوەوە ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن. ئەو گۆڕانکارییە ئەرکگەراییانەش لە خێزانی عەرەبی دەبێتە هۆیی گۆڕانکاری بونیادی، بۆیە خێزان لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی

دەگۆڕیت. خێزانی ناوەکی بەسیفەتگەلێکی دیاریکراو جیادەکرێتەوە، لەوانە ئارەزوو بۆ بەکاربردن، پەروەردەکردنی منداڵەکان بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنان، چونکە ئەمە پاڵپشتی گەشەی بەردەوام دەکات لە رێکخستنە بیروکراسییەکاندا، ئەمەش لە دەرەنجامی دابینکردنی قازانج بۆیان، هەروەها دابینکردنی دەستی کاری گونجاو و رێکەوتوو لەگەڵ سروشتی رێکخستنی بیروکراسی و جەختکردنی لەسەر کارکردن و بەرهەمهێنان و دەستەبەرکردنی قازانج.

ئەو چوار راڤەکارییە تیۆریە لەبارەی یەک دەرنجامی ئەزموونی پەرەی سەندووە، ئەویش گۆڕانی خێزانی عەرەبییە لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی.

ئینجا کام راڤەکاری گونجاوتر و باوەڕپێهێنەرترە بۆ ئەم دەرەنجامە ئەزموونیانەی کە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی پێیگەیشتووە.

بە پراکتیزەکردنی پرنسیپەکانی (کارڵ پۆپەر)، ئەوا پێویستە لەسەرمان ئەو راڤەکارییانە لەژێر رۆشنایی پەیوەندییەکەی بەواقیعەوە، هەروەها بە قەبارەی ئەو بەڵگەیەی کە پشتگیری لێدەکات، بپشکنین، جا ئەم راڤەکارییانە دووربخەینەوە کە واقیعی کۆمەڵگای عەرەبی بە درۆی دەخاتەوە، ئیدی لەسەر ئەو راڤەکارییە، یاخود ئەو راڤەکارییانە دەمێنینەوە، کە ئەو واقیعە پشتگیری لێدەکات، هەروەها جەختی لێدەکات لە میانەی تێبینییەکان و ئامارەکان.

سەبارەت بە راڤەکردنی یەکەم، ئەوەی کە بەپیشەسازیکردن و گۆڕان لە خێزانی عەرەبی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوا واقیعی عەرەبی پشتگیری لێناکات، یاخود جەختی لەسەر ناکات، لەبەرئەوەی بەپیشەسازیکردن تائێستا لە زۆربەی کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا لە سەرەتادایە، چونکە تاوەکو ئێستا لە بەرهەمهێنان و بژێوی ژیانیاندا پشت بە کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکان دەبەستن. جا راڤەکردنی (بەپیشەسازیکردن) دەکرێت لەسەر کۆمەڵگاکانی دیکەی، وەکو کۆریای باشوور، یا ژاپۆن و هۆنگ کۆنگ، پراکتیزە بکرێت، بەڵام هەرگیز لەسەر کۆمەڵگای عەرەبی پراکتیزە ناکرێت. بەم شێوەیە ئێمە ئەو راڤەکردنە دوور دەخەینەوە، هەر چەندە هەندێک لە لێکۆڵەران پەلەیان لە بەکارهێنانی کرد، لەوکاتەی پرۆسەکانی گۆڕانیان لە بونیادی کۆمەڵگای عەرەبی شیدەکردەوە.

بەڵام راڤەکردنی دووەم، ئەوەی کە سیاسەتەکانی حکومەت و گۆڕان لە خێزانی عەرەبی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوا بەهەمان شێوە واقیعی عەرەبی نە جەختی لێدەکات و نە پشتگیریشی لێدەکات. چونکە لە هەندێک وڵاتانی عەرەبی وەکو میسر، سوریا حکومەتەکان پرۆژەی نیشتەجێبوونی فراوانیان دروستکردووە، بەڵام زۆرینەی حکومەتە عەرەبییەکانی دیکە ئەم پرۆژە نیشتەجێبوونە فراوانانەیان دروست نەکردووە. جا نائامادەیی ئەمجۆرە پرۆژە نیشتەجێبوونە لەلایەک و بوونی گۆڕان لە خێزانی عەرەبی لەلایەکی دیکەدا، ناهێڵێت پەنا بۆ ئەم راڤەکارییە ببەین، بەو پێیەی کە راڤەکارییەکی راست بێت بۆ ئەم گۆڕانە. بەم شێوەیەش راڤەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت هەروەکو راڤەکردنی بەپیشەسازیکردن لەسەر واقیعدا پراکتیزە نابێت. چونکە ئەم شێوە سیاسەتە حکومییانە لە بواری نیشتەجێبووندا، تەنها لە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتە عەرەبییەکاندا

نەبێت، بوونی نییە. هەر بۆیە ئەم ڕاڤەکردنە بە دوور دەخەینەوە، بەهۆی ناڕاستبوونی، واتا نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئامادەبوونی، کە بیکاتە هۆکارێکی سەرەکی لە هۆکارەکانی گۆڕان لە بونیادی خێزانی عەرەبی.

بەڵام ڕاڤەکردنی سێیەم، ئەوەی کە سەنتەرێتی لە دەسەڵات لە خێزانی درێژکراوە و گۆڕان لە خێزانی عەرەبی بەیەکەو دەبەستێتەوە، ئەمە هەر بەتەواوی گونجاو نییە، لەبەرئەوەی هەر لەخۆیدا وا گریمانە دەکات کە خێزانی ناوەکی، یاخود خێزانی بچووکی عەرەبی لە دەست سەنتەرێتی دەسەڵات نانالێنێت. کەچی لە ڕاستیدا بەڵگە ئەزموونییەکان ڕوونیدەکەنەوە کە بەشێوەیەکی گشتی سەنتەرێتی دەسەڵات لە خێزانی عەرەبیدا بەهەر دوو جۆرە سەرەکییەکەی بوونی هەیە: جۆری درێژکراوە و جۆری ناوەکی، بەڵام لە حاڵەتی خێزانی بچووک، دەسەڵات توانای کەمترە ، وەک ئەوەی لە خێزانی درێژکراوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی بەتەواوی دەستەبەر نەبووە، بەتایبەتیش مەرجی پەیوەستبوون لە نائامادەیی.

دوای ئەوەی ئەو کەموکوڕییانەمان بۆ ڕوونبۆوە کە لەو سێ ڕاڤەکارییە تیۆرییەی پێشەوەدا هەیە. ئەوە ئێمە دەبینین کە ڕاڤەکردنی چوارەم و کۆتایی گونجاوترە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دەرەنجامە ئەزموونییەی کە ئێمە باسی دەکەین، ئەویش گۆڕانی بونیادی خێزانی عەرەبییە لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی. ئەم ڕاڤەکردنەش لەگەڵ مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی دەگونجێت، کەوا لەپێشدا ڕوونکراوەتەوە و لێکۆڵراوەتەوە. چونکە لە سەرجەم کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا (بەبێ ئاوارتە) ڕێکخستنی بیرۆکراسی لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ لەو کۆمەڵگایانەدا، لە سەرەتایی ئەم سەدەیە (مەبەست لە سەدەی ٢٠- و) دەرکەوت، هەر بەخێراییش ئەم ڕێکخستنە لە کۆمەڵگادا بەسەر ڕێکخستنەکانی دیکە زاڵ بوو، بەتایبەتی ڕێکخستنی خزمایەتی، دوای ئەوەی کە چووە ناو سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، جا چ سیاسەت، یاخود بەرهەمهێنان، یاخود پەروەردەکردن. هەروەها لەسەرجەم ئەو کۆمەڵگا عەرەبییانەدا (بەبێ ئاوارتە) ئەو ڕێکخستنە کاری لەسەر کورتکردنەوەی ئەو ئەرکانە کرد کە خێزانی عەرەبی پێیهەڵدەستا، بەتایبەتیش ئەو ئەرکانەی کە خێزانی درێژکراوە لە سەدەی ڕابردوو (سەدەی ١٩-و) پێیهەڵدەستا، کە بەرهەمهێنان و بەرگریکردن و پەروەردەکردن و ئاسوودەکردن دەگرێتەخۆ. لەگەڵ ئەم کورتکردنەوەیەش لە ئەرکەکانی خێزاندا، ئەوا ئەو پێگە و ڕۆڵە کۆنانەی کە بەم ئەرکانە پەیوەستبوون کورت دەبنەوە، بەتایبەتی ڕۆڵی ئافرەت لە بەرهەمهێنانی ماڵداری، ڕۆڵی باوک لە ئامادەکردنی منداڵەکان و فێرکردنیان بە پیشەیەکی گونجاو، ڕۆڵی خزمەکان لە پاراستنی ئەندامەکانی خێزان و پارێزگاریکردن لە موڵکەکانیان، چونکە سەرجەم ئەو ڕۆڵانە بوونەتە پسپۆڕێتی دامەزراوە بیرۆکراسییە تایبەتمەندەکانی وەکو کارگەکان و کۆمپانیاکان، کە بە بەرهەمهێنان هەڵدەستن، هەروەها قوتابخانەکان و زانکۆکان کە بەشێوەیەکی پیشەییانە پسپۆڕێتی دەکەن لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی تاک، هەروەها دەوڵەت و دەزگا تایبەتمەندییەکانی کە پارێزگاری لەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەن،

ڕۆح و موڵکیان دەپارێزن و پارێزگاری لە مافی گوزارشتکردن لە ناسنامە و ڕاوبۆچوونیان دەکەن. لە دەرەنجامی هەموو ئەمانەشدا و لە هەموو کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا گۆڕان لە خێزانی عەرەبی لە جۆری درێژکراوەوە بۆ جۆری ناوەکی ڕوویداوە. بەم شێوەیە ئێمە دەست بەم ڕاڤەکارییە دەگرین (دوای ئەوەی ڕاڤەکارییەکانی دیکەمان دوورخستەوە)، لەبەرئەوەی مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی دەستەبەر دەکات، بەتایبەتیش هەر دوو مەرجی: **پەیوەستبوون لە ئامادەییدا** (چونکە لە سەرجەم کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا ڕێکخستنی بیرۆکراسی و گۆڕان لە جۆری خێزانیدا بوونیان هەیە)، هەروەها **پەیوەستبوون لە گۆڕان** (چونکە لەگەڵ زیادبوونی ڕۆچوونی ڕێکخستنی بیرۆکراسی لە کۆمەڵگا، ئەوا گۆڕان لە جۆری خێزانی عەرەبیدا زیاد دەبێت).

ئەو بەڵگانەی کەوا لە سەر کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا لەبەردەستدان، جا چ بەڵگەی مێژوویی، یاخود ئاماری بن، جەخت لە سەر ڕاستی ئەم ڕاڤەکارییە دەکەن و پشتگیری لێدەکەن.

لێکۆڵەر دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لە گونجانی ئەم ڕاڤەکارییە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، هەروەها لەگەڵ مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی دڵنیا دەبێت، ئیدی مەبەستدارانە، بەڕوونی و بەهێز و بەراشکاوی لە ئەستۆی دەگرێت و ڕاڤەکارییەکانی دیکە دووردەخاتەوە، ئەمەش لەبەر لاوازیان، هەروەها لەبەر دەستەبەرنەکردنی مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی، بەڵام لە ئەستۆگرتنی زیاتر لە ڕاڤەکارییەک لە لایەن لێکۆڵەرەوە، یاخود بە ناراشکاوی و ناڕوونی و لە ئەستۆگرتنی ڕاڤەکارییەکی دیاریکراو، ئەوا ئاماژەیە بۆ پێنەگەیشتوویی کۆمەڵناسییانە، چونکە پەرەسەندنی کۆمەڵناسی، بەتایبەتیش لایەنە تیۆرییەکەی، پێویستی بە بەراوردکردنە لە نێوان ڕاڤەکارییەکان، بۆ ئەوەی بزانێت کامەیان باشترن، ئەمەش دوای ئەوەی بە بەردەوام ببخەیتە ژێر پرۆسەکانی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە ئەزموونییە بەردەستەکان، هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی دەستەبەرکردنی مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی، بەشێوەیەک ڕاڤەکارییە لاوازەکان دووردەخاتەوە و ئەو ڕاڤەکارییە بەهێزانە دەهێڵێتەوە، کە لەگەڵ بەڵگە ئەزموونییە بەردەستەکان و مەرجەکانی پەیوەندی هۆکارگەرایی گونجاون.

لە هەموو بارەکاندا، لەسەر لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی پێویستە دەرک بەو بەیەکداچڕژانە گەورەیە بکات کە لە نێوان دۆزینەوەی پەیوەندییە هۆکارگەراییەکان و پرۆسەی ڕاڤەکاری تیۆریی ئەم پەیوەندییانە هەیە. جا هەندێک نموونەش هەیە لەو لێکۆڵینەوە ئەزموونییانەی کە بڵاوبوونەتەوە ئەو جۆرە بەیەکداچڕژانە ڕووندەکەنەوە. لەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەی کە (معن خلیل عمر) لە بارەی شێوەکانی هەڵبژاردنی هاوسەر کە لە زانکۆی موسڵ ئەنجامیدا، لە دوای شیکردنەوەی دەرەنجامەکان و نمایشکردنیان لە خشتە ئامارییەکان دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان قۆناغی خوێندنی قوتابی و شێوەی هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە (١٥٤).

دوای ئەوەی کە لێکۆڵەر ئەم پەیوەندییە دەخاتە بەردەست، ئیدی ڕاڤەکاری زانستییانەی بۆ

دەکات، کە تیایدا تەمەنی قوتابی دەبەستێتەوە بە مەودای کاریگەربوونی بە ژیانی زانکۆیی و مەودای ملکەچبوونی بۆ کەسوکار. جا ئەوە شیدەکاتەوە کە قوتابیانی قۆناغە سەرەتاییەکان پشتگیری لەو شێوە هەڵبژاردنە هاوسەرییە دەکەن کە کەسوکار هەڵیدەبژێرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان تائێستا لە ژێر دەسەڵاتی باوانیاندا دەژین، هەروەک ژینگەی زانکۆیش کاریگەری لەسەر عەقڵ و رەفتاری قوتابیانی قۆناغە سەرەتاییەکان نەکردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ژینگەی زانکۆییدا تازەن و بەریەککەوتنیان لەگەڵ قوتابیانی پۆلەکانی دیکە نییە، بەڵام قوتابیانی دوا قۆناغەکان مەیلی ئەوە دەکەن لە هەڵبژاردنی هاوسەردا لە لایەن کەسوکاریانەوە پشتگیری نەکرێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونیان بەپێکهاتەکانی ژینگەی زانکۆیی و کارلێکی بەردەوام لەگەڵ میتۆدەکانی خوێندنی زانستی و رۆشنبیری. لەوانەیە ئەوان لە لایەنی کەسایەتییەوە سەربەخۆ بن و لە وەرگرتنی بڕیارەکانی داهاتوویاندا پشت بەخۆیان ببەستن، بەمەش حەز دەکەن خۆیان هاوسەر هەڵبژێرن.

لە شوێنیکی دیکەی ئەم بەشەدا میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە کۆمەڵناسیدا رەچاوکراوە روونەدەکرێتەوە، بەشێوەیەک تیایدا روونەبێتەوە کە هەر میتۆدێک گوزراشت لە کۆمەڵێک ئەو رێسا و پرنسیپ و رێوشوێنانە دەکات، کە کۆششەکانی لێکۆڵەری زانستی ئاراستە دەکات و دەبێتە هۆی دۆزینەوەی پەیوندییە هۆکارگەراییەکان و پێشکەشکردنی راڤەکاری گونجاو بۆ ئەو پەیوەندییانە.

هەر لە رێگەی ئەمەشەوە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە کە لە هەر میتۆدێک رەچاوکراوە، روونەدەکرێتەوە، کە ئەمەش لە میتۆدێکەوە بۆ میتۆدێکی دیکە کەمێک جیاوازە، هەروەها کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە هەر میتۆدێک لەو میتۆدانە بەکارهاتووە، روونەدەکرێتەوە، گرنگترینی ئەو کەرەستانەش بریتین لە: تێبینیکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، راپرسی، یاخود فۆرم.

لەبەر بەربڵاوی بەکارهێنانی میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسیدا، بۆیە ئەو لاپەڕانەی کە لەم بەشەدا ماوە بۆی تەرخانکراوە، بەڵام لە بەشی داهاتوودا، کە بەشی حەوتەمە، میتۆدەکانی تر نمایش و تاوتوێ دەکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە: میتۆدی ئەزموونگەری، میتۆدی لێکۆڵینەوەکانی بەراوردکاری، میتۆدی مێژوویی و میتۆدی توێژینەوەی کەیس. ئینجا لەدواییدا نمایش و تاوتوێی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو دەکرێت لە نێوان لێکۆڵینەوەی ئەزموونی و ئەو بەڵگە ماددییانەی کە لێیدەکەونەوە لەگەڵ تیۆری کۆمەڵایەتی و ئەو راڤەکارییانەی کە لە خۆی دەگرێت.(١٥٥)

**سەرچاوە:**

خمش- مجددين عمر خيري، علم الاجتماع - الموضوع و المنهج، طبعة (٢٠٠٤) ص ص ٢٤٣-,٢٥٠ .

# سەرەتایەک لەمەڕ مرۆڤناسی
## بەشی سێیەم

م. محەمەد شوانی



لە بەشەکانی پێشووتردا زۆر بەخێرایی لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی مرۆڤناسی و فراوانبوونی راوەستاین و تیکشکێکی کز و رووناکییەکی ئاماژە ئاسامان خستەسەر دوا کارەکانی ئەم زانستە و لەم قۆناغەدا دەتوانێ چی بکات، بۆیە بەم کارە هەوڵی کێشانی کێرڤێک دراوە کە بەردەوامی ئەم زانستە و ئامادەبوونی پیشان بدات لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆییدا، واتە بۆ دیاریکردنی نەخشەی کاری مرۆڤناس، یان توێژەری بواری مرۆڤناسی لە رووی کاتەوە قۆناغێکی مێژوویی نزیکەی (١٣٥) ساڵ و لە رووی بابەت و ناوەرۆکی باس و توێژینەوەکانیشیەوە جیهانێکی بەرین و ئاسۆیەکی فراوان، مرۆڤ و دەوروبەر و داهێنان و کەرەستە و هزر و زمان و پاشماوە و ئایین و گۆڕان

و گرفتەکانی و فرە هەندی پێکهاتەی جەستەیی و کولتووری مرۆڤایەتی و سەدان وردە بابەت و ناونیشانی تر بێجگە لە میتۆد و قوتابخانە و ئاراستە هزرییەکانی ناو خودی زانستەکە خۆی، دەبنە جیهانی ژێر سێبەری چەتری مرۆڤناسی، وردکردنەوەی بابەتەکانی و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی روون بۆ دیاردەکانی کارێکی ئاسان و لە توانای نەک هەر هەموو کەسێکدا، بەڵکو لە توانای بەشێکی زۆری زاناکانی بوارەکەشدا نەبووە، بۆیە مرۆڤناسی لە میانەی توێژینەوە و تاوتوێکردنی زیاتری، بابەتکانیدا هەندێک جار لە جیاتی تیشک خستنەسەر و روونکردنەوەی زیاتر، دیاردە و بابەتی توێژینەوەکەی لێڵترکردووە، خوێنەری تووشی سەرلێشێوان و گومان کردووە، چونکە مرۆڤناسی لە شوێن و بوارێکی سەختدا کاری کردووە، لە پرۆسەی گەشەکردنی هزری کۆمەڵایەتی بەگشتی و هزری مرۆڤناسیش بەتایبەت، بێجگە لەو سەختییە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری رەوتە هزرییە باوەکانی قۆناغە جیاجیاکانیشەوە، سەرەڕای ئەمانەش گەشەکردنی خێرا و دۆزینەوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم زانستە لە ماوەیەکی مێژوویی کورت و دیاریکراودا زەخیرەیەکی هێندە زۆر و فراوانی لە نووسین و توێژینەوە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا خستە بەردەستی خوێنەران، هەتا پسپۆڕان و توێژەرانی خودی مرۆڤناسی خۆشیان نە دەپەرژانە سەر خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئەو بەرهەمانە (١)

بۆیە لەو قۆناغەی تەمەنی مرۆڤناسیدا ئەو بیرۆکەیە باو بوو کە ئەوەی ئەم زانستە لە زانستەکانی تری وەکو ئابووری و کۆمەڵناسی و رامیاری جیادەکاتەوە، هەوڵدان و توێژینەوەکانیەتی لەسەر گرووپ و گەلە سەرەتاییەکان بەپێچەوانەی ئەو زانستانەوە کە توێژینەوەیان لەسەر کۆمەڵگە مۆدێرن و ئاڵۆزەکان دەکرد،(٢) بەهۆی ئەو کتێبە بە ناوبانگ و نووسینە ورد و دانسقانەی بناغەکانی مرۆڤناسیان دارشت و تا نزیکەی هەشتا نەوەدساڵێکیش تارمایی و کاریگەری خۆیان بەسەر ئەم زانستەوە هێشتەوە و بوون بە مەرجێک بۆی، بۆ نموونە نووسینە زۆر و زەبەند و فراوانەکانی زانای سویسری (یۆهان جاکوب باخۆڤن)(١٨١٥-١٨٨٧) لەسەر رەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی لە خێزانی باوکسالاری فرەژنییەوە سەرچاوەی گرتووە، بێجگە لە حەوت بەرهەمی تر لە کتێبێکی گەورەی چوار بەرگیدا لە ژێر ناونیشانی (مافی دایک) و بەزمانی ئەڵمانی لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا گەورەترین خزمەتی بە زانستی مرۆڤناسی کرد، تاوەکو پێشەنگ و سەرچاوەیەکی دێرینی مرۆڤناسی و ئاراستەیەکی هزری جیاوازیش لەناو قوتابخانە مرۆڤناسییەکانیدا سەیر بکرێت، یان وەکو نووسین و توێژینەوە یاساییەکانی زانای فەرەنسی (مۆنتسکیۆ) و زانای بەریتانی (هێنری مین)، بەجۆرێک کاریگەرییان لەسەر رەوتی بەرەوپێشچوونی مرۆڤناسی دانا تا زانایەکی وەکو (ئیڤانز بریتشارد) بڵێت بنەچەی زانستی مرۆڤناسی دەگەڕێتەوە بۆ (روحی یاساکان)ی مۆنتسکیۆ بە جەختکردنی لەسەر پەیوەندی ئەرکێتی نێوان یاسا و ژینگەی سروشتی، یان پەیوەندی بیروباوەڕ و ئەوەی بە رەوشتی گەلان ناودەبرێت لە گرووپ و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بە ژیانی ئابووری و توخم و رەگەزە سروشتییەکانەوە، نموونەیەکی تری ئەم بوارە هەوڵە چڕ و

زانستییەکانی زانای ئەمریکی (لویس مۆرگانە) کە توێژینەوەی لەسەر دووسەد کۆمەڵگەی جیاوازکرد و لە نووسینە بەناوبانگەکانی (کۆمەڵگەی دێرین) و (خزمایەتی و هاوسەرگیری) بوون، قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ سەر سێ قۆناغ پۆلینکرد(٣) (درندایەتی، بەربەریزم، مەدەنییەت)، ئەم نووسینانە بوون بە سەرەتای سەرهەڵدانی قوتابخانەی بیرکردنەوە و ئاراستەی هزری جیاواز هەر لە سەرەتا و دەستپێکی زانستی مرۆڤناسیدا بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ و دروستبوونی خودی مرۆڤ خۆیشی بێجگە لە بابەتە گرنگ و سەرەکییەکانی وەکو کولتوور (Culture) کە هیچ چەمک و زاراوەیەک بەقەد ئەم گفتوگۆ و پێناسە و قسەی لەسەر نەکراوە لەناو مرۆڤناسیدا، ئێمەش وەکو کۆمەڵگەی کورد تووشی سەرلێشێوانێکی سەیر هاتووین لە بەکارهێنانیدا چ وەکو زاراوە و نووسین و چ وەکو چەمکیش کە لەلای ئێمە چی دەگەیەنێت، ئەگەرچی لە بەشەکانی ئایندەدا باس لە بابەتەکانی مرۆڤناسی دەکەین و لەناو ئەوانیشدا وەکو بابەتێکی هەرە گرنگ لەناو زانستی مرۆڤناسیدا (کولتوور) دەدەوێن، بەڵام دوورکەوتنەوە نییە ئەگەر لە نێوان دوو کەواندا باس لە ئاڵۆزی تێگەیشتنی خۆمان بکەین لە بارەی ئاستەکانی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە مرۆڤناسیدا بۆ پێناسەی کولتوور هەتا ئێستاش بەکارهێنانی ئەم چەمکە، لە مرۆڤناسیدا بۆ پێناسەی کولتوور هەتا ئێستاش بۆ پێناسەکەی ئەدوارد تایلەر دەڵێن (پێناسە بەناوبانگەکە) کەچی ئەمیش لە دەقە ئینگلیزی و پێناسەکەی خۆیدا دەڵێت(culture or civlizationis..) واتە کولتوورو مەدەنیەتی بەیەک مانا وەرگرتووە، عەرەبەکانیش لە وەرگێڕانی ئەم زاراوانەدا بۆ(CULTURE) جارێک(ثقافة)و جارێکی تریش (حضارة)یان بەکارهێناوە، بەڵام بۆ (civlization) وشەی (المدنية) ئێمەش ئەمەی دواییمان کردووەتە مەدەنییەت، کەچی بۆ (ثقافە)ی عەرەبی رۆشنبیری و بۆ (حضارە)ش وشەی شارستانی بەکاردێنین، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زاراوە ئینگلیزییەکەمان گۆڕیوە و بەشێوازی نووسینی جیاجیا لەلایەن نووسەران و روناکبیرانی کوردەوە بەکاردێت وەکو (کلتور، کولتوور، کەلتور، کەڵچەر، کەلتوور) زۆرجاریش هەر بەمانای دابونەریت نەک مانا فراوانەکەی خۆی لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە گوێبستی دەبین، کە لە راستیدا کولتوور نە دابونەریت و نە رۆشنبیری و نە شارستانییەتە بەتەنیا، بەپێی پێناسەکەی (تایلەر) بریتییە (لەو گشتە ئاڵۆز و لێکدراوەی لە ماریفەت و هونەر و بیروباوەڕ و دابونەریت و یاساو رەوشت و ئەو زانیاری و توانستانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا وەری دەگرێت بەو پێیەی کە ئەندامە تیایدا)(٤) کولتوور تەنیا ئەوە ناگرێتەوە کە لە مارکسیەتدا پێی دەڵێن سەرخان، بەڵکو لە پێناسە بنچینەییەکەی تایلەریشدا مەدەنییەت وەکو پلەیەک، یان ئاستێک لە ئاستەکانی کولتوور سەیرکراوە، بۆیە بەبۆچوونی من کولتوور هەر سێ چەمکەکانی (رۆشنبیری، شارستانی، مەدەنییەت)یش دەگرێتەوە، چونکە لە رووی پێکهاتەوە کولتوور لەلایەنی (مەعنەوی) وەکو ئایین و بیروباوەڕو دابونەریت و بەهاو ماریفەت و هۆشیاری و زانست و زانیاری پێکدێت، کە دەتوانین بڵێین ئەمە لایەنە رۆشنبیرییەکەی کولتوورە، هەروەها لایەنی (مادی) کولتووریش وەکو جلوبەرگ و ئامێر و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و خانووبەرە و قەڵا و بیناسازی و

چەک و تەقەمەنی و هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن و قاپ و قاچاغ و کەرەستەکانی ناوماڵ و چێشتخانەش دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە دیوە شارستانییەتەکەی کولتووره، لە بارەی مەدەنیەتیشەوە قۆناغێکی کلتوره، ئاستێکی بەرزی پێگەیشتنی کولتووری مرۆڤایەتییە و کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەکو کەڵەکەبوونی زیاتری خۆراک و پۆشتە و تێروپربوونی ئەندامانی کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی ئاستی توانا پیشەیی و پسپۆرییەکان و کۆنترۆڵکردنی کەرەستە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دروستبوونی چینی بازرگان و بۆرژوازی و تەکنۆکرات و هونەری و شارەزا و جیابوونەوەی گرووپە پیشەیی و سەندیکاکانیان و چەندین خەسڵەتی تر، وەکو ماک و نیشانەی هیومانیستی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە قۆناغەکانی تری جیادەکەنەوە و کولتوورێکی تایبەت بە قۆناغکە و وەکو ئاستێکی کامڵبوونی مرۆییانەی کولتوور بەدەردەکەوێت، ئیتر نەک هەر کولتوور بەڵکو زاراوە و چەمکێکی زۆر هەیە هێشتا جێگەی خۆیان لە زمانی کوردیدا نەگرتووە و پێموایە هەر چەندێکیان لەسەر بنووسین هەر کەمە هەتا مانای تەواوی خۆیان لەلایەن نەوەی ئایندەی کۆمەڵگەکەماندا وەردەگرن، زۆربەی بابەت و لقە لاوەکی و دەروازەکانی مرۆڤناسی گشتی بێجگە لە بابەتە وردەکانی تائێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بەکەمی قسەیان لەسەرکراوە و لەم بارەوە کۆمەڵگەی کورد زەوییەکی بەپیتی نەکێڵراوە(٥)، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنەی چەمکەکانی مرۆڤناسی بەخۆیانەوە بینیویانە لەو کۆمەڵگە پڕ نووسین و دیالۆگ و رەخنەییانەی ئەم زانستەی تێدا دروست بووە، ئەم گرنگیپێدانەی مرۆڤناسی بەبابەتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی و کولتوورەکان و هەموو ئەو بابەتانەی تر کە ئاماژەمان پێکرد، واتە کارکردن لە بوارێکی وا فراواندا یەکێک بوو لە هۆکارە بنچینەییەکانی لەت لەت بوونی مرۆڤناسی گشتی لەپاڵ بە دەرکەوتنی ئەو ئاراستە هزرییە جیاوازانەی لەو نووسینە زۆرو زەبەندانەوە پەیدابوون لەمەڕ سەرەتاکانی کولتوور و کەرەستە و توخم و رەگەزە کولتوورییەکانی گەلان و چۆنیەتی دروستبوونیان، لەناو مرۆڤناسیدا و لە ئەنجامی ئەمەدا بوارێکی نوێ پەیدابوو بۆ پۆلێنکردن و رێکخستنی بۆچوونە هاوشێوەکان لە ژێر ناوی قوتابخانە، یان ئاراستەیەکی یەکگرتووی بیرکردنەوەدا، واتە یەکخستنی روانگەی ئەو نووسەرانەی لە کرۆکی باسەکانیاندا، دەربارەی شرۆڤە و راڤەکردنی دیاردە مرۆڤناسییەکان، لێکچوونێکیان لە نێواندا هەیە لە قاڵبێکی میتۆدی و تیۆری و ئاراستەیەکی هاوبەشدا بۆ پێکهێنانی قوتابخانە هزرییە مرۆڤناسییەکان، کە بێجگە لە مرۆڤناسی لەو قۆناغەدا لە هەموو زانستەکانی تر و بەتایبەت لە زانستە مرۆییەکاندا بوونی روانگەی جیاواز لەمەڕ بابەت و گرفتی بنەڕەتی هەر زانستێک مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ لەسەر پێ راوەستان و گەشەکردنیان، بۆیە لە باگراوندی مێژوویی مرۆڤناسیشدا پەیدابوونی روانگەی جیاواز و فراوانبوونی بابەتەکانی بەقۆناغی دروستبوون و پێکهاتن دادەنرێت لە دوای دەستپێک و سەرەتا بەراییەکانی کە هەندێک پێیان وایە لەلای مێژوونووسی گریکی کۆن (هیرۆدۆتس) لە سالآنی (٤٨٤-٤٢٤)ی پێش لە دایکبوونەوە بابەتەکانی مرۆڤناسی دەست پێدەکەن(٦) تا قۆناغی دروستبوون زیاتر لە دوو هەزارو دووسەد و پەنجا ساڵ دەکات، ئەم ماوە مێژووییەش بۆ هەڵبژاردن و جیاکردنەوە و

پۆلێنکردنی وردتری بابەتەکانی مرۆڤناسی مێژوویەکی کەم نەبوو، هەروەها لە رووی نووسین و زیاتر کەڵەکەبوونی زانیاری لەسەر مرۆڤ و کولتوورەکەی هەمدیس قۆناغێکی هەژار و بێبەرهەمیش نەبوو، بۆیە کەرەستەیەکی خاوی بەپیتی دایە دەستی توێژەر و زانایانی مرۆڤناسی بۆ توێژینەوە و بەدواداچوونی بابەتەکانی ئەم زانستە لەلای فەیلەسووفە ناودارەکانی ئەم قۆناغە وەکو هیپۆکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ و لۆکریتس و ئەوانەی دواتریش وەکو ئۆگەستین و ئیبن خەلدون و ڤۆڵتێر و هۆبز و هەموو ئەوانە دەربارەی مرۆڤ و خوو و خەدە و خەسڵەتەکانی چییان گوتووە و چۆن دەکرێت لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا جەردە مرۆڤناسییەکان بدۆزینەوە؟! دواتر بە قۆناغی بەرایی و پێش دروستبوون و پێکهاتن لە قەڵەمی بدەین؟ یان چۆن زەمینەی دروستبوونی ئەم زانستەیان خۆش کرد و دەروازەیەکیان بە رووی زانا و فەیلەسووفانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا کردەوە بۆ جۆرێکی تری بیرکردنەوە لە مرۆڤ و لە چۆنیەتی دروست وونی ئەم زیندەوەرە کۆمەڵایەتییە کە لای فەیلەسووفانی بەرایی پێی دەگوترا مرۆڤ زیندەوەرێکی سیاسییە و دواتریش لە قۆناغی رۆمانیدا مرۆڤ بوو بەزیندەوەرێکی مەدەنی و لە سەدەی چواردە و پازدەی زایینیشەوە بوو بە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لە مرۆڤناسیدا پەیوەندی ئەم دەربڕین و دەستەواژانە بەیەکەوە چی بوون؟! نەک هەر ئەمە بەڵکو هەموو ئەو گوتە و پێناسانەی پەیوەندییان بەناوەرۆکی بابەتەکانی مرۆڤناسییەوە هەبوو بوون بە بوارێکی توێژینەوە بۆ مرۆڤناسان تا لە رێگەیانەوە سەرەتاکانی رێچکەی ئەم زانستە دەست نیشان بکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

* دوای بڵاوبوونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی چارڵس داروین (بنەچەی جۆرەکان) زۆربەی لقە زانستی و ئاراستە هزرییەکانی ئەو قۆناغە، واتە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە کەوتنە ژێر کاریگەری تیۆری پەرەسەندنەوە، سەرەڕای ئەوەی تیۆرەکەی داروین لە بارەی پەرەسەندنی بایۆلۆژی زیندەوەرانەوە بوو، بەڵام هنری مین و مۆرگان و سپنسەر و ئەوانی تر لە بواری کۆمەڵگە و سیستەمەکان و کولتووریش دا بەکاریان هێنا، بەمەش مرۆڤناسی کەوتە ژێرکاریگەری ئەم جۆرە بیرکردنەوەوە.

١- لنتون، رالف، الانثروبولوجيا، و ازمة العالم الحديث، ترجمة عبدالملك الناشف، المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، ١٩٦٧، ص٩.

٢- وصفي، الدكتور عاطف، الانثروبولوجيا الثقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر بيروت، ١٩٧١، ص١٥.

٣- جامع، الدكتور محمد نبيل، المفتتح في علم المجتمع، دار المطبوعات الجديدة، الاسكندرية، بلا سنة الطبع، ص٤١١.

٤- Scupin, Roymond. AnthriOpology, New Jersy Prentice Hall, Fourth- Edition, 2001, P.216.

٥- چاوشلي، هادى رشيد، الحياة الاجتماعية في كردستان، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٠، ص٩٦.

٦- النوري، دكتور قيس، المدخل الى علم الانسان، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص٤٦.

# نـامـۆبـوون

و: هەژار عەبدوڵڵا

نامـۆبوون (Alienation) حاڵەتێکی دەروونیی کۆمەڵایەتییە، بەشێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵی تاک دەکـات و وایلێـدەکـات نامــۆ و دوور بێت لە هەندێک لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی.

هزری نامــۆبـوون مــێـژووی هزری کـۆمـەڵایـەتی کــۆنـتــرۆڵ کــردووە. زانا (ملفن ســیــمن) لە وتارەکەیدا بەناوی (لەبارەی مانای نامۆبوون)ەوە رۆڵی نامـۆبوونی لە لێکۆڵینەوەی کـۆمـەڵایەتیدا روونکردەوە، کەوا لە گۆڤارێکی ئەمریکی تایبەت بە کۆمەڵناسی لە ساڵی ١٩٥٩ بڵاوی کردۆتەوە.

هەروەها پرۆفـیـسـۆر (ار.نسبت) توێژینەوەی لە بارەی هزری کـۆمـەڵایەتییـەوە کـردووە و تیـایدا جەختی کردۆتە سەر بابەتی نامۆبوون، بەتایبەتیش لە کتێبەکەیدا بەناوی (چەند پرسیارێک لەبارەی کۆمەڵگای لۆکاڵی).

کارڵ مارکس زاراوەی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لە تیـۆرە گـشـتـیـیـەکـەی بەکـارهێناوە، لەو کـاتەی ویستی هۆکارەکانی کێبڕکێ و ململانێ و دژپێکی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا راڤە بکات.

نامـۆبوونیش بە چەمکە مارکسییەکەی بریتییە لە دیاردەییـەکی کـۆمـەڵایەتی کـە مـرۆڤ تیـایدا هەست دەکات بەوەی نامۆ و دوورە لەو شتەی کە دۆزیویەتییەوە و خزمەتیکردووە و قوربانی لەپێناو داوە. بۆ نموونە کرێکار هەست بە نامۆیی دەکات لە خــودانکار، هەست دەکــات بەوەی ئاســتــەنگی دەروونی و کــۆمــەڵایەتی هەیە کــە لەو جــیــای دەکـاتەوە. هەروەها هەست بە نامـۆیی دەکـات لەو کاڵایەی کە بەرهەمیهێناوە و کۆششی بۆ کردووە و مــانـدوو بووە. ئەمــەش تا وەکــو خــۆی لێی ســوودمــەند نەبێت، بەڵکو هەمـوو سـوودەکـە بۆ خــودان کــار بێت، کــەوا خــاوەندارێتی تەواوی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکات.

نامـۆبوونی کرێکار هەر تەنها لە دووربوونی لە خودان کـار و ئەو کـاڵایەی کـە بەرهەمـیـدەهێنێت

کورتناکرێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەچێتە سەر ئاستی نامۆبوون لە کۆششەکانیشی، چونکە کرێکار هەست دەکات بەوەی نە خاوەندارێتی خودی خۆی و نە کۆششەکانیشی دەکات، چونکە کۆششەکانی لە بازاڕی کاردا دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت لەبەرامبەر کرێیەکی کەمدا.

لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەندا کرێکار هەست دەکات بەوەی ئەو کۆششەی کە لەبەرهەمهێناندا دەیکات، ئەوا لە دژی دەوەستێت و ئازادی تەسک دەکاتەوە و رۆحی کارکردن و دروستکردن و نڤارەکەی دەکوژێت.

هەروەها مارکس دیاردەی نامۆبوون لە سیاسەتیش پراکتیزە دەکات و دەڵێت کە ئەوە تاکە دەوڵەت دروست دەکات بۆ رێکخستنی کاروبارەکان و ناوبژیوانیکردنی ململانێکان لە نێوان خۆی و ئەوانیدیکەدا. بەڵام هەر زوو دەکەوێتە ئەو باوەڕەی کە لێی نامۆبە. ئەمەش لەبەر ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان خۆی و دەوڵەتدا دروست دەبێت، جا لە دەوڵەت دەترسێت و وردە وردە لێیدووردەکەوێتەوە. لێرەشدا تاک لە دەوڵەت نامۆ دەبێت.

بەڵام (ئەریک فرۆم) لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگای تەندروست - society sane) ئاماژە بەو سیفەتە سەرەکییانە دەکات کە چەمکی نامۆبوون دیار دەکات. نامۆبوون لە لای فرۆمدا ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ تیایدا هەست ناکات بەوەی خاوەنی راستەقینەی سامان و تواناکانییەتی، بەڵکو هەست دەکات بەوەی بوونەوەرێکی لاوازە و قەوارەکەی پشت بەهێزی دەرەکی دەبەستێت و هیچ پەیوەندییەکی بەخودی کەسەکەوە نییە.

سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوە هاوچەرخانەی کەوا بابەتی نامۆبوون بەسەر دەکەنەوە، بەبیرۆکە و فێرکردنەکانی (سیمن) لەبارەی ئەو بابەتەوە دەست پێدەکەن، چونکە (سیمن) ویستی رزگاری بێت لەو تەمومژی و نادیاری و شێواوییەی کە بەباتی نامۆبوونەوە هەیە. ئەمەش لە رێگەی لێکجیاکردنەوەی بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی ئەو زاراوەیە و روونکردنەوەی مانای ئەو بەکارهێنانە بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی بەبێ هیچ شێواوییەک و ناڕوونییەک.

جا یەکەمین بەکارهێنان بۆ زاراوەکە ئەوەیە کە نامۆبوون واتای نەبوونی توانایە لەلای تاکی نامۆبوو. بەمانایەکیدیکە نامۆبوون هەستێکە دووچاری تاک دەبێت و وایلێدەکات نەتوانێت ئەو بارە کۆمەڵایەتییە بگۆڕێت کە کارلێکی لەگەڵ دەکات.

دووەمین بەکارهێنان بۆ نامۆبوون بریتییە لە نەبوونی ئامانج لەلای کەسی نامۆبوو واتا نەبوونی توانا بۆ ئاراستەکردنی رەفتار و بیرکردنەوە و ئامانجەکەی.

مانای سێیەم بۆ نامۆبوون بریتییە لە نەبوونی توانای تاک بۆ هەڵسوکەوتکردن بە گوێرەی ئەو پێوەرانەی کە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە ناسراون.

دواهەمین مانا بۆ نامۆبوون بریتییە لە دابڕان، واتا هەستکردنی تاکی نامۆبوو بەوەی نامۆیە لە ئامانجە شارستانییەکانی کۆمەڵگەکەی. بەپێی بۆچوونی (سیمن) پێویستە هەموو ئەو بەکارهێنانەی زاراوەی نامۆبوون لە یەکتر جیابکرێنەوە و سەربەخۆ بن، سەربەخۆبوونیشیان ناکرێت دەستەبەر بێت بەبێ بەکارهێنانی پێوانی مەوقیفەکان بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنیان لە یەکتر.

سەرچاوە:

إحسان محمد الحسن- موسوعة علم الإجتماع.

**مەریوان وریا قانیع:**

# ئەم دۆخە گەر چارەسەری خێرا و رادیکاڵی بۆ نەدۆزرێتەوە لە ساڵانی داهاتوودا تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورە گەورەی لێدەکەوێتەوە.

**سازدانی: سۆران عەزیز**



*** لە کوردستاندا لەگەڵ زۆربوون و بەرز بوونەوەی باڵەخانەکاندا کەچی هەژاری رۆژ دوای رۆژ لە زیادبووندایە، بەڕای تۆ هۆکارەکانی ئەم هەژارییە چییە؟**

**مەریوان:** دەبێت لەو راستییە سادەیەوە دەست پێبکەین کە هەژاری دیاردەیەکی سیاسییە، نەک سروشتی. هەژاری شتێک نییە لەناو جیناتەکانی ئینسان و خڕۆکە سورەکانییەوە بێت، بەڵکو لەناو ئەو دنیایەدا دروستدەبێت کە مرۆڤ دەکەوێتە ناوییەوە و تێیدا دەژی. هەژاری بەم مانایە شتێک نییە سروشت، یان خودا، یان هێزێکی بان جیهانی بەسەر ئینساندا سەپاندبێتی، بەڵکو دەرەنجامی دۆخێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە و شێوازێکی نایەکسان و بێدادی

**سەرمایەی نەتەوەیی لە کوردستاندا سەرمایەیەکی نادیارە و لە دەستی نوخبەیەکی زۆر بچووک و بێچاودێری و بێلێپرسینەوەدایە**

ڕێکخستن و دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی دەیخولقێنێت. ئەمەش مانای ئەوەیە بەرپرسیاری هەرە سەرەکی لە هەژاریی لە هەر شوێنێکی دنیادا سیاسەتە. بێگومان سیاسەت بە مانای چۆنیەتی ڕێکخستن و شێوازی بەکارهێنان و دابەشکردنی سەروەت و سامانی نەتەوەیی لە وڵاتێکی دیاریکراودا. سیاسەت ئەو ئامرازەیە کە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەهۆیەوە چاودێری چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو سەروەت و سامانە نەتەوەییە دەکات کە لەو کۆمەڵگایەدا بەرهەم دەهێنرێت و وەگەڕدەخرێت. سیاسەت یاسا بۆ ئەم دابەشکردنە دادەنێت، ڕێکیدەخات، دەزگای چاودێری و کۆنترۆڵکردنی بۆ دادەنێت، بڕیاری ستراتیژی ئەدات لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن و بەگەڕخستنی هتد...

لەم دیدەوە ئەوەی لە کوردستاندا هۆکاری سەرەکی دروستبوونی هەژارییە ئەو سیاسەتە باڵادەستەیە کە سەروەت و سامانی وڵاتەکە بەڕێوە دەبات. پارەیەکی زۆر دێتە وڵاتەکەوە، بەڵام تاریکییەکی گەورە لە دەوری چۆنیەتی سەرفکردن و دابەشکردن و خستنەگەڕیی ئەو پارەیە هەیە. سەرمایەی نەتەوەیی لە کوردستاندا سەرمایەیەکی نادیارە و لە دەستی نوخبەیەکی زۆر بچووک و بێچاودێری و بێلێپرسینەوەدایە. لە زۆر کاتیشدا ئەم نوخبەیە ئەم سەرمایە نەتەوەییە وەک سەرمایەیەکی شەخسی بەکاردەهێنێت و لەهەمان لۆژیکەوە بەگەڕی دەخات. یەکێک لەدەرکەوتە سەرەکی و بەرچاوەکانی ئەم بەگەڕخستنە شەخسییەی سەرمایەی نەتەوەیی کردنەوەی ئەو هەموو باڵەخانە و بازاڕ و ئوتێل و چێشتخانە گەورە و گرانانەیە کە بڕێکی زۆریان کەس نازانێت خاوەنەکانیان کێن و بەچ شێوەیەک دروستکراون و ئەو خەرجییەی تیایاندا کراوە لەماڵی گشتییەوە هاتووە، یان لە ماڵی تایبەتییەوە. بە کورتی یەکێک لە بێچاودێریترینی ئەو شتانەی لە کوردستاندا ئامادەیە مەجالی پارە و داهاتی گشتییە، لە داهاتی حکومەتەوە بیگرە بۆ داهاتی حزبەکان و لە داهاتی حزبەکانەوە بۆ داهاتی بەرپرسە سیاسییە گەورەکان لە وڵاتەکەدا. وەک خۆتان ئەزانن ئەم دۆخە وەک چۆن هێما بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک دەوڵەمەنی

نوێ دەكات كە لە دوای راپەڕینەوە بە خێرایییەكی ئەفسانەیی بوون بە ملیۆنێری گەورە گەورە، ئاواش هێما بۆ لە دایكبوونی چەندان شێوازی كوشندە و نوێی هەژاری دەكات، كە ئەویش بەهیچ كەس و لایەنێك ناشاردرێتەوە. ناكرێت دروستبوونی خێرای ملیۆنێرەكانی دوای راپەڕین لە هەژاركەوتنی خێرای برێكی بەرچاوی كۆمەڵگای دوای راپەڕین جیابكەینەوە. هەم ئەو دەوڵەمەندبوونە و هەم ئەو هەژاربوونە دوو دیاردەی سیاسین و پەیوەندیان بەو پەیوەندییە مافیاییەوە هەیە كە سیاسەت و ئابووری لە كوردستاندا بەیەكەوە دەبەستێتەوە. دنیای دوای راپەڕین دنیای تەرجەمەكردنی سیاسەتە بۆ پارە، دنیای گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسییە بۆ دەسەڵاتی ئابووری، دنیای گۆڕینی نوخبەی سیاسییە بۆ نوخبەیەكی سەرمایەداری نابەرپرسیار كە بێهیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەك سەروەت و سامانی نەتەوەیی وڵاتەكە لە نێوان خۆیان و گرووهە بچووك و هاوكارەكانی دەرەوەی خۆیاندا دابەشدەكەن. ئەم دۆخەیە وایكردوە و وادەكات كوردستان گەرچی لە دوای كەوتنی سەدامەوە و لە راستیدا چەند ساڵێك پێش لەو كەوتنەش خاوەنی داهاتێكی ئەوەندە گەورە بێت كە لە مێژووی خۆیدا بەخۆیەوە نەبینوە، بەڵام لەهەمانكاتدا خاوەنی جۆرێك لە هەژاری و نائومێدیش بێت كە مێژووی ئێمە بەزەحمەت بەخۆیەوە بینیبێتی. رۆژانە دەبیستین خەڵك لەبەر هەژاری خۆیان دەكوژن، بە ژمارەی زۆر وڵات بەجێدەهێڵن، منداڵەكانی خۆیان لە خەستەخانەكان وەرناگرنەوە. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی ئەو خێزانە گەورانەی كە دەبێت بترنجێنە ناو چەند ژوورێكی بچووكەوە رۆژ بە رۆژ گەورەتر دەبێت و هەواڵی ژمارەی ئەوانەش لەسەر دزیكردن دەگیرێن لە هەموو كات زیاتر لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەكان دەبینرێن. بێگومان بەشێكی بەرچاوی ئەو گەندەڵییەش لە ئاستەكانی خوارەوەی جیهازی ئیداری وڵاتەكەدا هەیە پەیوەستە بە هەژارییەوە. هەمووئەمانە وایكردووە خەڵك، بەتایبەتی نەوەی نوێ، ئەوانەی كە دوای خوێندن رووبەڕووی بازاڕی كار و ئەو شێوازە لە ئابووری دەبنەوە كە سیاسەت لە كوردستاندا بالادەستیكردووە، لە دۆخی

**ناكرێت دروستبوونی خێرای ملیۆنێرەكانی دوای راپەڕین لە هەژاركەوتنی خێرای برێكی بەرچاوی كۆمەڵگای دوای راپەڕین جیابكەینەوە**

**ئەم دۆخە وەک چۆن هێما بۆ دروستبوونی کۆمەڵێک دەوڵەمەنی نوێ دەکات کە لە دوای راپەرینەوە بە خێراییەکی ئەفسانەیی بوون بە ملیۆنێری گەورە، ئاواش هێما بۆ لە دایکبوونی چەندان شێوازی کوشندە و نوێی هەژاری دەکات**

نائومێدی و تورەبوونێکی ترسناکدا بژین. دۆخێک گەر چارەسەری خێرا و رادیکاڵی بۆ نەدۆزرێتەوە لە ساڵانی داهاتوودا تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورە گەورەی لێدەکەوێتەوە. بەکورتی وەک چۆن هەژاری دیاردەیەکی سیاسییە، بەگژاچونەوەی هەژاریش دیسانەوە دیاردەیەکی سیاسییە. شتێک سیاسەت دروستیکردبێت هەر بە سیاسەتیش چاکدەکرێتەوە. بۆیە یەکێک لەو دەرگا سەرەکییانەی کە ئەمڕۆ پێویستە سیاسەت لە کوردستاندا لە رێگایەوە بگەرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا دەرگای هەژارابیە. ئەم گەرانەوەیەش پێویستی بە شێوازێکی تری کار و بریار و بەرێوەبەردنی سیاسی هەیە. سیاسەتێکی نوێ پێویستە واز لەو خەونە نوخبەییانە بهێنێت کە دەستەیەکی زۆر بچووکی ولاتەکە لە ماوەیەکی کەمدا دەکاتە ملیۆنێری بێ حیساب، بەڵام دەرچووانی زانکۆکان توشی نائومێدییەکی گەورە و ترسناک دەکات. سیاسەتێک وایکردووە نرخی زەوی لە کوردستاندا وەک نرخی زەوی لێبێت لە سەنگافورا و هۆڵەندادا.

بە کورتی هۆکارەکانی هەژاری لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەو مۆدێلە سیاسییەوە هەیە کە لە ولاتەکە شێوازی بریاردان و کارکردن و بەرێوەبردنی ئەو نوخبە سیاسییەوە هەیە کە ولاتەکەیان لەبەردەستدایە. شێوازێک کە کیشوەرێکی گەورە لە گەندەڵی لە هەموو سانتیمەترێکیدا ئامادەیە بەبێ ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە هیچ ئامراز و هۆکارێکی لەبەردەستدابێت بتوانێت لەلانی هەرەکەمی ئەو گەندەڵییە بپرسێتەوە. دووهەمیشیان پەیوەندی بەو سیستم و مۆدێلە ئابوورییەوە هەیە کە لەولاتەکەدا کاری پێدەکرێت و بەناوی بازاری ئازادەوە هەموو ئازادییەکی ئابووری راستەقینەی لە ولاتەکەدا کوشتووە و بە عەمەلی هەموو بازاری خستۆتە ژێر مۆنۆپۆلی کۆمەڵێک خێزان و گرووپ و تاقمی تایبەتەوە.

لەهەمانکاتدا ئەو مۆدێلە ئابوورییەی کە سەروەرکراوە، مۆدێلێکە لەسەر بەهێزکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان و گەورەکردنی فرسەتی کارکردن بۆ خەڵک کار ناکات، بەڵکو مۆدێلێکە بەدەستهێنانی قازانجێکی خێرا و نابەرپرسیار جولێنەرە

سەرەکییەکەیەتی.
هەمــوو ئەمــانە بەســەریەکــەوە دنیــایەکــیــان دروســتکردووە لەسـەرێکەوە نوخبـەیەکی هێجگار بچووکی بە شێوازێکی ئەفسانەیی دەوڵەمـەند ببێت، بەڵام لەسـەرێکی دیکەوە بەهەمـان خـێـرایی برێکی گـەورەی خــەڵکی وڵاتەکــە هەژار ببێت.

*** لە کـۆمـەڵگای ئێـمـەدا هەست دەکــرێ چینێک بەڕادەیەکی باش دەوڵەمـەند دەبن، چینێکی تریش رۆژ بەرۆژ هەژار دەبن، ئەوەی جـێـگای قسە لەسەرکردنە ئەوەیە کە چینی ناوەند نەمــاوە، ئایا نەبوونی چینی ناوەند مەترسییەکانی چین؟**

**مـەریوان:** پێـمـوایە لە کـۆمـەڵگای ئێــمــەدا نوخــبــەیەکی بچــووک بەرادەیەکی ترسناک دەوڵـەمـــەند دەبێت و برێکی گەورەی کۆمەڵگاش رووی لە هەژارکـەوتنێکی ترسناکە. واتە ئەوەی کــە بەشــێــوەیەکی سەرسوڕهێنەر و خـێـرا دەوڵـەمـەند ئەبێت چین نیـیـە، بەڵکو نوخبـەیە، نوخـبـەیەکی هێـجگار بچـووکـیش، ئەوەش کـە هەژار دەکـەوێت دیسـان چین نیـیــە، بەڵکو زیاد لە چین و گرووهێکی کـۆمـەڵایەتیـیە. لەپێش هەمـووشـیـانەوە ئەو هێـزەی ئێـوە لە پرسیارەکەتاندا بەچینی ناوەند ناوی دەبن. سـەرەتا زەحـمـەتە لێرەدا و لە چوارچێــوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا پێناسێک، یان پێوەرێک بدۆزینەوە کـە بکرێت بە هۆیەوە چینی نـاوەند لە کوردستاندا بناسێنین، بەتایبەتی لە دۆخی نەبوونی ســەرەتایتــرین لێکۆڵینەوەی زانســتــیــدا لەســەر پێکهاتی کـۆمـەڵایەتی کـۆمـەڵگای ئێمە و ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ نموونە لە دوای راپەڕینەوە بەسەر نەخشەی کــۆمـــەڵایەتی و ریزبەندی هێـــزە کۆمـەڵایەتیـیـەکـان لە کـوردسـتـاندا هاتـووە. بۆیە ئەوەی مـن لێـــرەدا دەیڵێم جگە لە کۆمەڵێک سەرنج و تێڕامانی گشتیی زیاتر نییە.

پێــمــوابێت ئەوەی کـاراکـتــەری ســـــەرەکی چیـنی نـاوەنـدی لـە کوردسـتـاندا تا سەرەتای نەوەدەکان دەسـتنیـشـان دەکرد دوو شت بووە. یەکەم خوێندەوارییە، دووهەم بوونی داهاتێکی مـامناوەندیی بوو کــە مــەودای ئەوە بە چینە دەبەخـشی بەشـێـوی سەربەخـۆیـیـەکی رێژەیی بژی. چینی ناوەند لە کـوردسـتـاندا بەو چینە دەگـوترا کـە برێکی باش خــــــوێنـدەواری هـەبـوو و ئـەم خوێندەوارییـەش سـەرچاوەی داهات و دەسکەوتە ئابوورییــەکـانی بوو،

**حــــــــزب گەورەترین هێزی ئابووریـیـــــە و یەکـێکە لە خاوەن ئـیــشــــە هەرە سەرەکـییەکان لە کوردستاندا**

**ئەمرۆ خوێندن پێـــــوەری بەرزبوونەوە نییە لە ســیــســتــمی ئیداری و سیاسی وڵاتەکەدا، بەڵکو ئینتیمای حزبی و نزیکی لەم یان لەو ســەری ناو پارتە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستان بۆتە ئەو پێوەرە**

واتە ئەم چینە چینێک بوو نەدەکرا هێزە ئابوورییەکەی لە کاراکتەری ئەو وەک چینێکی خـــوێندەوار جیابکەینەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم چینە پێکهاتبوو لە برێک لە بازرگانان، لە فەرمانبەران، لە کرێکارە خاوەن بەهرەکان و برێکی تایبەت لە جوتیاران و خاوەن پیشە جۆربەجۆرەکان.

پێمـــوایە ئەوەی ئەمـــڕۆ لە پەیوەندیدا بەم چینەوە گـۆڕانێکی هێجگار گەورەی بەسەرداهاتووە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ترسناک کورتبۆتەوە بۆ فەرمانبەران. خاوەن پیشەکان و جوتیاران و برێکی زۆری فەرمانبەران چیدی ناکرێت لە سنووری ئەم چینەدا جێیان بکەینەوە و زۆربەی زۆری ئەمانە گۆڕاون بۆ فەرمـانبەری هەژار. پێکهاتی ناوەکی ئەم چینە بەر لە راپەڕین ئاڵۆزتر و فراوانتربوو لە پێکهاتی ئەم چینە لەمڕۆدا. بڕبڕەپشتی ئەم چینە لەمڕۆدا فەرمانبەرانن، ئیدی لە مامۆستایەکی زانکۆوە بیگرە بۆ موحاسیبێک لە فەرمانگەیەکی ئیداریدا، بێگومان بە تێپەڕین بەناو ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەر و دکـــتـــۆر و پیـــاوانی دین و رۆژنامەنووس و هتد....، پێموایە جگە لە مەترسی بچووکبوونەوەی قەبارەی ئەم چینە، ئەوەی ئەمـڕۆ لەژێر فشارێکی گەورەدایە هەردوو ئەو شتەیە کە کاراکتەرەی سەرەکی ئەم چینە لە کوردستاندا دەستنیشان دەکـــات. مـــەبەســـتم لەوەش خوێندەواربوونی ئەم چینە و توانای پیـادەکردنی لانی کەمی ژیانێکی سەربەخۆیە. خوێندەواری چیتر ناتوانێت بۆ ئەندامـانی سەر بەم چینە ئەو بڕە داهاتە مسۆگەر بکات کـــە بتـــوانن لانی کـــەمی پێداویستـیـیەکانی ژیانێکی سەربەخۆی پێدابین بکەن. پێموایە یەکـێک لە ترسناکـترین ئەو گۆڕانانەی کە دنیای دوای راپەڕین دروستیکردووە لەم خاڵەدایە. ئەمە جگە لەوەی پەیداکـردنی داهات لە رێگای خوێندەوارییەوە زۆر بەتوندی بەستراوەتەوە بە مەرجی حزبی بوون و حزبی نەبوونەوە. بە کورتی ئەو داهاتەی ئەمـڕۆکە ئەندامـانی ئەم چینە وەک فەرمانبەر وەریدەگرن زۆر لەوە کەمترە بتوانن ژیانی خۆیانی پێ مسۆگەربکەن و برێکی زۆری ئەنـدامـــــانی ئەم چینە لە داخلیسکانێکی بەردەوامدان بۆ ناو چینەکانی خوارەوە. دووهەمیش ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ماناکان و

هێزی خوێندن لە کوردستانی دوای راپەڕیندا هاتووە، زیانی زۆر گەورەی بە ئەندامانی ئەم چینە بەخشیوە. لە کوردستانی دوای راپەڕیندا چیدی خوێندن ئەو ڕێگا سەرەکییە نییە بەهۆیەوە ئەندامانی ئەم چینە شوێن و جێی کۆمەڵایەتی خۆیان بگۆڕن و بەرەوپێشەوەی بەن. نرخە رەمزییەکانی خوێندن، یان وردتر بدوێین خوێندن وەک شێوەیەکی تایبەت لە سەرمایەی رەمزی ئەو توانایەی بەر لە راپەڕینی نەماوە بۆ کەڵەکەکردن و گۆڕانی بۆ سەرمایەی ئابووری. واتە ئەو پەیوەندییەی کە خوێندن لە نێوان سەرمایەی رەمزی و سەرمایەی ئابووریدا دروستی دەکرد ئەمڕۆ قرتاوە و پێوەری دیکە لەدایکبوون بۆ دروستبوونی سەرمایەی رەمزی و کەڵەکەبوون و گۆڕانی بۆ سەرمایەی ئابووری. ئەمڕۆ خوێندن پێوەری بەرزبوونەوە نییە لە سیستەمی ئیداری و سیستەمی سیاسی وڵاتەکەدا، بەڵکو ئینتیمای حزبی و نزیکی لەم یان لەو سەری ناو پارتە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستان بۆتە ئەو پێوەرە. لەمەش بترازێت ئەمڕۆ خاوەن ئیشی نومرە یەک لە وڵاتەکەدا کارگە و پڕۆژەی ئابووری گەورە و کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵ نییە، بەڵکو حزبە. حزب گەورەترین هێزی ئابوورییە و یەکێکە لە خاوەن ئیشە هەرە سەرەکییەکان لە کوردستاندا. ئەوانەشی کە فەرمانبەری دەوڵەتن دیسانەوە بەناو تۆڕ و بڕیار و تەزکییەکانی حزبدا تێپەڕیون و بەبێ حزب زەحمەتە بتوانن وەک ئەندامێکی چینی ناوەند لە کوردستاندا کاربکەن و بژین. وەک دەبینین دنیای دوای راپەڕین هەردوو خەسڵەتە سەرەکییەکەی چینی ناوەندی لە کوردستاندا لەناوبردووە، لەسەرێکەوە خوێندن ئەو بایەخەی جارانی نەماوە و رێگایەک نییە بۆ دەستخستنی داهاتێکی راستەقینە. دووهەم ئەو سەربەخۆییە رێژەییەی ئەم چینە هەیەتی بەتەواوی لەدەستیداوە و بۆتە یەکێک لە پاشکۆ لاوازەکانی حزب لە کوردستاندا. لە شوێنی ئەمانەشدا سەرەتاکانی دروستبوونی چینێکی ناوەندی نوێ دەردەکەوێت کە لەسەر ئەو دوو کۆڵەکەیەی باسمانکردن بەند نین، واتە یەکەم خوێندەواری سیفەتی سەرەکیان نییە، دووهەم لەناو حزبەوە دێن و خاوەنی عەقڵییەتیەتێکی سەربەخۆ

**لاوازبوونی چینی ناوەند لە کوردستاندا یەکێکە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە هەرە ترسناکەکانی دوای راپەڕین و ئەوەش لێی بەرپرسیارە**

**پرۆسەی بە سیاسیکردنی ئابووری و بەئابووریکردنی سیاسەت لە کوردستاندا هەڕەشەی گەورە لە چینی ناوەند دەکات و سەرچاوەی کارەساتەکانیشیەتی**

نین. ئەم چینە تازەیە ئەو هێزەیە کە حزب لە ساڵانی رابردوودا بەدەوری خۆیدا دروستیکردووە و هەستدەکەم بەشێکی زۆریشیان خەڵکی لادێکانی کوردستانن و بەدوورن لە عەقڵییەت و خولیای شار.

بێگومان دەکرێت برێکی بەرچاوی ئەو لەشکرە گەورەیەی فەرمانبەران لە کوردستاندا هەیە هەر بە چینی ناوەند ناوببەین، بەڵام برێکی گەورەی ئەم لەشکرە نەک هەر هەژارە، بەڵکو ئەگەری ئەوەی لە ئایندەدا هەژارتر بێت و لەوە بکەوێت بتوانێت وەک کەسێکی سەر بە چینی ناوەند بژی، ئەگەرێکی گەورەیە. واتە وەک کەسێک بژی کە بتوانێت لانی کەمی سەربەخۆیی ئابووری هەبێت و بتوانێت کاراکتەری خۆی وەک کەسێکی خوێندەوار بپارێزێت.

لە راستیدا چینی ناوەند لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیادا خوێندەوارترین چینی کۆمەڵگان و بەشی هەرەزۆری میهەنیی و شارەزا و لێزانانی ئەو کۆمەڵگایانە لەناو ئەم چینەوە دێن. لاوازبوون و نەمانی ئەم چینە مانای لاوازبوونی گشتی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین. ئەوەی لە کوردستاندا تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەم چینە بە توێژێکی نوێ جێیدەگیرێتەوە کە سیفەتەکانی چینی ناوەندی تێدا نییە. واتە نە خوێندەوارە و نە سەربەخۆشە، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی ترسناک بە رەورەوەکانی حزب و کەسە بەهێزەکانی ناو حزبەوە بەستراوەتەوە. ئەم گۆڕانکارییەش وابەستەی ئەو سیستمە سیاسی و بەتایبەتی ئابوورییەیە کە لە دنیای دوای راپەڕیندا سەروەرکراوە. ئابووری کوردستان لەمڕۆدا ئابوورییەکە پێویستی بە خوێندەواری شارەزا و لێزان و میهەنی راستەقینە نییە. ئەوەی بەر لە کەوتنی رژێمی سەدام پارەی دەهێنایە وڵاتەکەوە ئابووری قاچاغ و بریاری بوو، ئەمانەش ئابوورییەکیان دروستکردبوو کە تێکەڵێکی ناقۆڵا و گەندەڵ بوو لە بازرگانی رەسمی و بازرگانی قاچاغ. هیچ یەکێک لەم دووانەش پێویستی بەو هەموو دەرچووی زانکۆ و پەیمانگانە نەبووە و نییە کە لە پێشوەخت لە کوردستاندا هەبوون و بەردەوامیش لە دروستبووندان. لە دوای کەوتنی رژێمەکەی سەدامیشەوە پارەی نەوت بۆتە سەرچاوەی داهاتی سەرەکی لە

وڵاتەکەدا و ئەم پارەیەش تا ئێستا لە کۆمەڵێک پرۆژەی نوخبەوی و ئابوورییەکی بازرگانی ناشەفاف و گەندەڵدا سەرفدەکرێت، کە ئەویش دیسانەوە پێویستی بە لێزان و شارەزا و میهەنی راستەقینە نییە. ئەوانەشی کە رەورەوەی ئەم ئابوورییە تازەیە دەبەن بەرێوە خەڵکانێکن کە لەپاڵ پیاوە گەورەکانی ناوحزبدا دەژین و کاردەکەن.

بێگومان نەمانی چینی ناوەند کۆمەڵێک دەرەنجامی هێجگار پڕ مەترسی لێدەکەوێتەوە. لەپێش هەمووانیشەوە نەمانی ئەم چینە مانای نەمانی ئەو هێزەی کە زۆربەی داهێنانە کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەهەنگییەکانی پێوەبەندە. ئەو هێزەی کە داینامۆی تازەکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانە و بەکۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەسەردەمێکی دیارکراودا شوناسێکی تایبەتی دەبەخشێت. ژیانی شار ژیانێکە چینی ناوەند هەڵقە گرنگ و گەش و دینامیکییەکانی بەرێوە دەبات. لە راستیدا بەبێ بوونی چینێکی ناوەندی گەورە، ناکرێت باس لە دروستبوونی شاری راستەقینە بکەین، دروستبوونی شاری راستەقینە و دروستبوونی چینی ناوەند دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شارستانین لێکجیاکردنەوەیان زەحمەتە. ئەمەش رێک پێچەوانەی ئەو تازەبوونەوانەیە کە شارەکانی کوردستان بەخۆیانەوە دەبینن. ئەم شارانە ئەو نوخبە سیاسییە ئابوورییە و ئەو توێژە تازەیەی کە باسمکرد تازەیان دەکاتەوە کە نە خەڵکی شارن نە هەڵگری ئەو سەلیقە و زەوق و خواستانەن کە ژیانی شار خوازیاریانە. ئەمەیە وادەکات بەشی هەرە زۆری پرۆژە ئابوورییەکانی ئەم نوخبەیە و شێوازی تازەکردنەوەی شارەکان لە زەوق و خەیاڵی لادێییەکی دەوڵەمەند و خاوەن پارەوە نزیک بێت لە زەوقی خەڵکی شارەکان خۆیانەوە. ئەو پرۆسەی تازەبوونەوەیەی ئەمڕۆ شارە کوردییەکان بەخۆیانەوە دەیبینن پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە چینی ناوەندەوە نییە. بەم مانایە نەمانی ئەم چینە، یان لاوازبوون و بێئومێدبوونی ئەم چینە، شەپازلەیەکی توندە لە رووی هەموو تازەکردنەوەیەکی سیاسی و

**ئەوەی پێیوایە بازاڕ لە کوردستاندا ئازادە وەک ئەوەی وایە باس لە ئازادی بکات لە سەردەمی بەعسدا**

**لە دوای ڕاپەڕینەوە نوخبەیەک لە ملیۆنێری کۆنە شۆڕشگێڕ دروست دەبن کە سیاسەت سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونە**

کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، وەکچۆن هێمایە بۆ دروستبوونێکی دنیایەکی پڕ پشێوی کۆمەڵایەتی و هەژاری کە ئەگەری تەقینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەڕادەیەکی ترسناک گەورە دەکات. کەم نین ئەو تیۆریستە سیاسییانەی کە گەشەکردنی دیموکراسییەت و ئامادەگییەکی بەهێز و هەمەلایەنی چینی ناوەند بەیەکەوە گرێدەدەن. گۆڕانی چینی ناوەند لە چینێکی خوێندەوار و کراوە و دینامیکییەوە بۆ جمهورێکی بێشوناس و هەژار و نائومێد، نەک تەنها ئەگەری تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و پشێوی ئەمنی دروست دەکات، بەڵکو ڕێگەش بۆ دروستبوونی سیستمێکی دیکتاتۆری و ستەمگەر خۆش دەکات کە پڕ بێت لە مەیلی تۆتالیتاریانەی ترسناک.

بە کورتی لاوازبوونی چینی ناوەند لە کوردستاندا یەکێکە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە هەرە ترسناکەکانی دوای ڕاپەڕین و ئەوەشی لێی بەرپرسیارە دروستبوونی ئەو سیستمە حزبۆکراتییە ناشیرینەیە کە لە هەموو بستێکی کوردستاندا سەروەرکراوە. جگە لەمە دروستکردنی ئەو پەیوەندی کوشندەیەی لە نێوان سیاسەت و ئابووریدا دروستکراوە، پەیوەندییەک کە هێڵەکانی گەشەکردنی ئابووری بەتوندی بە هێڵەکانی گەشەکردنی سیاسییەوە دەبەستێتەوە و لە نێوان سیاسەت و ئابووریدا فاسیلەیەکی بچووکی نەهێشتۆتەوە، هۆکارێکی دیکەی کارەساتەکانە. پرۆسەی بە سیاسیکردنی ئابووری و بە ئابووریکردنی سیاسەت لە کوردستاندا هەڕەشەی گەورە لە چینی ناوەند دەکات و سەرچاوەی کارەساتەکانیشیەتی. ئەمە جگە لەو ڕادە ترسناکەی گەندەڵی کە دەرەنجامێکی حەتمی هەموو ئەو سیستمانەیە کە حزبۆکراتین و سیاسەت و ئابووریان بەشێوەیەکی ترسناک بەیەکدی تێکەڵکردووە. سیستمێک لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەگوترێت کرۆنی کاپیتالیزم...، واتە سەرمایەداری دز و جەردەکان.

*** کۆمەڵگەی ئێمە حەزیکی زۆری بۆ دەوڵەمەند بوون هەیە، بەڵام ئەوەی کە دەکرێ بەمەترسی بزانین ئەوەیە دەیەوێ بەبێکار دەوڵەمەند ببێت، ئایا هۆکای ئەم تێگەیشتنە چییە؟**

**مەریوان:** هەموو کۆمەڵگایەک

حەزی بە دەوڵەمەندبوون هەیە، کەم ئینسانیش ئەدۆزینەوە حەز بەوە نەکات دەوڵەمەند ببێت. یەکێک لە خاڵە هەرە سەرەکییەکانی زۆربەی هەرە زۆری تیۆرییە سیاسییەکانی فیکر و فەلسەفەی سیاسیش لە ئەفلاتونەوە تا سەر هابرماز بریتییە لە چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگایەک کە ئەندامەکانی ژیانێکی باش و ئارام و هاریکاریان هەبێت، ژیانێک کە دەوڵەمەندی مادی و دەوڵەمەنی رۆحی ئەم ئەوی دیکەیان تەواو بکات. بەمانایەکی دیکە عەیبێک لەوەدا نییە کە ئینسان و کۆمەڵگا حەز بە دەوڵەمەندی بکەن، کێشەکە لە دەوڵەمەندبوون خۆیدا نییە، کێشە لە رێگاکانی گەیشتن بە دەوڵەمەندبووندان. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە دەوڵەمەندبوون چۆن روودەدات، لەسەر چ بنەمایەک، چەند کراوەیە و چەند داخراوە و چ جۆرە چاودێرییەکی یاسایی و ئەخلاقی و ویژدانی رێگاکانی دەوڵەمەندبوون دەبات بەرێوە؟

لە دوای راپەرینەوە شێوازەکانی دەوڵەمەندبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا گۆرانێکی گەورە و ترسناکی بەسەرداهاتووە و تەواو جیاوازن لە شێوازەکانی دەوڵەمەندبوون بەر لە راپەرین. لە راستیدا یەکێک لەو گۆرانە هەرە رادیکاڵ و ریشەییانەی کۆمەڵگای ئێمە لە دوای راپەرینەوە بەخۆیەوە بینیوە گۆرانە لە شێواز و رێگاکانی دەوڵەمەندبوون و ئەو کەسانەشدا کە دەوڵەمەند دەبن. کۆمەڵگای ئێمە لە هیچ شوێنێکدا گۆرانی رادیکاڵ و ریشەیی بەسەردا نەهاتبێت لە شێوازەکان و رێگاکانی بەدەوڵەمەندبووندا بەسەریدا هاتووە. پرسیار ئەوەیە خەسڵەتی سەرەکی ئەم گۆرانە لە شێواز و رێگاکانی دوڵەمەندبووندا چییە؟

بۆ ئەوەی درێژەی نەدەمێ و سەری ئێوە و خوێنەریشی پێوەنەیەشێنم زۆر بە کورتی دەڵێم، ئەوەی مۆدێلی دەوڵەمەندبوونی لە دوای راپەرینەوە بەشێوەیەکی ریشەیی گۆریوە، بریتییە لە دروستبوونی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان سیاسەت و دەوڵەمەندبووندا دروستبووە. لە دوای راپەرینەوە سیاسەت دەبێتە شارێگای دەوڵەمەندبوون لە کوردستاندا. بەر لە راپەرین بە دەگمەن نەبووبێت سیاسەت سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون نەبووە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەدرێژایی سەدەی بیستەم دەوڵەمەندبوون لە کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە بازرگانیکردن و ئیشکردن و بەرهەمهێنانەوە هەبووە. پرۆسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ و درێژخایەن بووە، بەناو هەموو هەڵبەز و دابەز و ریسکەکانی کارکردندا تێپەریوە. ئینسان زۆرجار لە کۆتاییەکانی ژیانیدا و وەک بەری رەنج و تەقالا و ماندووبوونێکی دوور و درێژ دەوڵەمەند بووە. بەڵام لە دوای راپەرینەوە دەوڵەمەندبوون بۆتە پرۆسەیەکی خێرا و لەپر و بێ‌ریسک، راستەوخۆ بەستراوەتەوە بەو مەوقیعە سیاسییەوە کە کەسێک لەناو هەرمی دەسەڵاتی حزبی و حکومیدا داگیری دەکات. واتە دەوڵەمەندبوونی دوای راپەرین بەری پرۆسەیەکی دوور و درێژی ئابووری نییە، بەڵکو دەرەنجامی شێوازێکی تایبەتی رێکخستنی پەیوەندی نێوان سیاسەت و

ئابوورییە. بڕیارە سیاسییەکان و سەفەقە سیاسییەکان و پیاوە سیاسییەکان دەبنە هێزە هەرە سەرەکییەکانی ناو دنیای ئابووری و سەرمایەگوزاری دوای ڕاپەڕین لە وڵاتەکەدا. لە دوای ڕاپەڕینەوە نوخبەیەک لە ملیۆنێری کۆنە شۆڕشگێڕ دروست دەبن کە سیاسەت سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونە خێرا و لەپڕ و بێچاودێرییەکەیانە، نوخبەیەک بەدەستێک سیاسەت دەکات و بەدەستەکەی دیکەی سەرمایەگوزارییەکی یاساغ و نایاسایی بێنۆڕم ئەنجام دەدات. بە حوکمی ئەم تێکەڵبوونە بەرفراوانەی سیاسەت و دەوڵەمەندبوون بەیەکیش دۆخێک دروست دەبێت سنووری سەرمایەگوزاری ئەم نوخبە تازەیە یەکسان دەکات بە سنووری پەیوەنییە سیاسییەکانی و سنووری پەیوەندییە سیاسییەکانیانی بە سنووری سەرمایەگوزارییەکانی. بۆیە ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕوودەدات نە سیاسەتە بەتەنها و نە ئابوورییە بە تەنها، بەڵکو تێکەڵێکی کوشندە و گەندەڵی هەردووکیانە بەیەکدی. دەوڵەمەندەکانی دوای ڕاپەڕین بەرهەمی ئەم گەمە ناشیرنەی نێوان ئابووری و سیاسەتن.

ڕێگایەکی تری دەوڵەمەندبوونی دوای ڕاپەڕین نهێنیکاری و شاردنەوە و دروستکردنی ئەو تاریکاییە گەورەیە کە ئابووری هەرێمەکەی داپۆشیوە. نەبوونی هیچ زانیارییەک لەسەر داهاتی وڵاتەکە و لەسەر بڕی ئەو پارەیەی کە ماڵی گشتی و ماڵی کۆمەڵگایە و نابێت کەس گەمەی پێبکات و بۆ مەبەستی تایبەتی و شەخسی بەکاری بهێنێت، مەودایەکی بەم نوخبە تازەیە بەخشی کە دەغیلەکانی خۆی و دەغیلەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ترسناک بەیەکدی تێکەڵ بکات و ماڵی دەوڵەت وەک ماڵی شەخسی خۆی مامەڵە بکات. دەوڵەمەندەکانی دوای ڕاپەڕین ئەو کەسانەن کە بەردەوام پرۆژەکانی دەوڵەت و پرۆژەکانی خۆیان بەشێوەیەکی فرەلایەن بەیەکەوە گرێ دەدەن و لە نێوان ئابووری دەوڵەت و ئابووری شەخسی خۆیاندا سنوورێکی ئاشکرایان نەهێشتۆتەوە.

بە کورتی دەوڵەمەندەکانی دوای ڕاپەڕین ئەو دەوڵەمەندان کە لەناو سیاسەتەوە هاتوونەتە ناو پارەوە، نەک لەناو قەیسەری و بازاڕ و کارگەکانەوە. ئەم شێوازەش لە دەوڵەمەندبوون چونکە بێچاودێرییە، چونکە دەرەنجامی بەگەڕخستنێکی ناشارعی و زۆرجار دزینی ماڵی گشتییە، چونکە پرۆسەیەکی هێجگار خێرا و لەپڕیشە، وایانکردووە جۆرێکی زۆر خراپ لە ئەخلاقیاتی دەوڵەمەندبوون و چاوەڕوانی دەوڵەمەندبوون لە وڵاتەکدا دروست ببێت. دنیای دوای ڕاپەڕین مۆدێلی دەوڵەمەندبوونی لەپڕ و نایاسایی سیاسییە گەورەکان دەکاتە ئەو مۆدێلە کۆمەڵایەتییە نوێیەی خەیاڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە داگیر دەکات.

ئەم گۆڕانە لە مۆدێل و شێواز و ڕێگاکانی دەوڵەمەندبووندا وادەکات تاوانی سیاسییەکانی دوای ڕاپەڕین تەنها لەوەدا نەبێن کە ئەو دنیایەیان پڕکرد لە شەڕ و پێکدادان و خوێن و نەهامەتی، بەڵکو لەوەشدا کە مۆدێلێکی زۆر

ناشیرین و تاریک و مافیایی دەوڵەمەندبوونیان سەروەر کرد کە بەر لە راپەڕین کۆمەڵگای ئێمە نەیناسیوە. مۆدێلێک لە دەرەوەی هەر پرۆسەیەکی ئابووری هێمن و عەقڵانی و لەسەرخۆ، کە هەم یاسا و دەزگای تایبەتی چاودێریکردن و لێپرسینەوە بەڕێوەی ببات، هەم ویژدانێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی ئەخلاقی تەندروست.

**• لەم رۆژانەدا چەندین هەواڵی خۆکوشتن دەبیستین، کە هۆکاری سەرەکی هەندێ لەو خۆکوشتنانە هەژارییە، ئەمە دیاردەیەکی تازەیەک نوێیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمەیان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

**مەریوان:** هەست دەکەم لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت زۆر بە کورتی و بەشێوەیەکی ئاشکرا تیشکی بخەمەسەر مەسەلەی ئەو بێئومێدییە گەورەیەیە کە چینی ناوەند لە کوردستاندا کەوتۆتە ناوی. خۆکوشتن دیاردەیەکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بێئومێدییەوە هەیە. ئینسان گەر ئومێدێکی بچووکیشی بە دنیا و بە ژیان بمێنێت، خۆی ناکوژێت. خۆکوشتن بریاری دوای داخستنی هەموو دەرگاکانی ئومێدە. بێئومێدی چینی ناوەند و چینە هەژارەکانی دیکە لە کوردستاندا بێئومێدییەکی گەورەیە. مۆنۆپۆڵکردنی هەموو دەروازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەموو گۆڕانە پۆزەتیڤەکان لە ژیانی شەخسی و تاکەکەسیدا لەلایەن حزبەوە و ئەو مۆدێلەش لە پارەپەیداکردن و دەوڵەمەندبوون کە باسمکرد بەسەریەکەوە دۆخێکیان دروستکردووە کە بڕێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستانیان نەک تەنها هەژار خستوە، بەڵکو ئومێدێکی بۆ دەربازبوون لەو هەژارییەش بۆ نەهێشتونەتەوە. ئەمڕۆ دکتۆرێک کە خوێندن تەواو دەکات و دادەمەزرێت موچەکەی بەشی ئەوەی ناکات خانوویەکی لە هیچ یەکێک لە شارە گەورەکانی کوردستاندا پێبەکرێ بگرێت، چجای ئەوەی دەرەقەتی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بێت.

بە کورتی لە دایکبوونی ملیۆنێرەکانی دوای راپەڕین و لە دایکبوونی شێوە تازەکانی هەژاری لە دوای راپەڕینەوە وایانکردووە نەک تەنها خەڵک لە دنیایەکی پڕ لە ناهەقی کۆمەڵایەتیدا بژی و سەرەتایترین شێوازەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتییان تێدا نەبێت، بەڵکو دۆخێکی سایکۆلۆژی واشی دروستکردووە کە نائومێدی کۆڵەکە هەرەسەرەکییەکانیەتی. ئەو خۆکوشتنانەی ئێوە ئاماژەتان پێدا لە سیاقێکی لەم بابەتەدا روودەدەن و گومانم نییە کە پەیوەندییەکی توندیان بە نائومێدبوون لە ژیان لەو وڵاتەدا هەیە. نائومێدی یەکێکە لە نەخۆشییە هەرە سەرەکییەکانی کوردستانی ئەمڕۆ کە گومانم لەوە نییە کە کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر سەرجەمی ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بەجێدەهێڵێت. یەکێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگایەک کە گۆڕانی خێرا و ریشەیی بەسەردا هاتبێت، وەک کۆمەڵگای کوردی دوی راپەڕین، پێویستی ئەو کۆمەڵگایە

بە ئومێد و گەشبینی بەرامبەر بەو دنیایەی تێیدا دەژین و بەرامبەر بەو دنیایەش بەرێوەیە دروست ببێت. واتە گەشبینی بەرامبەر بە رەوتی گۆڕانی رووداوەکان و نەخشەکان و شتەکان. ئەم گەشبینییە خۆی دەبێتە هێزێکی گرنگ بۆ گۆڕان، دەبێت پاڵپشتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی گرنگ بۆ ئەوانەی پرۆسەی گۆڕانکاری لە وڵاتەکەدا دەبەن بەرێوە. بەلام لای هەموو کەسێک ئاشکرایە لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا کەمجار بێ ئومێدی و بێزاریی ئینسانی ئێمە بەم رادە ترسناکەی ئەمڕۆ گەیشتبێت. نوخبەیەکی دەڵەمەند و ملیۆنێری گەورە نەبێت لە وڵاتەکەدا کەم کەس هەیە چاوەڕوانی ئەوە بێت ژیانی منالەکەی لە ژیانی خۆی بەختەوەرتر و خۆشتر بێت. لە راستیدا کوردستان ئێستا دوو وڵاتە لەناویەکدا، یەکێکیان بە پێوەر و شێوەژیان و ئاستی دەوڵەمەندترین شارەکانی دنیا دەژی. ئەویدیکەیان بە پێوەری هەژارترین وڵاتەکانی دنیا. کوردستان لەیەککاتدا هەم سۆماڵە و هەم کالیفۆرنیا، سۆماڵی هەژارە تازەکانی دوای راپەرین و کالیفۆرنیای ملیۆنێرە تازەکانی دوای راپەرین. رەگەکانی نائومێدی لە کوردستاندا لەم گەشە شیزۆفرینییە دووفاقەدایە کە وڵاتەکەی بەشێوەیەکی شاقوڵی بۆ دوو دنیای ناکۆک و دژ بەیەک دابەشکردووە. دوو دنیا ئەوەی پێکەوەیان دەبەستێتەوە رقێکی گەورەیە لەیەک.

کە باس لە نائومێدی دەکەم مەبەستم لە نائومێدی نییە وەک دۆخێکی سایکۆلۆژی بەتەنها، وردتر بدوێم من لێرەدا باس لە نائومێدی وەک دیاردەیەکی سایکۆلۆژی ناکەم، بەڵکو وەک دیاردەیەکی سیاسی باسی دەکەم و دەیبەستمەوە بەپێکهاتی ئەو دنیا تازەیەوە کە لە دوای راپەرینەوە سیاسەت لە کوردستاندا دروستیکردووە. واتە ئەم نائومێدییە لەناو کۆمەڵێک گرێی دەروونی تایبەتەوە نایەت، بەڵکو لەو فەزا سیاسییەوە دێت کە کۆمەڵگای ئێمەی کردۆتە کۆمەڵگایەکی شیزۆفرینی دوو کارەکتەری. نائومێدی دوای راپەرین نائومێدییەکی سیاسیی دەستەجەمعییە و گۆڕاوە بۆ هێزێکی دەروونی خۆکوژ لەناو تاکەکەسەکاندا. ئەو کەسانەی ئەمڕۆ خۆیان دەکوژن دەکرێت سبەینێ ئەو دنیا بکوژن کە بەرەو خۆکوژیان دەبات. ئەمەش گەورەترین زەنگی خەتەرە کە لەمڕۆی کوردستاندا هەندێک کەس بە خۆکوشتنی خۆیان بۆ ئێمەی لێیدەن. هیوادارم سیاسییەکانی کورد گوێی ئەوەیان هەبێت ئەم زەنگە ترسناکە ببیستن.

*** ئەوەی ئێستا لە کوردستان بەناوی بازاڕی ئازادەوە لەناو واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە هەیە تا چەند هۆکاری ئەو هەژارییەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد ئەی بەجۆریکی تر تاچەند هۆکارە بۆ نەمانی چینی ناوەند دواتر ئەمە بازاڕی ئازادە بەستانداریکی جیهانی؟**

**مەریوان:** با لە ئەفسانەی بازاڕی ئازادەوە دەست پێبکەین. لە راستیدا کەم شوێن لە دنیادا هەیە بازاڕ تیایدا بە ئەندازەی بازاڕی کوردستان مۆنۆپۆڵکراو و کۆنترۆڵکراو و نائازاد بێت. بازاڕی کوردستان مۆنۆپۆڵی کۆمەڵێک کارخانە و

شەریکەی گەورەیە کە بەسەدان سەرەداو بە حزب و بەرپرسە گەورە و دەسەڵاتدارەکانەوە بەستراوەتەوە. هیچ پرۆژەیەکی ئابووری گرنگ لە وڵاتەکەدا نییە حزب، یان چەند بەرپرسێکی حزبی شەریک، یان بەش، یان لانی کەم قامکێکیان تیا نەبێت. سەرمایەگوزاری لە کوردستاندا بەبێ ئیزنی حزب و کەسە بەهێزەکانی ناو حزب ناچێت بەڕێوە. ئەوەی پێیوایە بازاڕ لە کوردستاندا ئازادە وەک ئەوە وایە باس لە ئازادی بکات لەسەردەمی بەعسدا. چەندە بەعس ئازادی بەخەڵک دابوو، هەر ئەوەندەش لەمڕۆدا ئازادی بە بازاڕەکانی کوردستان دراوە. ڕەنگە هیچ شتێک هێندەی کێشەی نێوان (کۆڕەک تێلی کۆم) و (ئاسیا سێڵ) یارمەتیدەرمان نەبێت بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی کۆنترۆڵکردن و خنکاندنی بازاڕ لە کوردستاندا. هەموو کوردێک دەزانێت کۆڕەک کارگەیەکە بە سەدان سەرەداوەوە بەسەرکردایەتی پارتییەوە گرێدراوە و ئاسیا سێڵیش دەست و پێیەکانی یەکێتی تێدایە. ئەم دوو کارگەیە زیاد لە دەساڵ لە پەیوەندییەکی یەکدی نەفیکەری گەورەدابوون، بەجۆرێک بوونی ئەمیان لە شوێنێکدا لەسەر حیسابی ئەویتریان بوو. پێکیشەوە ئەو دۆخە کاریکاتێرییەیان دروستکردبوو کە خەڵک ناچاربێت دوو تەلەفۆنی مۆبایلیان پێبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە نێوان سلێمانی و هەولێردا یەکدی بدوێنن. ئەم نموونەیە نیشاندەداین ئازادی سەرمایەگوزاری لە وڵاتەکەدا چ درۆیەکی گەورەیە، نیشانیداین حزب، یان ڕاستر بدوێین چەند کەسێکی ناو حزب دەستنیشانی بڕ و ڕادە و جوڵەی سەرمایە لە وڵاتەکەدا دەکەن و ئەوەی ناو بازاڕی ئازادە لە جەوهەردا بازاڕێکی حزبی تەواو مۆنۆپۆڵکراوە. سەرمایە لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم سەرمایەیەکی حزبییە، یان سەرمایەیەکە سەدان سەرەداو دەبیاتەوە ناو گیرفانی حزب و باخەڵی بەرپرسە باڵاکانیان. یەکێتی لەناوچەکانی پارتیدا چەندە ئازادە و چەندە دەستی دەڕوات و چەندە دەسەڵاتی هەیە، بەهەمان ئەندازەش ئەو سەرمایەی کە لەپاڵ یەکێتیدا دەژی و دروستدەبێت لەو ناوچانەدا ئازادە. پارتیش لە سلێمانی و کۆیە و چەمچەماڵ و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا چەندە دەستی دەڕوات، ئەو سەرمایەی لە پارتییەوە سەرچاوە دەگرێت هەر ئەوەندە ئازادی هەیە. ئەو سەرمایە کەمەش کە ئازادە و هی پارتی و یەکێتی و بەرپرسە گەورەکانیان نییە، سەرمایەیەکی براپچووکە و دەبێت لە سێبەری سەرمایەگوزاری پارتی و یەکێتیدا بژی. بۆیە بازاڕی کوردستان نەک بە ستانداردە جیهانییەکان، بەڵکو تەنانەت بە ستاندردەکانی ئەردەن و تورکیا و ئێرانیش، بازاڕی ئازاد نین.

وەک وتم بازاڕ لە کۆمەڵگای ئێمەدا بازاڕێکی کۆنترۆڵکراوە و بەشێکی گرنگی ئەو گرانییەش کە لە وڵاتەکەدا هەیە لەم کۆنترۆڵکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. بێگومان یەکێک لە سەرچاوەکانی قەیرانی چینی ناوەند پەیوەندی بەم بازاڕە کۆنترۆڵکراوەوە هەیە. چونکە لۆژیکی سەرەکی ئەم بازاڕە بریتییە لە کارکردن بەقازانج و

سوودی ئەو نوخبە ئابوورییە کە هەمان نوخبەی سیاسییە لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟ چی بکرێ بەڕای تۆ بۆ ئەوەی تا رادەیەک کەم بکرێتەوە؟**

**مەریوان:** زەحمەتە لە کوردستاندا هیچ یەکێک لە کێشەکانی گەندەڵی و قەیرانی ئابووری و سیاسی و مەدەنی چارەسەر بکرێت تا ژیانی ئابووری و ژیانی سیاسەت لەیەکدی جیانەکرێتەوە. جیاکردنەوەی کایەی ئابووری لە کایەی سیاسەت هەنگاوی هەرە پێویست و هەرە سەرەتای دەستکردنە بە ریفۆرمی ئەو سیستمە گەندەڵەی لە وڵاتەکەدا ئامادەیە. ئەو گرێدانە ترسناکەی ئابووری لە کوردستاندا بە سیاسەتەوە گرێدراوە و ئەو لێکجیانەبوونەوەیەی نوخبەی ئابووری و نوخبەی سیاسی لەیەکدی لەپشتی زۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانی ئەو وڵاتەوە وەستاوە. بەڵام جیاکردنەوەی ئابووری لە سیاسەت یان چی؟ بێدرێژەپێدان ئەم جیاکردنەوەیە مانای جیاکردنەوەی وەزیفە سیاسییەکان لە وەزیفە ئابوورییەکان و جیاکردنەوەی مەوقیعە سیاسییەکان لە مەوقیعە ئابوورییەکان. ئەمەش مانای ئەوەی ئەو کەسەی کە سیاسەت دەکات و بڕیارە سیاسییەکانی لەدەستە، نابێت هەمان ئەو کەسە بێت کە کاسبی دەکات و بڕیارە ئابوورییەکانی وڵاتەکەش ئەدات. نوخبەی سیاسی و نوخبەی ئابووری نابێت یەک نوخبەبن، نابێت مەوقیعی سیاسی تەرجەمە بکرێت بۆ مەوقیعێکی ئابووری، نابێت هێزی سیاسەت شارێگا بێت بۆ بەدەستهێنانی هێزی ئابووری، یان شارێگای کەڵەکردنی سەرمایە تەرجەمەکردنی مەوقیعە سیاسییەکان بێت بۆ مەوقیعی ئابووری. تێکەڵکردنی ئەم دوو کایەیە بەیەکدی وایکرد ماوەیەکی درێژ شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا بەرپابێت، وایکرد هەر یەکێک لە هێزە سیاسییەکان بچنە تەحالوفاتی ترسناکەوە، رێکنەکەون و وڵاتەکە وەک دوو دەغیلەی گەورە و جیا مامەڵە بکەن. کە رێشیشکەوتن هەر ئەم تێکەڵکردنەی سیاسەت و ئابوورییە وایکردووە وەزارەتە گرنگەکانی ئەو وڵاتە تا ئەمڕۆکەش یەکنەگرێتەوە، وایکردووە نەهێڵێت لە کوردستاندا ئۆپۆزیسیۆن دروست ببێت و دەزگاکان بتوانن رۆڵی چاودێریکەر ببینن. بێگومان هەریەکێک لەو کێشانە هۆکاری زیاتریان هەیە لەوەی کورتیان بکەینەوە بۆ هۆکاری ئابووری بەتەنها، بەڵام تێکەڵاوکردنی سیاسەت و ئابووری، دەوڵەمەندبوون و سیاسەتکردن، ئەو دۆخە جەهەنەمییەیە کە لەپشتی زۆربەی هەرە زۆری کێشە سیاسییە گەورەکانی دنیای ئێمەوەیە لە راپەڕین بەدواوە. ئیشنەکردنی کۆڕەک تیلی کۆم و ئاسیا سێل بەیەکەوە لەناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەم لۆژیکەی تێکەڵبوونی سیاسەت بە ئابووری دروستی کردبوو. ئیشنەکردنی ئەم دوو کارگەیەش بەیەکەوە دەربڕی ئەو ئیشنەکردنە نەتەوەییە پێکەوەییەیە کە تا ئەمڕۆش بەشێکی دانەبڕاوی عەقلییەتی سیاسی کوردییە. بەکورتی ئەم تێکەڵبوونە نەخۆشەی سیاسەت و ئابووری

بەیەکدی وەک چۆن دابەشبوونەکانی ناو سیاسەت دەدات بە ئابووری و ئاواش ململانێ ئابوورییەکان دەکات بە ململانێی سیاسی. لە هەمانکاتدا هەم هێزی سیاسەت دەبەخەشێت بە ئابووری و ئیدی کەس ناتوانێت لە مەسەلە ئابوورییەکان بپرسێتەوە، هەم هێزی ئابووریش دەبەخشێت بە سیاسەت ئیدی وا دەکات سیاسییەکان دەست بەسەر بازاڕ و گەمە ئابوورییەکاندا بگرن و ببنە سیاسی تا هەتاهەتا و تا مردن. لەهەر دوو دۆخەکەشدا ئێمە لەبەردەم دوو دنیای زۆر ترسناکداین. یەکەمیان ناهێڵێت ئابوورییەکی سەربەخۆ و گەشەکردو و دابڕاو لە ناکۆکییە سیاسییەکان دروست ببێت، دووهەمیان نوخبەیەکی سیاسی وا بەهێز دروستدەکات کە نەکرێت هێز و دەسەڵاتی بەهیچ شتێک کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێت.

دەربارەی ئەوەی چیبکرێت بۆ دەرچوون لەم دۆخە پێمـوایە دەبێت لە خاڵی جیاکردنەوەی ئابووری و سیاسەت لەیەکەوە دەست پێبکەین. ئەمەش ناکرێت بەبێئەوەی سیستمێکی سیاسی دروست ببێت کە تێیدا ئاشکرابێت سەرمایەگوزاری لە وڵاتەکدا چۆن دێت و چۆن دەڕوات. کێ چی هەیە و چۆن پەیدای دەکات و لە کوێوەی هێناوە. بۆ ئەمەش دەبێت کۆمەڵگای ئێمە ببێتە خاوەنی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە، ئۆپۆزیسیۆنێک کە بتوانێت گزی و فزی ئەو دنیایە ئاشکرا بکات و دەزگاش هەبێت بتوانێت لێیان بپرسێتەوە.

پێموایە دروستبوونی دەستەیەکی کارپاک، یان نەزاهەت... کارێکی گرنگ بێت بۆ پێداچوونەوەی ئەوەی تا ئێستا کراوە، یان لانی کەم ئەوەی لەمەولا دەکرێت بخاتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە. چاککردنەوەی ئەو دۆخەی لە کوردستاندا دروستکراوە کارێکی هێجگار زەحمەتە، سیاسەت و ئابووری، سیاسیبوون و دەوڵەمەندبوون بەجۆرێک بەناویەکداچوون، زەحمەتییەکی گەورەی دەوێت شتەکان بخەینەوە سەر رێگای راستی خۆیان. بەڵام گەر بمانەوێت دنیایەکی هێمن بەلانی کەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی دوای خۆمان دروست بکەین، دەبێت لەم خاڵەوە دەست پێبکەین. کارنەکردن بۆ ئەم خاڵە کارنەکردنە بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی کوردستان.

# کۆمەڵناسی و توێژینەوەی بەها
# لە لای ماکس ڤیبەر

د. محمد علی محمد
و: دیدار ئەبوزێد



چەمکی بەها لەلای ڤیبەر پێوستی بە چارەسەرییەکی تایبەتە. لەگەڵ ئەوەی کە ڤیبەر لە کتێبەکانیدا زۆری لە بارەی بەها نووسیوە، بەشێوەیەک کە (لە تواناداا نەماوە شتی دیکە بۆ تیۆری بەها لە لای ڤیبەر زیاد بکرێت). ئەمە بۆچوونی (ریمۆن بۆدۆن)ە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە نووسینە کۆمەڵناسییە هاوچەرخەکان دووبارە گفتوگۆ لەبارەی وێناکردنەکانی ڤیبەر بۆ رۆڵی بەها لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵناسی دەکرێت. خاڵی دەستپێک لە لای ڤیبەر تاوتوێکردنی پەیوەندی نێوان بەها و زانستە، بەشێوەیەک ڤیبەر لە کتێبەکەی دەربارەی میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵاتییەکان دەڵێت: (کاتێک دەست بە جیاکردنەوەی حوکمە بەهاییەکان و مەعریفەی ئەزموونی) دەکەین، ئەوا ئێمە گریمانەی سەرەتاییبوونی بونیادێکی دروست بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، کە مەبەستمان لێی رێکخستنی شیکردنەوەیەکی

روونی واقیعە، بێگومان ئەم گومانکردنە سەرەتاییە بۆتە کێشەمان، بەو مانایەی کە ئێمە پێوستە تاوتوێی چەمکی واتای راستەقینەی بابەتی لە زانستە کۆمەلایەتییەکان بکەین)(٢).

هەروەها کاتێک دەست بە ئەنجامدانی ئەم تاوتوێکردنە دەکەین، بێگومان رووبەڕووی ئەم هەقیقەتە دەبینەوە کە هەندێک زانست هەیە پێوستە بە (زانستە کولتوورییەکان) ناوبرێت، ئەمانەش ئەو زانستانەن کە پسپۆری لە توێژینەوەی (بوونەوەرە کولتوورییەکان) دەکەن، کە کۆمەککراوە بە توانا و ئیرادە و خاوەنی ئاراستەی تایبەتە بەرامبەر جیهانی دەوروبەرمان، هەروەها ئەم بوونەوەرانە ناتوانن خۆیان ببوێرن لە پێشکەشکردنی راڤەکاری بۆ دیاردەکانی دەوروبەرمان، بۆیە چەمکی کولتوور دەبێتە چەمکێکی بەهایی. لایەنە بەهاییەکانی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین گرنگی و دەلالەتی بۆ ئێمە هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییە مانادارەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات، چونکە رایەڵەیەکی پتەوی بەو بەهایانە هەیە کە دەیانبینین. هەروەها گشت ئەو بەهایانەی کە ئێمە لە بارەی واقیعی کولتووری پێیدەگەین، گوزارشتە لە بۆچونێکی دیاریکراو، چونکە بەبێ بوونی بیرۆکەیەکی بەهایی، لێکۆڵەر ناتوانێت ئەوە هەڵبهێنجێت لە واقیع کە سوودی بۆ بابەتی لێکۆڵینەوە هەیە. بەڵکو ناتوانێت زانیارییەکانی بە پێی بنەمایەکی دیاریکراو رێکبخات. بێگومان لایەنگیریکردنی بۆ چوونێکی دیاریکراو لە کاتی توێژینەوە، یاخود لێکۆڵینەوەی دیاردەیەک بە هەنگاوێکی سەرەکی و داواکارییەکی گرنگ دادەنرێت بۆ دارشتنی ئەو چوارچێوە وێناییەی کە ئاراستەی تەواوی لێکۆڵینەوە دەکات. هەمو ئەوانە وامان لێدەکات لە کۆتایی ئەو ئەنجامگیریە بکەین کە: (شیکردنەوەیەکی زانستی رەها بۆ کولتوور، یاخود بۆ دیاردە کۆمەلایەتییەکان بوونی نییە کە تەواو سەربەخۆ بێت لە تێڕوانینە تایبەتییەکانی لێکۆڵەر(بەشێوەیەکی ئاگایی، یاخود نائاگایی، روون یاخود شاراوە بێت)کە مەبەستی هەڵبژاردن و شیکردنەوە، رێکخستن و نمایشکردن پەنای بۆ دەبات.

بەم شێوەیە دەقی سەرەوە گرنگی پێگەی بەهامان لە زانستە کولتوورییەکان بۆ روونددەکاتەوە. هەروها پێوستە تیشکێک بخەینە سەر ئەو فەلسەفەیەی کە ڤیبەر لە بارەی بەها پەیرەوی دەکات، کە ریشەی ئەو فەلسەفەیەشی لە (کانت)ەوە وەرگرتووە. لە بنەمادا بەها دروست دەبێت لە ئەنجامی ئیرادەی مرۆڤایەتی، کە لە جۆردا تەواو جیاوازە لەو ئامرازانەی کە عەقل پەنای بۆ دەبات کاتێ هەوڵی

**ئەرکی زانای کۆمەڵناسی لە هەوڵی تێگەیشتنی ئەو مانایانەی کە تاکەکان لەسەر دیاردەکان و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان دروستی دەکەن، کورت دەبێتەوە**

تێگەیشتن لە واقیع و دەرککردنی راستەقینەی دەدات، هەقیقەت لای ڤیبەر نەوەک تەنها بەهایەکە، بەڵکو بە بەهایەکی مەزنی دادەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوان بەها و زانستدا دەمێنێت، زانست پشت بە بابەتیبوون و بەڵگە و لۆژیک دەبەستێت، لەکاتێکدا سەرچاوەی بەها هەڵبژاردنی ئازاد و باوەڕبوون بە راستبوونی، لەگەڵ ئەوەش لە لای ڤیبەر(وەک چۆن لە لای دۆرکهایمیش وایە) بەها خاوەن سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها مێژووییشە بەشێوەیەک دەتوانین بەهۆیەوە ئەو ململانێیەی لە نیوان گرووپەکان، پارتەکان و تاکەکان لە گشت کۆمەڵگاکان روودەدەن، راڤە بکەین. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ڤیبەر کۆمەڵگا بەو هێزە بالایە دانانێت کە هەموو شتێکی تێدا روودەدات بە جیا لەبوونی تاکەکان (وەکو دۆرکهایم )، بەڵکو ئەو ئیرادەی تاکەکان و ئارەزووەکانیان، هەڵبژاردنەکانیان و جیاکارییەکانیانی بۆ کۆمەڵگا زیادکرد. بۆ نموونە بەها دەگەڕێنێتەوە بۆ وەلامدانەوەی هۆشیاری تاکەکان لە پانتایی کۆمەڵایەتی، یاخود ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژیت. لە راستیدا ڤیبەر پشتی بە دوو ئاراستەی سەرەکی دەربارەی مەسەلەی بەها دەبەست، لە لایەک ئەو وەکو پیاوێکی سیاسی دەیویست ئەو دژپێکیانەی کە شێوازی رەفتارە جیاوازەکان لە خۆدەگرێت، ئاشکرا بکات. هەروەها ئەو وەکو زانایەکی کۆمەڵناسی دەیەوێت ئاشنای کاریگەرییەکانی ئاراستە جیاوازەکانی ئایین و کولتوور بێت لەسەر رەفتاری تاکەکان، بە تایبەتی لە بواری ئابووری. هەر لەبەر ئەوەشە کە ڤیبەر پشت بە دیدگایەکی ئەخلاقییانەی روون بۆ جیهانی دەورووبەر دەبەستێت، جەوهەری ئەم دیدگایەش ئەوەیە کە تاکەکان مومارەسەی پرۆسەی هەڵبژاردنی بەها دەکەن، هەوڵی سەپاندنی مانای تایبەت بەسەر دیاردەکانی جیهانی دەرەکی دەدەن. ئەرکی زانای کۆمەڵناسی لە هەوڵی تێگەیشتنی ئەو مانایانەی کە تاکەکان لەسەر دیاردەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکەن، کورت دەبێتەوە. بەلام زانای کۆمەڵناسی بە شێکە لە جیهان، ملکەچی یاساکانیەتی، بۆیە ئەو لە دیاردەکان تێدەگات و راڤەیان دەکات بەپێی تێڕوانینی تایبەتی خۆی، لێرەوەیە گرنگی بەها کە بە پێشمەرجێک بۆ تەواوی مەعریفەی کۆمەلایەتی جیهان دادەنرێت.

دەکرێت ئەو جەختکردنە زۆرەی ڤیبەر لە سەر بەها ، دواتریش داواکردنی بێلایەنی ئەخلاقی، یاخود ئازادکردنی زانست لە حوکمە بەهاییەکان نامۆ بێت، بەلام ڤیبەر بۆ ئەم هەڵوێستە، پاساوی ئەوەی هەیە کە ئامانجی ئەو تەنها پاراستنی یەکێتی زانست نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا پاراستنی یەکێتی ئەخلاقیشە، بەپێی ئەو گرنگییەی کە هەیەتی بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە مەعریفە بە تەنها ناتوانێت بە ئیدراککردنی مانا راستەقینەکانی دیاردەمان بگەیەنێت.

زانست پرسیارەکانی بە شێوەیەکی بابەتیانە کە برێکی زۆری بێ لایەنی ئەخلاقی تێدایە، دەخاتەڕوو، بەلام بەهاو ئەخلاقییەتەکان دەتوانن ئەم پرسیارانە روونتر بکەن، کاتێک بۆمان روونیدەکەنەوە کە چ مانایەک لە پشت ئەمانەوە بوونی هەیە.

**سەرچاوە:**

المفكرون الاجتماعيون، د. محمد علي محمد، دار النهضة العربية، للطباعة و النشر، بيروت، ل ٣٢__٣٥.

# لەیلا شوو دەکات..

## شانۆگەرییەکی یەک بەشی..

نەوال سەعداوی
و: شەرمین عەبدوڵلا ڕواندزی



نەوال سەعداوی

**کەسایەتییەکان**

**لەیلا**: ڕۆژنامەنووسێکی تازەکارەو تەمەن بیست و حەوت ساڵانە، سەرەڕای زیدەڕۆیی لە ئارایشت و جوانکاری، جوانییەکی مامناوەندیشی هەیە، خۆی بۆ مارەبڕین ئامادە دەکرد.

**دیدی**: پووری لەیلایە (خوشکی دایکی)، ئافرەتێکی تەمەن چل ساڵانە و تێکسمڕاویکی ناڕۆشنبیرە، بەڵام دەوڵەمەندە و هەوڵ دەدات بەکەسێکی مۆدێرن خۆی پیشان بدات.

**سوهێر**: کچێکی تەمەن بیست ساڵانە و قوتابی کۆلێژی پزیشکییە، کچی (دیدی)یە، سەرەڕای جوانییەکەی، سادەشە...

**مەحموود**: گەنجێکی تەمەن سی و چوار ساڵانە، ئەندازیارێکی سەرکەوتووە، دەزگیرانی لەیلایە..

* * *

**دیمەنەکە**:

ژوورێکی پێشوازیی هەمووی کەلوپەلی بەنرخ و گرانبەهای لێدانراوە، ماڵی (دیدی)یە. لەیلا لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستاوە و کراسێکی سپی درێژی لەبەرە، دیدیش لە دەوروبەریدا دەسوڕێ و سەیری کراسەکەی دەکات.

**دیدی**: هەر زۆر جوانە...!! ئەی نەمگوت ئەوە بەرگدوورێکی نایابە..؟

**لەیلا**: (بەسەرمەستییەوە لە ئاوێنە سەیری خۆی

دەکات): پوورە دیدی زەوق و سەلیقەت زۆر جوانە.. تۆ کەسێک ناناسی ئەگەر نایاب نەبێت.

لەیلا (بەسوپاسەوە بەرەو رووی دیدی چوو): نازانم چۆن سوپاست بکەم...؟!

**دیدی:** ئێستا کراسەکە کۆتایی پێهات.. ئەوەی ماوە کارتی بانگهێشتکردنەکەیە.

**لەیلا:** بەڵێ تەنها بانگهێشتکردنەکە ماوە.. سەیرکە پوورێ.. ئەوە پەنجا کارتم چاپکردووە.

(دیدی) کارتەکان بەدەستییەوە دەگرێ و هەندێک تێی رادەمێنێ (لەیلاش هەندێ بیردەکاتەوە پاشان کاغەزو پێنووسێک بەدەستییەوە دەگرێت و هەندێ ناو دەنووسێت)...

**لەیلا:** یەکەم کەس فیفی و هاوسەرەکەی...

(دیدی لێی نزیک دەبێتەوە و لە تەنیشتی دادەنیشێ)..

**دیدی:** فیفی و هاوسەرەکەی؟ ئەوانە کێن؟ پێشتر ناوی ئەوانەت لام باس نەکردووە.

**لەیلا:** فیفی ئافرەتێکی زۆر رێکوپێکە، جارێکیان لە رۆژنامەکەمان جێگری سەرنووسەر پێی ناساندم و منیش لە ژوورەکەی خۆی داوەتێکی قاوەم کردو، هات و زیاتر لە چارەگێک بەیەکەوە دانیشتین..

**دیدی:** ئەی هاوسەرەکە؟

**لەیلا:** سوعادخان و هاوسەرەکەشی...

**دیدی:** بەڵێ بێگومان.. سوعاد خان کەسایەتییەکی پلە یەکی کۆمەڵگەیە.. و فەرەنسیش دەزانێ، رازنووسی کۆمەڵەی رزگارکردنی ژێردەستەکانە (جمعیە انقاذ المغلوب علی امرهم)، بەلاَم لەو باوەڕەدای کە بێت؟

**لەیلا:** بێگومان.. ئەو شتێک کە ناوی رۆژنامەنووسیی بێت دەیپەرستێ؟ ئەگەر نا چۆن لە رۆژنامەکان هەواڵەکان بڵاودەکاتەوە؟ جارێکیان بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد، بەشێوەیەکی توند وەڵامی دامەوە، بەلاَم کاتێ کە زانی رۆژنامەنووسم شێوەی قسەکردنی گۆڕی و خەریک بوو هەر لە تەلەفۆنەوە لە باوەشم بگرێ...

**دیدی:** ئەی هاوسەرەکەی؟

**لەیلا:** نا... هاوسەرەکەی کەسێکی دیار نییە، بەلاَم جوانڕۆیە، سوعاد خانیش بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ خۆی دەبات.

**دیدی:** زۆر باشە، کێی دیکەش؟

**لەیلا:** عەزمی و هاوسەرەکەی.. عەزمی لە رۆژنامەکەماندا نووسەری بەشی هەواڵە، ئامادەبوونیشی پێویستە، چونکە مسۆگەر هەواڵەکە بۆ رۆژی دواتر لە رۆژنامە بڵاودەکاتەوە.

**دیدی:** زۆر باشە... بیرکردنەوەکانتم پێ چاکە، ئەو زیرەکییەت لە منەوە بۆت ماوەتەوە.. باوەڕ دەکەی وا هەست دەکەم تۆ لە (سوهێر)ی کچم زیتر لە من دەچی.

**لەیلا:** بێگومان پوورێ.. لەراستیدا سوهێر لە باوکی دەچێ.

**دیدی:** وەک خۆت دەڵێی.... لەبەر بەدبەختی خۆم بەزەکییەی پووری دەچێ، سەیرکە لەیلا من وا بیست ساڵە دەمەوێ کەسوکاری هاوسەرەکەم پایەبەرزتر کەم بەلاَم بێ سوودە، جوتیار بەدرێژایی ژیانی هەر بەجوتیاری دەمێنێتەوە..! خوێندەواری هیچ لە سروشتی هاوسەرەکەی نەگۆڕیوە.

**لەیلا:** قەیناکە پوورێ.. هەر چۆنێک بێ بەختی تۆ لە بەختی دایکم چاکترە، هەر نا لانی کەم مێردی تۆ دەوڵەمەندە.

**دیدی:** گێلە... بەدرێژای ژیانی هەر گێل بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەسێ ساڵ لە من گەورەترە... نازانم چۆن بەم فەرمانبەرە هەژارە رازی بوو شووی پێبکات.

(لەیلا کەمێک بێدەنگ بوو و بیری کردەوە)...

**دیدی:** (دەستی خستە سەرشانی)، خەم مەخۆ

لەیلا.. داوای لێبوردن دەکەم کە باسی باوکتم کرد..
**لەیلا:** نەخێر من بیر لەوە ناکەمەوە.. بەڵکو بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن دایک و باوکم پیشانی دەزگیرانەکەم بدەم.. هەرچەند بیر لەوە دەکەمەوە شەرمەزاری دامدەگرێ.. لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چۆن ئاهەنگ لە ماڵە ئاساییەکەم و کۆڵانە پیسەکەمان ساز بکەم..
**دیدی:** خەم لەوە مەخۆ لەیلا... ماڵەکەم لەژێر فەرمانتدایە..
**لەیلا:** بەڵام هەرچی بکەین دایکم نازانێ قسە بکات، خۆزگە تۆ دایکم بوویتایە!
لەیلا (لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات): ئاخ، خۆزگە خەڵکی دایک و باوکی خۆیان هەڵبژاردایە.
زەنگی تەلەفۆن لێدەدرێ.. دیدی دەڕوات و تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ.
**دیدی:** هەلۆ... سەرچاوم کامیلیا.. بەڵێ لەیلا لێرەیە.. بەڵێ بانگی دەکەم. (بانگی لەیلا دەکات).. لەیلا لەگەڵ کامیلیا قسە بکە..
لەیلا (بەبێزارییەوە تەلەفۆنەکەی وەرگرت): هەلۆ.

- خودا سەلامەتت بکات.
- ها ها ها
- هەرگیز
- لەکوێ گوێت لێبوو؟
- نزیک بووە.
- پەنا بەخوا.
- بەڵێ
- خوات لەگەڵ

**دیدی:** چ باسە؟ کامیلیات داوەت نەکردووە؟
**لەیلا:** بێگومان نا.. خۆ من شێت نیم داوەتی بکەم.
**دیدی:** بۆچی؟ وەکو من بزانم ئازیزترین هاوڕێتە.. هەر ناوی (کامیلیا)م لە تۆ گوێ لێ دەبوو.. شەو ڕۆژت لەگەڵ ئەو بەسەردەبرد، هیچ شتێک ڕوویداوە؟
**لەیلا:** نەخێر هیچ شتێک ڕووینەداوە. ڕاستە کامیلیا هاوڕێم بوو... ئەوە پێش هاوسەرگیری.. بەڵام پاش ئەوە دەبێ هاوڕێی دیکە هەڵبژێرم...
**دیدی:** ئەی هاوڕێیە کۆنەکانت؟
**لەیلا:** ئەوانەی لەگەڵ ژیانی تازەم دەگونجێن هەڵیاندەبژێرم.
**دیدی:** ئەی کامیلیا لەگەڵ ژیانی تازەت ناگونجێ؟
**لەیلا:** نەخێر
**دیدی:** بۆچی؟
**لەیلا:** کامیلیا مێردی نەکردووە، ئەوەش بۆ سەر ژیانم ترسی هەیە... لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج ڕاکێشە و دووچاوی ئەفسوناوی هەیە.. سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆژنامەگەریدا لەمن دەرەوشاوەترەو ناویشی لە من ناسراوترە.. نا نا نابێ هاوسەرەکەم نە بیبینێ و نەبیناسێ، کێ دەڵێ؟ ڕەنگە پێی سەرسام بێ.. بەڵکو دڵنیاشم.
**دیدی:** تۆ زۆر زیرەکی لەیلا... ئەوە ئاقڵیەتییە.. (سوهێر)ی کچم نیوەی زیرەکی تۆی نییە، لەگەڵ ئەوەش لە کۆلێژی پزیشکیدا دەخوێنێ.
**لەیلا:** ژیان شتێکی دیکەیە وەکو خوێن لە کۆلێژەکان نییە.. من لە ژیان تێدەگەم چونکە من تێیدا ژیاوم و ناخۆشیم زۆر بینیوە و تێکدانی خەڵکی دەزانم و لەکەس دڵنیا نابم..
**دیدی:** مافی خۆتە لەیلا... وابزانم کامیلیا هەموو نهێنییەکانت و چیرۆکی خۆشەویستییەکەت لەگەڵ خالید دەزانێ..
(لەیلا کاتێک بێدەنگ بوو لەسەر ڕووی کرژ و مۆنی بەدەرکەوت).
**لەیلا:** بێگومان... هیچ شتێکمان لە یەکدی نەدەشاردەوە.
**دیدی:** نا لەیلا... بەیەکجاری پەیوەندیت

لەگەڵیدا ببچڕێنە.

**لەیلا:** منیش ئێستا وام کرد.

**دیدی:** چۆن؟

**لەیلا:** پێم نەگوت کە شوودەکەم... بەڵام بەکتوپڕی پێی گوتم کە لە هەندێ هاورێیان لە ڕۆژنامە گوێی لێبوو کە گوایە شوو دەکەم و لێی پرسیم کە ئایا زاواکە (خالید)ە یان نا؟ منیش گوتم بەڵێ ئەوە.

**دیدی:** درۆت لەگەڵ کرد؟

**لەیلا:** دەبوایە ئەو کارە بکەم.

**دیدی:** بەڵام پاشان ڕاستییەکە دەزانێ.

**لەیلا:** چ گرنگییەکی بۆمن هەیە؟

**دیدی:** لەوانەیە ڕقی لێت هەڵبستێ لەبەر ئەوەی لێی هەڵگەڕاوی و هەوڵی تۆڵەسەندنەوەت لێبکات..

**لەیلا:** تۆ کامیلیا دەناسی، دڵێکی زۆر باشی هەیە.. هەرگیز ڕق و کینەی بۆ کەس نییە یان بیر لە تۆڵەسەندن بکاتەوە، ئەگەر خەراپەشی لەگەڵ کرابێ.. من ئەو باشییەم دەقۆستەوە.

**دیدی:** ئەوە باشی نییە... من باشیی بەگێلی دەزانم..

**لەیلا:** (پێدەکەنێ) پووریّ بەو زیرەکییەت سەرسامم.

**دیدی:** ئێستا ناوی تەواوی داوەتکراوەکان با بنووسین.

لەیلا (کاغەزێک بەدەستییەوە دەگرێ): بەڵێ.. مامۆستا عەزیزو هاوسەرەکەی

**دیدی:** مامۆستا عەزیز کێیە؟

**لەیلا:** سەرنووسەرە لەلامان..

**دیدی:** ئۆی.. بێگومان.. بێگومان ئەوە یەکەم بانگهێشتکراوەکانە... هەروەها ئەو کەسایەتییە دیارانەی لە ڕۆژنامەکەتانن خۆیان و هاوسەرەکانیان داوەت بکە.

**لەیلا:** بێگومان خێزانەکانیشیان... هیچ پیاوێک بێ هاوسەرەکەی داوەت ناکەم، دوای مەحموود دەڵێ لەوانەیە پێشتر هاورێت بووە.

**دیدی:** ئەوە مافی خۆتە.. لەیلا زۆ ئاگاداری خۆت بە..

**لەیلا:** پوریّ لەمن مەترسێ...

(سوهێر)ی کچی دیدی دێتە ژوورەوە.. سڵاو لە لەیلا دەکات و سەیری کاغەزەکانی سەر مێزەکە دەکات..

**سوهێر:** ئەوە چییە؟

**دیدی:** کارتی داوەتی ئاهەنگی لەیلایە.. سوهێر نەخشە لە تۆش بێت..

**سوهێر:** نا.. دایە تۆ باش دەزانیت کە شووکردن لە ژیانی مندا هیوای من نییە... هیوای من ئەوەیە بەکالۆریۆسی پزیشیکی وەربگرم و کار بکەم.

**دیدی:** پاشان شوو دەکەی.. کۆتایی هەموو کچێک مێردکردنە.. وا نییە لەیلا؟

**لەیلا:** بێگومان کچ بۆ مێردکردن خولقاوە.. سوێندت بۆ دەخۆم پوریّ من کاتێ لە نووسینگەکەی خۆم دادەنیشم بەدرێژایی کات بیرم دەکردەوە کە من گەیشتوومەتە بیست و حەوت ساڵ کەسێک نەهاتۆتە خوازبێنیم..

هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە تەمەنم بگاتە سی ساڵان و کەسیش داوام نەکات. سەرم گێژی دەخوارد و هەستم بەبورانەوە دەکرد..

**سوهێر:** نا لەیلا: لە ڕوانینی خۆتەوە فەرمان بەسەر کارەکان مەدە...

**لەیلا:** من بەڕاشکاوی ڕاست دەکەم.. زۆرجار بیرم دەکردەوە کە نەمخوێندبایە و نەکاریشم بکردایە، بەڵکو لە تەمەنی شانزە ساڵیدا مێردم بکردبا.. لەوانە بوو کە ئێستا منداڵێکی تەمەن پانزە ساڵیشم هەبوایە... بیری لێبکەوە!

**دیدی:** ئەوەیان ڕاستە.. ئێوەی کچان جوانترین

تەمەنی منداڵیتان لە خوێندن و کۆلێژەکان بەسەر دەبەن.

**سوهێر:** بەداخەوە لەیلا تۆ هیچ فێر نەبوویت... زانست ئەوە نییە کە تۆ لە کۆلێژی ڕۆژنامەگەریی دەربچی و ببیتە ڕۆژنامەنووس.. زانست ئەوەیە کە لە گرێییەکانی ئافرەتی نەزان و کۆن ڕزگارت بێت.. کە لەو باوەڕە دابوون ژیان تەنها لە ژێر سێبەری پیاو دایە..

**لەیلا:** ئایا ئافرەت دەتوانێ بەبێ پیاو بژیێت؟

**سوهێر:** بەڵێ.. ئافرەتی ڕۆشنبیرو ئیشکەر دەتوانێ بەبێ پیاو بژیت.. واتە دەتوانێ بخواو بخواتەوەو جل بپۆشێ و نیشتەجێ ببێ و ژیانی ئاسایی بەسەر ببات هەر بەبێ پیاو.. پیاو دەبێ خواردنی بداتێ و لەگەڵ ئەوەش فەرمانەکانی بەسەریدا زاڵ دەکات.. بەڵام ئەگەر خۆی خۆی نان بدات، ئەوە وەکو ئەوی لێدێت.. ئەگەر مامەڵەی لەگەڵیشی خەراپ بوو، ئەوا خەمی برسێتی و رووتی نابێت و جێی دەهێڵێت.

**دیدی:** ئەی هاوسەرگیری.. ئافرەت دەتوانێ دەستبەرداری هاوسەرگیری ببێ؟

**سوهێر:** نا.. من ئاوا ناڵێم.. لەبەر ئەوە مێر دەکات کە دەیەوێ بژیت لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆشی دەوێ و منداڵی لێ ببێ... نەک مێرد بکات کە دەیەوێ جل بپۆشێ و بیخوات و بخواتەوە... هاوسەرگیری لە باری یەکەمدا هۆیەکە بۆ مومارەسەکردنی خۆشەویستی بەتەواوی.. بەڵام لە باری دووەمدا ئافرەتی دەستەوو سانە کە مەبەستەکەی ئەوەیە بەدوای بەخێوکاری بگەڕێت.

**لەیلا:** سوهێر منیش کاتێ کە قوتابی بووم لە تەمەنی تۆدا بووم ئەو قسانەم دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی بەگشتی ژیانم تاقیکردەوە و پیاویش بەتایبەتی و لەوپەڕی ئازادییەوە دەژیام.. باپێت بڵێم هەر کچێک گەر بیر لە هاوسەرگیری نەکاتەوە ڕێگا دەبڕێت و هیلاک دەبێت.. ڕۆژێک دادێ بەهیوای ئەوە دەبێ کە هەر پیاوێک هەبێ و داوای بکات و مێردی پێ بکات..

لەگەڵتدام کە ئافرەت لە پیاو ئازاد بکرێ، بەڵام چۆن ئازاد دەبێ کە ئەو نەیەوێ ئازادی بکات؟... ژیانی ئافرەت، مێردکردنی و تەڵاق دانی و شەرەفی و کەرامەتی، هەموو شتێکی لە دەست پیاوە.. هەر کاتێک بیەوێ دەیخاتە دەست ئافرەت.. گریمان تۆ لە کۆلێژی پزیشکی دەرچووی و بویتە پزیشکێکی سەرکەوتوو بەناوبانگ.. ئایا دەتوانی هاوسەری خۆت هەڵبژێری؟

**سوهێر:** بەڵێ بۆچی هەڵینابژێرم؟

**لەیلا:** چونکە ئەو تۆ هەڵنابژێرێت... پیاو هەڵیدەبژێرێت، هەموو کات پیاو ئەو ئافرەتەی ناوێ کە ئافرەتەکە خۆی هەڵیبژاردووە... بەم شێوەیە ئەو پیاوەی کە تۆ دەتەوێ ئەو جێت دەهێڵێت... لەبەر دەستتا دوو ئەنجام دەبێت: یەکێکیان یان دەبێ بەدوایدا ڕابکەی و ڕێزی خۆت لە دەست بدەی و ئەویشت لە دەست بروا.. و یان چاوەڕێی پیاوێک بکەی کە ئەو تۆ هەڵبژێرێ و تۆش بەناڵی پێی ڕازی بیت... ئەوشیان بەهەمان شێوەیە کە ئافرەتانی پێشان نەخوێندەواربوون و کاریان نەدەکرد.

**سوهێر:** ئەوە بێدەسەڵاتی ئافرەتە کە لە کەساسی و نەزانین و ژێردەستییەوە لە ژیانیدا بۆی ماوەتەوە.. پێویستە لەیلا تۆش بۆچوونەکانت بگۆڕی.

**لەیلا:** زۆر هەوڵمدا کە بیگۆڕم، بەڵام چەندین کۆسپ دەهاتە پێشم، خەریک بوو لەناوم ببات.. لەدواییدا خۆم بەدەست واقیع دا... سوهێر کۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئێستاش وا سەیری ئافرەت دەکات کە شوێنی ئافرەت لە دوایی پیاوە نەوەکو لەتەنیشتییەوە.

**دیدی:** ئافرەت خۆی حەز دەکات پیاو لە پێشەوەی ئەو دابێت...

**سوهێر:** ئۆهـ.. گفتوگۆکردن سوودی نییە... تەنها رۆژگار خۆی بۆ گۆڕینی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە عەقڵیەتی ژن و پیاو بەرپرسیارە.

**لەیلا:** هەتا عەقڵیەتی ژن و پیاو دەگۆڕدرێ پێویستە ئێمە لە واقیع بژین.

**لەیلا:** (بەگاڵتەوە)... پاش ساڵانێکی کەم تۆ بیروڕات دەگۆڕدرێت.

**سوهێر:** نەخێر

**لەیلا:** نەخێر نەخێر.

**دیدی:** ئەوە وەکو باوکی مێشکی تەواو وشکە.

هەر لەوکاتەدا مەحموودی دەزگیرانی لەیلا دێتە ژوورەوە..

**دیدی:** سەرچاوم کاک مەحموود زۆر بەخێرهاتی...

**لەیلا:** بەخێر بێی مەحموود..

مەحموود تۆقە لەگەڵ لەیلاو دیدی و سوهێر دەکات...

**مەحموود:** سڵاو بۆ ئێوەش.. لەیلا چۆنی..

**لەیلا:** سوپاس بۆ خودا.. تۆ چۆنی..

**مەحموود:** سوپاس بۆ خودا

**دیدی:** گفتوگۆیەکی خۆش دەربارەی ئافرەت و پیاوت لە دەست چوو.

**سوهێر:** بیرۆکەیەکی جوانە.. بۆچی رای مامۆستا مەحموود بەو سیفەتەی کە پیاوە وەرنەگرین.

**مەحموود:** (بەپێکەنینەوە) بێگومان من لایەنگیری پیاو دەکەم.

**سوهێر:** لەو باوەڕەدانیم. ئێستا پێم بڵێن.. ئایا هاوسەرگیری سەبارەت بەئافرەت هۆیەکە یان مەبەستێکە!؟

**مەحموود:** ئافرەت دەبێ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.. بەڵام دەتوانم بەپێی تاقیکردنەوەکانم لە ژیان فەرمان بدەم کە ئافرەت هەرچەند بخوێنێ ئامانجەکەی هەر دەبێ مێرد بکات.. ئەو پێش خۆشەویستی بیر لە هاوسەرگیری دەکاتەوە..

**لەیلا:** چونکە پیاو لە خۆشەویستی ئەو مافە نابەخشێ.. ئەو دانی پیا نانێت، هیچ سۆزو رێزێکیش بەئافرەتەکەی نابەستێتەوە، تەنها بەهاوسەرگیری نەبێت..

**مەحموود:** بۆچی ئافرەت لە خۆشەویستیدا ئەو مافە بۆ دەستەبەر ناکات، بۆ چاوەڕێی پیاو دەکات ئەو مافەی بداتێ یاخود دانی پیابنێت یان نەنێت.

**سوهێر:** ئەوە راستە.. ئافرەت دەبێ خۆی مافی خۆی بسێنێ.. پیاو ئەو مافەی نییە کە بیدا یان نەیدا. دادوەر خۆی فەرمانڕەوایەو دەسەڵاتدارە هەر خۆی خاوەنی مافە و سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنە.. کۆمەڵگەی ئێمە سەد دەرسەد کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارییە.

**سوهێر:** ئەوەیان لەدێر زەمانەوە بوو.

**لەیلا:** ئێستاش هەروایە.. پەیوەندی پیاو بەئافرەت تائێستاش لە ماوەی سەدان ساڵە بەیاسای کۆنەوە بەستراوەتەوە.

**مەحموود:** ئەگەر ئەوە راست بێت کەواتە من گلەیی لە ئافرەت دەکەم، ئەگەر هەرچەندیش بخوێنێ.. خۆی هەردەم سەر بۆ ژێر دەستی شۆڕ دەکات... تاکو پیاو ببێتە پارێزەرو سەروەریی.

**لەیلا:** مەحموود ئەوە سروشتی ئافرەتە.. نابێ خۆمان لە سروشت نەزان بکەین.

**سوهێر:** نا نەخێر سروشت نییە.. ئەوە نەریتێکە.. ئافرەت وا راهاتووە کە چێژی لە بێدەسەڵاتی و کەساسیدا بدۆزێتەوە، پیاوش بە زاڵبوون بەزەبرو زەنگدا راهاتووە کە چێژ وەربگرێ.

**مەحموود:** ئەگەر ئافرەت نەریتی خۆی بگۆڕێ ئەوا پیاو بۆ گۆڕینی نەریتی خۆی هیچ رێگەچارەیەکی نابێت.

**لەیلا:** ئافرەت ناتوانێ نەریتی خۆی بگۆڕێ.
**سوهێر:** بەڵکو دەتوانێ..
**مەحموود:** ئەوەیان دەکەوێتە سەر ئافرەت ئەگەر بەهێز یان بێهێز بێت.
**سوهێر:** ئافرەتی بەهێز دەتوانێ..
**لەیلا:** ئافرەت لەسەرەتادا بەهێزە، بەڵام کە کەوتە نێو تاقیکردنەوەیەکدا بەبێهێزی دەردەچێ.. واقیع بەو ئافرەتانە کە دەگۆڕدرێت و بێهێز دەبن دەستبەرداره.
**سوهێر:** ئەوەیان ڕاست نییە.
**لەیلا:** سوهێر تۆ ناتوانی حوکم بدەی.. چونکە تۆ هێشتا بەنێو تاقیکردنەوەدا تێنەپەڕیوی..
**مەحموود:** ئایا لەچی تۆ بەنێو ئەم تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕیوی؟
(لەیلا ماوەیەک بێدەنگ دەبێ پاشان بە پاکانەوەیەکی زۆر خۆی نیشاندەدات).
**لەیلا:** بێگومان نا.
**لەیلا:** (بە ئاسایی هاواری دەبێت).. بێگومان من ناتوانم حوکم بدەم.
(مەحموود بە دوودڵیەوە سەیری دەکات).
**سوهێر:** گریمان چووەتە نێو تاقیکردنەوە.. ئایا ئەوە دڵگیرت دەکات؟.
(مەحموود بیردەکاتەوە و سەیری لەیلا دەکات.. لەیلا سەیری شوێنێکی دیکە دەکات).
**مەحموود:** (بەشڵەژاوییەوە) نا.. نا دڵگیرنابم.
(سوهێر هەست دەکات کە درۆ دەکات و لەیلاش وا تێدەگات کە درۆ دەکات، بەڵام وا خۆیان پیشان دەدەن کە باوەڕیان پێ کردووە).
(بێدەنگییەکی زۆر تێدەپەڕێ)
**سوهێر:** تۆ ڕاست ناڵێیت.
**لەیلا:** نا ڕاست دەڵێت.. تکایە سوهێر لەو گفتوگۆیانە بگەڕێ کە کات بەسەر دەبات.
(سوهێر دەکەوێتە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە).

**دیدی:** سەیرکە مەحموود بەگ. ئایا کارتی بانگهێشتکراوەکانت بینیوە؟ ڕات چۆنە؟
**مەحموود:** زۆر جوانە، ئەو ناوانە چین؟ داوات کراوەکانن.
(مەحموود لەو کاغەزەی کە ناوەکانی تێدایە کەمێک ڕادەمێنێ).
**دیدی:** هاوڕێکانی لەیلا لە هەردوو ڕەگەزن کە هەموویان کەسایەتی دیارن.
**مەحموود:** بەڵام کوا ناوی کامیلیا؟
**لەیلا:** (...) بەسەرسوڕمانەوە) کامیلیا؟ تۆ دەیناسی؟
**مەحموود:** نا، تەنها ئیمرۆ ناسیومە.
**لەیلا:** (...) بەهاوارەوە) ئیمرۆ؟ لەکوێ؟ کەی؟
**مەحموود:** ئیمرۆ سەردانی کارەکەتم کرد وامزانی لەوێی، بەڵام هاوکارێکی خۆت بەناوی کامیلیام بینی.
**لەیلا:** چی پێ گوتی؟
**مەحموود:** هیچ نا، کاتێ پرسیاری تۆم لێکرد بەخێرهاتنی لێکردم و فنجانێک قاوەی بۆ بانگ کردم و گوتی کە هاوڕێیەکی خۆشەویستی تۆیە..
**دیدی:** ئەو وا دەڵێ، بەڵام هاوڕێی لەیلا نییە بەڵکو تەنها هاوکاریەتی لە کاردا.
**سوهێر:** دایکە ئەوە تۆ دەڵێیی چی؟
**لەیلا:** بەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێم بووە، بەڵام ڕەوشتی لام پەسند نەبوو بۆیە...
**سوهێر:** چۆن؟ من بۆ یەکەم جارە گوێم لەم قسانە دەبێ.
**دیدی:** سوهێر تۆ بێدەنگ بە ، تۆ هیچ شتێک نازانی، بچۆرە ژوورەکەی خۆت دەرسەکانت بخوێنە، کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ داوە..
(سوهێر دەچێتە دەرەوە و تورە بوون و سەرسوڕمانی پێوە دیاربوو).
(مەحموود دەکەوێتە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە).

**دیدی:** هەستە مەحموود بەگ، هەستە رەنگە ئێستا برسیت بێت، دەی با نانەکەمان بخۆین، لەو قسە پروپوچانە گەڕێن.

**لەیلا:** پورە دیدی چیتان هەیە؟

**دیدی:** کەروێشک بەملوخیە... فەرموو مەحموود بەگ.. لە مەحموود نزیک دەبێتەوە دەستی دەگرێت دەچنە دەرەوە..

(لەیلا بەتەنیا دەمێنێتەوە و سەری لەسەر دەستەکانی دادەنێت و لەخەم و بیرکردنەوەدا دەبێ، سوهێر دێتە ژوورەوە).

**سوهێر:** من هیچ شتێک تێناگەم.

(لەیلا سەری بەرز دەکاتەوە و بەتوندی دەڵێ) پێویست ناکات هیچ شتێک تێبگەی، بەڵام ئەوە بزانە کە تۆ هەڵەی! پاش دە ساڵی دیکە کە وەکو تەمەنی منت لێدێت ئەوکاتە دەزانی.

**سوهێر:** من وا دەزانم کە ئەو ساڵانەی دێتە سەر تەمەنم لە هێزم زیاد دەکات.

**لەیلا:** بەپێچەوانەوە، لە بێهێزی و ترس و پێویستیت بۆ پیاو زیاتر دەکات. ئافرەت لەسی ساڵان بێهێزترە وەکو ئەوەی تەمەنی بیست ساڵانە.

**سوهێر:** نا . نا لەیلا تۆ لەبەر ئامانجی هاوسەرگیری مافی زۆرت لەدەست داوە.

**لەیلا:** سوهێر کۆمەڵگە بەتەنها دان بەئافرەت نانێ.. هەردەم دەپرسێ بۆچی مێردی نەکردووە؟

**سوهێر:** (بەهەڵچوونەوە) کۆمەڵگە! من دان بەم کۆمەڵگەیە نانێم!

لەیلا (پێدەکەنێ) ها ها ها هەڵدەستێ و دەستی سوهێر دەگرێ.

**لەیلا:** هەستە بابڕۆین سوهێر کەروێشک بەملوخیە بخۆین، پورە دیدی و مەحموود پێشمان کەوتوون بڕۆ..

**سوهێر:** (رادەوەستێ و بەرق هەستانێکەوە دەڵێ): لەیلا من ناگۆڕدرێم.. ناگۆڕدێرم!

**لەیلا:** پێویست بەوە ناکات باس لە داهاتوو بکەین، کەس نهێنی نازانێ، بەڵام ئێستا من مێرد بە مەحموود دەکەم، هەر دەبێ مێردی پێبکەم... پێویستە ئاگاداری بم. من تەمەنم نزیکەی سی ساڵانە.. ناتوانم بێ پیاو بژیم تێگەیشتی؟

**سوهێر:** ئەوە مانای ئەوەیە کە درۆ لەگەڵ خۆت و ئەویش بکەی؟

**لەیلا:** راستییەکان لە ژیانی ئافرەتدا ترسناکترین شتە لە ژیانیدا، ئافرەتی راستگۆ بەدبەختە لە ژیانیدا، ناتوانێ لەگەڵ پیاودا بژییێت.

**سوهێر:** ئەوە چۆنە؟

**لەیلا:** پیاو درۆیەکانی ئافرەتی لاباشترە، کە نازانێ ئەوە درۆیە، کەچی گوێ لە راستییەکان ناگرێ.

(سوهێر بە بێزارییەوە بیردەکاتەوە).

**سوهێر:** کێشەکە کێشەی پیاوە.

**لەیلا:** لە کۆتاییدا تێگەیشتێ!

(دیدی بەهاوارەوە دێتە ژوورەوە).

**دیدی:** لەیلا؟ سوهێر؟ ئێوە بەتەنیا لێرە دانیشتوون و مەحموود بەگیش لەسەر خوان چاوەڕێتان دەکات... دەی دەی ملوخیەکە سارد دەبێتەوە.

هەموویان دەچنە دەرەوە

**(پەردە دادەخرێتەوە)**

**سەرچاوە:**

**د. نوال السعداوی/ القصص القصیره(لحظه صدق).**

**هەڤپەیڤین**




**هەڤپەیڤین: یەسار فایەق**

**قادر ئەسعەد هونەرمەندی گۆرانیبێژ کە ئێستا لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات، بەر لە ماوەیەک بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەلبومە نوێیەکەی گەڕایەوە کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵی باس لە ڕەوشی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی کرا، بەتایبەتیش لە تاراوگە.**



*** جگە لەوەی ئێستا وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ ناسراوی، دنیای موزیک و گۆرانی چی بە روحت بەخشیوە؟**

-دنیای گۆرانی یان باشتر بڵێین ئاوێتەبوونم بەو عیشقە کە هەمیشە چرێنی گۆرانی پانتاییێکی زۆری لە ژیانیمدا داگیر کردووە، خۆشم بەکۆییلەی ئەم هونەرە مەزنە و پاکە دەزانم. من و گۆرانی وەک هەناسەو ژیان واینە، وەکو دوو دڵدار کە هەمیشە لە ژواندا ئاوێزانی یەکتر بن نازی یەکتر بکێشن، ئەو پایەتەختی بەختەوەری و ژیانێکی پڕ ئاسوودەیە بۆ من، بۆیە هاووڵاتی هەمیشە شانازی بەپایەتەختەکەی دەکات ئامادەشە تا کۆتایی ژیانی خۆیی بۆ بەخت بکات.

*** هونەرمەندانی کورد کە ژمارەیەکی زۆریان لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبەن، تا چەند سانایە بۆیان ئەلبومێکێ گۆرانی لەوێ بەرهەم بێنن؟**

– گومان لەوەدا نییە کارکردن لەبواری هونەر لە دەرەوە هێندە ئاسان نییە، بەتایبەتی هونەری گۆرانی، کە کارێکی بەکۆمەڵەو پێویستە بۆئەوەی بتوانیت بەرهەمێکی باش و پڕ لە داهێنان بەرهەم بهێنیت.

پێم وانییە کە کارکردن لەم بوارەدا هێندە ئاسان و رەخساو بێت، بەڵام وەکو بە بەرێزتانم راگەیاند خۆشەویستیم بۆ هونەرەکەم هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە رێگام بۆمی ئاسان کردووە، بۆیە باوەڕ بکە خۆشی لەو ئاستەنگانەش دەبینم، کارکردنیش بەبێ ماندووبوون ناکرێ، بەڵام ئەگەر بەشێوەیێکی گشتی وەریگرین، گۆمانت نەبێت کە زۆر سەختە.

*** ئەی ئەگەر لە کوردستان لەرووی تەکنیکەوە کێشە نەبێت، پێت وانییە هونەرمەندە کوردەکان ئەگەر لە ئەوروپاش بن روو دەکەنە ئێرە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانیان؟**

-کێشەکان تەنها کێشەی تەکنیکی نییە، زۆر شتی دیکە هەن کە لەم بوارەدا هێشتا ماویەتی لە وڵاتی من پێبگات، تۆ سەیرکە تاکو ئێستا گروپێکی وا دروست نەبووە کە کارەکان بەشێوەیێکی پرۆفیشناڵانە ئەنجام بدات، ئەوەی هەشە تەنها کاری تاکە کەسین، ئەوە جگە لە کێشەی تەکنیکی، خوازیارم ئەو کێشانەی کە باسم



کردن چارەسەر بکرێن، ئەوکات ئێمەش خۆشحاڵین لە زێدو ماڵی خۆمان کارەکانمان ئەنجام بدەین.

*** دوورکەتنەوەی هونەرمەند لە جەماوەری خۆی، بەتایبەت لەو کاتانەی کە بێدەنگ دەبێت واتا بەرهەمی نابێت، دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر لێی دورکەوێتەوە؟**

-بەڵێ بوونی بەرهەمی باش و ئامادەبوونت لە گۆڕەپانی هونەری بەشێوەیەکی بەردەوام و لە نێو جەماوەرەکەتدا پاڵپشتێکی زۆر باشە بۆ هەمیشە بەردەوام بوون و مانەوەی ناوی هونەریت، دیارە ونبوونی هونەرمەند بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئەمرۆماندا بۆ ماوەیێکی دوورو درێژ یان چاکترە بڵێین بێ دەنگی، کاریگەری خۆی دەبێ لە نێو جەماوەردا، بەڵام هەندێ جاریش ناچاری بێ دەنگی هەڵبژێری لە زۆرو بۆری بەرهەمەکاندا.

*** وەکو هونەرمەندێک زۆربوونی ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوردی چۆن دەبینی، بەتایبەت لەرووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانتان؟**

-من دژی زۆربوونی کەناڵەکانی تیڤی نیم، بەڵام باشتر وایە خەڵکی پسپۆر لە شوێنی خۆیان دا کار بکەن، بۆئەوەی دووچاری هیچ گێرە شوێنی هەڵەی گەورەو زەق نەبین، چونکە تیڤ کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بینەر دەبێت و بەبێ پرسکردن سەر بەهەموو ماڵەکانمان دادەگرێت.

*** کۆمپانیا هونەرییەکان لە کوردستان، بۆ کاری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە لە چ ئاستێکدا دەیبینی؟**

-پێم وایە تاکو ئێستا لە وڵاتی من شتێک نەبووە کە بتوانین ناوی بنێین کۆمپانیای هونەری، کۆمپانیا تەنها ناو نان نییە، کۆمەڵێک یاساو

ڕێسای هەیە، کۆمپانیای هونەری دەبێت پێی پەیوەست بێت، ئەمەش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و پرنسیپی، کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئەمە درووست نەبووە، لێرەدا ناتوانین باسی هەندێک هەوڵدان نەکەین، وەک کۆمپانیای "چوارچرا" کەتا ڕادەیێک توانیویەتی ڕەوتی ئەم کاروانە بەرەو پێشەوە ببات، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵانەش بێ پشتگیری دەسەڵات و هاووڵاتی تەمەنێکی کورتیان دەبێت، بەتایبەتی نەبوونی یاسایێک کە داکۆکی لە پاراستنی مافەکانمان بکات.

*** دوایین ئەلبومی گۆرانیت بەناوی "کەرکوک" بوو، بۆچی کەرکوک، لە کاتێکدا گۆرانییەکانی نێو ئەلبومەکەت ڕۆمانسین؟**

– بەڵێ پابەندبوونم بەئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانپەروەری وەکو هونەرمەندێک لەم سات و کاتە هەستیاری و مێژووییە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم زانی، کە ناوی ئەلبومەکەم بنێم "کەرکوک".

بۆ زانیاریت سەرەتا بڕیارمدابوو ناوی بنێم ژمارە "١٤٠"، بەڵام پاش مشتومڕێکی زۆر کەرکوکم پێ پەسندتر بوو کە تایبەتمەندیەکی سنورداری کوردستانی هەبێت، لێرەدا گرنگ نییە من چەند گۆرانیم بۆ کەرکوک چڕیوە، گرنگ هەست کردنە بەو هەستە پڕ لە لێپرسینەوەیە کە منی هاندا ناوی ئەلبومەکەم بکەمە کەرکوک، خۆ کاتێک شاعیرێک یان ڕۆمانووسێک ناو لە کتێبەکەی دەنێت، گرنگ نییە چەند جارێک یان زۆرترین کات ناوەکە بهێنێ، ئێمە دەبێت ئەم سنوورە کلاسیک و کۆنە هەڵبوەشێنینەوە.

*** ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی وڵاتی، هەوڵت نەداوە کارێکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندێکی بیانی ئەنجام بدەیت، وەک هەوڵێک بۆ ناساندنی موزیکی کوردی بە جیهان؟**

– ئەوەی ڕاستی بێت زۆرجار بیرم لەوە کردۆتەوە و هەوڵیشم بۆ داوە، هیوادارم لە داهاتودا بتوانم کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدەم.

*** هونەرمەندێکی شاری هەولێری، یان باشتر بڵێین لە دایکبووی ئەم شارەی، چۆن دەڕوانیتە حەیرانی دەشتی هەولێر؟**

– ئێمەی ئەم دەڤەرە یادەوەریەکی زۆرمان لەگەڵ حەیران هەیە، حەیران ئەندامی هەموو خێزانێکی ئەم دەشتەیە، بەگوێگرتنمان بۆ حەیران گەلەک برین و زامەکانمان سارێژ دەبن، زۆرجاریش دەکوڵێنەوەو فرمێسک و ئەسرینی پڕ یادەوەریمان پێ هەڵدەڕژێ، تاوێک دەمانباتەوە باوەشی سۆزو دنیای پڕ لە ئەمەک و ئارام، "دیارە من بۆ خۆم جاروبار حەیرانان دەڕێم بەرام بەمن وابی سەرم باش لێدەرناچیتن".

**بیۆگرافیا:**

قادر ئەسعەد لەدایکبووی شاری هەولێرە،قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و بەشی هونەرە جوانەکانی پەیمانگای مامۆستایانی مەڵبەندی لەم شارە خوێندوە. سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ کاتێ بەهاوکاری کۆمەڵێک هونەرمەند تیپی موزیکی «ژاڵەی ڕۆژئاواییان» دامەزراند، ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بوو لەکارە هونەرییەکانی.

هونەرمەند خاوەنی دەیان گۆرانییە لەگەڵ ئەم تیپە، لەساڵی ١٩٩٣سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد و ئێستاش لەشاری ستۆکهۆڵمی پایەتەختی وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبات، لەو ماوەی کە لە دەرەوەی وڵات بووە، شەش ئەلبومی گۆرانی بەرهەم هێناوە، بەناوەکانی: "تازیزان"، "سەفەری عەشق"، "لاوە لاوە"،"بیبورە"، "نۆستەلگی" و "کەرکوک".



# هەندرێن ئەسعەد:
# كاریكاتێر هونەری
# زێدەڕۆییە
# لە وەدەرخستنی
# كەموكوڕییەكان
# ٢-٢

ئا: فەرەیدون سامان

**هەندرێن ئەسعەد ئەحمەد ناسراو بە "هەندرێن خۆشناو"، هونەرمەند و كاریكاتێریست و نووسەر و وەرگێڕ و فۆتۆگرافەر... هەموو ئەو بەهرانە لەخودی ئەو كۆبونەتەوە. لە ٢ی ئاداری ١٩٦٩ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایكبووە و نەوەی هونەرمەند رەسوڵ بێزار گەردییە، لەم دیمانەیەدا چەند باسێك دەربارەی هونەری كاریكاتێری و ژیانی خۆی، گفتۆگۆی لەگەڵ كراوە.**




*** هونەری کاریکاتێر لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

- پێش هەمـوو شـتـێک پێـمـوایە هونەری کاریکاتێر (کاریکاتۆر) هونەرێکی شێوەکارییە، وەک نیگار و پەیکەرتاشین و...، کـە لەوانەیە زۆرێک لە شێوەکارانی پێشوو هاورا نەبن لەگەڵ مندا، بەڵام ئەمە لە هەموو جیهاندا سەلمێنراوە، زۆرێک لە شێوەکاران ڕێبازی هونەری خۆیان گۆڕی بۆ هونەری کـاریکاتێـر جـیـا لە هەمـوو ڕێبـازە شێـوەکارییـەکـانی دیکە، کـاریکاتێر هونەرێکە بەزمانی پەرەمووچ و فلچە و وێنە دەدوێ و لەگەڵ هزری خەڵک گفتوگۆ دەکات، چونکە لە ڕواڵەت و ناواخندا گـوزارشت لە چەندین ئامـانج دەکـات، سلڤـادۆر دالی دەڵێ "هونەری کـاریکاتێـر هونەری ئایندەیە". من زۆر جار وتوومە کاریکاتێر هونەری تراژیدیای پێکەنینە!. کـاریکاتێـر هونەرێکی ناسک و زیندووی جـەمـاوەرییـە، هونەری ڕەخنەگـرتن و تـوانج وەشـانـدنە، هونەری زێدەڕۆییکردنە لە وەدەرخستنی کەموکورییەکان و دیاردە دزێوەکـان، هونەری هەڵوێست وەرگـرتنە بەرامبەر بەدیاردە دزێو و نێگەتیڤەکان، هونەری خسـتنەڕووی عـەیب و عـارەکـانی دەسـەڵات و دەسەڵاتدارانە. هونەرێکی دێرینی خۆگونجێنە لەگەڵ سەردەمدا، توانیویەتی ببێتە زمانحاڵی کۆمەڵگە و دەربڕی ئێش و ئازار و گرفتەکانی زۆرینەی کۆمەڵ بەتێکهەڵکێشکردنی ئەو بابەتانە لەگەڵ تەنز و گاڵتە و پێکەنینەوە. هیچ کات ئەرکی کاریکاتێر ستایش و پیاهەڵگوتن نەبووە و نابێ، چونکە ئەو کـارە کـەسـانی خـۆی هەیە، جا ئەگەر پێناسـەی هونەری کـاریکاتێـر بەم جـۆرە بێ، شـتـێکی حـاشـاهەڵنەگـرە کـەوا کـاریگەریی لە کـۆمـەڵگە پێشکەوتوەکان زۆر دیار و بەرچاوترە لەوەی لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە چەند ئازادی زیاتر فـەراهەم بکرێ، هونەری کاریکاتێر زیاتر لەبرەودادەبێ و کاریگەرتر دەبێ و



ڕۆڵی بەرچاوتر دەبێ، بۆیە لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا ئیبراهام لنکۆڵن گوتبووی " قەڵەمەکەی تۆماس ناست لە تۆپخانەیەک بەهێزترە ". (تۆماس ناست بەباوکی هونەری کاریکاتێری لە ئەمەریکا دەژمێردرێ).

کۆمەڵگەی کوردی خۆمان، لە هەموو بوارەکان لە هەنگاوە سەرەتاییەکانە و ناتوانین بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی یان پێشکەوتووی بژمێرین، بۆیە هونەری کاریکاتێریش وەک دەربڕی ئەو کۆمەڵگەیە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانە، بەڵام بەخێرا جێی خۆی دەکاتەوە و جەماوەری پەیداکردووە، وا خەریکە خەڵکی و بەرپرسانی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریش لە گرنگی ئەم هونەرە دەگەن و لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی دینامیکیانەی پتەو لەنێوان کاریکاتێر و ڕۆژنامەگەریدا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بایەخێکی شایستە بەو هونەرە گرنگە نەدات و جێگەیەکی شایستەی پێ نەبەخشێ بەڕۆژنامەیەکی دواکەوتوو لەقەڵەم دەدرێ. ئەم هونەرە ئازایی و بوێری و ڕاستگۆیی گەرەکە، بەڵام ئەگەر ڕاشکاوانە قسەبکەین، ئەوا هێشتا ئەو ئازادی و دیموکراتییە ڕاستەقینەیە نەهاتۆتە کایەوە، کە بتوانێ ماوە بەهونەری کاریکاتێری بدات، ئازادانە بەرهەمەکان پێشکەش بکات، بۆیە پێویستە سانسۆر لەسەر ئازادی ڕادەربڕین لاببرێ، و سنگەکان فراوانبن لە قبووڵکردنی ڕەخنە هەرچەندە توندیش بێ، چونکە لە حاڵەتێکا ئەگەر ڕەفتاری هەڵە بکەیت دەبێ بزانیت کەوا ڕەخنەت لێدەگیرێ بەتایبەتی ئەگەر پلەی بەرپرسیت هەبێ، بەپێچەوانەوەش ئەگەر ڕەفتاری ڕاست و دروست بکەیت، ئەوا نابێتە ئامانجی ڕەخنەگران، بۆیە من بڕوام بە ڕەخنە هەیە و ڕەخنەم قبووڵە و دەبێ ئەوەی بەرامبەریشم قبووڵی بێ و بڕواشم وایە ڕەخنە هەر ڕەخنەیە، ڕەخنەی بونیاتنەر و ڕوخێنەر نییە. هەر بەڕەخنەش پێشدەکەوین و کەموکورییەکان کەم دەبنەوە و نامێنن. لەم بوارەشدا هونەری کاریکاتێر ڕۆڵی بەرچاو و پێشەنگی بینیوە و دەبینێ.

*** کاریکاتێر تا چەند توانیویەتی گوزارشت لە کێشەکانی خەڵک بکات؟**

– پێموایە نواندنی کۆمیدیایی و شیعری داشۆرین و زەمکردن و تێزپێکردن و گاڵتەپێکردن و کورتە چیرۆکی کۆمیدیایی، کە کولتور و فەرهەنگی کوردی مێژوویەکی دێرین و زۆر دەوڵەمەندی هەیە لەم بارەیەوە، ئەمانە جیاوازن لەگەڵ هونەری کاریکاتێر وەکو بەشێکی گرنگ لە



هونەری شێوەکاریی و هونەری رۆژنامەگەرییدا، بۆیە هونەری کاریکاتێر وەکو تابلۆیەکی هونەری جا چ لە نمایشکردنی لە پێشانگاکان و چ لە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامە کوردییەکاندا بەهونەرێکی نوێ دەژمێردرێت، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و کەموکورییەی کە زۆربەی بوارەکانی ژیانی لە کوردستان گرتۆتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کاریکاتێر وەکو هونەرێکی شێوەکاریی رەخنەگر توانیویەتی هەنگاوی چاک و بەرچاو بهاوێژێ لە بڵاوبوونەوە و راکێشانی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی، خەڵکی ئێستا دەرفەتێک بۆ بەتاڵکردنی ئاخەکانی نێو ناخیان لە تابلۆ کاریکاتێرییەکان دەدۆزنەوە، چونکە کاریکاتێر بۆتە زمانحاڵی خەڵک بە شێوەیەکی گشتی، خەڵکی لێرە و لەوێ باسی ئەو کاریکاتێرە دەکەن کە لە فلانە رۆژنامە بڵاوکراوەتەوە، لە بیر و هزریان جێگەی خۆی دەکاتەوە و دەمێنێ، چونکە بەزمانی وان قسەدەکات و کێشەکانی ئەوان دەخاتەروو، مەبەستیشمان هەموو کێشەکانە بە سیاسییەکانیشەوە، راستە هەندێ لەو کاریکاتێریستانەی کە بندەستەی حزبەکانن ئەو ئازادییەیان لە دەستداوە بۆ ئەوەی بتوانن باس لە هەموو کێشە و کەموکورییەکان بکەن، لە ترسی قوتکردنی مووچەکانیان، بەڵام کاریکاتێریستەکانی دیکە لەو بوارەوە توانیویانە هەنگاو بنێن، بەڵام ئەو هەنگاوە لە ئاستی خواست نییە (ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا)، لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە هێشتا مەترسی یاسا کۆنەکان و چەک و شەقی دارودەستەی بەرپرسان و ماستاوچیانی بەرپرسان هێشتا باویان ماوە، جیاوازی ناکەن لەنێوان نووسەر و هونەرمەند و خائین و تاوانبار و دوژمنێک،لەلایەکی دیکەوە داخستنی دەرگەی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە بڵاوکردنەوەی کاریکاتێری رەخنەگری جیدی بەتایبەتی سیاسی، بۆ نموونە زۆر جار کاریکاتێری خۆمیان بڵاونەکردۆتەوە بەبەهانەی ئەوەی کە کاریکاتێرێکی توند بووە، بەسایەی ئەوەوەش زانیومە کەوا کاریکاتێری شل و توندیش هەیە، ئەمەش هۆیەکی دیکەیە کە کاریکاتێر هێشتا نەگەیشتبێتە ئاستی خواست و ئاوات، بۆیە لەوانەیە کاریکاتێر هێشتا نەیتوانیبێ زۆر لەو دەرگا داخراوانە بکاتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە کاریکاتێر توانیویەتی ببێتە بابەتێک و چەمکێکی کاریگەری رەخنەگرانە (هەر هیچ نەبێ ترسی خەڵکی شکاندووە لە رەخنەگرتن)، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرجار کاریکاتێرێکم

بڵاوكراوەتەوە، پاشان زانیومە كەوا بەرپرسانی حكوومی و حزبی پێی قەڵس بوون و لەمنیان پرسیوە، ئەوە كێیە و سەر بەچ حزبێكە؟ لەبری ئەوەی لەوە بپێچنەوە كەوا بۆ ئەو رەخنەیان لێگیراوە، دیارە نێگەتیڤەكە چارەسەربكەن تا چیتر نەبێتە مایەی رەخنەگرتن و بێزاریی هاووڵاتیان. هەندێ هەن پێیانوایە كەوا ئەو كات




كاریكاتێر گوزارشت لە خەم و كێشەی خەڵك دەكات، كە توانی دەسەڵاتداران و كورسییەكانیان بهەژێنێ، ئەگەر ئەمە بەپێوانە وەرگرین، كەواتە كورد خاوەنی هیچ نییە نە ئەدەب و نە نووسین و نە شانۆ و نە هونەر، چونكە هیچ لەمانە نەیانتوانیوە نە كورسی و نە دەسەڵاتداران بهەژێنن، ئەمەش خەتاكەی لە هونەر و نووسین و بوارەكانی دیكە نییە، بەڵكو لەلای بەرامبەرە، جا نایبینێ، یان نایەوێ ببینێ، ئەمە باسێكی دیكەیە، پێم وایە كار و ئەركی كاریكاتێر و هونەرمەندی كاریكاتێریست دەبێ هەڵوێست وەرگرتن بێ و بوێر بێ لە وەدەرخستنی دیاردە دزێوەكان و رەخنەگرتن لێیان و خەڵكی ئاگاداربكاتەوە لەو دیاردانە و مێشك و بیر و هزری خەڵك و دەسەڵاتداران بهەژێنێ نەك كورسییەكانیان، چونكە كاریكاتێر هونەرە و كودەتا نییە، بەڵكو هونەری گۆڕانە بۆ بەرەوپێشەوە و نەهێشتن و كەمكردنەوەی دیاردە دزێوەكان، بەمەش هەر هەموو كۆمەڵگە بەرەو مەدەنییەت و پێشوەچوون دەچێ، بەڵام هێشتا خەون بەهەنگاوی دیكەوە دەبینین و خەونەكانیش هەردەبێ بێنەدی.

*** پەیوەندی نێوان رۆژنامەگەریی كوردی و هونەری كاریكاتێر چۆن دەبینی؟**

– بەراستی ئەم پرسیارە وەڵامی چەند لایەنەی هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە و لەگەڵ دەرچوونی یەكەم رۆژنامەی كوردی ١١٠ ساڵ بەر لە ئێستا، ئەوا لەو كاتەوە تاوەكو سەرەتاكانی حەفتاكانی سەدەی رابردوو، وێنەی كاریكاتێری لە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەكاندا بەدی نەدەكرا، مەبەستم كاریكاتێری كوردییە، بۆیە دەتوانین بڵێین كەوا پەیوەندی نەبووە و ئەگەر هەشبووبێ ئەوا پەیوەندییەكی پچڕاو بووە لەنێوان هەردووكیاندا، رۆژنامەگەریی كوردی درکی بە بایەخ و گرنگیی هونەری كاریكاتێر نەكردووە (تا رادەیەك ئێستاشی لەگەڵدا بێ)، لە كاتێكا كە نەك لە وڵاتانی رۆژئاوادا، بەڵكو لە وڵاتانی ناوچەكەشدا بە عێراقیشەوە، بایەخێكی زۆر بەهونەری تەنز و كاریكاتێر و رەخنەی گاڵتەجاڕی دراوە لەلایەن رۆژنامە و گۆڤارەكانەوە، رۆژنامە هەیە بەبێ




کاریکاتێر دەرناچێ و ڕێزێکی تایبەتی (مادی و مەعنەوی) لە هونەرمەندانی کاریکاتێر دەگرن، جێگەیەکی تایبەت و بەرچاو بۆ کاریکاتێر تەرخان دەکەن، کەچی لای ئێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەست ناکرێ کە ئەو پەیوەندییە داینامیکییە لەنێوانیاندا هەبێ و دروست بووبێ، زۆربەی بەرپرسانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان درک بە گرنگیی کاریکاتێر ناکەن و لەوانەشە هەر تێینەگەن، بەشتێکی لاوەکی دادەنێن، یان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی بچووکی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەیان بەکاریدێنن، یان لەلاپەڕەی پاشماوەکانی بابەتەکانیان دایدەبەزێنن، یان کاریکاتێریان دەوێ وەکو هۆیەکی ڕوونکردنەوەی بابەتێک، کە پێشتر هەیانە و ئەو کاتیش ئەمە نابێتە کاریکاتێر وەکو بابەتێکی سەربەخۆ و ڕەخنەگر، بەڵکو دەبێتە تەواوکەری بابەتی نووسەرێک و لەوانەیە گرنگی خۆی لە دەستبدات. بیرم دێ کاتی خۆی لە ڕۆژنامەیەک داوای کاریکاتێریان لێکردم و منیش چەند کاریکاتێرێکی بێتوانجم بۆ بردن، بڵاویان کردەوە و دوایی بەرپرسەکە پێی وتم "خەڵکی تێیناگەن، کاریکاتێرمان بۆ بێنە نووسین و توانجی تێدابێ تا تێیبگەن"، منیش چەند کاریکاتێرێکی دیکەم بەتوانجەوە بۆ بردن، دوای ئەوە پێی وتم "کاریکاتێری بەهێز ئەوەیە کە توانجی نەبێ و قەرەباڵغ نەبێ"، منیش سەرم لێیان سوڕمابوو، هەرجارەی لەسەر ڕایەک بوون، باوەڕبکە تەنها چاپچییەکەیان مابوو بێ بڵێ هونەری کاریکاتێر وانابێ و وادەبێ، منیش بەوە دڵنیابووم کە زۆربەیان هیچ ڕۆشنبیرییەکی تەواویان لەبارەی هونەر و هونەری کاریکاتێری نییە و هەندێ لە ڕۆژنامە حزبییەکانیشمان ناوێرن هەموو کاریکاتێرێک بڵاوبکەنەوە، لەبەر زۆرێک لە حساباتی بەرژەوەندی حزبی خۆیان، دەتوانین بڵێین سوچێکی بچووک ماوەتەوە بۆ هونەرمەندی کاریکاتێریست کە تیایدا بتوانێ بیر و هزر و بەهرەی خۆی تێدا نمایش بکات، زۆرێک لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامەکانمان هەر کاریکاتێر بڵاوناکەنەوە، زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە سەنتەر و ڕێکخراوەکان بڵاویدەکەنەوە هەر بەلای کاریکاتێرەوە ناچن.

*** دەتوانین ئێستا بڵێین کوردیش بۆتە خاوەن هونەرمەندی کاریکاتێریستی خۆی؟**

– هەروەک پێشتر باسمان کرد، هونەری کاریکاتێری هونەرێکی شێوەکارییە پێش هەموو شتێ، واتە دەبێ کاریکاتێریست پێشتر هونەرمەند بێ و بەهرەدار بێ لە هونەری وێنەکێشان و شێوەکاریدا، بە سەلیقە بێ لە هێلکاری و داڕشتن و نەخشەڕێژی و هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگەکان و هارمۆنی نێوان ڕەنگەکان (کاتی خۆی کاریکاتێر

تەنها بە رەش و سپی دەکێشرا، بەڵام ئێستا کاریکاتێر هەنگاوی ناوەتە نێو بەکارهێنانی رەنگەکانیش وەک هەر تابلۆیەکی شێوەکاری دیکە)، پاشان دەبێ ئەو هەموو توانستانە تێکەڵکێش بکات لەگەڵ چاوتیژی لە هەڵبژاردنی بابەت و چۆنییەتی دارشتنی ئەو بابەتە و بایەخدان بەزانینی گرنگی ئەو بابەتە و گونجانی لەگەڵ سەردەمدا، ئینجا گرنگی سیفەتیش بۆ کاریکاتێریستی سەرکەوتوو بوێری و ئازاییە لە رەخنەگرتن، کە مەبەست تیایدا بەرژەوەندی گشتی و خاک و نیشتمان بێ.

خەڵکانێکمان هەیە لەوانەی خۆیان بە کاریکاتێریست دادەنێن، ئاستی تەکنیکی هونەری و هۆشیارییان هێندە نزمە و بەهەڵە لە کاریکاتێر گەیشتوون، وادەزانن کاریکاتێر تەنها پێکەوەنانی چەند هێلێکی منداڵانەی نارێکە و بابەتێکی ساکار و رووکەشانەیە (بۆ نموونە برادەرێک گوایە وێنەیەکی کاریکاتێری کابرایەکی کێشابوو، ئەگەر دیقەتت بدایەتە وێنەکە دەتزانی کەوا هەردوو دەستی راستە بوون، نەک یەکیان راستە و ئەوی دیکەیان چەپە، هەر ئەو ماوەیەک بەر لە ئێستا لە هەفتەنامەیەک گوایە وێنەیەکی کاریکاتێری کێشاوە هی کابرایەک کە رادەکات، کابرایەکە پێی چەپەی راستە بوو، ئەوە نەک کاریکاتێر، بەڵکو ئەنۆتۆمی مرۆڤیشی تێکداوە)، ئەمەش هۆیەکی گرنگە بۆ شێواندنی رووی راستەقینەی کاریکاتێر و بۆتە ئاستەنگ بۆ نەگەیشتن بە ئاستی خواست و بەهەڵە تێگەیاندنی خەڵکی لە کاریکاتێر. هەندێکیشیان تا ئێستا تەنها بۆخۆیان بەخۆیان دەڵێن کاریکاتێریست، کەچی هیچ لە هونەری کاریکاتێرنازانن، واتێدەگەن کاریکاتێر بریتییە لە نەخشاندنی هێڵکارییەکی منداڵانەی سادە و سەقەت، هەر یەکە لێرە و لەوێ لەو گۆڤارانەی کە خوێنەر و نووسەر و بابەتیان نییە، وێنەی بەناو کاریکاتێری بڵاودەکەنەوە، کە دەیبینی بەراستی دەبێتە هۆی نائۆمێدی و جارسبوون و شەکەتبوونت، لەبەرئەوەی لەهەموو لایەکەوە نەدەبوایە بڵاوبکرێتەوە، کەچی لەبەر پڕکردنەوەی لاپەرەکانی ئەو گۆڤارانە بڵاوکراوەتەوە، یان لەبەر ناشارەزایی بەرپرسانی ئەو گۆڤارانە بەهونەری کاریکاتێرەوە بۆیە بڵاودەکرێنەوە و دەبنە خاڵێکی رەش لە مێژووی هونەری کاریکاتێری کوردیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە دوای راپەرین نەوەیەکی نوێ لە هونەرمەندانی کاریکاتێر هاتنە مەیدانەوە، کە توانا و سەلیقەیی کاریکاتێریستیان تێدا بەدی دەکرێ. هەندێکیان بەردەوام نەبوون و هەندێکیان زۆر کەم بەرهەمیان هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین کەوا دوای راپەرین، کوردیش بۆتە خاوەن هونەری کاریکاتێر و کاریکاتێریست، ئەویش بەتوانا و سەلیقە و بەهرەی خۆیان، بەبێ پاڵپشتێکی وا کە جێی دڵخۆشی دەستخۆشی بێ، ئەوانیش بریتین لە ئاکۆ غەریب و محەمەد قادر (سەردەم) و محەمەد فەتاح و ئاکۆ ئیبراهیم و بەیان بابان لە سلێمانی، گرفتار کاکەیی و عەلی دەروێش و پەروەر و رێناس لە کەرکوک، کامەران خۆشناو و لوئەی کۆیی و سەلاح محەمەد عەلی و ئومێد (کە بەردەوام نەبوو) لە هەولێر، سەردار کێستەیی و جەمیل محەمەد و سالم سەلیم لە دهۆک، هەندێکی دیکەیش کە ئێستا ناویان نایەتەوە یادم یان تازە هاتونەتە نێو ئەو بوارە و دیار نییە کە ئایا کاریکاتێریستیان لێدەردەچێ، یان نە.

## سپۆتلایت

نیکۆل کیدمان

# وەرگری خەڵاتی ئۆسکار و گۆڵدن گلۆب

ئا: ژەنیار

نیکۆل ماری کیدمان Nicole Mary Kidman ئەکتەر و بەرهەمهێنەر و گۆرانیبێژێکی ئۆسترالییە، لە ڕێکەوتی ٢٠ یۆنیۆ ١٩٦٧ لە هاوایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایکبووە، خاوەنی خەڵاتێکی ئۆسکار و دوو خەڵاتی گۆڵدن گلۆبە، لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠١) هاوسەری تۆم کروزی ئەکتەری بە توانای هۆلیود و جیهان بووە.

نیکۆل کیدمان کچی دکتۆر ئانتۆنی کیدمان و جانیێل ئان کاکنیلە، ئەوان بە ڕەچەڵەک ئۆسکوتلەندی و ئیرلەندین، بەڵام هەردووکیان لە ئۆسترالیا



لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار



لەدایکبوونە، کیدمان تەنها خوشکێکی هەیە بەناوی ئەنتۆنیا کیدمان کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە دایکبووە.

کیدمان لە تەمەنی چوار ساڵی وانەی لەبارەی سەمای باڵێ وەرگرتووە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی روو لە خوێندنی شانۆیی بکات لە شانۆی لاوانی سیدنی، دواتریش لە شانۆی شەقامی فلیپ و لە بارەی بەرهەمهێنان و دەنگ و مێژووی شانۆ خوێندی، دوای ئەوەی رووی لە شاری لونجفیل کرد و لەوێ لە قوتابخانەی باڵای باکووری سیدنیی کچان خوێندی، دایکی دووچاری نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک بوو و بەهۆی یارمەتیدانی دایکی لە خوێندنی دوورکەوتەوە.

یەکەم دەرکەوتنی کیدمان لە فیلمدا لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بوو، توانی لە گۆرانییەکی بات ویلسۆن دەربکەویت کە بەناوی "Bop Girl" بوو، هەر لە کۆتایی ئەو ساڵە توانی رۆڵ لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی "خشتەی پێنج میل" و چوار فیلمی دیکە ببینێت.

هەر لە ساڵەکانی هەشتا توانی لە چەندین زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلمی ئۆسترالی رۆڵ ببینێت، لەوانەش زنجیرەی "فێتنام" ١٩٨٦، "بانکۆک هیلتۆن" ١٩٨٩.

نیکۆل کیدمان لە ساڵی ١٩٨٩ لە فیلمی "بێدەنگی تەواو" رۆڵی کەسایەتی "رای" بینی و ئەمە یەکەم دەرکەوتنی زۆر بەهێز و سەرکەوتووی بوو، لە ساڵی ١٩٩٠ لە فیلمی "رۆژەکانی بروسک" لەگەڵ تۆم کرۆز رۆڵی بینی، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ جارێکی دیکە لەگەڵ تۆم کرۆز لە فیلمی «بەوەی کە نا پێوریێت» لە درەهێنانی رۆن هاوارد رۆڵی بینی.

کیدمان لەم ماوەیەدا توانی توانای خۆی دەربخات و لە ساڵی ١٩٩٥ خەلاتی تۆپی



زێڕینی "گـۆڵدن گلۆب"ی وەرگـرت، ئەمـە جگە لە پێنج خـەڵاتی دیکەی وەک باشـتـرین ئەکـتـەر. کـیـدمـان و کرۆز دوای هاوسەرگـیریان لە فـیلمی "چاوە فـراوانەکـان داخـراو" ڕۆڵی دوو هاوسـەریان تێدا بنی، ئەمەش دوایین فیلمی دەرهێنەر ستانلی کوبریک بوو.

نیـکۆل کـیـدمـان لە سـاڵی ١٩٩٦ لە هۆلیـود دوورکەوتەوە و وەکو میـوانێکی شانازی بەشداری لە فیلمێکی بەریتانی کرد بەناوی The Leading Man، پاشـانیش لە فـیلـمی The Portrait of a Lady کە بەرهەمێکی بەریتانی - ئەمەریکی بوو، تێیـدا ڕۆڵی کچێکی دەوڵەمەند دەبینێت بەناوی ئیزابێل، ئەو کچە ئەمەریکا بە جێ دێڵێت و بەرەو ئەورووپا دەچێت بۆئەوەی بەدوای فـیکر و هونەردا بگەڕێت، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی جان کامپیونە.




لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی گۆڵدن گلۆب



هەندێک ڕەخنەگرانی سینەمایی پێیان وایە کە دوای ئەوەی نیکۆل کیدمان لە ٥ فـبرایەری ٢٠٠١ لە تۆم کروزی هاوسەری جیابۆوە، توانی بە سـەرکـەوتوویی بەشداری لە چەند فـیلمێکی سـینەمـایی بکات و ببـێـتـە یەکـێک لە ناوە درەوشـاوەکـانی سـینەمـای هۆلیـود و لە هەمـوو فیسـتیـڤاڵەکاندا ئامادەیی خۆی هەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو ماوەی کە لەگەڵ تۆم کروز ژیا، بوو بە خاوەنی دوو منداڵ بەناوەکـانی ئیـزابێلا جین و کـونور ئەنتـونی، هەر ئـەم دوو منداڵەش وایکرد کـە هەردووکـیـان وەک دوو هاوڕێ بمێننەوە بۆ ئەوەی بتـوانن منداڵەکـانیان ببـینن و بەخـێـویان بکەن.

لە سـاڵی ٢٠٠٢ نیـکۆل کـیـدمـان توانی بە بەشداریکردنی لە فیلمی The Hours خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی سەرەکی بەدەست بێنێت، ئەمـە جگە لەوەی کـە جارێکی دیکە بۆ ئەم خەڵاتە دەستنیشان کراوە، هەروەها



بۆ جاری دووەم و بەسەریەکەوە خەلاتی گۆلدن گلۆب بەدەست بێنێت، ئەمە جگە لەوەی کە چەند جارێکی دیکە بۆ ئەم خەلاتە کاندید کرا.
هەر لەو ساڵە نیکۆل کیدمان رۆڵی لە فیلمی ترسێنەر "ئەوانی دیکە" بینی، دواتر لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی «ئاشی سوور» کەوت و چۆکی زامدار بوو و ئەوە بووە هۆی ئەوەی لە فیلمەکە دووربخرێتەوە.
لە ساڵی ۲۰۰۳ خەلاتی ئەکادیمیا و تۆپی زێرین و بافتا و چەندین خەلاتی دیکەی رەخنەگرانی بەدەست هێنا.
کیدمان لە ساڵی ۲۰۰٤ لە فیلمی "هاوسەرەکانی ستیپفورد" رۆڵی سەرەکی بینی و هەر لەو ساڵە رۆڵی لە فیلمی "لەدایکبوون" بینی کە بۆ خەلاتی "شێری زێرین"ی فیستیڤاڵی سینەمایی فینیسیا کاندید کرا و جارێکی دیکە بۆ خەلاتی تۆپی زێرین دەستنیشان کراوە.

نیکۆل کیدمان لە رووی سیاسییەوە لە ساڵی ۲۰۰٦ کردەوەکانی "حزبوالله" و "حەماس"ی ئیدانە کرد، ئەمەش بە پشتیوانی ۸٤ سینەماکاری ناوداری جیهانی، هەر لەو ساڵەش دوای چیرۆکێکی درێژخایەنی خۆشەویستی پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ کیت ئیربان راگەیاند و ئێستا کچێکی لەو هەیە بەناوی سندای.
کیدمان پاڵپشتی چەندین دەزگای کاری خێرخوازی دەکات و ئێستا باڵیۆزی نیەتە چاکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بارەی مافی ئافرەتانەوە، لە ساڵی ۲۰۰٤ پلەی شانازی "هاوولاتی جیهان" لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێدراوە، لە ساڵی ۲۰۰٦ پلەی شانازی کەسایەتی شارستانی بەرزی لە ئوسترالیا پێدرا، تا ئێستا چەندین هەوڵی خێرخوازی بۆ یارمەتی دانی تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجەی

مەمەک دەدات کە دایکیشی ئێستا بەم نەخۆشییەوە دەناڵێنێت.
ئەمانە تێکڕای ئەو فیلمانەیە کە بەشداری تێدا کردووە بەنیازە بەشداری تێدا بکات.

Bush 1983 BMX Bandits
1983 Christmas
1985 Wills & Burke
1985 Archer, s Adventures
1986 Wind rider
Watch the Shadows
1987 Dance
1987 The Bit Part
1988 Emerald City
1989 Bangkok Hilton
1989 Dead CalM
1990 Days of Thunder
1991 Flirting
1991 Billy Bathgate
1992 Far and Away
1993 Malice
1993 My Life
1995 To Die For
1995 Batman Forever
1996 The Leading Man
1996 The Portrait of a Lady
1997 The Peacemaker
1998 Practical Magic
1998 Eyes Wide Shut
2001 Moulin Rouge
2001 The Others
2001 Birthday Girl



2002 The Hours
2003 Dogville
2003 The Human Stain
2003 Cold Mountain
2004 The Step ford Wives
2004 Birth
2005 The Interpreter
2005 Bewitched
2006 Fur
2006 Happy Feet
2007 The Invasion
2007 Wedding the at Margot
2007 The Golden Compass
2008 Australia
2009 Untitled Dusty Springfield Project

* سەرچاوە ئینتەرنێت.